# ماڵی ڕووناکان


دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، گەڕەکی خانزاد، هەولێر

س. پ. ژمارە: ١

www.araspublisher.com

# ماڵی ڕووناکان

## هەڵبژاردەی کۆمەڵێک چیرۆکی نوێی فارسی

وەرگێڕانی
W¹U¼W½ UðWŽ



ناوی کتێب: ماڵی ڕووناکان- هەڵبژاردەی کۆمەڵێک چیرۆکی نوێی فارسی
وەرگێڕانی: عەتا نەهایی
بڵاوکراوەی ئاراس- ژمارە: ٣٠٦
دەرهێنانی هونەری: بەدران ئەحمەد حەبیب
بەرگ: ئاراس ئەکرەم
پیت لێدان: ڕێزان نەهایی
هەڵەگری: دڵشاد مستەفا + هەندرێن شێرزاد
هەڵەگریی سەر کۆمپیوتەر: عەزیز عەبدولخالیق
سەرپەرشتیاری کاری چاپخانە: ئاوڕەحمانی حاجی مەحموود
چاپی یەکەم، هەولێر- ٢٠٠٤
لە کتێبخانەی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ڕۆشنبیری و هونەر لە هەولێر ژمارە (٢٩٥)ی ساڵی ٢٠٠٤ی دراوەتێ

# پێشەکی

## ١

ناشێ نەگوترێ کە بزاڤی وەرگێڕانی بەرهەمی فکری، فەرهەنگی و ئەدەبی بۆ سەر زمانی کوردی – بە تایبەت لە دە پانزە ساڵی ڕابوردوو زیاتر لە هەموو شوێنێک ڕووی لە هەرێمی زمانی فارسی کردووە و، هەر لەم ماوەدا لەگەڵ سەدان کتێب و وتاری هەمە بابەت کە بە ناوبژیکاری زمانی فارسی و وەرگێڕانی ئێرانییەوە کراوە بە کوردی، خەرمانێک شیعر، چیرۆک و تەنانەت ڕۆمانی هاوچەرخی فارسیش پێشکەش بە کتێبخانەی هەژاری کوردی کراوە. ئەم هەوڵ و چالاکییە ئەوەندەی کە لە دەوامەی تێکەڵی و دانوساندنی مێژوویی، کۆمەڵایەتی و بەتایبەت فەرهەنگی و ئەدەبی کورد لەگەڵ نزیکترین گەل و زمانی دراوسێی، واتە فارسییە، ئەوەندەش وابەستە بەو نیاز و پێویستییە فکری و فەرهەنگییانەی کە خوێنەر و نووسەری کورد نزیکتر و حازر بەدەستتر لە هەموو لایەک، لەسەر خوانی زمان و ئەدەبی فارسی دەیبینێتەوە. ئەم ڕاستییە وێڕای گەلێک ڕەهەند و لایەنی پرسیار هەڵگری، لە بارودۆخی ئێستادا دەتوانێ دەرفەتێکی زێڕین بۆ بەردەوامی و پەرەپێدانی پەیوەندی و دانوساندنی فەرهەنگی و ئەدەبی گەلانی ناوچەکە، بەتایبەت کورد و فارس، لەسەر بونیادێکی نوێی ناسین و لێکگەیشتنی بەرامبەر، بۆ نزیک بوونەوە لە هاودڵی و هاوخەمییەکی مرۆیی بخوڵقێنێ. دیارە ئەم گرنگە ئەوەندەی کە مەبەستی وەرگێڕانە، ئامانجی داهێنانی ئەدەبی و بەتایبەت چیرۆکیشە.



چیرۆکی فارسی، بەشێوەیەک لە شێوەکان، نموونەی جوان و سەرنج ڕاکێشی ئەزموونی ئەم پەیوەندی و دانوساندنەیە لە ئاستی وڵاتێکی فرەنەتەوەییدا. چیرۆکی فارسی، یان وەها کە زۆربەی نووسەرانی دەخوازن بگوترێ، چیرۆکی ئێرانی، لە جوغرافیایەکی بەربڵاو و لە ناو کۆمەڵێک نەتەوە بە زمان و فەرهەنگی جیاوازەوە دەنووسرێ. لە لایەکەوە، هەر لە باکور و ئوستانە سەرسەوزەکانی مابەینی دەریای خەزەر و زنجیرە کێوەکانی ئەلبورز، لەناو گەلانی فارس و گیلەک و تورکمان بەزمان و فەرهەنگی تایبەت بە خۆیانەوە، تا ناوەند و ئوستانە گەرم و بیابانی و پڕ لە ڕەمز و ڕازە فارس نشینەکان، لەوێشەوە بۆ باشوور و ئوستانەکانی گوێ کەنداوی فارس و دەریای عەمان بە دابونەریت و شێوازی جیاوازی ژیانی خەڵکەکانییەوە. لەلایەکی تریشەوە، لەم سەر بۆ ئەوسەری ڕۆژهەڵات، لە ناو تێکەڵەی سەیر و سەمەرەی خەڵکی ئوستانی خوراسان و سیستان و بەلووچستان، بە تورک و کرمانج و فارس و بەلووچەوە، تا ئەمسەراوسەری ڕۆژاوا و ناو گەلانی ئازەری و کورد و عەرەب و لوڕ. هەموو ئەم بەربڵاوی و جیاوازییە سرووشتی و زمانی و فەرهەنگییانە، زەمینەیەکی خۆش و لەباریان بۆ داهێنانی هەمەڕەنگ هەمە و بابەت، بۆ چەند شێوازی، یان وا خاسە بگوترێ، چەندان شێوازی گێڕانەوەی چیرۆکیی لە هەموو بارێکی بابەتی و شکڵییەوە ڕەخساندووە.

نووسەرانی ئێرانی لە هەشتا ساڵ لەمەوبەرەوە – سەرەتای سەرهەڵدانی چیرۆکی فارسی بەمانا ئیمرۆییەکەی، لەسەر دەستی نووسەرانێکی دەسپێشکەری وەک جەمالزادە و هیدایەت – تا ئێستا، نەوەک هەر لە شار یان ئوستان یان ناوچەیەک، بەڵکو لە زۆربەی ناوچەکان و لەناو زۆربەی گەلانی ئێرانیدا، بە قۆستنەوەی ئەم دەرفەتە ڕەنگالەییە و بەهرەوەرگرتن لە ئەزموونی ژیان لەگەڵ خەڵکانی ناوچە جیاوازەکان و زمان و فەرهەنگ و داب و نەریت و جۆری ژیان و ڕوانگە و بۆچوونەکانیان، پێ بەپێی ئاشنایەتییان لەگەڵ ئەزموونە فکری و فەرهەنگی و ئەدەبیە تازەکانی دنیا و پتەو کردنی ژێرخانی ڕۆشنبیری خۆیان، هەنگاو بەهەنگاوی گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی، سیاسی و فەرهەنگییەکانی وڵات، مێژوویەکی سەرنج ڕاکێشی ئەدەبی و چیرۆکییان ساز کردووە. بەشێکی زۆر لە نووسەران و ڕەخنەگرانی ئەدەبی بە دوو شێوازی جیاواز و لە ئەنجامدا نزیک لە یەک ئەم مێژووە هەشتا ساڵە بەسەر سێ قۆناغدا دابەش دەکەن. شێوازی یەکەم کە بونیادی دابەشکارییەکەی خودی نووسەرەکانە، قسە لە سێ نەوەی یەکەم و دووهەم و سێهەمی چیرۆک نووسان دەکەن. بێگومان ئەم دابەشکارییە کۆییە بەهۆی چاوپۆشینی لە جیاوازی

بەهرەی داهێنەرانە و ڕوانگە و بۆچوونی نووسەران و جیاوازی بەرهەمەکانیان لە هەموو ئاستێکدا، ئیمکان و دەرفەتی دەستنیشان کردنی تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی نەوە جیاوازەکان نارەخسێنێ. شێوازی دووهەم کە بونیادی دابەشکارییەکەی لە دەرەوەی ئەدەب، واتە لە دۆخە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان وەردەگرێ، نووسەران و بەتایبەت چیرۆکی فارسی بە سێ قۆناغی مێژوویی، یەکەم: لە سەرەتاوە تا ساڵی **١٣٣٢** ی کۆچی (ساڵی کودەتا لە دەوڵەتی نەتەوەیی دوکتۆر موسەدق) دووهەم: لە ساڵی **١٣٣٢** تا سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی **١٣٥٧** و، سێیهەم: قۆناغی پاش سەرکەوتنی شۆڕش، دابەش دەکات. ئەم دابەشکارییە ئەگەرچی تاڕادەیەک ئاماژە بەڕەنگدانەوەی گۆڕانکارییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان لە بەرهەمەکاندا دەکات، بەوحاڵەش هەڵگری هەندێک کێشە و گرفتی جیدی وەک بەهانەدان بە جیاوازی بەرهەمەکان بەتایبەت لە ئاستی هونەریدا، هەیە. بەهەرحاڵ ئەم دوو جۆرە دابەشکارییە لە زۆر لایەنەوە یەک دەگرنەوە کە گرنگترینیان دەستنیشان کردنی سەر بە نەوە یان قۆناغە جیاوازەکانە. بە بۆچوونی هەردوو لا دیارترینی نووسەرانی سەر بە نەوەی یەکەم یان قۆناغی بەر لە ساڵی **١٣٣٢** بریتین لە محەمەدعەلی جەمالزادە، سادق هیدایەت، بوزورگ عەلەوی، سادق چووبەک و... ناودارترین نووسەرانی نەوەی دووهەم یان قۆناغی نێوان **١٣٣٢** تا سەرکەوتنی شۆڕش بریتین لە م - ا - بێهـ ئازین، ئەحمەد مەحموود، غوڵام حوسێن ساعیدی، مەحموود دەوڵەت ئابادی، سیمین دانشوەر، جەلال ئال ئەحمەد، ئیبراهیم گوڵستان، ڕەزا بەراهەنی، عەلی ئەشرەف دەروێشیان، جەمال میرسادقی، هۆشەنگ گوڵشیری و... دەیان و بگرە زیاتریش. نووسەری سەر بە نەوەی سێیهەم، یان قۆناغی پاش شۆڕش، کەسانێکی وەک ئەحمەد ئاقایی، فەرخوندە ئاقایی، شەهرام ئەسەدی، شیوا ئەرەستوویی، ئەسغەر ئیلاهی، حەسەن ئەسغەری، یونس تەراکمە، یارعەلی پوورموقەدەم، زۆیا پیرزاد، ئەمیر حەسەن چلتەن، خاترە حیجازی، ئەبوتوراب خوسرەوی، عەلی خودایی، فەریدە خرەدمەند، ڕەزا جەولایی، سەناپوور، فریشتە ساری، ڕەزا سەفدەری، محەمەد کەلباسی، فەرزانە کەرەم پوور، مونیرۆ ڕەوانی پوور، شەهلا ڕووحپەروەر، عەباس مەعرووفی، محەمەد محەمەد عەلی، شەهریار مەندەنی پوور، بیژەن نەجدی، حەسەن مرتەزاییان ئابکنار و زۆر ناوی تر کە بیست و نۆ چیرۆک لە سی چیرۆکی ئەم دوو بەرگە بەرهەمی قەڵەمی ئەوانە.

هەر وەها کە ئاشکرایە ئەم دابەشکاریە بە هیچ شێوەیەک بەومانایە نییە کە ئاستی



بەرهەمی نووسەرانی سەر بە هەر نەوە یان قۆناغێک چونیەکە، یان نووسەرانی سەربە نەوە یان قۆناغێک لە قۆناغەکەی دواتردا بێ بەرهەم بوون. بەڵکو بەپێچەوانەوە بەشێکی زۆری نووسەرانی سەر بە نەوە یان قۆناغی دووهەم بەوپەڕی جیدییەتەوە لە پاش شۆڕشی ساڵی **٥٧** و تا ئێستاش لە مەیدانی چیرۆکی فارسیدا ئامادەییان هەیە و تەنانەت چەند کەسێک لەوان جگە لەوەی کە بەشێکی زۆر لە باشترین بەرهەمەکانیان لەم قۆناغەدا نووسیوە زۆرترین کاریگەریشیان لەسەر چیرۆک و چیرۆکنووسانی ئەم قۆناغە هەبووە.

لە هەر حاڵدا دیارترین نووسەرانی سەر بە دوو نەوە یان دوو قۆناغی یەکەم و دووهەم، بەگوتەیەکی تر دیارترینی ئەو نووسەرانەی کە لە سەرەتاوە تا بەرلە سەرکەوتنی شۆڕش خاوەنی ناو و ناوبانگ بوون هەرکامە بە هۆی وەرگێڕانی یەک یان چەند بەرهەمیان بۆ سەر زمانی کوردی، بۆ خوێنەری کورد، بەتایبەت لە دەرەوەی ئێران، ناوی ئاشنان. ئەم ئاشنایەتی و ناسیاوییەی خوێنەر و تەنانەت نووسەرانی کوردیش لە گەڵ ئەدەبی هاوچەرخی فارسی بەگشتی و، ڕۆمان و چیرۆک بەتایبەت، ناسیاوی و ئاشنایەتییەکی ناتەواو و، لە هەندێک حاڵەتیشدا سەقەت و پڕ لە خەسارە. بۆ ناوبردە کردنی هۆکارەکانی ئەم ناتەواوییە دەشێ ئاماژە بە چەند خاڵی وەک:

أ - ناپیشەیی گەری کاری ئەدەبی و بە تایبەت وەرگێڕان.

ب - نە شارەزایی زۆربەی وەرگێڕەکان و هەڵکوتانی کوێر کوێرانەیان بۆ سەر دەقە فارسییەکان بێ هیچ خەم و داڵغە و تێگەیشتن و بۆچوونێکی شەخسی بەرامبەر بە چیرۆک و، هەڵبژاردنی هەڕەمەکی و بێ بەرنامەی دەقەکان بۆ وەرگێڕان.

پ - بێ دەربەستی بڵاڤۆک و بنکەکانی وەشاندن بەرامبەر بە گرنگی کردەکە و نەبوونی بنکە و دامەزراوەی تایبەت و بەرپرس بۆ وەرگێڕان. ت - نەبوونی ڕەخنە و خوێندنەوەی چالاکانەی ئەو بەرهەمانە کە وەرگێڕدراون و، کۆمەڵێک هۆکاری سەرەکی تر بکردرێ. دیارە گوتنی ئەم ڕاستییە تاڵە بە هیچ شێوەیەک بە مانای نەبینین و پێشێل کردنی هەوڵی دڵسۆزانەی چەند وەرگێڕێکی شارەزا نییە کە لایەنی دڵخۆشکەر و بڕواپێکراوی ناسیاوییەکە، بەرهەمی ڕەنجی ئەوانە و، ئەم کتێبە وەک هەوڵێکی بچووک بۆ ناساندنی بەشێک لە دیارترین نووسەرانی نەوەی سێهەمی چیرۆکنووسانی ئێرانی، لە دەوامەی تەقەلای ئەواندایە.

## ٢

ئەم کتێبە – کە بە هیوام بە زوویی دەرفەت بۆ چاپ و بڵاوکردنەوەی بەرگی دووهەمیشی بڕەخسێ – بە بۆچوونی من هەڵبژاردەیەکی کەم و بچووکە لە کۆی ئەو چیرۆکانەی کە لە ماوەی بیست و پێنج ساڵی دوای شۆڕشی پەنجا و حەوتی ئێران، بە قەڵەمی نەوەیەکی نوێ لە چیرۆک نووسان نووسراون. نەوەیەک کە قۆناغی لاویەتییان لە ساڵانی پڕلە کێشەی پەنجاکاندا تێپەڕیوە و، یەکەمین ئەزموونەکانی کار و داهێنانی ئەدەبییان لە جەنگە و ترۆپکی گۆڕانکارییە سیاسی، کۆمەڵایەتی، فکری و فەرهەنگییەکانی ئەو ساڵانەدا بووە. نەوەیەک کە لە زانکۆ و پشت مێزی دەرس خوێندنەوە بۆ ژوورەکانی پچەپچی سیاسی و لەوێشەوە بۆ شەقامە قەرەباڵغەکان و دەنگ هەڵبڕین و هەرا و هوریای بژی و بڕووخێی ڕاپەڕین و، پاشانیش بۆ مەیدانی شەڕێکی درێژخایەن و گرمەی ناپاڵم و هاڕەی تەیارە و بۆمبارانی شارەکان و... لە هەموو ئەم ماوەشدا نووسین، بەبێ هیچ ئومێدێکی چاپ و بڵاوکردنەوە. چما لەو ساڵانەدا گەورەترەکانیشیان، ئەوانەی وا دڵتەنگ و نائومێد بنووسن... بنووسن... بنووسنی بەگوێدا دەچرپاندن دەرفەتی چاپ و بڵاوکردنەوەیان نەبوو. بەوحاڵەش ئەوان دەیاننووسی. چیرۆکیان دەنووسی و ڕۆمانیان دەنووسی چما دەیانزانی دەبێ بنووسن. دەبێ ئەو ساڵانە، ئەو واقیع و ڕووداوە گورج و تێپەڕانە، ئەو خەم و مەینەتییانە بنووسرێ. ئەوان دەیانگێڕاوە. چونکە دڵنیابوون کە دەبێ ئەوەی وا لە ڕووپەڕی دیار و واقیعدا ڕوودەدا و، ئەوەی وا لە نادیارترین سووچەکانی ڕۆحی کۆمەڵدا دەگوورێ، بگێڕدرێتەوە. ئەوان دەیاننووسی و بەگێڕانەوەی ئەوەی کە دەبوو بگێڕدرێتەوە کۆمەڵگەیان ڕووت دەکردەوە. نەوەک هەر ئێستای، ڕابوردو و، تەنانەت داهاتووی هێشتا نەهاتووشی، تا بە خۆی و خۆیان و بە هەموو ئەو هێز و دەسەڵاتانەی بنوێنن کە جلوبەرگی بێدەنگی و درۆ و فریویان لەبەری کۆمەڵگەی ئەم وڵاتە پیرە زۆرهانە دوو هەزار ساڵ تەمەنە کردبوو. کۆمەڵگە و تەنانەت مرۆڤ و سەردەمەکەش بە تەقەلای ئەوان و بە گێڕانەوەی ئەوان ڕووت دەبۆوە. نە بە گێڕانەوەی ڕیالیستییانەی کاڵ و کرچ و ڕاپۆرتی ڕووکەشی ڕووداوەکان، کە ئەوەش خۆی کراسێکی بۆرەقنە و ڕووپۆشێکی ڕەنگ و ڕوو پەڕیویتر بوو، کە دەبوو بدڕێ و داماڵدرێ. ئەوان ڕۆحی کۆمەڵ و کۆمەڵگەیان ڕووت دەکردەوە. ئاڵۆزییەکانی، تەواویی و ناتەواوییەکانی، خەون و ڕوئیاکانی،



ئوستوورە کۆن و نوێکانی، پرس و پرسیارەکانیان دەردەخست. ئەمەش هەمووی ئەو کارە نەبوو کە دەیانکرد یان دەبوو بیکەن، ئەوان بەگێڕانەوە دەبوو جگە لە بوون و شناسی کۆیی و کۆمەڵایەتی، بوون و شناس بە خۆشیان ببەخشن. خۆیان وەک مرۆڤی تاک، تاکێک لە میانە و لەبەرامبەر کۆدا. لەوەبەریش تاک نەوەک هەر لە دەڤەر و مەیدانی گێڕانەوەی چیرۆکیدا، بەڵکو وەک چیرۆکنووس سەری هەڵدابوو. تاکی ڕۆشنبیر و ڕەخنەگر لە بەرامبەر عەقڵی کۆدا. تاکی داهێنەر. سادق هیدایەت لە ناو هەموو پیاوانی گەورە و بچووکی سیاسی، فکری و فەرهەنگی ئێراندا تەنیا کەسێک بوو کە ڕەسمەکەی بە دیواری ماڵی زۆربەی ئەم نووسەرانەوە هەڵواسراوە. ئەوانەی کە بە گومان و بێ باوەڕییەوە (بەڵام بەرێز و حورمەتەوە) لە نووسەرانی بەر لە خۆیان دەڕوانی، لە هەموو نووسەرانی بەر لە خۆیان، ڕەنگە تەنیا لە قەڵەم و نووسینی چەند کەسێک بە سەرنجی خوێندکارانەوە ڕادەمان. چەند کەسێکی وەک هیدایەت کە نەمابوو و، دەوڵەت ئابادی و گوڵشیری کە هێشتا پێ بەپێی ئەوان و لە بەریانەوە دەڕۆشتن و دەیاننووسی.

ئەم نەوە لە چیرۆکنووسانی ئێرانی، ئێستا ساڵانی گەنجی تەمەن و تەجرەبەیان تێپەڕاندووە و، بەتەمەن ترینەکانیان هەرکامە بە چەند ڕۆمان و کۆمەڵێک چیرۆکی بڵاوکراوەوە، لەم ساڵانی بەها و بایەخ وەرگرتنەوە ڕێژەییەی چیرۆک و ڕۆمان لە فەزای فەرهەنگی و ئەدەبی ئێراندا، لە دەیان فستیڤاڵ و بۆنەی خەڵاتی ئەدەبی، جگە لە بەشداریکردن و خەڵات بردنەوە، ئەرکی داوەری و هەڵبژاردنی بەرهەمی باشی کەم تەمەنترینەکانیشیان لە ئەستۆیە. بەم حاڵەش هێشتا بەرهەم و داهێنانی بیست و پێنج ساڵەی ئەو چیرۆکنووسانەی کە لە دوای شۆڕشەوە ناو و ناوبانگیان دەرکردووە – بە تەمەن و کەم تەمەن – بە تێر و تۆخی نەخوێندراوەتەوە و، بەقەدەر پێویست ڕەخنە و لێکۆڵینەوەی جیدی و هەمە لایەنە لەسەر تایبەتمەندی گشتی و وزە و لاوازییەکانی بەرهەمیان نەنووسراوە. وێڕای ئەمەش دەشێ لە ڕوانگەی خۆمەوە و بەقەدەر دەرفەتی ئەم پێشەکییە ئاماژەیەکی کورت بەچەند خاڵ، وەک چەند تایبەتمەندی سەرەکی چیرۆکی فارسی بە گشتی و، چیرۆکی دوای شۆڕش بکەم.

یەکەم: وێڕای ئەوەی کە دەربارەی بوونی ئەم نەوە لە نووسەران لە کەش و فەزای سیاسی و ئیدیۆلۆژیکی ساڵانی سەرەتا و دوای شۆڕشی پەنجا و حەوتی ئێران گوترا، سەرەکیترین تایبەتمەندی ئەم قۆناغەی چیرۆکی فارسی دەرباز بوونە لە زهنییەتی زاڵی

سیاسی و ئیدیۆلۆژیکی. دیارە ئەمە بە هیچ شێوەیەک بەمانای دابڕان لە واقیع و ڕووداوە تاڵ و شیرین و چارەنووس سازەکانی کۆمەڵگە نییە. بە پێچەوانەوە، ئامادەیی سەرجەمی واقیع و ڕووداو و کارەساتەکانی ئەم قۆناغە لە مێژووی وڵات و کۆمەڵگە، وەک ڕاپەڕین، شۆڕش، شەڕ، بوومەلەرزە و... لە چیرۆکدا، هەروەها ئامادەیی و شایەتیدانی جەسوورانە و ڕاستگۆیانەی نووسەر و بەرهەمەکانیان لەسەر هەموو مەینەتییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان، یەکێک لە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی ئەم قۆناغەی چیرۆکی فارسییە. بەڵام ئەوەی کە لەم میانەدا جێی سەرنج و لێڕامانە ئەوەیە کە نووسەرانی چیرۆکی نوێی فارسی بەهۆی ئاشنابوونی زیاتری ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆیان لەگەڵ گۆڕانکارییە فکری و فەرهەنگییەکان، تیۆرییەکانی ئەدەب و ڕەخنەی ئەدەبی لە ئاستێکی جیهانیدا، هەروەها بە هۆی ئاشنا بوونی زیاتریان لەگەڵ شێوازە جیاوازەکانی چیرۆک و پەی بردن بە توانا و زەرفیەتەکانی ئەم ژانرە ئەدەبییە، هاوکات لە گەڵ ئەم ئامادەبوونە بەرپرسانە و داهێنەرانەیە، بە دوور کەوتنەوەیان لە ڕوانگەی ئیدیۆلۆژیکی و حەتمییەت خوازی فکری و، ڕاپۆرت نووسیی ڕیالیسمی ڕووکەشی و سۆشیالیستی و، هەمەکی ڕوانی (کلی نگری) لە گێڕانەوەدا، لە باشترین نموونەکاندا زیاتر و چاکتر لە ڕابوردوو گەڕیانی ژیانی خەڵکیان (وەک تاک و وەک کۆ) لە قووڵترین لایەنەکانی واقیعی بەرهەست و نابەرهەستی (عەینی و زهنی) کۆمەڵدا گێڕاوەتەوە و، بە بێ غافڵ بوون لەو واقیعانە کونجکۆڵی زەینی تاکی ئێرانیشیان کردووە.

دووهەم: چیرۆکی فارسی هەروەها کە گوترا لەسەر زەمینەیەکی ڕەنگالەیی زمان و فەرهەنگی جیاوازی گەلانی ئێرانی، بەقەڵەمی دەیان نووسەری ئاشنا بە تایبەتمەندییە فەرهەنگییەکانی ناوچە و هەرێمە جیاوازەکان دەنووسرێ. نووسەرانی ئەم قۆناغە لە مێژووی چیرۆکی فارسی لە دەوامەی پێشینیانیان و تەنانەت هەندێک جار وشیارانەتر و هەمەلایەنەتر لە ئەوانیش سوودیان لەم جیاوازییە زمانی و فەرهەنگییە وەرگرتووە و، هەروەها کە لە زۆربەی نموونەکانی ئەم هەڵبژاردەشدا دیارە، بەشێک لە نووسەران بە بەهرە وەرگرتن لە واقیع و ڕووداو و کارەساتەکانی دەوروبەریان بۆ نووسینی چیرۆکی ڕیالیستیانە بە فاکتۆرگەلی ناوچەیی، بەشێکیان بە سەرنجدان بە ئیمکاناتی ئوستوورەیی و هێمایی ناوچەکەیان بۆ نووسینی چیرۆکی خوازەیی و شاعیرانە و، دەستەیەکی تر بە کەڵک وەرگرتن لە فەزاگەلی سوریالیستی و زەینی بەرەو داهێنانی بەرهەمی ئابستره و دەروون شیکارانە هەنگاویان هەڵێناوە. بەگشتی ئەم جیاوازییانە و، جیاوازی



بیروبۆچوونی نووسەران، جگە لە فرەجۆری فەزا و setting ی چیرۆکەکان، فرەجۆری زمان، زاراوە، فەرهەنگ، ئایین و دابونەریتی کەس و کاراکتەرەکانیش، شەبەنگێکی ڕەنگالەیی و سەرنج ڕاکێشی چیرۆکیی پێشکەش بە خوێنەرەکانی کردووە.

لە چوارچێوەی ئەم تایبەتمەندییەدا ناشێ ئاماژەیەکی کورت بە چیرۆکی نەوەی نوێی نووسەرانی ئێرانی لە دەرەوەی وڵاتیش نەکردرێ. نووسەرانێک کە لە فەزای فکری، فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی وڵاتانێکی تر، بەتایبەت وڵاتانی ئەمریکایی و ئورووپایی، دەژین. چیرۆکی ئەم نووسەرانە لە هەمان کاتدا کە لە دانوساندنی ڕاستەوخۆ لەگەڵ چیرۆکی هاوچەرخی جیهانی و بەتایبەت چیرۆکی ئەو وڵاتانەدایە کە لێی دەژین، لە دانوساندنێکی سروشتی و پێویست لەگەڵ چیرۆکی فارسی ناو وڵاتیشدایە. ئەم جۆرە چیرۆکە، یان واباشترە بگوترێ، چیرۆکی نووسەرانی دانیشتووی دەرەوەی وڵات، ئەگەر تا بەرلە دە – پانزە ساڵی ڕابوردوو زیاتر بە زەینییەتی سیاسی و ئیدیۆلۆژیکی نووسەرانی سیاسی و دوورخراوەی تاراوگەوە دەنووسرا و، بە زۆری لە فەزای ناو وڵاتدا و ئاوڕی لە کێشە کۆمەڵایەتییەکانی ناو وڵات دەدایەوە و نۆستالۆژیک بو و، ئیمرۆکە بە تێپەڕاندنی ئەو قۆناغە، ڕەوایەتی جۆری ژیان و گرفت و کێشە تاکەکەسی و کۆمەڵایەتییەکانی مرۆڤ و کۆمەڵگەی ئێرانیی دەرەوەی وڵات دەکات. چیرۆکی نووسەرانی دەرەوەی وڵات کە لەم چەند ساڵەدا تا ڕادەیەک ئیمکان و مەجالی بڵاوبوونەوە لە ناوەوەی وڵاتیشی بووە، وەک جۆرێکی تایبەت و سەرنج ڕاکێش لە زۆر باری هونەری، زمانی، تێمی و بابەتییەوە خۆی بە خوێنەر و ڕەخنەگرانیش ناساندووە.

سێهەم: تایبەتمەندییەکی تری چیرۆکی نوێی فارسی کە دالغەی سەرەکی بەشێکی زۆر لە نووسەرانی ئەم قۆناغەشە، سەرنج و گرنگیدان بە زمان و داهێنانی سەبکی و ستایلی ڕەوایەتە. زمانی فارسی بە پێشینەیەکی هەزار ساڵەی دەقی نووسراوەیی و مەکتووب، بە چەندان فورم و شێوازی شیعریی و سەبک و ستایلی پەخشانیی جیاوازەوە، دەتوانێ و توانیویە ئیمکانێکی کەم وێنە بۆ فرەجۆری تەکنیکی و سەبک و ستایلی گێڕانەوە، کە لە ئەنجامدا فرەجۆری دید و ڕوانینی نووسەرەکانی بۆ مرۆڤ و جیهانی دەوروبەر و سەردەمەکەی لێ دەکەوێتەوە، دەستەبەر بکات. پەخشانی جیاوازی بەرهەمە ئەدەبی، مێژوویی، عیرفانی و فەلسەفییەکان لە چەند سەد ساڵ لەمەبەرەوە تا ئێستا، کە شەبەنگێکە لە زمان و پەخشانی کۆن و ئارکائیکەوە بۆ زمان و پەخشانی شێوە ئاخاوتنی

ئێستا، سامانێکی پڕ بەهایە لەبەر دەستی چیرۆکنووساندا، نەوەک هەر بۆ گێڕانەوەی چیرۆکی قۆناغە جیاوازەکانی مێژووی ئەم وڵاتە، بەڵکو بۆ گێڕانەوەی زەینییەتی مێژوویی مرۆڤی ئەم سەردەمەش. نووسەرانی ئێرانی بەتایبەت چەند کەسێکی وەک هیدایەت، دەوڵەت ئابادی و گوڵشیری، بە دوای ئەوانیشدا زۆر کەسی وەک مەندەنی پوور و... بە سوود وەرگرتن لەم ئیمکانە کەم وێنەیە و بە داهێنانی زمان و پەخشانێکی شاعیرانە، بە ڕاگوێزانی بەشێک لە ڕابوردوو بۆ ساتەوەختی ئێستای داهێنان و خوێندنەوە، نەوەک هەر زۆرترین سوودیان لە یادەوەرییە مێژووییە پەنهان و شاراوەکانی ناو زمانی فارسی وەرگرتووە، بەڵکو بۆ خۆیان و کاراکتەری چیرۆک و ڕۆمانەکانیان و، خوێنەرانی ئەم سەردەمەش، یادەوەری مێژووییان دروست کردووە و لە هەمان کاتیشدا بەهۆی لایەنی شاعیرانەی ئەم زمانەوە بەرهەمەکانیان لە حەتمییەت و قەتعییەتی مانایی دەرباز کردووە.

چوارەم: تایبەتمەندییەکی تری چیرۆکی نوێی فارسی، گرنگی و بەهادانە بە لایەنی هونەری و تەکنیک و بە گشتی، توانا و قابلییەتەکانی جۆری گێڕانەوەکە، واتە چیرۆک. ئەگەر زۆرینەی چیرۆکی بەرلە شۆڕش لەبەر چەند هۆی وەک؛ زەینییەتی هەمەکی ڕوان و بەرلە مۆدێرنی زوربەی نووسەران و دەروەستی و ئیلتزامیان بۆ کێشە سیاسی و ئیدیۆلۆژیکییەکان و پاشان تەسلیم بوونیان بە تیۆری ڕیالیستی سۆسیالیستی، زیاتر خەمی بابەتی و چی گوتنیان بو و، چیرۆکی ئەم ساڵانە، لەبەر چەند هۆی وەک: سەرهەڵدانی گۆڕانکارییەکان و هاتنە ئارای دۆخێکی نوێی سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی، تێپەڕاندنی ئەو ئەزموونە و ئاشنایەتی زیاتری نووسەران لەگەڵ فکر و ئەدەبی تازەی جیهانی و چەشنێکی تر لە ڕەخنە و خوێندنەوەی بەرهەم و... ئاوڕی جیدیتریان لە لایەنی هونەری و تەکنیکی، یان چۆن گوتن و چۆن گێڕانەوە داوەتەوە و سەرەتا خودی دەق و، پاشان لە قۆناغێکی تردا پەیوەندی دەق لەگەڵ مرۆڤ و کۆمەڵ و سەردەمەکەیدا بەهای وەرگرتووە. ئەم بەها و گرنگیدانە بە چۆنیی گێڕانەوە، ئەگەرچی لای بەشێکی زۆر لە نووسەران، بەتایبەت لە ئەزموونە سەرەتاییەکانیاندا، بەباری لاساییکردنەوە (نەوەک کارتێکردوویی) لە هەندێک نووسەر و بەرهەم و شەپۆلی ئەدەبی ناوەوە و دەرەوەی سنووری زمانی و فەرهەنگییەکانی ئێران شکاوەتەوە، بەڵام هەندێک نووسەری شارەزا بەو شەپۆل و گەریانە جیهانییانە و شارەزا بە توانا فەرهەنگی و ڕەوایەتییەکانی خۆیان و ئەزموونگەری ڕاستەقینە، هەندێک دەقی ناوازەیان داهێناوە کە باشترین بەرهەمەکانی ئەم سی ساڵە بەرئەنجامی ئەو ئەزموونگەری و ناسین و شارەزاییە هەمەلایەنەیە



پێنجەم: تایبەتمەندییەکی تری تایبەت بە چیرۆکی ئەم قۆناغە ئامادەبوونی جیدی و کارا و پڕ بەرهەمی نووسەرانی ژنە لەم مەیدانەی داهێنانی ئەدەبیدا. ئەگەر لە نووسەرانی بەر لە شۆڕش جگە لە ناوی چەند خانمێکی وەک سیمین دانشوەر هیچ ناوێکی ترمان لە بیر نەماوە، لە سەرەتای پەنجاکانەوە نەوەیەکی نوێی ژنانی چیرۆکنووس پێیان ناوەتە مەیدانەکە و بە بەهرە و توانایەکی زۆر و وشیاری و ئاگادارییەکی زیاتری فکری و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی، لە هەمان کاتیشدا هەڵوێستی ڕۆشنگەرانە و ڕۆشنبیرانەی ئەدەبی و ڕەوایەتی لە بەرامبەر ناتەباییەکانی کۆمەڵگەی پیاو سالار و چەوساندنەوەی ژنان، دەیان ڕۆمان و سەدان چیرۆکیان بە زەینییەتێکی مۆدێرنیی ژنانەوە نووسیوە. ئیمڕۆکە لە مەیدانی چیرۆکی نوێی فارسی، بە ئامادەبوونی دەیان خاتوونی چیرۆکنووسی وەک مونیرۆ ڕەوانی پوور، گولی تەرەقی، فریشتە ساری، فەرخوندە ئاقایی، ناهید تەباتەبای، زویا پیرزاد، شەهلا رووح پەروەر، میترا ئەلیاتی و... چیرۆکی ژنان، چیرۆکێک کە زیاتر خەم و داڵغەی ژنانی هەیە و ڕەوایەتی کێشەی ژن لە کۆمەڵگەیەکی لە حاڵی تێپەڕیندا دەکات، بەشێکی هەرە جیدی و سەرنج ڕاکێشی چیرۆکی فارسییە.

بە دڵنیاییەوە ئەوەی کە گوترا نەوەک هەر سەرجەمی تایبەتمەندی چیرۆکی فارسی بەگشتی، بەڵکو کۆی تایبەتمەندییەکانی چیرۆکی دوای شۆڕشیش نییە. بەڕای من مەرجی سەرەکی ئاشنا بوونی خوێنەری کورد لە گەڵ چیرۆکی دواشۆڕشی فارسی و تایبەتمەندی و وزە و لاوازییەکانی، وەرگێڕان و خوێندنەوەی بەرهەمی ئەم قۆناغەیە. چیرۆکەکانی ئەم کتێبە تەنیا بۆ مەبەستی خوێندنەوە و ئاشنابوونی زیاتری خوێنەری کورد لە گەڵ چیرۆک و بەرهەمی نووسەرانی ئەم قۆناغەی چیرۆکی فارسی وەرگێڕدراونەتە سەر زمانی کوردی.

## ٣

ئەوەی کە لەبارەی ئەم کۆمەڵە چیرۆکەوە دەبێ بگوترێ:

من زۆربەی چیرۆکەکانی ئەم کتێبەم لە ماوەی چوار، پێنج ساڵی ڕابوردوودا وەرگێڕاوە. لە هەر کتێب یان گۆڤارێک چیرۆکی یەکێک لەم نووسەرانەم خوێندبێتەوە کە بە ڕای خۆم؛ یەک: لە زۆر باری شکڵی و ناوەرۆکییەوە کارێکی سەرنج ڕاکێش بووبێ. دوو: تا ئەو

ڕادەی کە لەگەڵ کۆی بەرهەمی نووسەرەکەی ئاشنا بووبێتم لە جوملەی کارە باشەکانی و، لە هەمان کاتیشدا هەڵگری زۆربەی تایبەتمەندی نووسینەکانی بووبێ. سێ: تا ڕادەیەک نوێنەر و نمایشکەری جۆرێکی تایبەت لە چیرۆکی فارسی بووبێ. چوار: وەرگێڕانیم بۆ خوێنەری کورد و فەزای ئەدەبی خۆمان بە پێویست زانیبێ، چیرۆکەکەم وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی.

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا من دڵنیام ئەم کتێبە نموونەی بەرهەمی هەموو ئەو چیرۆک نووسانە ناگرێتەوە کە لە ماوەی بیست و پێنج ساڵی ڕابوردوو بە شێوەی جیدی لەم بوارەدا کاریان کردووە و کتێب و بەرهەمیان بڵاو کردۆتەوە. بێگومان سەدان چیرۆکی چاک و سەرنج ڕاکێش لە دەیان نووسەر لەم ماوە دوور و درێژەدا لە دوو توێی کتێب یان گۆڤارەکاندا بڵاو بوونەتەوە کە یان من نەمدیون، یان خوێندوومنەتەوە و لەبەر هەر هۆیەک دەرفەتی وەرگێڕانیانم نەبووە و ئێستاش دەستم پێیان ناگاتەوە.

دیسانەوە دڵنیام سەرجەمی چیرۆکەکانی ئەم کتێبە لە یەک ئاستدا نین. هەروەها کە نووسەرەکانیشیان لە ئاستێکی بەهرە و ئەزموون و داهێناندا نین. ئەوەی کە بۆ وەرگێڕانی ئەم چیرۆکانە گرنگیم پێداوە، نمایشی تایبەتمەندییەکانی چیرۆکی ئەم قۆناغە لە دوو توێی کتێبێکدا بووە. ڕەنگە هەر ئەم گرنگی پێدانە یەک دوو چیرۆکی ناوینحاڵ یان لاوازتر لە باقی چیرۆکەکانیشی هێنابێتە ناو ئەم کۆمەڵەوە.

لە کاتی ئامادە کردنی ئەم بەرگە لە کتێبەکە پڕ بە دڵ حەزم دەکرد ڕیزکردنی چیرۆکەکان بەشوێن یەکتردا بە پێی بەها و بایەخی هونەری بەرهەم یان بەهرە و توانا و کاریگەری نووسەرەکان لە فەزای چیرۆکیی ئەم قۆناغە بێ. بەڵام ئەو جۆرە ڕیزکردنە بە شێوەیەک سەپاندنی بیروبۆچوونی وەرگێڕ بەسەر زەینی خوێنەری کتێبەکەدا دەبوو. دیارە خودی هەڵبژاردنەکە (وەک هەموو هەڵبژاردنێکی تر) تا ڕادەیەکی زۆر جگە لە نواندنی بیروبۆچوونی وەرگێڕ بۆ چیرۆک و بە تایبەت چیرۆکی فارسی، لە خۆیدا چەشنێک داوەری و تەنانەت ڕاسەپێنیشی تێدایە، بۆیە وازم لەو شێوە ئامادەکردنە هێنا و وەک نەریتێکی پەسندکراو چیرۆکەکانم لە سەر ئەساسی ئەلف و بێی ناوی دووهەمی نووسەرەکان ڕیز کرد.

لە کۆتاییدا ئەم کۆمەڵە چیرۆکە بە هەموو ناتەواویەکیەوە بەرگی یەکەمی هەڵبژاردەی چیرۆکی پاش شۆڕشی فارسییە. ڕەنگە تەنیا ئەم ناو لێنانە بتوانێ پاساو بۆ بوونی چیرۆکی ماڵی ڕووناکان بە قەڵەمی هۆشەنگ گوڵشیری بێنێتەوە. کاریگەری گوڵشیری



لەسەر نووسەرانی نەوەی سێهەم یان قۆناغی دوای شۆڕش و چالاکی و پڕ بەرهەمی نووسەر لەم بیست و چەند ساڵەدا و لەمانەش گرینگتر بەها و بایەخی چیرۆکی ماڵی ڕووناکان کە بەڕای من جگە لە بەهاگەلی هونەری و بابەتی، داهێنانی زمان و پەخشانێکی نوێی چیرۆکیە و لایەنێکی شاراوە و پەنهانی توانا و زەرفییەتی زمانی فارسی بۆ گێڕانەوە ئاشکرا دەکات، وەهای کرد کە حەیفم بێتێ ئەم چیرۆکە (یەکەم چیرۆکی ئەم کۆمەڵە کە وەرمگێڕاوە) لە ڕیزی بەرهەمی هەڵبژاردەی قۆناغی نوێی چیرۆکی فارسیدا دانەنێم.

عەتا نەهایی

# ڤۆڵگا

## فەرخوندە ئاقایی

«خۆش بەحاڵی ئەو کەسەی خۆی لە ماڵەوە دەبینێتەوە» ئەمە قسەی دایەگەورەی مەهتاب بوو. مەهتاب لەگەڵ دایەگەورەی لە ژوورێکدا دەخەوت و هەموو بەیانیەک بەبیستنی ئەم قسە چاوی هەڵدێنا. دایەگەورە لەسەر دۆشەکەڵەیەک دادەنیشت و بەهەردوو دەست پێی خۆی دەشێلا. هەردووکیان خوویان بەوەگرتبوو کە مەهتاب بپرسێ:

«بۆ دایەگەورە، نەکا لە ئێمە ماندوو بووبی؟»

ئەوسا ئەویش لەبەر ئێشی پێی و، لەوەی کە تا بەیانی چاوی لە پەنجەرە بڕیوە و دوعای کردووە زوو ڕۆژ ببێتەوە، بناڵێنێ. زەویەکانی دایەگەورە و ئاغاواتەکانی تریان لە «ئیسلاحات ئەرزی[1]»یەکدا داگیر کردبو و، دایەگەورە ناچار پێمڵ ببوو بێتە ماڵی کوڕەکەی و لەگەڵ ئەواندا بژی. لەگەڵ مەهتابدا هاوژوور بوو، تا سەرەمەرگ پێی وابوو میوانە و، هەموو ڕۆژێک چاوەڕوان بوو ڕۆژی دواتر بۆ ماڵی خۆی بگەڕێتەوە.

دوانیوەڕوان پێکەوە دەچوونە ماڵی دایەگەورەی ڤۆڵگا. تا «مادام» قاوەی تورکیان بۆ دەم بکا و فاڵیان بۆبگرێتەوە. دایەگەورەی مەهتاب لەسەر کورسییەک دادەنیشت و قاچە کورتەکانی، کە نەدەگەیشتنە زەوی، دەجووڵاند و چاوی لە دەمی مادام دەبڕی. بۆ ئەوەی پێی بڵێ کەی دەتوانێ بگەڕێتەوە سەر زەوی و ماڵی ئاغایەتی خۆی.

مەهتاب و ڤۆڵگا یان لە حەسار تەنافبازیان دەکرد، یان لە ژوورەوە شتومەکی میوانبازیان لە سووچێک دەچنی و چپەچپیان دەکرد. یەکیان دەبووە میوان و ئەویتریان



خانەخۆی. ڤۆڵگا کچێکی سپیکەڵەی قەڵەویچکە بوو، سەرگۆناکانی چاڵ و، قژی نەرم و سافی وەک چەتر، هەمیشە تاسەر پێڵوەکانی دەشاردەوە.

«مادام» جارێک گوتبووی کە دایکی ڤۆڵگا شووی بەپیاوێکی موسوڵمان کردووە و بۆ هەمیشە بەجێی هێشتوون. بەڵام هاوسێکان قسەی خۆیان دەکرد، ئەوان لە دایکی ڤۆڵگا و، جوانیە سەیر و سەمەرەکەی و، هەڵاتنی لەگەڵ پیاوێکی موسوڵمان دەدوان. لەوەی کە باوکی ڤۆڵگا ئێستاش شار بە شار و وڵات بە وڵات لە ژنەکەی دەگەڕێ و ڕایسپاردووە تا نەیدۆزێتەوە ناگەڕێتەوە.

دایەگەورە دوای هەموو فاڵ گرتنەوەیەک، ئارام و ئاسوودە بەرەو ماڵ دەبووەوە. دەست و دەمی سێ جار گڵاو دەکرد و، لە مەهتابیشی دەخواست وا بکات. ئەوسا هەمدیسان سبەی دوانیوەڕۆ دەرۆشتەوە بۆ لای مادام.

مەهتاب لەو ڕۆژانەوە ڤۆڵگای دەناسی و ڤۆڵگا ئێستا لە پشت دەرکە ڕاوەستابوو، مەهتاب ڕێی ماڵی خۆی نەدەدا. ڤۆڵگا باڵای ناوین و شانی داکەوتوو، تۆزێک قەڵەو بوو. چاوی ڕەش و درشت و، پێستی گەش و دانە سپیەکانی دەدرەوشانەوە. وەک هەمیشە حەزی دەکرد ماتیکی سەدەفی لە لێوی بدا. ساکێکی بچووک بەدەستێکیەوە و کیفێکیش لە دەستەکەی تریدا بوو.

– ئێمە ڕێی ماڵی خۆمانمان نەدا. نە ئێمە و نە هاوڕێکانی تری. لە پشت دەرکە ڕاوەستابوو پێی دادەگرت کە دەیەوێ بێتە ژوور. جگە لە ئێمە کەسی تری نەبوو، ئێمەش، هەموومان لێی ماندوو ببووین. بەرلەوەی بێتە ئێرە چووبووە ماڵی باوکم. هەر ئەو دەمە باوکم تەلەفوونی کرد و لە مێردەکەمی پرسی:

«بەڕای ئێوە دەبێ لەگەڵ ئەم هاوڕێ شێتەی مەهتابدا چی بکەم؟ هەر دەڵێ من و دایەگەورەم هاوسێتان بووین. چاکە، خۆ زۆر کەس هاوسێمان بوون. ئێمە چ بەرپرسین؟ هەموو جارێک دێت و تووشی عەزیەتمان دەکا.»

مێردەکەم گوتبووی بینێرن بۆ ئێرە. ئەوسا بەسەر مندا بۆڵاندی : «ئەم ژنە تا کەی دەیهەوێ حەیامان ببات؟»

نیو سەعات لەوەدوا هاتە ماڵی ئێمە و، ئێمە دەرکەمان لێ نەکردەوە. بۆ ئەوەی لە شەڕی زرینگەی جەرەسەکەشی ڕزگار ببین، بەرقەکەمان کوژاندەوە و تەلەفونەکەشمان

قرتاند. هیچ ڕێیەکمان بۆ پەیوەندی گرتن نەهێشتەوە، بەڵام ڤۆڵگا لەوبەری شەقامەکە چاوەڕوان مابوو. هێواش لۆیەکی پەردەکەم هەڵدایەوە و سەیرم کرد. بەتەنیا لەو بێدەنگیەدا وەستابوو. سروە لە سەر و قژی دەئالا. وەک بیرەوەرییەکی دوور بوو. لە کوێ دیبووم؟ شەو بوو یان کاتێکی مابەینی شەو و ڕۆژ؟ شانی داکەوتوو بەڵام پێی چابوک و قایم، لە دوورەوە هێشتا بەگوڕ و توانا دیار بوو. چۆن دەیتوانی بەتەنیا لەوێ ڕاوەستێ و گوێ بە هیچ نەدا؟

– مەهتاب هاوسێ و هاوڕێم بوو. دوای مردنی دایەگەورەم ناچار وازم لە زانکۆ هێنا. لە شیرکەتە فەرانسەیی، ئەمریکایی و ئیتالیاییەکاندا وەک سکرتێر دامەزرام. جلی جوانم دەپۆشی و خواردنی باشم دەخوارد. لە هەموو هاوتەمەنەکانم باشتر بووم. وازم لەو ماڵە لاڕووخاوە هێنا و چوومە هوتێل. کارم دەکرد و دەژیام. پاشان ڕۆشتم بۆ ئینگلیس. لەوێ شووم بە ڕەزا کرد کە خوێندکاری فەلسەفە بوو. ڕامینی کوڕم لەوێ لەدایک بوو. کاتێک گەڕاینەوە بۆ ئێران هەموو شتێک گۆڕابوو. ماوەیەکی زۆر هەردووکمان بێکار بووین و پاشان ڕەزا ڕووی لە عالەمی سیحر و جادوو کرد. خۆی ڕادەهێنا چۆن غەیب ببێ. بۆ ئەوەی پەی بە ڕازی ساحیر و جادووبازان بەرێ پشیلەی ڕەشی دەکوڵاند و ئێسکەکانی جیا دەکردەوە. ڕەزا منی بە هۆی تیاچوونی ژیانی دەزانی، بۆیە لە ماڵەکەی دەری کردم. کارێک کە هەموو لەگەڵ مندا کردیان.

– هێشتا لەوبەری شەقامەکە ڕاوەستابوو، بێ ئەوەی سەیرمان بکا کێشکی دەگرت. دوای سەعاتێک بەرقەکەمان هەڵکردەوە. زەنگی لێدایەوە و لە پشت دەرکە ڕاوەستا، بۆ ئەوەی دیسان بڵێین ناتوانین ڕێی ماڵی خۆمانی بدەین. کاتێک مێردەکەم لە ڕاڕەوەکە هەرا و هاواری دەکرد، ڤۆڵگا لەسەرخۆ پاڕایەوە: «من دەچمە باخە گشتیەکەی ئەوبەر شەقام. ئەگەر توانیت تۆزێک خواردنم بۆ بێنە.» چی بڵێم؟! بوغز قوڕگی گرتم و ئەو تێگەیی. گوتی: «ئیمشەو ڕێم بکە بێمە ژوور. جێم نییە.» دیسان بێدەنگ بوونەکەمی بە دەرفەت زانیبوو. گوتم: «ناتوانم خۆ بۆخۆت دەیناسی» مێردەکەم بیانوو بوو، خۆم پێم خۆش نەبوو. ئاخر ڕۆژ و دوو ڕۆژ نەبوو. بەرلەوەی ڤۆڵگا هیچ بڵێ مێردەکەم دەرکەی داخست.

چەند هەزار جار گوتراوە ئێوارە خەمبارە، خەمی ئێوارە لەو سەرحەددەیە کە تیایدایە، لەو سنوورە کە دەبێ لێی بپەڕێتەوە، سنووری شەو و ڕۆژ. ڕۆژ کۆتایی پێ هاتووە و شەو



چاوەڕێیە، مرۆڤیش جاروبار لەسەر سنوورە. من ڤۆڵگام لە پشتەوە لەوێ دەدی، لەسەر سنوور بوو، لەسەر لێواری تیغ، لە مابەینی شەو و ڕۆژ، تەنیا و غەریب، وەک ئێوارە، وەک غوربەتی ئێوارە. خواردن و میوەم پێدا و لە لای دانیشتم. قسەمان کرد و بەستەنیمان خوارد، دەتگوت من ئەو کەسە نیم کە ڕێی ماڵی خۆمم نەداوە، دیار بوو بەلایەوە ئاسایی بوو، لە منداڵێک بەسەر دووچەرخەیەکەوە ڕامابوو.

– سێ ساڵە کوڕەکەمم نەدیوە، بەخواستی خۆم دەستم لێ هەڵگرت، نەمدەتوانی دایکایەتی بۆ بکەم. واچاک بوو لای باوکی بمێنێتەوە، شەش ساڵە هەمیشە گیرفانم بەتاڵە و پارەم لەم و لەو قەرزکردووە. ئەمە لە کاتێکدایە کە هەمیشە حەزم کردووە چاکترین شتەکان بۆ کوڕەکەم بکڕم، دەڵێی کەسانێک بەدوامەوەن و بە هاوڕێکانم دەڵێن ڕێی ماڵی خۆیانم نەدەن، لە هەر شیرکەتێک دابمەزریم لە ژێر چاوەدێریاندام تا کارەکەم پێ نەکرێ، وا دەنوێنن کە من شێتم. لە بێ جێگەیی و جارجارەش لەبەر برسیایەتی هۆش و حەواسم نامێنێ، تەنانەت تایپ کردنیشم لە بیر دەچێتەوە و دوگمەکانم لێ تێکەڵ دەبن. لە تەمەنی هەژدە ساڵییەوە کار دەکەم، کەچی ئێستا حەفتە و مانگێک تێناپەڕێ دەرم دەکەن. لە هیچ پانسیۆنێک ڕێگەم نادەن، دەڵێن ژنی بێ مێرد، خوێندکار نەبێ وەری ناگرن. بۆ چوونە موسافیرخانەش دەبێ هەموو شەوێک بڕۆم بۆ ئیدارەی «ئەماکن»[٢] و کاغەزیان لێ وەربگرم. ئەو سێ ساڵەش کە لە تورکیا بووم، وابوو. هیچ وڵاتێک ڤیزەی نەدامێ، هەموو ڕێگەیەکیان لێ گرتم . حاجەت شۆری و دەستفرۆشیشم کرد بەڵام بێ سوود بوو. هەندێک تاپۆ بەدوامەوەن کە ژیانیان لێ تێکداوم. پێموابوو بگەڕێمەوە بۆ ئێرە چاکترە، کەچی خراپتربوو. بێ بنەماڵە، بێ کەس و کار و، ئێستاش بێ دۆست و هاوڕێ. حسابی ئەو شوێنانەم لەدەست دەرچووە کە کارم بۆ کردوون، بەڵام لیستەی ئەو شوێنانەم گرتووە کە لێیان خەوتووم. ماڵی هاوڕێ و دەستە خوشکی کۆن، ماڵی دراوسێکان، پانسیۆنەکان و، ئەم دواییانەش باخەگشتیەکان، لیستەیەکی دوور و درێژە.

مەهتاب بە شەرمەزارییەوە گوتی: «کارم بەخەڵکی تر نییە، بەڵام من خراپەم زۆر لەگەڵ کردووی. ئەگەرچی هیچیشم لەدەست نایەت.»

ڤۆڵگا بزەیەکی هاتێ و گوتی: «من هیچم لە تۆ ناوێ، هەر ئەوەش کە دەمدوێنێ بەلامەوە زۆرە. من ئەگەرچی هەمیشە بەتەنیا ژیاوم، بەڵام زۆر هاوڕێم بووە کە قسەم لەگەڵ کردوون، کەچی ئێستا کەس وەڵامم ناداتەوە. دەزانی بۆ ئەوەندە دێم بۆ لای تۆ؟

چونکە تۆ ئەو دەمانە منت دیوە کە کارم دەکرد و چاکترین جلوبەرگم دەپۆشی و چاکترین بۆنم لە خۆم دەدا و لە چاکترین هوتێل و پانسیۆنەکاندا دەژیام. تۆ ژیانی منت دیوە.»

شەش ساڵ لەمەوپێش ڤۆڵگا بەرلە ڕۆشتنی بۆ تورکیا، لە دواهەم ڕۆژی هەڕاج کردنی ماڵەکەیدا لە مەهتابی گێڕایەوە. شتوومەکی لە میوانخانەی ماڵەکەی چنیبو و، نرخی لەسەر دانابوون. دەفرە چینیەکان، کریستاڵەکان، شتومەکی بەرقی، کەرەسەی عەنتیکەی ئاشپەزخانە، جلوبەرگی تازە... لیستەکەی نیشان مەهتاب دا. چەند پارچە زیاتری لێ نەفرۆشتبوون.

«بەم پارەیە هەزار دۆلاریشم بۆ سەفەرەکەم پێ ناکرێ.»

«بۆ هەرزانیان ناکەی تا زیاتریان لێ بفرۆشی. لە وەزعی وادا تۆ پێویستت بە پارەی زیاترە.»

«دڵم نایەت. من و ڕەزا هەرکام لەمانەمان لە لایەکی دنیا کڕیوە و هێناوە، بیرەوەریم لە گەڵیاندا هەیە، خۆشم دەوێن. جا چۆن دەتوانم ئاگر لە ماڵی خۆم بەربدەم. بیرم لەوە کردۆتەوە کە ئەگەر نەفرۆشرێن، دەمێننەوە بۆ ڕامینی کوڕم.»

شەوی بەر لە سەفەرەکەی دەرکە و پەنجەرە و شیشەکانیشی خاوێن کردەوە. ژنێکی دراوسێیان لە داڵان بە سەرسوورمانەوە لێی پرسیبوو: «ڤۆڵگا خانم خۆ تۆ گوتت بەیانی سەفەر دەکەی، حەتمەن پەشیمان بوویتەوە کە ئاوا خەریکی خاوێن کردنەوەی.»

ڤۆڵگا بەسووکە زمان گیرانێکەوە گوتبووی: «نا، حیشمەت خانم. نیوەشەو دەبێ بڕۆم، ویستم ماڵەکە لەبەر کوڕەکەم خاوێن بێ.»

«بۆ ڕامین لەگەڵ خۆت نابەی؟»

چاوی پڕ ببوو لە فرمێسک و بە شەرمەزاریەوە گوتبووی: «باوکی ناهێڵێ، جانتاکەشیم بەستووە، حەزدەکەی بیبینی؟ من زوو دەگەڕێمەوە. مانگێک، یان زۆر بخایەنی دوو مانگ، ئەوەندە کە بتوانم ڤیزەی ئینگلیس وەربگرم و ئەوسا بگەڕێمەوە کوڕەکەم ببەم.»

ڕۆشتنەکەی سێ ساڵی خایاندبوو. هەر ئەو یەکەم شەوە ڕەزا گرامافۆن و تەسجیل و شریت و سەفحەکانی مۆسیقی کلاسیک و ئەلبومی ڕەسمەکانی ڤۆڵگای ئاگر دابوو.

کوڕەکە لە سووچێکی حەسار ڕاوەستا و سەیری باوکی کرد کە شتومەکی دەهێنایە



حەسار، وردی دەکردن و ئاگری تێبەردەدان، هاوسێکان سەرەتاتکەیان دەکرد تا لە ئەنجامی کارەکە بگەن. ڕۆژی دواتر کۆنەفرۆشێک هەموو شتومەکەکەی پێکەوە کڕی و، کوڕ و باوک بێ خواحافیزی کردن لە کەس، بە تاقە ساکێکەوە سەر ڕێ کەوتن.

دوو ژن لەبەر تیشکی کزی چراکانی باخی گشتیدا دانیشتبوون و بە ڕابوردووی خۆیاندا دەچوونەوە.

– ڤۆڵگا ماندووە، وەک ئەوەی کە لە سەفەر گەڕابێتەوە، وەڕس دیارە، ڕەنگە وەڕسیەکەی منیشی گرتبێتەوە، دەڵێ چاکم، بۆخۆم دەگەڕێم. بەڵام لە قووڵایی نیگایدا ماندوویی و دڵێشاوی هەیە. پێدەچێ خووی بەم دڵێشاویە گرتبێ. تێناگەم بۆ پێ لەسەر ئەوە دادەگرێ کە چاکە، زۆر چاک.

– مەهتاب ئارامە و دەڵێی لە ئاوێنەی چاوە ساردەکانیدا ماندوویەتیەکەی من دووبارە دەکاتەوە. لە وەڕسیەکی هەمیشەییدایە کە لە ڕوومەتیا شەپۆڵ دەدا و، دیسان وەڕسی و ماندوویی. تاقە وشەیەک بەسە بۆ ئەوەی لە جێی خۆی ڕاپەڕێ، گوێی تیژ بکا، هێزی بێتەوەبەر و ئامادەی هێرش بردن یان بەرگری کردن لە خۆی بێ . چاک ئەم حاڵەتەی دەناسم. دیسان بە وشەیەکی دڵنەوایی کەر ئارام دەبێتەوە و دووبارە وەڕسی و بێ تاقەتی ڕوومەتی داگیر دەکا. لە لام دانیشتووە و گوێ لە قسەکانم دەگرێ. بریا بیهێشتایە لەگەڵی بژیم. مانگە شەو نەبو و، بەڵام چاوی شەو بەخەبەر بوو. گەواڵ هەورە ڕەشەکان لە ئاسماندا دەبیندران کە لە شەوەکە تاریکتر بوون. دوو ژنەکە لە جەنگەی قسەی گوتراو و نەگوتراودا دیسانەوە بێدەنگ بوون و قژی جوانیان بەدەم باوە دەشەکایەوە.

مەهتاب پرسی: «ئیمشەو چی دەکەی؟»

«هەوا خۆشە. لەم باخەگشتیە دەمێنمەوە.»

«ناترسی؟»

«نا، تا نیوەشەو خەڵکی لێیە. ئەگەر کەسێکیش لێم بپرسێ؛ دەڵێم نەخۆشیی دڵم هەیە و دەبێ لە هەوای ئازاددا بم. دوو شەو لەمەوبەریش لە باخی گشتی ساعی بووم. تا هەوا خۆش بێ دەتوانم لە باخی گشتی بم.»

مەهتاب ڤۆڵگای ماچ کرد، پارەیەکی خستە کیفەکەی و ڕۆیشت.

– یەکەم شەو کە لە باخی گشتی مامەوە زۆر ترسام، چوومە ئەوسەری باخەکە لە پشت دارەکانەوە خۆم شاردەوە. کرێکارەکان لەوبەر باخەکە ئاگریان کردبۆوە و گۆرانیان دەخوێند. تۆقـام، بیرم کردەوە بڕۆم بۆ لای نیگابانییەکە چاکترە. لەسەر کورسییەکە دانیشتم و ساکەکەم لە بەرپێم دانا، ئاسمان پڕ لە ئەستێرە بوو. ئوتومبێلی پۆلیس چەند جار هاتن و دەوریان دایەوە، بەڵام کاریان بەمن نەبوو. کە ساکەکەیان دەدیم، دەڕۆشتن، هەر لەوێ زۆر شتم بۆ ڕوون بۆوە. پێشتر دەترسام بەڵام لەوێ تووشی بێ خەم و خەیاڵێک بووم. دەتگوت لە پەنا خۆمدا هەستم بە بوونی خودا دەکرد. بەتەنیا نەبوونم و لەوەی کە کەسم لەلا نەبوو نەدەترسام. ڕابوردووم، بە هەموو وردەکاریەکانیەوە، هاتبووە بەرچاوم و ڕقم لە کەس نەبوو. دەتگوت مەست و بێ خەیاڵ و سەرخۆش بووم. هەوای فێنک کە لە ڕوومەتم دەدرا بێ خەم و خەیاڵتری دەکردم. پێکەنینم بەخۆم دەهات کە بۆ لە پێشان ترسابووم. نیگابانەکە هات و پرسی: «موسافیری؟»

گوتم: «نا، نەخۆشی دڵم لە گەڵە و دەبێ لە هەوای ئازاددا بم.»

بەرلەوەی بڕوا گوتی:«پێموابوو موسافیری.»

ساکەکەم خستە ژێر سەرم و لەسەر کورسییەکە ڕاکشام، بەیانی چوومە چایخانەی باخەکە، هەر ئەو نیگابانەی لێبوو. گوتی: «شەوێکی سارد بوو؟»

گوتم: «نا.»

گوتی: «ژنە تۆراوەکان دێن بۆ ئێرە. یان ئەو موسافیرانە کە جێیان نییە.»

جوابم نەدایەوە، شەوی دووهەمیش لەوێ خەوتم . بۆ ڕۆژی دوایی بیرم کردەوە بڕۆم بۆ ماڵی باوکی مەهتاب و خۆم بشۆم، بەڵام ئەوان ڕێیان نەدام. لەوێوە چووم بۆ ماڵی مەهتاب، ئەویش دەریکردم. بڕیارمدا شەو لە باخەکەی نزیک ماڵی مەهتاب بمێنمەوە. سەعاتێک دوا نیوەشەو پۆلیس گرتمی و بۆ شارەبانی بردم.

– هەرئەوشەوە، سەعات دووی دوانیوەشەو لە شارەبانیەوە چەندجار تەلەفونیان بۆکردین و گوتیان ئێوە ژنێک دەناسن ناوی ڤۆڵگابێ؟ مێردەکەم گوتی: «نا، وازمان لێ بێنن .» پاشان دەستی بە هەرا هەرا کرد. تەلەفوونەکەم لێ وەرگرت و گوتم: «ئەرێ دەیناسین، خانمێکی بەڕێزە، بەڵام ئێمە ناتوانین ڕێی ماڵی خۆمانی بکەین.»

پاسەوانەکە بە زاراوەی کوردی گوتی: «خانم بۆ مێردەکەت توورە دەبێ، هەر ئەو قسەی



ئێوە بەسە. ئێستا ناونیشانمان بدەنێ تا بیهێنین و بە ئێوەی بسپێرین.»

گوتم: «مێردەکەم ڕازی نییە، ئێمە جێ و ڕێیەکی وامان نییە، خۆمان و دوومنداڵ لە ماڵێکی شەست مەتری داین. لە کوێ داینێین. تازە خۆ ڕۆژ و دوان نییە.»

پاسەوانەکە گوتی: «خانم دۆستایەتی وانابێ، هاوڕێکەی تۆ کارێکی خراپی نەکردووە، بۆ ڕێی نادەی؟ هەر ژمارە تەلەفوونێکمان دەداتێ و دەیگرین، دەڵێن نایناسین. ڕۆژگارێکی سەیر و نامەردە.»

قسەم لەگەڵ ڤۆڵگا کرد. گوتی چارەی نییە و، دەیهەوێ بێتە لای ئێمە.

گوتم: «خۆت دەزانی مێردەکەم ڕازی نییە. تازە ئێمە جێ و ڕێمان نییە.»

بە پاڕانەوەوە گوتی: «ناونیشانی ئێوەیان نەدەمێ دەمبەن بۆ «سەرپەرشتی غەرب.[۳]»

گوتم: «با لەگەڵ پاسەوانەکە قسە بکەم.»

لە پاسەوانەکەم پرسی و ئەو گوتی: «وانییە، تا بەیانی لێرە دەمێنێتەوە.»

ڤۆڵگا دیسان دەیویست فریوم بدا و هەر چۆنێکە بێتە لای ئێمە. تەلەفوونەکەم قرتاند و دوای چەند دەقیقە دیسان ڤۆڵگا زەنگی لێدایەوە، من هەڵمگرت . گوتی:

«هیچ کوێم نییە. دێمە لای ئێوە. هەر ئیمشەو.»

گوتم: «ڤۆڵگای عەزیز، خۆت چاکتر دەزانی هەر ئیمشەو نییە.»

ئارام بۆوە و گوتی: «چاکە مەهتاب گیان، من دەمویست ئەمشەویش لە باخەکە بخەوم بەڵام نەکرا. هەر لێرە دەمێنمەوە تا بەیانی.»

ڤۆڵگایان برد بۆ «سەرپەرشتی غەرب» بەشی کاروباری کۆمەڵایەتی، ژنێکی گەنج لە دەفتەرەکەدا ناوی نووسی و بەشوێن پێشینەیدا گەڕا، پێشینەیەک لە ئارادا نەبوو. ژنە کە دڵنیا بوو لێی پرسی:«تەمەنت؟»

«سی و پێنج ساڵ.»

«ناونیشانت؟»

«هیچ کوێ شک نابەم.»

«ژمارەی تەلەفوون؟»

«نیمە.»

«ئەگەر وابێ ناچارین بتنێرین بۆ زیندانی ژنان.»

شەو لەوێ مایەوە، خواردنی شەو قیمەپلاو بوو. هەر کەس چەندەی بویستایە، دەیاندایە. بەیانی دیسان ڤۆڵگایان بۆ هەمان ژوور بردەوە، ژنێکی گەنج هەوڵی دەدا جیدی و تووڕە بێ. گوتی: «ئەگەر دەست لەو کارانەت هەڵنەگری، بۆ هەمیشە لێرە دەمێنییەوە.»

ڤۆڵگا گوتی: «من هیچم نەکردوە.»

ژنە گەنجەکە لەو ژوورە ڕۆشتە دەر، لەگەڵ کەسێکدا قسەی کرد و گەڕایەوە. گوتی: «ئەگەر وەعدمان بدەیتێ دووبارە نەبێتەوە، دەتوانی بڕۆی.»

ڤۆلگا گوتی: «من جێم نییە کە بڕۆم. هەر لێرە دەمێنمەوە.»

ژنە گەنجەکە دیسان ڕۆشتە دەر و لەگەڵ کەسێکدا قسەی کرد و گەڕایەوە. گوتی: «ئێمە لێرە جێمان بۆ ژنانی لانەواز نییە، تەنیا ژنانی خراپ و دز ڕادەگرین، دۆسیەیان بۆ دروست دەکەین و ئەوسا دەیاننێرین بۆ زیندانی ژنان.»

– کە لە «سەرپەرشتی غەرب» هاتمە دەر، هەمدیس لە شەقامەکان مامەوە. بە پێ سەرم لە هەموو ئەو شرکەتانەدا کە پێشتر کارم بۆ کردبوون. تەنیا شرکەتەکەی ئالبێرت، کە ماوەیەکی کەم کارم بۆ کردبوو، دانەخرابوو. زۆر ماندوو بووم. یاوم بوو. ئالبێرت بردمیە مەخزەنی شرکەتەکەی و چای بۆ ساز کردم. گوتی کوڕەکەت دەدۆزمەوە، نازانم ناونیشانی ڕامین و ڕەزای چۆن دەست کەوت، چەند ڕۆژ لەوە دوا خۆی بۆ بەردەرکەی ماڵی ڕەزای بردم. ڕەزا دەرکەی کردەوە، زۆر گۆڕابوو. لاواز و ڕەنگ پەڕیو و قژی سپی ببوو. گوتم دەمەوێ ڕامین ببینم و ئەگەر بکرێ بۆ ئاهەنگی سەری ساڵی تازە بیبەمە لای خۆم. پرسی: «پێم ناڵێی ساڵی تازە مانای چییە؟»

هیچم نەگوت، نەمدەویست چەنەبەچەنەی لەگەڵ بکەم، وەها کە ئەو هەمان پیاو نەبێ کە ساڵانێک لەوەبەر لە ئینگلیس شووم پێکردووە و باوکی کوڕەکەمە. گوتی: «پێموایە تۆ نەبینێ ئاسوودەترە.»



گوتم: «منداڵ، منداڵی تۆیە. من تەنیا دەمەوێ بیبینم.»

گوتی: «خەوتووە.»

دەیتوانی بەئاگای بکاتەوە، بەڵام نەیکرد. من ڕۆشتم و بەیانی بۆ بینینی ڕامین گەڕامەوە و لەو یەکەم ساتەی هەوەڵدا ورد بووم، کوڕەکەم لە کونێکدا دەژیا. لەژێرخانێک لە گەڕەکی خوارووی شار، بەجلی شڕ و سەر و ڕووی پیسەوە. بریا نەمدیایە.

– ماوەیەکی زۆر هەواڵی ڤۆڵگام نەدەزانی. نە تەلەفوونی کرد و نە هات بۆ لام. پاشان ڕۆژێک تەلەفوونی کرد و ناونیشانی شرکەتێکی پێدام کە بڕۆم و سەردانی بکەم، ڕۆشتم. دوای ئەو هەموو ساڵە، بۆ یەکەم جار بێ ئەوەی ئارایشتی کردبێ دەمدی، حاڵەتی ساردی چاوەکانی دایچڵەکاندم، ماچی کردم. موچڕکەم بە لەشدا هات. گوتبووی نەخۆشە بەڵام هێشتا پێستە جوانەکەی مابوو، ژوورەکە پڕبوو لە دۆسیەی کۆن و چەند چەرخی دروومانی قەدیمی و چەند بەستە شتوومەکی هاوردەی تۆز لێ نیشتووشی لێبوو. لە ناوەڕاستی مەخزەنەکەدا بەڕەشڕێکی پان کردبۆوە و پەتوویەکی نیمداری بۆ خەوتن لەسەر ڕاخستبوو. مەخزەنەکە پەنجەرەی نەبو و، ڕووناکی تێنەدەکەوت. دەرکەکەی بەرەو ڕاڕەوەکە دەکرایەوە. خاوەنی شیرکەتەکە، ئاغای ئالبێرت، پیرەمێردێکی ئەرمەنی باڵابەرز و باریکەڵە بوو، هات و خۆی پێناساندم. ڤۆڵگا چەند قوتوو لووبیای نیشان دام و گوتی چەند حەوتووە ئەمە خۆراکیەتی. خشەخشی دەنگی و زمان گیرانی کاتی قسەکردنی زیاتر بووبوو. بەوحاڵەش حەزی دەکرد قسە بکا.

– لەوەتی لە شیرکەتەکەی ئالبێرتم تەنانەت پارەی خۆشتنیشم نییە. لە هەر کوێ کارێک دەبینمەوە دوای چەند ڕۆژ دەرم دەکەن. شەوێک ئالبێرت تاکسی گرت و منی، وەک دیل، بۆ شیرکەتەکەی حەمیدی هاوڕێی نارد. لە بیست تمەن زیاترم شک نەدەبرد، حەمیدیش وەک ئالبێرت لە شیرکەتەکەی دەژیا. سەرەتا لەگەڵمدا میهرەبان بوو، لەوێ خۆم شت، کراسی خۆی دامێ و لەبەرم کرد، شەرمم دەکرد بەڵام چارەم نەبوو، پارەی دامێ گۆشت و قارچک بکڕم و خواردن سازکەم. کە خواردی گوتی دەستاوم ناخۆشە، ئیرادی لە کارەکانم دەگرت، دەیگوت بەکەڵکی هیچ نایەم. بۆئەوەی گاڵتەم پێبکا پێی دەگوتم جوانێ. ژنی گەنجی دەهێنایە شیرکەتەکەی و لە دوا ڕۆشتنیان دەیگوت ئەمە کچی فلانە سەرهەنگە، خودا خودایەتی دۆستی بم، پێمخۆش بوو لەوێ هەڵبێم، وەڵامم نەدەدایەوە. چەنەبەچەنەی نەدەبووم. سکرتێرێکی گەنجی بوو کە خواردنی بۆ دروست دەکرد و

دەفرەکانی بۆ دەشت، بەکچەکەم گوت تۆ سکرتێری یان ئاشپەز؟ من کە لە تەمەنی تۆدا بووم لە باشترین شیرکەتەکان کارم دەکرد و لە چاکترین خواردنگەکان نانم دەخوارد و جوانترین جلوبەرگم دەپۆشی، لە داخان گوتم، کچە گریا و ئاغای حەمیدیش منی دەرکرد. دیسان بێ جێ و ڕێ مامەوە، عەلی ئاغا چاودێری ساختومانەکە بردمیە ژوورەکەی خۆی و چای بۆ ساز کردم.

– ئەو شەوە ڤۆڵگا خانم هات بۆ ژوورەکەم. نەدەگریا، تەنیا ڕوومەتی سوور هەڵگەڕا بوو، لێم پرسی بۆ وای لێهات؟ گوتی نازانم، من چام بۆساز کرد و پاروویەک نانم پێدا، ئەویش ژیانی خۆی بۆ گێرامەوە. گوتم من ناتوانم لێرە ڕاتگرم، وەرە سوار ماتۆڕەکەت بکەم و پێکەوە بڕۆین بۆ ئەفسەریە، دوو ژوورم هەیە و ژنێک و چوار منداڵ. لە گۆشەی یەکێک لە ژوورەکان لەگەڵ ئێمە بژی. سەرەتا بێدەنگ بوو، پێدەچوو ڕازی بووبێ، بەڵام هەر ئەو شەوە لێیدا و ڕۆیشت. لەوە دواش کارم بۆ دۆزیەوە، بەڵام دڵی بەکارەکەی نەدەدا، ئەوانیش دەریان کرد.

– هەر ئەوشەوە بە پێ ڕۆشتمەوە بۆ شیرکەتەکەی ئاڵبێرت، هەر کە منی دی گوتی: «قوڕ بەسەرت، حەمیدیش دەری کردی؟»

حەزم دەکرد دەمتوانی بڵێم خۆم هەڵاتم. چونکە پێم خۆشە لە ڕوومەتی کوڕەکەم بڕوانم. من دایکایەتیم بۆ نەکردوە بەڵام ئاخری ڕۆژێک پێکەوە دەژین و من باشترین شتەکانی بۆ دەکرم، بەڵام هیچم بە ئاڵبێرت نەگوت، تەنیا گوتم لە کار دەگەڕێم.

– زمانی زیاتر دەگیرا. هەڵچوو، پەستا پەستا قسەی دەکرد بێ ئەوەی گوێ بەوە بدا کە گوێی لێدەگرم یان نا. لەو مەخزەنە چۆڵ و گەرمەدا قسەی دەکرد و من ناچار گوێم لێدەگرت تا ئاخریەکەی هەڵاتم.

– چەند ڕۆژ دواتر عەلی ئاغا سوار ماتۆرەکەی کردم و بردمی لە شیرکەتێک دامەزراندم، هەر ئەو شەوە ئاڵبێرت دەریکردم و لە شەقامەکان مامەوە. ئەو شەوە تا بەیانی بە شەقامەکاندا گەڕام و بەیانیش چوومە سەر کارەکەم. بەڵام لەوێش دەریان کردم، ئەو دواهەم ڕۆژە حاڵم خراپ بوو. بەسەرت نەهاتووە؟ لە سەرقاڵی کارکردندا خەڵک سەیر لێت ورد دەبنەوە و تۆ هەست دەکەی بە دەوری خۆتدا دەخولێیتەوە. مشتێک کلینیکس، کە لە دواهەمین ساندویچ فرۆشی هەڵتگرتووە، لە کیفەکەت دەری دەهێنی و لەسەر مێزەکە



دایدەنێی. باقی شتوومەکی ناو کیفەکەشت دەردێنی. کلینیکسەکان قەد دەکەی، نازانی چی لە شتومەکەکانی تر بکەی، کەشەوی مێزەکە ڕادەکیشی، چی تێدایە هەڵیدەڕێژی، ئەوسا تیادەمێنی کە ئەمانە چین و دەبێ چی بکەی؟

تەلەفوونت بۆ دەکرێ، لە کەسێکەوە کە نازانی بۆچی ڕاتسپاردووە زوو پێوەندیت لەگەڵ بگرێ، لە ڕۆژژمێرەکەتدا نووسیوتە مەوعیدی دوکتۆر، نازانی کامە دوکتۆر و لە کوێ. تەنیا سەعاتی مەوعیدەکە دەزانی.

لە لیستەی ناوی دوکتۆرەکان دەڕوانی. دوکتۆری ژنان، دوکتۆری دان، ڕاوێژکار، تاقیگە، کامیانت دەویست؟ پاشان بیرت دەکەوێتەوە کە دەبێ مەوعیدێکیش لەگەڵ دوکتۆری ژناندا دابنێی، بۆ تێستی شەش مانگ جارێک کە ئێستا سێ ساڵی بەسەردا تێپەڕیوە. لەسەر مێزەکە هەندێک کتێبی لێیە کە دەبێ بیاندەیتەوە بە خاوەنەکانیان . کتێبی کامپیۆتێر. ئێستا هەموو شیرکەتەکان کامپیۆتێریان هەیە و تۆ ناچار دەبێ چەند کتێبی کامپیۆتێر بە ئەمانەت وەربگری. نازانی کامیانت لە کێ وەرگرتووە. کۆڵێ شتومەکی ناو کەشێوی مێزەکە و کیفەکە و، کۆڵێک کتێب و دەفتەر لەسەر مێزەکە هەڵڕژاوە، خەڵک بەسەرسووڕمانەوە سەیرت دەکەن و جاروبارە بە بەزەیەک یان مۆڕەیەک هەستی خۆیان دەردەبڕن.

«ڤۆڵگا خانم هیچت لێ ون بووە؟»

گورج شتەکان دەخەیتەوە سەر جێی خۆیان. دەتەوێ هەڵیانپەردێوی، بەڵام جارێکە تەنیا دەیانشاریتەوە. مێزەکە ئێستا هیچی لەسەر نییە، سەیری ئاوێنە دەکەی و دەستێک بەخۆتدا دێنی. هیچ شتێک نائاسایی نییە، کەچی هێشتا ڕوانینی خەڵک بۆت غەریبە. ڕەنگە شتێک ڕوویدابێ. بەرلەوەی خۆت پێ بزانی، ئەوان پێیان زانیوە و ئێستا بە نیگا و ڕوانینیان دەتخەنە دۆخێکەوە کە دەیانهەوێ. بە ئیشارەت کردنیان بۆ یەکتر، یان بە بزەیەکی ناوەخت یان ڕامان لە ڕوخسارت، کە سەرهەڵدەبڕی کەسێک لێت ڕاماوە. سێ شەوە نەخەوتووی و بەشەقامەکاندا گەڕاوی. دوو حەفتەیە خۆت نەشتووە. دەڵێی هەموویان بەمانە دەزانن و سووکایەتیت پێدەکەن، زۆر زوو دەبی خۆت کۆ بکەیتەوە. عۆقرە ناگری، شتومەکی ناو کیفەکەت دەردەهێنی و شتومەکی ناو کەشێوەکەش لەسەر مێزەکە هەڵدەڕێژی. دەبێ جارێکی تریش بەشتەکاندا بچیتەوە. هەموو شتێک، ئەگەر چی هەڵڕێژ و پەلڕێژ، وەک خۆی ماوە و تەنیا دەبێ ڕێکوپێکیان بکەی. ئێستا ئیتر خەڵک

بەئاشکرا، بە ژوور سەرتەوە ڕاوەستاون و سەیرت دەکەن. تۆ ئیتر گوێ بەوە نادەی ئەوان چۆن بیر دەکەنەوە، بە زاری بەستراوەوە دەقیژێنن عەقڵت کەمە. ئەرێ بەڕاست مەودای نێوانی عاقڵی و شێتی چەندەیە؟ مەودایان هەرچەندە بێ هێشتا کەمە، زۆر کەم، جاری وایە هاوسنوورن. خەڵک چۆن پاڵت پێوە دەنێن کە گورجتر لەم سنوورە بپەڕیتەوە. بەڵگەی «ئیدارەی ئەماکن»ت ون کردووە و دیسان دەبێ شەو لە باخی گشتی بمێنیەوە. بێ خەیاڵ و سەرخۆش، لەوەی کە سەرەتا ترسابووی پێکەنینت بە خۆت دێ، نە لە ڕێی کەلانتەری و نە لە ڕێی (سەرپەرشتی غەرب)، ئێستا دۆسیەت هەیە و هەموو شتێک بە دڵی تۆیە.

---

١ – ڕیفۆرمی دابەشکردنی زەوی و زاری زەویندارە گەورەکان بەسەر جووتیارەکاندا لە ساڵی ١٣٤٢.

٢ – بەشێکە لە دامودەزگای پۆلیس کە بە کاروباری شوێنە گشتییەکان، وەک هوتێلەکان، ڕادەگا.

٣ – پێ دەچێ بەندیخانەی ژنان بێ.



# فاڵگرەوە

## یار عەلی پوور موقەددەم

ئەگەر چی دەرهێنانی چاوەکانت کارێکی ئاسان نییە، بەڵام – تا قاوەکەت بەسەرەوەنێی – ڕەنگە بتوانم بەچەند خەت، نەقشێک لە تاڵیی لێوەکانت بۆ یادگاری ئەم دیدارە پێشکەش بکەم. بزانە ئەوەندە دەهێنێ لەبەر چاوی نیگارکێش گرمۆڵە نەکرێ!

چاکە. ئێستا نییەت بێنە و فنجانی قاوەکە – وا نا بە دەستی چەپ – ئەرێ، ڕوو لە قیبلە سەرەونخوونی بکەو لەبەر ڕەزای ئەو ناسریە لەخاچ دراوە، کە بە دیواری قاوەخانەی شووکاوە هەڵواسراوە، لە گەرمەی فاڵگرتنەوەکەدا بۆ ساتێکیش لەبیر خۆتی مەبەرەوە کە ڕێزی ئێمە لە لۆحی کۆدبەندی تاوانی هەڵواسراو بە دیواری پۆلیس خانەکانەوە، هاوپلەی تاڵانچی و دزانە. ئەڵبەت ناڕەزایەتیمان بۆ ئەم حوکم و قەرارە لەخۆوە نییە، چما هاوشانی ئێمە و تەڵەکەچییان، نیشانەی نەشارەزایی یاسادانەرە لە ڕۆحی دابەشکاری پیشەکان. ئەگینا تاقە پیشەیەک کە شەرحی ئەرک و فەرمانی لە پیشەی فاڵگرەوەوە بچێ، نەقشەکێشی مۆدەی جلوبەرگە. چما تەنیا ئەوانەی کە نازانن کەنگێ دەبێ چی بکەن، بڕوایان بەوانیش هەیە. کەواتە ئەگەر لە ماوەی فاڵگرتنەوەکەدا لایەنێک لە ڕابوردووت لێ دەرکەوت مەقیژێنە و هەستی ژنانەت ڕاگرە، کارێک بکە شیاوی شوێنی گشتی بێ و مۆڕە و چاو لێ دەرپەڕاندنی ئەو پیرێژنە کاتۆلیکە قاوەچییەی بەدواوە نەبێ کە لەگەڵ کلاویەکانی «باخ»دا خەریکی خوێندنەوەی ڕۆژنامەی «ئالیک»ە. بەم حاڵەش هەروا کە دەیبینی، فاڵ، نەوەک لە ڕوانگەی بێژەرەوە، بەڵکو لە خەون و ڕوئیاکانی خۆتەوە تێدەپەڕێ و، جگە لەوەی کە نەرمەی گوێیەک وەلەرێنێ، یان پێڵووی چاوێک

بپەڕێنێ - یان لە خرابترین حاڵەتدا - خاوەنی فاڵ بتۆقێنێ، وەها کە قیژەیەکی ناحەز بقیژێنێ و دڵنیابێ پارەی فاڵگرتنەوەکەی بەفیڕۆ نەچووە، هیچی تر ناهێنێ.

بەداخەوە، ماوەیەکە لەملاو لەولاوە دەژنەوم یەکێک لە مشتەریەکانم کە خانمێکی بەساڵداچووە و، ئەگەر دایمە بۆنی سیری لێدی لەبەر چەند هۆی پزشکییە، دەچێتە هەرکوێ هەوڵ دەدا بیسەلمێنێ کە منی فاڵگرەوە لەپێشان گوێی مشتەریەکانم پڕ دەکەم لە قسەی زلەزلە تا پاشان لە بێخەوە بیانقرتێنم. بەڵام ئایا ئەوەی کە من، وەبیری ئەو گرگنە زۆرخۆرەی بهێنمەوە کە گریمان بەمنداڵی، دوور لە چاوی یونیسێف شایەتی ئەتکێک بووە، دەبێ ببێتە هۆی ناو زڕاندنی من و فێی ئەو بەستە مارتادلایە بۆگەنیوە؟ لە کاتێکدا حورمەتی فاڵ لە بارمەتی گرێوی وڵامدانەوە بەو خەم و داڵغانەیە کە ئەگەر بەبێ ناونیشانیان دەزانن، لەبەر ئەوەیە کە دەستیان لەناو دەستی زەمەنی هێشتا نەهاتوودایە. بڕوانە، مەگەر ئەم ترسی لە داهاتووە نییە کە نینۆکەکانی ئێوەی تاسەر گۆشتەکەی جوویوە؟ ئەدی بۆ لەخۆوە تیزەبزەت دێتێ؟

چاکە. با بڵێین ئەم پێشەکی و بەرایییە هاوسەنگی ئەو مۆسیقایە نەبێ کە بە قاوەخانەکەدا بلاو بۆتەوە. بەڵام بێگومان - بە گومانم - قاوەکە ئێستا خڵتەی خستبێ و بشێ فنجانەکە هەڵگێڕیتەوە. بەڵام تا ئەم دوعاگۆیەت بەپێی ئەم شکڵانە کە بە دیوارەی فنجانەکەوە لە تاپۆ دەچن و خەیاڵ بۆ وەسف کردنیان تووشی وەهم دەبێ، وەک ئەو نووسەرانە بکات کە بە وەهمی واقیع چیرۆکێکی واقیعی دادەهێنن، تۆش دەتوانی گوێ لە دەنگی ئەو پیانۆیە بگری کە دەڵێی بۆ مرۆڤ و جنۆکان لێدەدرێ. یان لەو ژنە چوارپاڵووە بڕوانی کە لەم دوانیوەڕۆ یانزە پانزەدا، بە هانکەهانک وەها لەو شەقامە چۆڵ و پڕدار و درەختەوە تێدەپەڕێ کە دەڵێی سیزیەفێکە کە لەبری بەرد، سمتی زەبەلاحی بەکۆڵەوە گرتووە. یان بەخەیاڵ بۆ ڕابوردوویەک بگەڕێتەوە کە لە دنیای واقیعدا گەڕانەوە بۆ ئەوێ ناکرێ، چما یەکەم مەنزڵ و ستارگەی گۆڕە. جا با بچینە گیان فنجان جان جانەکە:

لە سەرانسەری ئاسمانی ئەم فنجانەدا، وەها کە هەورەکان ئاگریان تێ بەربووبێ، بڵێسە لەناو دووکەڵەوە گەزارە دەکێشێ تا لە بای دەربەدەر، دەستەبەری ئاگر خۆشکردن سازبکا و، ئەگەر ئاوارە تێدەپەڕێ بۆ ئەوەیە ئیتر نەگەڕێتەوە و لێرە وەک ئەوودەمەی کە مەسیح چوو بۆ ئۆرشەلیم، بە سواری کەرێکی هەتیوی پاشوو درێژ و مل باریک خۆی بە بازاڕێکدا کرد و لەوێندەر لە قشمەرێکی ڕوانی کە بە ڕیشی تاتاریەوە لەناو ئاپۆرەی چواردەوری،



کێردێکی دەسک کائوچۆی بەرەو ئەو درێژ کردووە. قەشمەڕ پێدەکەنێ، بەڵام سوار لە جەغزی فنجانەکانە ورد بۆتەوە، لە نەقشی دڵێک کە ماسیوە، یان ڕەنگە ماسیوەیەک کە بۆتە دڵ. بەهەر تەقدیر، کوژ کێشی ئەم قەپانە، باشووریەکی ڕەشتاڵەیە کە لە قەرەباڵغی کەنارەوە، لاتانە و جەربەزانە کۆتەکەی ناوەتە سەر دەستی و، بە فیکە مۆسیقایەکی بەناوبانگ لێدەدا. بێ ئەوەی پەست و بێ مەبالات بنوێنێ، لەو هۆزە لێکەوتووەیە کە شەیدایی بە دەرکردەی تاعەتێک لە چەشنی هەرزەکاری نازانن و بەرلەوەی دڕکی ڕق لە سنگدا بشکێنن، بوونەتە کەسانێکی بەئینساف کە وەک هاوبەندی بەندیکێشی ئەم دوو چاوە ڕەش و دۆزەخیە، لە عاشقانی دڵداری خۆیان دەڕوانن. چما ئەگەر ڕەشانک و زوڵمەتێک هەیە لە مەنزوومەی شەمسی نییە و، چونکا نییە - ئینساف شتێکی باشە خانم - چۆن دەکرێ لەبەر تۆ نەبێتە چەقۆکێش؟ ئەویش بە گرتنەوەی فاڵێک کە ئەگەر لە ئێستاوە نەکەوتبێتە هەلەق و مەلەق وێژی، دوا قۆناغێکی کورتی وەسڵەت، دەتکاتە تەڵاقدراوی ئەو و، لە چارەکە وشکانیی ئەم گۆی عەرزە، ئەو بۆ ئەوەی هەمدیس ببێتەوە بەخاوەنی ئەسڵ و فەرعت لەسەر حەقە و، ئەمەش تێگەیشتنێک نییە وەک کرمێک بۆ سێوی گوڵاو، ڕێی نەکەوتبێتە شاراوەیی دڵت. بەڵام دڵێشانێک کە وەک هەموو ئەخلاقیجاتێک لە پێشان ڕاست دەنوێنێ، نەیهێشت هەموو هێلکەکان بخەیتە ناو زەمبیلێک و، بە درێژایی ماوەی کورتی هاوسەر و سەرینیتان تاقە جارێک - ئەویش لێرە، دەیبینی؟ - لەبەر ئەم ئاوێنەو مۆمدانەدا بۆی دەنازی. ئەویش بە نیگای چاو کەڵەبابانەی وەها لە مەنجەڵی عەتاراندا دەکوڵێ تا ئەو مەیە خۆشە هیچ لەم سرکە دڵماوە نەچێ کە چەند دەقیقەی تر -ڕەنگە- لە شوێنێکی ئەم سەوزەمەیدانە، لە چرای سووری چوار ڕێیانێک تێدەپەڕێ و دەست دەخاتە گیرفانێک کە کێردی دەسک کائوچۆی تیایە. بەڵام ئەوەندەی کە ملوانکەی مرواری تۆ هێمای مێیینەیییە، کێردیش لە دەستی کاڵفامدا، گای دەربازبووی قەسابخانەیە و، ئەو کەشفەش کە بۆچی یەکەم داواکار بە زەربەتێک و دووهەمینیان - سێ مانگ و دە ڕۆژ دواتر؟ - بە دوو زەربەتی کێردی چەقۆکێشێکی نەناسرا و، مەرگ دەنووکی لێگرتن، ماهیەتی کەشفکراوەکە دەرناخات. تا ژنێکی ڕەش پۆشی ڕەنگ و ڕوو پەڕیو، لە ئاهەنگی بەخاک سپێریی غەریبانێک بەشداری بکا، کە وەک هەموو باشوورییەکی دانیشتووی پایتەخت، کاتێک ناچار لە «بەهەشتی زارا»دا دەنێژرێن تەنیا سێ کەس دەچنە ژێر تابووتیان و، تا تەلقین خوێن بەگوێی مەیتەکەدا بچرپێنێ، مێشە کەسکە بە ژوور سەری گۆڕکەنەوە دەویزێن و سێ کرمی لەش

گرێیاوی کە گرێکانیان سپی و زەردە، لە ژێر گڵێ شێدارەوە لە ژنەکە نزیک دەبنەوە کە ئەمێستا لە گۆڕ و مردار دابڕاوە و، خۆ لە زاری دەپەستێون. ژنە بەڵام دەقیژێنێ. گۆڕکەن بەتیزە بزەیەکی خۆتاسایی، دواهەمینیان لەسەر لێوی زەردی ژنە دەکاتەوە و، بە ئۆیینێک کە پرسەداران بە گازەرای پشتدا دەخا، بە مست و مستەکۆڵە دەکەوێتە گیان مێشەکە. ئە ئاوا! پاشان خوێنەچۆڕەی کێردێک کە سێهەمینیان بە سێ زەربەت دەکوژێ، هەڵدەپژێ و خۆڵەمێشی ئەم وەجاخە سارد دەکاتەوە؟ نا، نە ئەم تۆڵە شیاوی ئەو تاوانەیە و، نە دەشکرێ ئەمە نەدرێتە پاڵ جەوهەری مرۆڤ، کە لە هەموو قەتڵ و جەنایەتێکدا هاوخەمیی پیاوکوژ دەکات. بەڵام ئایا بێدەنگەی تۆ لەلای پۆلیس، لە ڕاستیدا دانی مۆڵەت بە تازە چەقۆکێشێک نییە کە دوو کەسی تریش بکوژێ؟ دەپرسی کامە بێدەنگی؟ بۆچی بە پۆلیست نەگوت کە لەسەر نووسراوەی ئەم ئەلحەدە، ئەم ڕەقەمی سێیە چییە کە لە دەفتەری تەڵاقدا بەهەیبەتی خەت و نیشان وشک بووە؟ مەگەر دەرنەکەوتن و خۆشاردنەوەت لە کاتی پەیجووری پۆلیس، بۆ ئەوە نەبوو کە بە کاروبارەکەت دەزانی و، دەتزانی ئەو، لە دوا سێهەمین قەتڵی واز لە تۆ دێنێ و شوێن کارو باری خۆی دەکەوێ؟ کامە قازانج؟ تەنانەت فاڵگرێکی تازەکاری گێژ و وڕیش دەتوانێ بە بینینی ئەم فنجانە پەی بەقازانج و داهاتت بەرێ. بۆنموونە ئەگەر عاشقی سێهەمیش وەک عاشقە خوالێخۆشبووەکان – رضوان الله علیهم اجمعین – پێشمەرگەیەک بێ کە دەبێ لە خوێنی خۆیدا بگەوزێ تا لەیلەدۆنەیەک کە «ئێڤا گاردنێر»ی لەبیرە، بێ ترس و سڵکردنەوە لەو کەسە واکۆتەکەی ناوەتە سەر دەستی، لە تاجرێک مارە بکرێ کە تاقەتی پیاوکوژ و میاوکوژی نییە، بەڕای تۆ، دۆست و ماشوقەی وەها پیاوێک چی پێ دەبڕێ و لە پێناویدا چەندە پارە سەرف دەکرێ؟ لەگەڵ ئەوەدا کە هەمیشە نیەتەکانمان گەلێک شەرم هێنەرترن لە کردەکانمان، بەڵام هیچ حەز ناکەم کاتێک لە چاوی بەرامبەرەکەمدا کە خیبرەی فێڵ و تەڵەکەی نییە، نم و تەڕایی دەبینم، لەبەر ڕاست و ڕەوان بێژیم داوای لێبوردنی لێ بکەم. بەڵام دەتوانم بۆ ڕاگرتنی دڵی مشتەری، مۆڵەتی پشوودانێکت بدەمێ تا لەو پیرێژنە خەواڵووە کە لە «ئالیک» ڕاماوە و، بەزوویی وەخڕ و پف دەکەوێ، داوای قاوەیەکی تر بکەی.

ئەوەی ڕاستی بێ ئەم دوعاگۆیەت قاوەی پیرێژنانی خاڵ و بەڵەکی پێ خۆشە، چونکە ئەو هەڵمە کە لە قاوەی ئەوان هەڵدەستێ – ئەگەر زمان لە گێڕانەوەی بۆندا نەدەما – دەمگوت بۆنی یەخدانی پاکیزەیەکی بەرێز دەدات کە پشتی لە پەنجەرەی کۆشکێکی



سەردەمی باروک کردووە و، لە دەوامەی ئەو ڕێگایە وردبۆتەوە کە هاوتەریبی چۆمێک لە مژدا ون دەبێ. جێیەک کە سیمای ونی ئەو کەسەی واکۆتەکەی ناوەتە سەردەستی، وردە وردە دەردەکەوێ تا بەرلەوەی لەسەر کورسی وێستگەی پاسەکەی بەرامبەر دابنیشێ، پشتێنی توند بکا و، پێموابێ منیش بەقەدەر تۆ ڕەنگم دەپەڕێ ئەگەر بگەڕێیتەوە و بڵێی ئەوە هەمان لات و جەربەزە مۆنەکەیە کە لە سەرانسەری فاڵەکەدا، بەختی ستوونی تەختی تۆیە و، ئەگەر سواری هیچ پاسێکی وێستگەکە نابێ، پەرە بەم دڵەڕاوکە دەدا: دەنگی سازی کام ئەفسوونکار ئەم مارە گەرمینییەی بەرەو ئێرە ڕاکێشاوە؟

خۆشبەختانە فەرقی تەمەنی من و تۆ شتێک نییە کە تەنانەت لە چاوی خوێنباری مەجنوونێکی چەقۆکێشیش بشاردرێتەوە و، ئەم دۆعاگۆیەت ببێتە ئەو سێهەم کەسە کە دەبێ لە گێژاوی شەڕی لەپێناو دڵداریدا، بە سێ زەربەتی کێردێک لۆڕکوژ بکرێ. تۆش کە پێچەوانەی ئەوەی چاوەڕوانی دەکرێ، بەبینینی دەبیە لیمۆیەکی ڕەنگ نەکراو، چاک دەزانی قەلە ڕەشەکان چاوی یەکتر هەڵناکۆڵن، کەچی نازانی کەس ناتوانێ لەبەر سێبەری خۆی هەڵێ. مەخابن تەنیا شەیتان ئاگادارە: ئایا ئەو پیاوەی کە ئێستا دێ تا لە پێناوی بێ تاوانیدا تیاچێ، خۆی بەشایستەی کێردی ئەوەی واکۆتەکەی ناوەتە سەردەستی، دەزانێ یان نا؟ لە هەر حاڵدا زووتر تەدارەکی قوربانی بوونی گیراوە. تا ئەو دەمەی کە کێردی دەسک کائوچۆ بەرز دەبێتەوە تاکو کۆستی دایکێک بخا، کامە شایەت مەحکەمە پەسندترە لە عازەبێکی لاژلاژی قاوەخانان کە بە پێی بەڵگەی دۆسیەکە، خەڵکی تەفرەشە و، مەعازەڵا، ئەگەر تا ئێستا لەبەر ماڵی دنیا پەنای بۆ فیرقەی زاڵڵەی فاڵگرەوە نەبردبێ، نانی تەقاعودیی دیوانی مەحاسیبات دەخوا. کەوا کونێکی ئاوڵەڕوو کە ئەگەرچی نان و مەسرەفی منداڵان ئەوی کردۆتە پشیلە و دایکی تولەکانیشی سەگ، تا پێی دەگاتەوە ماڵێ، لە ترسی ئەوانەی کە لەبن درەختەکەدا چنگی نیشان دەدەن و لێی دەوەڕن خۆی لەسەر لقی هەنجیرەکە دەبینێتەوە و لە ترسان هەڵدەلەرزێ. بەڵام ئەم لە ژن ترسانەی بە مانای ئەوە نییە لە مەحکەمە، لە شوێنی شایەتەکاندا، زمانی لە زاردا نەگەڕێ و، بەپێی داوای مشتەریەکەی شایەتی پێ نەدرێ. سوودی ئەم لێو لێکەستنە بوغزاویە چییە؟ مرۆڤ دەمرێ چما مردن شایستەی تاوانبارانە. بەڵام تا ئەو دەمەی فرمانی پیاوکوشتن لە ڕێزماندا گەردان دەکرێ و من و تۆ و ئەو دەتوانین بێ دادخوازی ماسی قزلئالا ڕاوکەین، ئێمە و ئێوە و ئەوان یەکتر دەکوژین و، هەر کوژراوێک بکوژێکە کە ئەمجارە بڕێک درەنگ جووڵاوەتەوە.

وەی وەی بڕوانە چ دڵێک بەتاڵان دەبات ئەو ناپیاوە کە بەناز و غەمزە تا ویستگەی پاسەکە دەلەنجێ و لەپاڵ شاغۆڵامتاندا دانیشت و دانەنیشتوو، جگەرەی کڕی یان بلیتی پاس؟ نەمگوت؟ بڕوانە چۆن – تێر و تەواو – وەک مریشکە بەکڕ ئەم جێیاوجێ دەکات. بڕوانە !... لە ژیاندا شایەتە کوڵکنەکانیش – پێموابێ – ئەوەندە دڵەکوتەیان تووش ببێ ئەودەمەی کە بزانن بۆ چ کەسانێک ناز و نووز دەکەن و، بە مەرگی موفاجا بمرن. چ ڕووداوێکی ترسناک! ڕاست سێ دەقیقەی ماوە بۆ سێ و، هاوکات لەگەڵ زایەڵەی سەمفۆنیای «دوعا بۆ بەخشینی ڕۆحی مردووان» لە قاوەخانە، هەرسێکمان پێکەوە سەیری سەعاتەکانمان کرد. بەڵام ئەوەی کە هەستا مێردەکەی پێشووت بوو کە بەرۆکی خەساوی گرتووە و بەزللە دەری دەکات. بەو ترس و خۆفەوە کە کاتێکی وا بۆ چەقەچەق کردن نەماوە و، هەر ئەم دەستاو ئەودەست کردنێک ماتڵ بوونی بەفیڕۆیە. چونکە ئەگەرچی موسیبەت هەمیشە ترسناکتر لەوەیە کە دەنوێنێ، بەڵام نایشارمەوە هەمیشە حەزم لەو دوا ساتانە بووە کە نەبوونی کات، پێی ئەسڵی بابەتەکەی کێشابێتە مەیدانەوە. کەواتە تا ئەم دوعاگۆیەت بەو چەرخە یەکێک لە جگەرەکانت دادەگیرسێنێ و، هاوڕێ لەگەڵ دوعاگۆیانی موتزارت، لە ناسری لە خاچدراو دەخوازێ ئۆقرەیی هەتاهەتایی بە ڕۆحی مردووەکان ببەخشێ، بزانە ئەم پۆرترێتە ئەوەندە لەو بێ مێشکە دەچێ دڵنیات بکات، بەپێی شایەتیدانی کەسێکی عاقڵ و باڵغ بۆ قاتڵ بوونی خاوەنی ئەم نیگارە، شاغۆڵام دەسگیر دەکرێ؟ ئەڵبەت بێ ئەوەی ویژدانی بیرەوەری هاوبەشتان بە ڕاگەیاندنی ناو و شوێنی ژیانی هاوسەری ڕابوردووت لەمە زیاتر یۆسف فرۆشی بکات. دیارە ئەمەش بەمەرجێکە کە بەبێ چی و چەند و چۆنێک، ئەو ملوانکە لە ملت بکەیتەوە و لەبن ئەم ڕۆژنامەی دانێی و، بەر لە گەیشتنی گەنجێکی سپۆرت کە جاکەتی سەوزی لە دەوری ملی ئاڵاندووە و لەوبەر شەقامەکە خەریکە لە ویستگە و گورگی زەبەلاح نزیک دەبێتەوە، لە دەرکەی ئەولاوە کە بەرەو ئەسفەلەلسافلین دەکرێتەوە، گۆڕت ون کەیت و، باقی کارەکان بە پیرە پیاوێکی پیس و پەڵۆخ بسپێری.

ئایا کاتێک لە سزای ئەم هاودەستی و هاوکاریە، بە کێردێکی دەسک کائوچۆیی لە کونە لووتەکانمدا فڕێ دەدرێمە دۆزەخەوە، شتێکی ئەوەندە قەبە و دیانگرم لێ ئەستاندووی کە لەبری ئەوە قفڵی ملوانکەکە بکەیتەوە، بە ڕقەوە زنجیرەکەی دەپسێنێ. ژەنگی هێناوە؟



# تۆڵە

## ڕەزا جەولایی

دیسان ڕوومەتی بەدرزی دیوارە ڕووخاوەکەوە نووساند، کەس لە پانتاوکەکە نەبوو، با خەوشی ڕامالّی و بردی. لقی درەختی ناوەراست پانتاوکەکە لەبەر قورسایی پەتەکە دەنەویەوە و، ڕاست دەبۆوە. سەری نا بە دیوارەکەوە و عارەقی ناوچاوانی سڕی، هێشتا دڵی لێی دەدا. لە گیرفانیدا لە شتێک گەڕا کە نەیدەزانی چییە، دەیزانی هێشتا هەراسان و سەراسیمەیە... بەخۆی گوت دەبێ دڵنیا ببم.

هەستا، پێی دەلەرزی، ترسی مردن هێشتا وازی لێ نەهێنابوو. پێی بەسەر وردە دار و قوڕقوشمدا هەڵێنایەوە. دەنگە دەنگێک لەبن پێیەوە بەرز بۆوە. لەژێر چوارچێوە ڕماوەکانەوە بەحاستەم لە دەرەوەی ڕوانی.

کزەی سەرما دەهات. بە پلیکانێکی لاڕووخاودا هەڵگەڕا، لەسەر عەمارەتەکە کۆمەکۆم بەرەو پێش چوو، چوار قوڕنەی پانتاوکەکەی بەسیلەی چاو پشکنی. جگە لە چەند عەمارەتی ڕووخاو و مژێک کە تا ناوقەدی کێوە سپی پۆشەکانی گرتبوو، هیچی تری نەدی.

تەرمەکە بەدەم باوە دەشکایەوە، لە دوورەوە لەوکابرایە نەدەچوو. لەو دەمەوە کە دەنگی تەپڵ بەرز بووبۆوە تەرمەکە لە کابرا نەچووبوو...

کابرا دەپاڕایەوە، دەست و پلی دەکوتا، ڕاکێش ڕاکێش هێنایانە بن پەتی قەنارەکە. فەرماندەیەک حوکمەکەی خوێندەوە. شمشێرەکەی هەڵبڕی. ئێستا ئیتر کابرای دیل جنێوی

دەدا و لە بنکی قورگییەوە هاواری دەکرد، بەڵام ناوی ئەوی نەبرد. نەیدەزانی تێک چووبوو، یان بە ئەنقەست گیانی ئەوی ڕزگار کردبوو.

شمشێرەکە هاتەخوار.

چاوەکانی لێکنا، دەیویست بگری بەڵام نەیدەتوانی. لێوی خۆی گەست و کاتێک چاوی هەڵێنا، جمەی تەرمەکە جێی خۆی بە لەرینەوەی ئارامی پەتەکە دابوو. ساڵداتەکان هەڵیان کوتابووە سەر پشتی ئەسپەکانیان و گاری قۆرخانەیان لێخوڕی. چەند سات دواتر پانتاوکەکە چۆڵ بوو، نەعلەتی لەبێ غیرەتی خۆی کرد و، پاشان دڵخۆشی خۆی دایەوە کە چارێکی تری نەبووە. جگە لەوەی بێدەنگ سەیری لەداردرانی هاوڕێکەی بکات.

لەبەر خۆیەوە گوتی: لەبیرم دەچێتەوە. وەک زۆر کەسی تر کە جێی خۆیان بە خەڵکی تر سپارد، هەر کە فەوجەکەی خۆمان بدۆزمەوە، هاوڕێیەکی تر دەگرم. هاوڕێیەک کە پێم بڵێ خەڵکی کوێیە و چەند منداڵی هەیە و چکارە بووە... و، ڕەنگە ئەمجارەش نۆرەی من بێ کە لەبیر بچمەوە.

بەپیلکانەکاندا داگەڕا. عەمارەتەکەی، کە سەردەمانێکماڵی خانەدان بووە، پشکنی. گەچ بڕیە ڕووخاوەکان، ئاوێنەکاریە ورد و خاش بووەکان، شانشینەکەی کە پڕ بوو لە دار و کۆتەرەی نیوە سووتاو و خۆڵ و جلە شڕ. بەبێ سوودی چاوەڕوانیەکەی زانی. نانی لێ نەبوو. ترسی مردن وردە وردە جێی بۆ هەستێکی ئاشناتر چۆڵ دەکرد. برسیایەتی.

بە وشیاریەوە لە پلیکانەی عەمارەتەکە تێپەڕی و پێی نایە پانتاوکەکەوە، لەملاولای ڕوانی. بەرەو تەرمەکە هەڵات. بۆ ساتێک لە ڕوومەتی ورد بۆوە، کە ڕەش و شین هەڵگەڕابوو. بۆ پاروویەک نان گیرفانی تەرمەکەی پشکنی و پاشان هەوڵیدا یەغلەویەکەی لە پشتێن بکاتەوە، گرێکان نەدەکرانەوە. خەنجەرەکەی دەرهێنا و گرێ و بەشێک لە پشتێنی تەرمەکەی بڕی، هەستی دەکرد کەسێک سەیری دەکا. بەدەم بڕینەوە چاوی بەملاولادا گێڕا، کەس نەبوو. گورجێک بەرەو عەمارەتەکە هەڵات و خۆی گەیاندە تەلارە ڕووخاوەکەی. لە پشت تەباری پشت پەنجەرەکان حەشاری گرت. سەری یەغلەویەکەی هەڵپچڕی، پاروویەک نانی کۆن و تۆزێک هەڵوای وشکی تێدا بوو.

بۆ ساتێک لە سووکایەتی خواردنەکە و، خەمی مەرگی هاوڕێکەی و، داماوی خۆیدا مایەوە... کوتێک لە نانەکەی بەرەو دەمی برد و لەگەڵ بوغزی گریاندا قووتی دا. هەروا کە



سەری داخستبوو، هەستی بە هەڵاتنی سێبەرێک کرد، سەری هەڵبری. هیچی نەدی. ڕەنگە دەعبایەک بووبێ یان بەخەیاڵیدا هاتبێ.

نانەکەی تەواو کرد، تازە برسیایەتی هێرشی بۆ دێنا. سەری بە دیوارەکەوە نووساندو کەپەنەکەکەی بەسەر و ڕووی خۆیدا کێشا. بیری کردەوە؛ دەبێ بەپێچەوانەی ڕەوتی قشوونی ڕووسەکان بڕۆم. ڕەنگە نیوەڕۆژێک لە فەوجەکەی خۆمان دوور کەوتبێتمەوە. چاوی لێکنا...

... با بەفری بەروومەتدا دەپژاندن. هاوڕێکەی دەیگوت: «فەوجەکەمان ناچار بووە بۆ دواوە بگەڕێتەوە. لەم کرێوەدا بە ئێمە نادۆزرێتەوە.» پاشان ژوورێکی نیوە تاریک بوو، ئەو تا مل لە ژێر کورسیەکەدا بوو، بەڵام سەرما هەڵیدەلەرزاند. بەیانیەکی شێدار بوو، ئەو لە خەزێنەیەکی ساردا بوو، ئاوی نیوە سارد لەشی دەگەست.

– بمانگرن لە دارمان دەدەن. سەر هەڵنەبڕی...

– لەم کرێوەدا گورگیش خزاونەتە کولانەکانیان، مەترسە...

لوورەیەکی بیست. لە ناوەڕاستی تاقیەکانی بازارێکی تاریکدا بوو. دەنگی دەهۆڵ دەهات.

بۆ ساتێک چاوی هەڵێنا. لوورەکە بەڕاست بوو؟ سەری لەبن کەپەنەکەکە دەرهێنا. پانتاوک چۆڵ و کولووە سەرگەردانەکانی بەفر لەبەر بادا دەنیشتنەوە. چاوی لێکنا و بیری کەوتەوە، ڕەنگە تەرمەکەی بەپەتەکەوە نەدیبێ، ئەمەی بەحسابی وەهمی ماندوو بوونی دانا و، خەوتەوە.

هاواری کرد: «ون بووین» دەنگی لە بادا ون دەبوو. ڕووسەکانی دی کە لەناو بەفرەکەدا شالاویان هێناوە و هاوڕێکەی دەسگیر بووبوو.

لە خەو ڕاپەڕی، تاپۆیەک لە تاریکی ئەملاولای تەرمەکەدا دەخولایەوە. دەستی بەچاویدا هێنا، سەری بردە پێش و بەسیلەی چاو تەماشای کرد. خەون نەبوو، هەستا و هێواش هاتەدەر، کە بە پلیکانەکاندا دادەگەڕا پێی لە شتێک هەڵەنگووت، تاپۆکە لای لێکردەوە. ئەوی دی و هەڵات: ئەو خەنجەرەکەی دەرهێنا و شوێنی کەوت، لە پێشان بەسڵەوە و، پاشان بە دڵنیاییەکی زیاترەوە توند قیژاندی: «مەترسە... ڕاوەستە.» بەڵام تاپۆکە بەناو کاولەکەدا هەڵدەهات. جاروبار پێی شل دەکرد تا ڕێیەک بدۆزێتەوەو دووبارە

هەی پێی دەکرد. لە کۆتایی کاولەیەکی داخراودا تاپۆ ڕاوەستا. ڕێی پاش و پێشی بڕابوو، ئەو لێی چووە پێش. دی کوڕێکی ڕووتەڵەی سەروڕوو چڵکنە، چاوە دەرپەڕیوەکانی نیشانەی ترسیان لێ دیار نەبوو.

ئەوگوتی: «مەترسە. کارم بە تۆ نییە.»

لە چاوانی کوڕەکەدا شوێن بزەیەکی گاڵتەجاڕانە دەرکەوت. ورد هاتە پێش: «بەڵام من کارم بە تۆیە» کاتێک لە مانای قسەی کوڕەکە گەیشت کە شوێنی نیگای تا پشت خۆیەوە هەڵگرت. کۆمەڵێک کوڕی ورد و درشتی ڕووتەڵە، بە قژی درێژ و ڕوومەتی شەرخێوەوە لە پشتیەوە ڕاوەستابوون. خەنجەر و سەرەنێزە و تەنانەت شمخاڵی کۆنیشیان بەدەستەوە بوو.

بە زاراوەیەکی سەیر کە نە ڕووسی بوو، نە فارسی دەدوان. یەکێکیان لێی هاتە پێش: «قەرابینەکەت لە کوێیە؟»

– ونم کردووە.

خەنجەر و دەفری باڕووتەکەی لە پشتێنی کردەوە و، گوتی: «ڕێ کەوە.» لە گوتنیدا ڕقێک بوو کە لە تەمەنی نەدەوەشایەوە.

تیژی سەرەنێزەیەک لە پشتی ڕۆ چوو، گەیشتنە عەمارەتێکی ساغتر لەوانیتر. لە سووچی ژوورێک چەند تیر و تەختەیان ئەملاولا کرد. دەلاقەیەک دەرکەوت، کردیانەوە و فانۆس بەدەست، بە چەند پلیکانەدا داگەڕان. سەرداوێکی گەورەبوو. بە دیوارەکانیەوە چەند پیسۆزی بچووک دەئایسا. بۆنێکی ناخۆشی بەر لووت کەوت. لە سووچێک جێ و بانی کۆن، بەڵام ڕێک و پێک لەسەر یەک هەڵچنرابوون. کوڕێکی بەتەمەنتر لەوانیتر لە پشت مێزێک دانیشتبوو. لە پشتیەوە دەرکەیەک بوو. ئەویان بەرەوپێش، بەرەو مێزەکە برد. یەکێکیان بەزمانێکی سەیر شتێکی گوت.

کوڕە بە دەنگێکی بڕ پرسی: «ڕووسەکان چی؟ ئەوان قولاغیان نەبوو؟»

بەزمانێکی بێگانەوە وەڵامیان دایەوە.

کوڕە ڕووی لە ئەو کرد : «سەر بە کامە فەوجی؟»

وەڵامی دایەوە.



«کەسەکانی تر لە کوێن؟» گوتنی کوڕەکە ئارام بوو. دوژمنایەتی لێ دیار نەبوو. پرسی: «ئێوە لێرە چی دەکەن؟»

کوڕە سەری هەڵبڕی و بەرلەوە وەڵامی بداتەوە، ماوەیەک لێی ڕاما. ئەوسا گوتی:«ژیان.»

– باوک و دایکتان لە کوێن؟

کوڕە هەمدیس بێدەنگ بوو. بەسیلەی چاو لەوانەی ڕوانی کە لەسەرداوەکەدا بوون: «نەماون. لە ژێر ئاگری تۆپخانە کوژراون.»

بێدەنگی زاڵ بوو. ئەو بەزەیی پێدا هاتنەوە. لە سەرخۆ گوتی: «چی دەخۆن... لەناو ئەم وێرانانەدا چی دەخۆن؟»

کوڕە بە شێوەیەکی گاڵتەجاڕانە گوتی: «ڕاو دەکەین. گورگ، کەمتیار، هەر نەبوو هێرش بۆ فەوجەکانی دوژمن دەبەین. چەند جاریش ناچار بووین گۆشتی بنیادەم بخۆین. تامی ناخۆش نەبوو. وانییە؟»

منداڵەکان پێکەنین و سەریان بۆ لەقاند، بیری کردەوە پێی ڕادەبوێرن. لە پێکەنینەکەیاندا شتێکی ناخۆش بوو.

– من لەفەوجەکەم دابڕاوم. ئەگەر یارمەتیم بدەن...

«حەتمەن، دڵنیابە. ئێمە یارمەتی هەموو ئەوانە دەدەین کە ون بوون، ئیمشەو لێرە ڕەحەت بخەوە. بەیانی ڕێگەت پێ نیشان دەدەین. بەڵام خەنجەر و باڕووتەکەتمان دەوێ... بۆ ڕاو...» ئەوسا بەدەست بەری بەقسەکردنی گرت. «بە فەرماندەکەت بڵێ ونت کردوون. حەتمەن برسیتە؟»

بە خۆشیەوە سەری لەقاند، ئیتر نەدەترسا. پاروویەک نان و کوتێک گۆشتیان لەبەر دەم دانا. بە گومان بوو.

«مەترسە. گۆشتی ڕاوە.» منداڵەکان پێکەنین. ئەویش بەدەمیانەوە پێکەنی و دەستی بە خواردن کرد، منداڵەکان لێی ڕامابوون، پێی ناخۆش بوو. پارووییەک نانی قووتدا و، گوتی:

«منیش کوڕێکی وەک تۆم هەیە.»

کوڕە لێی ورد بۆوە. «بەڕاستتە؟ وەک من؟... بەڵام بۆ ئەوەی وەک من بێ دەبێ لەبەر چاویدا دایک و باوکیان سەر بڕیبێ و بە تاوانی دزی دەستیان قرتاندبێ»

تازە سەرنجی بە بەتاڵی یەکێک لە قۆڵە کراسەکەی دا.

گوتی: «ساڵداتەکانی ڕووس زۆر بێ بەزەیین»

کوڕە تیژە بزەیەکی کرد و، هەستا، قاچێکیشی دەشەلی. ئەو نەیوێرا لە بارەی قاچییەوە هیچی لێ بپرسێ. دیسان هەستی بەو بۆگەنە ناخۆشە کردەوە، بۆنێکی جگە لە بەرماوە و پیسایی.

کوڕە پرسی: «ناخۆی؟»

سەری لەقاند.

– ماندووی؟

– ئەرێ.

ئەوسا ئیشارەتێکی کرد. لە سووچێکی تالارەکە جێیان بۆ ڕاخست و مەنگەڵێک ئاگریان لە پاڵ دانا.

کوڕێکی چکۆلە لێی هاتە پێش: «ئەگەر پێویستت بەشتێک هەبوو بە من بڵێ»

دڵی پێیان سووتا، بە مهرەبانی کاتی ئاوارەیی و مەینەتیان، لە سەهۆڵبەندانی شەوان و برسیەتی ڕزگاری بووبوو. بەرلەوەی خەوی لێ بکەوێ هەستی بە حەسانەوە دەکرد.

نیوەشەو بەدەنگە دەنگێک لە خەو ڕاپەڕی، سەرداوەکە تاریک بوو، بەڵام لە پشت مێزی کوڕەکەدا دەرکەیەکی نیوە کراوە بوو، ڕووناکاییەکی کز لەوێوە بەرەو سەرداوەکە هاتبوو. بۆگەن پەڕەی سەندبوو. هەستا و بەرەو دەرکەکە چوو. دەنگێک داوای لێ کرد بگەڕێتەوە، دیسان چاوی لێکنایەوە. لە خەون و خەیاڵی ناخۆش و ماندوویەتیدا خەوی لێکەوتەوە.

بەیانی لەخەو هەڵیانسەند، هەموو کوڕەکان بە ژوور سەریەوە کۆ ببوونەوە، وەڵامی پرسیاریان نەدایەوە. داوایان لێ کرد هەستێ، هەڵس و کەوتیان دۆستانە نەبوو. دەرکەیان کردەوە و بەرەو سەرداوێکی تر پاڵیان پێوەنا، بەچەند پلیکانەدا داگەڕا.



لە بەرامبەر ڕیزی چەند تەرمدا تێپەڕی، کە بە میچەکەوە بەرببوونەوە. هەندێک لە تەرمەکان جلی فەرماندەکانی ڕووسیان لەبەردابوو، هەندێکی تریان جلی فەوجەکانی تر.

کوڕە یەکدەستەکە لە کۆتایی سەرداوەکە ڕاوەستابوو، شمخاڵی بەدەستەوە بوو. گوتی:

«دەتوانی وەسیەت بکەی. چیت هەیە بە ئێمەی ببەخشە و، داوای لێبوردن لە خودا بکە.»

لە پشت سەریەوە پەتی سێدارە ئاوێزان بوو.

# موونس، دایکی ئەسفەندیار

## ئەمیر حەسەنی چلتەن

تەهمینە کچی عەبدولباقی حەوت هەنگاوی ڕوو بە قیبلە هەڵدەهێنایەوە و دەیگوت: بەم قیبلەی حاجاتە خۆم دیومە، بەم چاوانەی خۆم، لارووەمەتیم دی، هاتە لای پەنجەرەکە. پێموابێ لەسەر دەرکەکە شتێکی هەڵگرت، یان ڕەنگە شتێکی دانا. مونس دەتگوت ناغافڵ تای پەنجەرەکەی کراوە هێشتبۆوە .

ژنەکان دەیانگوت: دەی بڵێ بزانم چی لێ هاتووە؟ زۆر گۆڕاوە؟ قژە سەری چی، نەڕژاوە یان سپی نەبووە ؟

تەهمینە دەیگوت: ئاخر خۆ لاچاوێک زیاتر نەمدی. هەروا وەک سێبەرێک هات و، لەبەر چاومەوە تێپەڕی.

مرواريد دەیگوت: وەڵا بڵێم چی، نازانم بۆ هەمووتان لەمن دەپرسن. ڕاستە کە پەنجەرەکەمان ڕووەو حەساری ماڵی ئەوانە. جا خۆ من هەمیشە لە ناو پەنجەرەدا نەکەوتووم. بەهەرحاڵ من تا ئێستا نەمدیوە، جگە لەوەی کە لەو کاتەوە تا ئێستا، چەند ڕۆژ جارێ پانتۆڵ و کراسی پیاوانە بە سەر تەنافی حەسارەکەیانەوە دەبینم .

ژنی مویارەک دەیگوت: دەی هەر ئەمە خوشکێ. بەڵام هەموومان سەرمان لەوە سوورماوە کە بۆ ئەم کوڕە بەکەس نیشان نادا.

خوجەستە خانم دەیگوت : حەتمەن عەیب و ئیرادێ، عیللەتێ، شتێکی پەیا کردووە. ئەگینا هەر ماڵێ کە کوڕی گەنجی گەڕاوەتەوە تا حەوتوویەک، تۆ بڵێ تا مانگێکیش،



دەرکەی لەسەر خەڵک کراوە بووە.

مرواريد دەیگوت: وەڵا جاری وا بووە جووتێ کەوشی پیاوانەشم لەبەر دەرکەی ژوورەکەیاندا دیوە.

ئامینە، دراوسێی دیوار بە دیواریشیان دەیگوت: منیش جاروبار گوێم لە دەنگی مونس خانمە کە خەریکە لەگەڵ کەسێک دەدوێ .

تەنانەت جارێک کە تەهمینە چووبووە ماڵی ئامینە، ئامینە دەستی بەدیوارەکەدا هێنابوو و، گوتبووی: گوێ بگرە بزانە دەیبیستی؟

تەهمینە گوێی بەدیوارەکەوە نووساندبوو. دەنگی پیرێژنی بیست و، بیستی کە مونس گوتی: «شیرەکەت سارد بۆوە؛ نایخۆیتەوە؟»

مرواريد گوتبووی: دەی لەوەدوا تەهمینە گیان، دەنگی ئەسفەندیاریشت بیست؟

تەهمینە منەمنێکی کردبوو و، گوتبووی: ئەرێ... پێموابێ ئەسفەندیاریش کۆکی. هەر ئەوەندە.

ئامینە دەیگوت: تەهمینە ڕاست دەکا. منیش گوێم لە کۆکە کۆکەکەی بووە.

ڕەحمان دوکانداری گەڕەک گوتبووی: ئەها، ئێستا بیرم کەوتەوە. ڕۆژێک مونس هات و گوتی، ئەسفەندیار سەرمای بووە، دوو مسقاڵ دەوای گیایی لێ وەرگرتم و، ڕۆیی.

ئێستا ئیتر هەموو قسە و باسێک ئەمە بوو.

محەمەد ئاغای ئوتووکەشی گەڕەک دەیگوت: برای خۆت بۆت بڵێ، ئەو هەوەڵانە یەک دووجار کۆت و شەڵواری ئەسفەندیاری هێنا بۆ ئوتووکەشی. ئاخرجار پێمگوت: «مونس خانم ئەم کۆت و شەڵوارە خۆ پاک و ئوتووکراوە، وا دیارە لەوەتی لێت وەرگرتوومەوە ئەسفەندیار لە بەری نەکردووەتەوە.» کۆت و شەڵوارەکەی لێ وەرگرتمەوە و ڕۆیی، ئیتر نەهاتەوە بۆ ئێرە.

مونس تەنانەت پێی کوڕەکەی عەبدولباقی خستبووە بەر دەرکەکە و گوتبووی: نا، ئێستا نا، خۆ تێدەگەی، خەوتووە.

ژنی عەبدولباقی بە دراوسێکانی گوتبوو: ئەمە چییە، ئاخر هیچ نەبێ ئەم دووانە

هاوڕێی دێرینی یەکترن .

مونس بە دراوسێکانی دەگوت: نامەوێ دەوری قەرەباڵغ بێ. ئێستا پێویستی بە حەسانەوەی زیاترە. ئینشاڵڵا بۆ زەماوەندەکەی لە هەمووتان دەگێڕمەوە، تێر تەماشای کەن.

مونس بۆخۆی هەواڵەکەی بە ماڵەکاندا بڵاو کردبۆوە. شەو لە دەرکەی ماڵەکانی دابو و، گوتبووی: گوێتان لە ڕادوێ بووە؟ بەر دەبن. هەموویان بەر دەبن. تەنانەت شوێنە ونەکانیش، ئێستا ئیتر دڵم ڕۆشنی ڕۆشنە. ئەسفەندیاریش دێتەوە دەزان. مونس لە پرێکدا گیانێکی تری بە بەردا کرا و، گەنج بووەوە. ئیتر تەنانەت نەش دەشەلی. وادیار بوو هەموو چرچ و لۆچی ڕوومەتیشی سڕدرابۆوە. تەنانەت قژی، قژیشی ڕەنگ کردبوو؟

بۆ خۆی قاقا پێدەکەنی و دەیگوت: توخوا دەستم لەسەر هەڵگرن. من چی و ئەم کارانە چی؟

دیسان ماڵی هەڵپەرداوت. باوەش باوەش شڕەی دەرشتە ناوەڕاستی حەسارەکە و دەیشت. ڕۆژێک پەردەکان. ڕۆژێک مەلافەکان. ڕۆژێک جلەکانی ئەسفەندیار. دەستەکانی بە ئاو و سابوون سپییەنکەیان هەڵێنابوو.

ڕەحمان گوتبووی: بەڵا دوورە، ئەوە بۆ دەست بە شانتدا دەهێنی؟

مونس گوتبووی: ئیتر لە شان و قۆل کەوتووم. ئیمڕۆ کۆڵێگ شڕەم شتوە. ئەسفەندیار حەزدەکات هەموو شتێک پاک و خاوێن بێ.

لەپاش ڕاگەیاندنی یەکەم ڕیزی ناوەکان لە ڕادوێ، سەماوەری ماڵەکەی ئیتر نەکووژایەوە. سەعات بە سەعات ئاوی سەماوەرەکەی دەگۆڕی و چاکەی تازە دەکردەوە. پیاڵەکان لەسەر خاولی سەر کەشەفەکە داندرابوون و، مونس نە گوێی لە ڕادوێکە هەڵدەگرت و نە چاوی لە سەعاتەکە. ناوەکانی لە سنگیدا ڕادەگرت و، تەنانەت ئەگەر ناونیشانێکی دووری کەسێکیشی لەبیر بوایە بەهەر شێوەیەک بوایە خۆی دەگەیاندێ و، هەواڵەکەی پێ ڕادەگەیاند.

ئیتر دیلەکان کەم و زۆر گەڕابوونەوە، تەنانەت هەندێک لە شوێنە ونەکانیش. بەڵام مونس دەیگوت: دێتەوە، ئەسفەندیاری منیش دێتەوە، دڵم ڕۆشنی ڕۆشنە.

تا ئەوەی کە بەیانیەک کاتێ خەڵکی گەڕەک لەخەو هەستان، بینیان مونس لەسەر



دەرکەی ماڵەکەی دوو ڕیز گڵۆپی ڕەنگی، وەک دوو ڕیز مرواری ملوانکەیەکی قەڵبی هەڵواسیوە. بەردەرکەی ماڵەکەشی ئاو پرژێن کردبوو و، لەناو دەرکەکەدا دانیشتبوو سەیری ڕێگەکەی دەکرد. هەرکەس دەردەکەوت هەڵدەستا، چارشێوەکەی دەتەکاند و لە بری هەر چاک و خۆشیەک قاقا پێدەکەنی و، دەیگوت: ڕادوێ دوێشەو ناوی برد، ئیتر دێتەوە.

ئەڵبەت دراوسێکانیش گوێیان لە ڕادوێ دەگرت، بۆیە بە ناباوەڕیەوە لێیان دەڕوانی و دەیانگوت: دڵنیای مونس خانم؟

مونس دەیگوت: ئەوە چ قسەیەکە، بۆ ئێوە گوێتان لێنەبووە؟ بەم گوێیانەی خۆم گوێم لێبوو.

دراوسێکان هەروا بێ باوەڕ سەریان دەلەقاند و دەیانگوت: دەی پیرۆزە. پیرۆزە مونس خانم. بڵێ بزانم کەی سفرەمان بۆ دەڕازێنیتەوە؟

مونس دیسان قاقا پێدەکەنی و دەیگوت: بە چاوان، جارێکە با کوڕەکەم بێتەوە.

ئەوە عەبدولباقی بوو کە گەڕایەوە و گوتی: لە ئێستەوە لەو ناو دەرکە بۆدانیشتووی مونس خانم؟ بە قسەی خۆت دوێشەو ناویان لە ڕادوێدا خوێندۆتەوە.

مونس سەیرێکی ڕێگەکەی کرد، نمی چاوی بەلاچکی چارشێوەکەی سڕی و گوتی: بۆ ئەم دڵە ساحەب مردووە تاقەت دەگرێ؟ هەشت ساڵ، هەشت ساڵە تاقانە کوڕەکەم نەدیوە. عەبدولباقی تۆ بۆخۆت ئەولادت هەیە و لە قسەی من دەگەی.

عەبدولباقی سەری لەقاندو بە ئارامی گوتی: دەزانم مونس خانم، دەزانم. بەڵام ئاخر ئەوان یەک دوو ڕۆژ لە قەرەنتینەدان. تازە تا لەسەر سنوورەوە بیانهێننەوە زۆری پێدەچێ، تێدەگەی؟

مونس هەروا چاو لە ڕێ گوتی: نا، تێناگەم. ئیتر لە هیچ ناگەم. ئەو تێگەیشتنی منی لەگەڵ خۆی بردووە و، هەر ئەویش دەتوانێ بۆم بگەڕێنێتەوە.

دراوسێکان تا شەو هاتن و چوون. هەر کامە تۆزێک لای مونس دانیشتن و، مونس هەواڵی کچی لێ پرسین. کچێکی نەجیب و مێرد خۆشەویست، ماڵ و جیازی نەدەویست. ژن دەبوو ژنییەتی ببێ .

دراوسێکان یەکەیەکە ماندوو بوون و ڕۆشتن و بەیانی، کە کچی عەبدولباقی هاتە بەر پەنجەرەکە مونس هێشتا لەژێر دوو ڕیز گلۆپی ڕەنگی، لەناو دەرکەکەدا دانیشتبوو .

بەیانی ڕۆژی دواییی دراوسێکان دەرکەی ماڵی مونسیان بەبەستراوی دی. لەبەر خۆیانەوە دەیانگوت، دوێشەو ئەو پیرێژنە لەخۆوە تا بەیانی لەو ناو دەرکە دانیشت. ئێستا ڕەنگە چاوی لێکنابێ و خەوتبێ.

ئیتر نیوەڕۆ بوو کە کەسێک وێرای و، دەرکەی ماڵی مونسی کوتا. مونس وەک ئەوەی هەروا لە پشت دەرکە دانیشتبێ، چاو ترووکانێک دەرکەی کردەوە و، قامک لەسەر لووت گوتی: سست، کوڕەکەم خەوتووە .

کچی عەبدولباقی لە پشت دەرکە بوو. ڕوومەتی مونسی ماچباران کرد، مونس بەدەم هەڵلەرزینەوە گوتی: بووکەکەم، بووکە جوانەکەم.

ئەوسا هەردوکیان باوەشیان بەیەکتردا کرد و، مونس لە باوەشی تەهمینەدا گریا. وەها بەدڵ گریا کە کچی عەبدولباقی تۆقا.

قاو بڵاوبۆوە، لەم ماڵەوە بۆ ئەو ماڵ. بەڵام خەڵک دەیانگوت: کەی هاتەوە کە کەس ئاگای لێ نەبوو؟

پاشان دەیانگوت: دەی خوا شوکر، پیرێژن لەم هەشت ساڵەدا کەمی مەینەت دیوە؟

ئێوارە بوو کە موبارەک پاکەتێک شیرینی کڕی و چوو بۆ ماڵی مونس. مونس دەرکەی لێنەکردەوە و لەپشت دەرکەوە گوتی: کوڕەکەم خەوتوە، بۆ بەیانی... بەیانی خۆم خەبەرتان دەکەم.

موبارەک بە پاکەتی شیرینیەوە گەڕایەوە، لە بەر دووکانەکەی ڕەحمان، بە دراوسێکانی گوت: کەس تا ئێستا نەیدیوە میوان لەپشت دەرکە ڕابگرن.

هەرکەس شتێکی گوت، بەڵام زۆربەیان بیریان لە حاڵ و ڕۆژی پیرێژن کردەوە و، گوتیان: بێڵن با کلۆڵە ئاسوودە بێ. بۆ ئەم هەشت ساڵە کەمی کێشاوە؟

تەنیا ژنی موبارەک ڕەنجابوو، گوتی: ئیتر پێ نانێمە ماڵی مونس، ناهێڵم موبارەکیش بچێ.

ئیتر کەس پیلەی نەگرت، دوو سێ ڕۆژ دوایی مونس دووبارە لە گەڕەکدا دەرکەوتەوە.



بۆ کەلوپەل کڕین چووە دووکانەکەی ڕەحمان. دووبارە بەر دەرکی ماڵەکەی یەک دوو ڕۆژ جارێ گەسک لێدەدا و، تەنانەت کۆت و شەڵوارەکەی ئەسفەندیاریشی بردە ئوتووکەشی. بە ڕەحمانی دەگوت : شیری تازەم دەوێ کاک ڕەحمان، شیری تازە. دڵی کوڕەکەم لاواز بووە.

محەمەد ئاغا ئوتووکەشی گەڕەک پرسیبووی: دەی مونس خانم ئەسفەندیار لەو لایانە چی دەگێڕێتەوە؟

مونس چنگی کردبوو بە کۆتەکەی ئەسفەندیاردا کە لەسەر پێشخانی دووکانەکە بوو، تاوێک چاوی لێکنابوو، وەها کە خەونێکی تاڵ بتارێنێ و، ئەوسا گوتبووی: چی بڵێم کاک محەمەد؟ تو خودا ئیتر بیرم مەهێنەرەوە. چی بڵێم؟

قسەکان لە بڕانەوە نەبوون. کوڕەکەی عەبدولباقی کە دیسان هەموو ڕۆژنامەکانی ئەو ڕۆژانەی ژێر و ڕوو کردبوو، بەخەڵکی گەڕەکی دەگوت: ئەگەر ئێوە دیوتانە ڕۆژنامە، ناوی «ئەسفەندیاری جیهان پەنایی» بردبێ، منیش دیومە.

مروارید دەیگوت: جا پیرێژن بۆ دەبێ درۆ بکات؟

ژنی عەبدولباقی دەیگوت: دەی دایەگیان دیسان سەیریان بکەرەوە.

ڕۆژنامەکان لەم ماڵەوە بۆ ئەو ماڵ دەچوون. ئیتر هەموو ناوەکانیان لەبەر بوو، بۆ ئەوەی ئەم ڕۆژنامە گرانبایانە لەبەین نەچن تەهمینە کاغەز و مەقەبای لە دەوریان گرت و، تەنانەت براکەشی بردنی بۆ وێنەگری و چەند بەرگ فتۆکۆپی لە ناوەکان گرتەوە. ڕەحمان دەیگوت: برازاکەی هاوسێیی خوشکیشم وەها بوو. نە ڕادوێ ناوەکەی خوێندەوە و، نە ڕۆژنامەکان نووسیان، بەڵام ئاخری لەگەڵ ئەوانی تر بەریان دابوون.

ژنی عەبدولباقی دەیگوت: وەڵا نازانم بۆ ئەو کوڕە بەکەس نیشان نادا.

خوجەستە خانم دەیگوت: قسە لە هاتنەوەیدا نییە، بۆ نابینن ئەم بەینە مونس چەندە بەدەماخ و کەیف خۆشە؟

ئەو ڕۆژە کە مونس چووبوو بۆ دوکانەکەی ڕەحمان، ڕەحمان گەڕایەوە و گوتی: ماشەڵا لەوەتی کوڕەکەت گەڕاوەتەوە گەنج بوویتەوە.

مونس وەک کچی چواردە ساڵە چاوی خومار کرد و، گوتی: گەنج؟ من گەنجییەتیم بۆ

چییه؟ ئەوەندە بژیم تا ئەم کوڕە دادەمەزرێنم بەسمە.

ئەوسا دەستی کرد بە پرس و جۆ و، ئاخری ڕۆژێک سەری لە مرواریدیش دا: لەبیرتە مروارید خانم، مەزننە پار بوو ڕەنگە پێراریش، کە لە میوە فرۆشییەکەی کاک جەمال تۆم دی. کچێکت لەگەڵ بوو، گوتت برازای ئەحمەد ئاغایە؟ ها؟

مروارید لچی کۆ کردەوە. دەستی نایە ژێر چەناگەی و سەری داخست، ئەوسا مات لە بەردی حەسارەکەی ڕوانی و، گوتی: وەڵا مونس خانم... پێم گوتی برازای ئەحمەد ئاغایە؟

مونس دایکانە دەستی خستە سەر شانی مروارید و، گوتی: ئەرێ... ئەرێ دایکەکەم. خۆ هۆش و هەواسی وام نەماوە، ڕەنگە گوتبێشت خوشکەزای.

مروارید دەمی کۆ کردەوە و، گوتی: وەڵا ئەحمەد ئاغا هەر برازای نییە. چەند ساڵێکە خوشکەزاکەشیان داوە بە شوو و، بردوویانە بۆ دەماوەند.

مونس گوتی: کچێکی بالابەرزی ڕەزا سووکە بوو.

ئەوسا دەستی برد بۆ پشتی و، گوتی: کە چارشێوەکەشی لادا، دیم قژی تا پشتێنییەتی.

پاشان دەستی لوولە کرد و گوتی: ئەمەندەش ئەستوور! چ قژێ!

مروارید گوتی: وەڵا لەبیرم نییە. جا ئەگەر لە بووک دەگەڕێی، ئەوەی زۆرە کچی چاکە.

مونس گوتی: ڕاستە. بەڵام دەمەوێ ناسیاو بێ. تۆش توخودا ئەگەر کەسێکت لە شکە، نیشانم بدە.

ڕەحمان گوتبووی: دوو هەنگاو هەڵێنیتەوە دەگەیتە ماڵی عەبدولباقی. بۆ خۆت ماندوو دەکەی؟ هەم ناسیاوە و هەم بەچاوی خوشکایەتی جوانیشە.

مونس گوتبووی: چی بڵێم بە خودا کاک ڕەحمان! گەنجەکان ئێستا بە هەموو شتێک ڕازی نابن.

جارجار مونسیان بە چارشێوی ڕەشەوە دیبوو کە لە ماڵ دەچێتە دەر، یان بەرەو ماڵ دەگەڕێتەوە. هاوسێکان دەیانگوت: پیرۆزە ئینشالا، مونس خانم.

مونس لە وەڵامی هەموویاندا چاوی دەبەست و بە حەسرەتێکی شیرینەوە دەیگوت:



بەخودا ئیتر ماندووبووم، بۆ خوازبێنی چوون عەمری نووحی دەوێ و جووتێ پێڵاوی ئاسنی. ئەویش بە داوای ئەم گەنجانە!

ئێستا ئیتر هەموو قسەکان لە دەوری خوازبێنی چوونی مونس دەخولانەوە.

ژنی موبارەک دەیگوت: وەڵا چەندجار بە خۆشمی گوتووە. بەڵام خۆ بۆ خۆتان دەزانن ئەم کارانە قسەیان لێدەبێتەوە. موبارەک دەڵێ ئێمە کارمان نەبێ چاکترە. چاک بێ دەڵێن خۆمان کردمان، خراپ بێ دیزە و گۆزە بەسەر ئێمەدا دەشکێ. جارێکە خۆ تاقە وشەیەک لە کوڕەکەی نادوێ . ئاخر خانم گیان بڵێ بزانم کوڕەکەت چ کارەیە؟ چەندە پەیدا دەکا؟ تەنانەت نیشانیشمان نادا.

لە قسەی ژن خواستنی ئەسفەندیاردا تەنیا جارێک کچی عەبدولباقی سەری بەرز کردەوە و، گوتی: بەڵام من دیومە سوڵتان خانم. ماشەڵا قەد و باڵای!

مروارید گوتبووی: تۆخودا تۆ دیوتە؟ ئەی بۆ بەکەس ناڵێی؟ بڵێ بزانم دوای ئەم هەموو ساڵە چۆنی لێ هاتووە؟

تەهمینە گوتبووی: تەنیا جارێک دیومە. چ قەڵافەتێک، زۆرابی پاڵەوان، بەڵام نەمتوانی سەیری کەم. چاوەکانی... چاوەکانی وەها دەبریسکانەوە... تازە...

ژنی عەبدولباقی دەستی نابووە پشتی، نوچرقێکی لە کچەکەی گرتبو و، تەهمینە قسەکەی خواردبۆوە.

تەهمینە جارێکی تریش شتێکی گوت، شتێکی گوت کە ئاخری عەبدولباقی تووڕەکرد. ئەویش ئەوجارە کە مروارید گوتبووی: نەرێسیاوە و نەپێسیاو، هەموو ڕۆژێ دەچێ بۆ خوازبێنی .

تەهمینە کە لەپاڵ دایکیدا ڕاوەستابو و، زەمبیلی باینجانەکەی بۆ ماڵەوە دەبردەوە، گوتبووی: هەم ڕێسیاوە و هەم پێسیاو. تەنانەت سپاردوویە کۆت و شەڵواری زاوایەتیشی بۆ بدروون.

ژنی عەبدولباقی بە بێ باوەڕییەوە لە کچەی ڕوانیبوو. بە تووڕەییەوە زەمبیلەکەی لێ وەرگرتبو و، هەردوو بەرەو ماڵ بووبوونەوە، شەو عەبدولباقی لە هەموویان تووڕە بوو. دیار بوو کچە جاروبار بێ ئەوەی کەس بزانێ سەر لە ماڵی مونس دەدا، عەبدولباقی دەیگوت:

چۆن دەبێ کچ ئەملاوئەولا، سەر بەماڵێکدا بکا کە پیاوی عازەبی لێیە؟

ئەوسا ئەمری کرد، تەهمینە ئیتر لە ماڵ نەچێتە دەر.

حەسەن ئاغا، خەیاتی سەر چوارڕێیانەکە گوتبووی: ئێستا کە ئێوە دەیلێن، منیش دەیلێم. بە گیانی سێ منداڵەکەم پێتان وانەبێ بۆ چوار قڕان حەقدەستی ئەو جلانەیە! لەوە زیاتر خەمی ئەو ژنەمە، دوو مانگە جلەکانی ئەسفەندیار ئامادەیە کەچی نایەت بیانبات!

موبارەک گوتبووی: کەواتە تۆ ئەسفەندیارت دیوە؟

حەسەن ئاغا گوتبووی: نەوەڵا خۆیم نەدیوە، واتە مونس خانم هەر ئەو هەوەڵانە قاتێک و، دەسماڵێ نوقڵی هێنا بۆ دوکان و گوتی: «حەسەن ئاغا دەمت شیرین کە. کۆت و شەڵواری زاوایەتی ئەسفەندیارم هێناوە.» هەر ئەو کاتە لەبەر چاوی خودی پیرێژنەکەدا مەقەستم لێدا، مونس دەیویست دەستم ماچ کا، وەک منداڵ قووڕە قووڕ دەگریا. دەردی سەرتان نەدەم، ئەسفەندیار نەهات جلەکانی پێ بگرم، مونسیش هەر ئەمڕۆ بە بەیانی دەکرد. دەیگوت کوڕەکەم بەیانی زوو دەڕواتە دەر، شەو دەگەڕێتەوە، دەمگوت دەی مونس خانم، جومعانە... جومعەیەک دوکان دەکەمەوە، بڵێ بێ. هەر نەهات. تا ئەوەی کە مونس دەستێک کۆت و شەڵواری هێنا و، منیش لەبەر ئەوانەوە درووم.

جارێکیان تەنانەت ڕەحمان گوتبووی: ئەو دەمانە قسەیەکیشی لێکرابوو. لەوە ناچێ ئەسفەندیاریش بۆ تەهمینە بێ مەیل بێ، مونس بە شڵەژاوییەوە گوتبووی: قسەی چی؟

پاشان دەستی بردبوو کوتێک لە نان قەندی دوکانەکەی ڕەحیمی لێ کردبۆوە و، گوتبووی: بەم بەرەکەتە من تەهمینەم وەک ئەولادی خۆم خۆش دەوێ، ئەو دەمانەش هیچ قسەیەک لە ئارادا نەبوو. کاتێک ئەسفەندیار چوو بۆ بەرەی شەڕ، تەهمینە بستێک منداڵ بوو.

چەند مانگێ ڕابورد کە عەبدولباقی ڕۆژێک لە ڕیزی نانەواخانە بە مونسی گوت: ئەو کوڕە لە ماڵەوە دڵی سەرنەهات؟ لەو زیندانە هاتەدەر و، تووشی زیندانێکی تر بوو؟

مونس گوتی: هەمیشەش لە ماڵ نییە. هەندێ جار هاوڕێکانی دێن لە دووی و دەیبەنە دەر.



ڕاستی دەگوت، ئێوارەی جومعەی پێشوو، یان جومعەی پێشووتری، یان ڕەنگە... کچی عەبدولباقی بە دەنگی ئوتومبێل هاتبووە بەر پەنجەرەکە، ئوتومبێلێک لەبەر ماڵی مونسەوە ڕێ کەوتبوو، هەر ئەو کاتەش ڕەنگە دەرکەی ماڵی مونس لێکدرابوو.

عەبدولباقی گوتبووی: من لەگەڵ فیتەرەکەی سەر مەیدانەکە قسەم کردووە. ئەسفەندیاریشی، بڵێی و نەڵێی، دەناسی.

ئەمەش دوای ئەوە بوو کە مونس گوتبووی: کوڕەکەم نە باوکی هەیە و نە برا. خۆتان لە حەقیدا برایەتی بکەن و کارێکی بۆ بدۆزنەوە.

هاوسێکان گوتبوویان: بەسەر چاو مونس خانم، بەسەر چاو.

مێردەکەی خوجەستە خانم گوتبووی: بانکەکەی ئێمەش نیگابان وەردەگرێ، نیگابانی خوێندەوار. مووچەکەشی خراپ نییە، بەتەمام ئەسفەندیار دامەزرێنم.

مونس گوتبووی: کوڕەکەم نۆ ساڵ دەرسی خوێندووە ببێ بە دەرکەوان؟

مێردەکەی خوجەستە خانم گوتبووی: دەرکەوان نا؛ مونس خانم. دەرکەوان نا؛ نیگابان! نیگابانەکان زۆریش وەزعیان باشە، ئەوان ئیزنیان لەسەر نەبێ ناهێڵن سەرۆکی بانکیش بچێتە ژوور.

هەر پیاوەکان کاریان دیبۆوە و، هەر مونس منگەمنگی کردبوو. تا لە ئەنجامدا موبارەک هەڵیدابوویە و، گوتبووی: سەرۆک وەزیری چۆنە مونس خانم؟

مونس لێی هاتبووە پێش، چاوی لێ بز کردبۆوە و، بەرامبەری گوتبووی: هیچی لە کەس کەمتر نییە، لە کەس. کوڕی منە، مونس!

موبارەک ترسابوو. هەموو دەیانگوت، ئەم دەنگە لە کوێی پیرێژنەوە هاتۆتە دەر!

تەهمینە هاتبووە پێش و مونسی، کە مات بوو دەلەرزی، بۆ ماڵەوە بردبۆوە.

مروارید پرسیبووی: لە ماڵەوەی چ خەبەر بوو؟ هیچت نەدی؟

تەهمینە بێدەنگ ببوو.

مروارید دیسان گوتبووی: هیچت چنگ نەکەوت، ها؟

تەهمینە گوتبووی: با، جگەرە و تەپڵەک لە سەر تاقچەکە بوو.

مرواريد گوتبووی: خۆ ئەسفەندیار جگەرەکێش نەبوو.

تەهمینە سەری لەقاندبوو گوتبووی: چووزانی، لە ئۆردووگا فێرە جگەرە بووە.

مرواريد گوتبووی: چی دیکە؟

تەهمینە گوتبووی: لەپڕ لەسەر پلیکانەکان دەنگی پێ هات. دەتگوت خەریکە دادەگەڕێ. چارشێوەکەم بەسەرم دادا و، هاتمە دەر.

مرواريد گوتبووی: کەواتە نەتدی!

تەهمینە گوتبووی: با، لەبەر دەرکەی ماڵەکەدا ئاوڕێکم دایەوە. سێبەرەکەیم دی کە چووە ژوورەکەی مونس.

مرواريد گوتبووی: مونس چی دەگوت؟

تەهمینە گوتبووی: کە مونسم گەیاندە ژوورەکەی، لە هۆش خۆی چوو، دەتگوت کێوی هەڵکەندووە. هەر بەمنیشی دەگوت، «برۆ، زوو برۆ. تا ئەسفەندیار نەهاتۆتەوە برۆ.» ئەو کاتە بوو کە دیم دیسان چەندە پیر و کەنەفت بۆتەوە.

تەهمینە ڕاستی دەگوت، مونس دیسان وەک جاران ماندوو و کەنەفت دیار بوو. زۆر کەمتر لە جاران لەگەڵ خەڵکی گەڕەک هەڵیدەکرد، لەوە دەچوو پیرتریش بووبێ. دیسان هەمان چرچ و لۆچی روومەت و، شەلەشەلی پێیی.

کچی عەبدولباقی گوتبووی: دایکە مونس بۆ دیسان ئاوا لە دڵ و دەماخ کەوتووی؟ ئەم حەفتە پێکەوە دەچینە حەمام، دەمەوێ خۆم قژت بو لە خەنە بگرم.

مونس گوتبووی: خەنەم بۆچییە؟ ئینشاڵا لە گەڵ مردوو شۆر دەچمە حەمام. ئەگەر خودا بیهەوێ.

تەهمینە گوتبووی: واز لەم قسانە بێنە دایکە مونس. تا ئەسفەندیار دەبێتە زاوا خۆت گەنج و سەرحاڵ بێڵێتەوە.

مونس سەیری خۆڵەکەی کردبو و، بەرلەوەی چاوی بێتە کوڵ، گوتبووی: بڵێی من ئەو ڕۆژە ببینم؟

کچی عەبدولباقی گوتبووی: بۆ نا! بۆ نا، دایکە مونس!



مونس گوتبووی : خودا لە دەمت ببیستێ، کچم.

مونس و تەهمینە پێکەوە چوون بۆ حەمام. بەڵام مونس نەیهێشت تەهمینە سەری بۆ لە خەنە بگرێ. تەنیا لە حەمامەکەدا لەپڕ گوتبووی: ئا لاوەکە بزانم!

تەهمینە لای کردبۆوە. مونس قژەسەری مشت کردبوو و گوتبووی: ئیتر کورتیان نەکەیتەوە. تۆزێک ڕۆنی ماریشیان لێ بدە. با بگاتە پشتێنت.

تەهمینە چاوی بەستبوو و، ورد و ئارام لەبەر خۆیەو گوتبووی: بەچاوان مونس خانم، بەچاوان.

خەڵکی گەڕەک وازیان نەدەهێنا. زۆریان بۆ پیرێژن هێنابوو. نەدەبوو بیبینن و هەواڵی ئەسفەندیاری لێ نەپرسن. یان لانی کەم نەڵێن «دوێشەو گوێت لە ڕادوێ نەگرت مونس خانم؟ بەتەمان پیشە بە ئازادەکان بدەن.» مونس گوتبووی: پیشە لە سەریان کوترێ. پیشەمان بۆ چییە؟

بەڵام مرواريد گوتبووی: ئاخری ئەم زاوا زێڕینەت نیشان ئێمە نەدا!

گوتنی مرواريد پیرێژنی ترساندبوو. گوتبووی: چیتان لە گیانی من دەوێ؟ چەند مانگە زۆرتان بۆ هێناوین، خودا بکا من و ئەسفەندیار بمرین با گەڕەکێک لە دەستمان بحەسێتەوە.

لەوەتی ئەم گەڕەکە بوو پیرێژن ئازاری بە مێروولەش نەگەییبوو. ژنی عەبدولباقی گوتبووی: گوێ مەدەرێ مونس خانم، قسەی گەنجەکان لە دڵ مەگرە، مرواريد مەبەستی خراپی نەبوو.

مونس گوتبووی: خۆ هەر ئەم نییە. هیچتان وازمان لێ ناهێنن، هیچتان.

ئیتر کەس لە ئەسفەندیاری نەپرسی، مونسیش بەکەمی دەردەکەوت. بەکەمی بۆ شت کڕین دەهاتە دەر و، ئەگەریش دەهات، دوانیوەڕوان دەهات کە کوڵان چۆڵ بوو. لە پاڵ دیوارەکەوە ڕەت دەبوو، سووکتر دەڕۆشت و مرواريد دەیدی شەلینی پێیی پیرێژن زیاتر بووە. وەها کە بەزۆر خۆی بەرەو دوکانەکەی ڕەحمان ڕادەکێشێ.

ڕەحمان دەیگوت: ئیتر هیچ ناڵێ. دەستیشی دەلەرزێ. دوێنێ بۆ خۆم تا بەردەرکەی ماڵەوە زەمبیلەکەم بۆ هەڵگرت.

ئیتر کەس پیرێژنی نەدی، ژنی عەبدولباقی نیگەرانی حاڵی مونس چوو بۆ دوکانی ڕەحمان، ڕەحمان گوتی : وەڵا حەفتەیەک دەبێ نەهاتۆتە ئەم دوکانە. ئاخر جار کە هات گوتی ئەسفەندیار چۆتە سەر کار. گوتی بەیانیان زۆر زوو دەڕوا و، شەویش درەنگ دەگەڕێتەوە. تەنانەت هەمدیسان گوتییەوە زۆر حەز دەکا بەر لەمردنی ئەو کوڕەی دابمەزرێنێ.

ژنی عەبدولباقی سەری ئوتووکەشییەکەی محەمەد ئاغاشی دا. محەمەد ئاغا گوتی: دەمێکە بۆ ئێرە نەهاتووە. کۆت و شەڵواری پاک و خاوێنی بۆ دەهێنام کە ئوتووی بکەم. منیش دواجار لێم وەرنەگرت.

ژنی عەبدولباقی ناچار چووە بەر دەرکەی ماڵی مونس، سەرەتا زەنگی لێدا، چەند جار. پاشان بەمست دەرکەی کوتا. خەریک بوو دەکەوت کە پیرێژن دەرکەی کردەوە. ژنی عەبدولباقی گوتی: نیوە گیانت کردین مونس خانم، ئاخر تۆ لە کوێی؟ بۆ دوورمان لێ دەکەی؟ تۆ حەقت بەسەر هەموومانەوەیە.

مونس پاڵی بە دەرکەکەوەدا و، گوتی: حاڵم باش نییە، جیهان خانم. هەموو گیانم ئێشێ، ئەم دڵە بەزیاد نەبووەشم...

ژنی عەبدولباقی گوتی: ئاخر دوکتۆرێ، دەوایێ، شتێ، ئەگەر لەم ماڵەدا بشمری کەس نییە قومێ ئاو بە دەمتەوە بکات.

مونس تەکانێکی لە خۆی دا، پشتی کۆم بۆوەی برێک ڕاست کردەوە، خوێنێکی گەرم زایە دەمارەکانی و، گوتی: کەس نییە؟ کوڕم هەیە باڵای عەرعەر، ناهێڵێ لە جێی خۆم ببزووم، پاروم بە دەمەوە دەکا. پەرژینتان لێ قایم بێ کۆڵم دەکا و، دەمباتە مەباڵ. ئەوە چ قسەیەکە دەیکەی جیهان خانم؟

ژنی عەبدولباقی گوتی: ئەوە ڕاستە، بەڵام هەرچی نەبێ ئەو پیاوە، بەیانی دەڕوا و شەو دێتەوە.

مونس گوتی: حەفتەیەکە کوڕەکەم نەچۆتە سەر کارەکەی. لە ماڵەوە، لەبەر من ماوەتەوە.

ژنی عەبدولباقی گوتی: باشە زۆر کار لە دەست پیاو نایەت. بێڵە با من بێمە ژوور لانیکەم پیاڵۆکەیەک چێشتت بۆ لێ بنێم.



مونس بەدەست بەری دەرکەی لێگرت: نا، نا، جیهان خانم، ڕازی بە زەحمەتی تۆ نیم، ئەسفەندیار هەموو کارێکی لێ دەوەشێتەوە.

ژنی عەبدولباقی چاوی بەرەو پەنجەرەکانی ئەوپەڕی حەسارەکە تەنگ کردەوە و، پێی وابوو سێبەرێک لە بەرامبەر پەنجەرەکە تێپەڕی.

پیرێژن لەبیر دەچۆوە ئەگەر ئامینە نەیگوتایە کە هێشتا جاروبار دەنگی دەبیستێ کە دەکۆکێ، یان ئەسفەندیار بانگ دەکات. بانگ کردنەکەی نابێتە دووان، کوڕەکەی لە هەر کوێ بێ دەستبەجێ خۆی دەگەیەنێتێ.

تا ئەوەی ئێوارەیەک ئامینە دەرکەی ماڵی عەبدولباقی کوتا و، گوتی: لە بەیانییەوە تا ئێستا بۆنێک لە حەسارەکە پێچراوە، دەڵێی لە ماڵی مونسەوەیە.

ژنی عەبدولباقی گوتی: چ بۆنێک خوشکێ؟

ئامینە گوتی: چی بڵێم بەخودا، بۆنی پیس، بۆگەن، هەرچیشی پێدەچێ زیاتر دەبێ.

ژنی عەبدولباقی گوتی: دەی بۆ سەرێکت لێنەدا؟

ئامینە گوتی: ئێمرۆ تا ئێستا دووجار دەرکەیم کوتاوە، نایکاتەوە.

ژنی عەبدولباقی ڕۆشتە بەردەرکەی ماڵی مونس، لە پێشدا لە درزی دەرکەوە بۆنی کرد. تەنانەت گوتی، خیاڵاتی بووی و، دیسان دەرکەی کوتایەوە. مروارید گەیشت و، گوتی: وەڵا چەند ڕۆژیشە شەوان چرا هەڵناکات.

کچی عەبدولباقی گوتی: نەکا بەڵایەکی بەسەر هاتبێ!

پیاوەکان ئاگادار کران.

بوو بە ژاوەژاو، هەرکەس شتێکی دەگوت، پەیژەیان هێنا. کوڕی عەبدولباقی چووە سەر دیوارەکەوە و، گوتی: لە حەسار هیچ خەبەرێک نییە، بەڵام بەراست منیش بۆن دەکەم.

پەیژەکەیان هەڵدا. کوڕی عەبدولباقی پەیژەی وەرگرت و، لەوبەر دیوارەکە داینا. ژنی عەبدولباقی گوتی: دایە گیان لە پێشدا هەرا لە مونس خانم بکە، نەکا لەپڕ بچیتە خوار و ژنە بتۆقێ و ببوورێتەوە.

کوڕی عەبدولباقی یەک دوو جار هەرای لە مونس کرد، پاشان بە پەیژەکەدا داگەڕا و،

تۆزێک دواتر دەرکەی ماڵەکەی لە هاوسێکان کردەوە.

لە ژووری ئەوپەڕی حەسار، لەبەر ڕۆشنایی چرایەک کە بەگران کلیلەکەیان دیبۆوە، مونسیان دی کە لەسەر زەوی لە پاڵ جێ و بانێک بە مەلافەی پاک و دەست بۆ نەبراوەوە دانیشتبو و، هەنیەی بە دۆشەکەکەیەوە نووساندبوو. لەسەر جێ و بانەکە کراسێکی ئوتووکراو و، دەرپێیەک و، ژێرکراسێکی خاوێن، بەسەلیقە لە پاڵ یەکدا داندرابوون. سەری مونسیان کە لە سەر دۆشەکەکە هەڵگرت، دییان پەڵە خوێنێک بەقەدەر بەرە دەستێک مەلافە سپییەکەی سوور کردووە.

عەبدولباقی چوو بە تەلەفوونەکەی ئوتووکەشی تەرم کێشەکەی بەهەشتی زەهرا ئاگادار بکات. ژنەکان چوون تا سەر لە مەنجەڵە چێشتەکان بدەن. پیاوەکان لەبەر دەرکەی ماڵی مونس جگەرەیان دەکێشا و، تەهمینە بەتاقی تەنیا لەبەر پەنجەرەکەدا ڕاوەستابوو و، فرمێسکی دەڕشت.



# تەفریقی خاک

## ئەبووتوراب خوسرەوی

مامۆستا هەموو ڕۆژێک هەواڵی نەبوونی شتێک ڕادەگەیەنێ. هەمیشە دەیەوێ بزانێ دوای ئەوەی هەندێک شت ونبوون، چ شتێک دەمێننەوە. دەستێک بۆ چاویلکەکەی سەر لووتیەوە دەبا و دەپرسێ: ئێستا چەند دانە؟ من شتێک دەڵێم و لە پەنجەرەکەوە لە ڕیزی داربەڕووەکان دەڕوانم، کە هاوتەریبی دیواری قوتابخانە بەرەو ئاسمان هەڵچوون. مامۆستا هەروا پرسیارە بێبڕانەوەکانی دەکا. دەپرسێ: ئێستا بەقەدەر ژمارەی قامکەکان بنیادەم، بەڕوو و، چۆلەکە و ئەسپم نیشان بدە کە لەوێ، لە حەسار یان لە ئاسمان یان لە پشت دیوارەکەوە دەیانبینی و، من ئەوەی دەیبینم نیشانی دەدەم. بە بوون و نەبوونی ئەو شتانەیە کە من دەبێ ڕێ و ڕەسمی حساب کردن فێر ببم. مامۆستا دەڵێ: تۆ خاوەنی کۆشکی میهرۆی، دەبێ حسابی سیایی سامانی کۆشکت لە دەستابێ، بەڵام من لە شوێنێک لە مابەینی بوون و نەبوونەکاندا سەرسووڕمیوم. ڕەنگە چونکا ئەوەندە بچووک دەبم کە پێم ناگاتە زەوی. مامۆستا دەڵێ: بڕوانە کەس کڵاوی لەسەردا نییە، مەنزەری کچە مامم بەدەستە بچووکەکانی کڵاوە سوورەکەی سەرم هەڵدەگرێ و پێدەکەنێ. من ئەم پێکەنینە دەناسم، هەمیشە وەک گوڵ سوورە، بەتایبەت ئەو کاتەی بەسەر لێوی مەنزەرەوە بێ کە ژنێکی باڵغ دەبێ. من ئەگەر فێری حساب کردن ببم، ئەوسایە کە سەرسووڕمینی مابەینی بوون و نەبوونی شتەکان دەست پێدەکا. باوکم هەموو جارێک دەڵێ ئیمڕۆ دەبێ سەر لە فڵانە گاڕان بدەی، هۆشت ببێ ڕەعیەتەکان فریوت نەدەن و من دەبێ حسابی دارێکی بڕاو و بەرخۆلەیەکی ونبووشم لە دەستابێ، باوکم دەڵێ دەبێ کەسێکی وەک من

دەرزیلەیەکی کۆشک لە خەرمانێکی سووتاودا بدۆزێتەوە. شوێن پێی ڕەعیەتێکی هەڵاتوو لەسەر ئاویش هەڵبگرێ، دەبێ حسابی مردن و لەدایک بوونی ڕەعیەت و مێگەلەکانیشی بێ و هەرگیزیش دەرناکەوێ کێ لەسەر حەقە. باوکم یان ڕەعیەتەکان کە لە حاستمدا بەچۆکدا دین و دەیانەوێ قاچم ماچ بکەن؟ سوێند دەخۆن کە تەنانەت دەنکە هەرزنێکیشیان لە سامانی کۆشک نەدزیوە. نەکا بە باوکم بڵێم بەرخۆڵەیەک لە لەوەڕگە ماوەتەوە و، من هەرگیز بە باوکم ناڵێم ئەوان شتێکیان کەمە. من تەنیا سیایی دەگرم و سیاییەکان بێ ئەژمارن. سیایی دارەکان، سیایی قەلەڕەشەکان، سیایی قووەکان، سوێسکەکان، سیایی بەرخۆڵە و مێگەل و سیایی ژنە ئاوسەکان. کۆرپەی ڕەعیەتێک کە دێتە دنیا، ڕەنگە هەروا خوێناوی پەڕۆیەکی تێوە بپێچرێ و بفرۆشرێ. حەتمەن دەڵێن نەماوە و، تەنانەت ناونیشانی گۆڕێکی بچووکیش دەدەن و من دەبێ شوێنی کۆرپە مردووەکە تا گۆڕێکی بچووک هەڵبگرم، ئەگەرچی هەرگیز ناتوانم گۆڕی کۆرپەیەک کە مردووە یان نەمردووە هەڵبدەمەوە. ناکرێ سیاییەکان بێ کەسر بنووسرێن. جارجارە کە هەتاو لە ئاوابوون دەبێ و گاگەل، بۆنموونە، لە دەشتەوەی دێ. ناکرێ حەتمەن لە ئاوابوونی هەتاو نەڕوانم، هەربۆیە بەرخۆڵەیەک لە تاریک و ڕوونی ئێوارەدا ناچێتە ناو سیاییەکەوە و، باوکم زرینگەی زەنگۆڵەی ئەو بەرخە ونبووە لەناو سیایی دەنگی زەنگۆڵەکاندا نابیستێ. ڕەنگە قەلەڕەشێک لەناو دەستەی قەلەڕەشە شۆفارەکاندا هەواڵی ونبوونی ئەو بەرخەی بۆ دەبا، هەواڵی تریشی پێدەگا. هەواڵی وەک شینی ژنان و لەرەی شانی ڕەعیەتەکان، ئەو دەمەی کە تەوبڵێیان لە عەرز دەسوون کە گوایە تاوانیان نەبووە. ئەمە ئەو شتانەن ڕاستی سیاییەکان بەتاڵ دەکەنەوە. بۆئەمانەیە کە باوکم دەنەڕێنێ و چەکمەکانی بەزەویدا دەکوتێ: دەزانم هەر کە سەرم نایەوە کۆشکت بەبا داوە. لەبەر ئەم ڕووداوانەیە کە (تنخواه)ی کۆشکەکە دەدزم و هەڵدێم. گرنگ نابێ بۆ کوێ هەڵدێم.

ئەوسا باوکم هەمدیس چاوەڕێی گەڕانەوەم دەبێ و، من نامەوێ هەرگیز بگەڕێمەوە. باوکم پەیامنێرەکانی دەنێرێ و، من لە هەر شکڵ و قەڵافەتێکدا بن دەیانناسمەوە. هەموویان دەڵێن باوکت ڕایسپاردووە لە تاوانەکانت خۆش بووم، ئەوەی لە کۆشکت دزیوە لە شیری بەری دایکت پێت حەڵاڵتربێ. بگەڕێوە ئەگەر نەگەڕێیتەوە ڕەعیەتەکان وەک کوللە دەکەونە جووینی سامانی کۆشک و هیچت بۆ ناهێڵنەوە. کەواتە ئەگەر بەپێی خۆت بەرەو کۆشک نەبیتەوە، بە نۆکەران دەسپێرم لە هەر کوێ بی بتگرن و وەک یەخسیر بۆ ئێرەت بێنن. باوکم تەنانەت تێدەگا کە من لە کڵاو و خەلق و پێڵاوی هەواڵنێرەکانیش



بێزارم. هەواڵنێرەکانی وەخت و ناوەخت وەک گیاکەڵە لەبەر پێم دەڕوێن و بە هەمان زاراوەی کۆشکی پێمدەڵێن: باوکت دوعای گەیاندی و گوتی ئەگەر نەیەیتەوە بەرد بەسەر بەردەوە بەند نابێ. بە پەلە بگەڕێوە و دەست بە چاکسازی کاروبارەکان بکە. کات و شوێنی هاتنی هەواڵنێرەکانی دیار نییە. جاری وایە لەبەر ڕوشنایی چرای کۆڵان ڕادەوستن و جاری واشە لە تاریکی ژوورەکەدا کێشک دەگرن. دیار نابێ کە چۆن وەک سێبەر بەشێوەیەک خۆ بەژوورەکەمدا دەکەن کە هیچ کەس، تەنانەت دراوسێکانیش نایانبینن. هەرکە بە پلیکانەکاندا هەڵدەگەڕێم و دەمەوێ کلیلی ژوورەکە لە گیرفانم دەربێنم هەست بە بۆگەنی تووتنەکەیان دەکەم. ئەو بیرە کە ئەوان بە کڵاوی مەسخەرە و شڕ و پێڵاوی چەرمەوە هاتوون تا بمدوێنن و وادار بەگەڕانەوەم بکەن، تووڕەم دەکا. هەرکە دەیانبینم لە ژوورەکەمدا دانیشتوون و لەو تاریکییەدا قەننە دەکێشن تووڕە دەبم. لەبەر ئەوەیە بەسەریاندا دەنەڕێنم و دەریان دەکەم. دواتر حەتمەن باوکم کەسانێکی تایبەت بەکرێ دەگرێ. کەسانێک کە جلی جوان لەبەر بکەن و بۆنی خۆش لەخۆ بدەن. کەسانێک کە بۆینباخی گرانبایان ببێ و بریقەی پێڵاوەکانیان ئاوی چاوم ببا. ئەوان بەو شان و شکۆیەوە دەبنە نۆکەری باوکە دێهاتیەکەی من، تا بێن بمدوێنن و بمگەڕێننەوە و، من ئەو سیاییە بێ بڕانەوانە بنووسم. فەرقی چییە، فەرقی چی دەبێ هەواڵنێرەکانی باوکم کێ بن. ڕەنگە تەنیا فەرقیان ئەوە بێ کە من گوێ لە قسەکانیان بگرم و ئەوانیش لە هەندێک شتی وەک ئۆباڵی باوک لە ئەستۆی منداڵ و، سزای ئەم دنیا و ئەو دنیا لە تۆڵەی بێ ئەمری کردنی کوڕ بۆ باوکی دەدوێن و، لە ئەنجامدا ئامۆژگاری ئەوەم دەکەن کە ئەرکی سەرشانمە بگەڕێمەوە بۆ کۆشک، دەست بە چاکسازی کاروبارەکان بکەم و، منیش حەتمەن شتێک دەڵێم کە پێشتر گوتوومە و، ڕایدەگەیەنم کە من ئیتر کوڕی ئەو کارانە نیم و، هەرگیزیش ناگەڕێمەوە.

نەگەڕانەوەم حەتمەن بۆئەوە دەبێ کە سەربەست بم، تا مەسەلەن سوار شاسی جیپە لەندوێریک بم و سەفەر بکەم. سەفەری دوور نا، سەفەر بۆ هەندێک شوێنی نزیکی وەک «سیوەند» یان «ڕوونیز». کەسی وەک من سەفەری دووری پێناکرێ. هەرکە چەند ڕۆژ لە ژوورەکەم دابڕێم هەست بە ماندوویی دەکەم و باوکیشم حەتمەن بە عادەتەکانم دەزانێ و، پیاوەکانی شوێن پێم هەڵدەگرن. ئەوەی کەمن بۆ شوێنێکی وەک «ڕوونیز» بچم، دەڵێم «ڕوونیز» چونکا دوور نییە و ناشێ لە سێ چوار سەعات زیاترم پێ بچێ، دوو سێ جگەرە بکێشم دەیگەمێ، تەنانەت ئەگەر هەوا بە پەلە تاریکیش ببێ. «ڕوونیز»

ناوچەیەکی کوێستانیە و زۆر زوو شەو دادێ و هیچ نابیندرێ.

ڕێگەکەی گڵە، بەڵام بە دڵنیاییەوە خەریکن چاکی دەکەن، ئەمەش لە زیرەکیەکانی باوکم دەبێ. کرێکارەکانی ڕێگاوبان لێرە و لەوێی ڕێگەکە ئاگریان کردۆتەوە، بۆیە ناکرێ بە گورجی لێخورم. کە لە وێستگەی بەڕووەوە تێپەڕم، بە لێژی ڕێگەکەدا شۆڕ دەبمەوە. ڕەشایی یەکدەستی دار بەڕووەکان لەملاولای ڕێگەکەوە دیارە. هێڵی سپی ڕووناکایی ئاسۆ ئەوان لە ئاسمان جیا دەکاتەوە. بیر لە باوکم دەکەمەوە کە هەمیشە چاوەڕوانە، تەنانەت ئێستاش کە من لە دایک نەبووم. حەتمەن دەزانێ من جەربەزە و سەرەڕۆم. تەنانەت ئێستاش کە نوتفەم نەگووراوە، باوکم چاوەڕوانیم دەکا و من خۆ هەرگیز پێم نەناوەتە کۆشکەوە. ڕۆژێک باوکم بەسواری ئەسپەکەی لە کێوەوە دەهات، لە شوێنێکی ڕووناکەوە، مەسەلەن بە هێلێکی سپیی بزنە ڕێی داوێنی کێوەکەدا دادەگەڕا، کە گەیشتە کەهەررستانەکەی[١] پشت دەروازەی کۆشکەکە منی بینی، کە شووڵەپیاوێک بووم. نەیناسیمەوە. نەدەبوو بمناسێتەوە، خۆ من هەرگیز لە دایک نەبووم. شووڵکەپیاو هاواری کرد و گوتی: هۆی خان! گوێم لێ بگرە، من کوڕی تۆم، بەڵام ئێستا هەزار فرسەخ لەتۆ دوورم. کەچی تۆ لێرە، لەم کۆشکە تەریکە، چاوەڕوانی. باوکم لێی پرسیم: تۆ کێیت؟ گوتم: غەریبە نیم، کوڕی خۆتم. باوک سەری خستە سەر زینی ئەسپەکەی و هۆڕهۆڕ گریا و گوتی من لە چاوەڕوانی تۆدا خەریکە پیر دەبم و تۆ لەدایک نابی. شووڵکەپیاو گوتی لەشی من ئێستا لە سێبەرە و نابێ ئەسیری خاک ببێ. باوکم گوتی تۆ ئەسیری خاک نابی و، ئەوسا گوتی ئەگەر لەدایک نەبم بە هەواڵنێرەکانی دەڵێ ڕازیم بکەن بگەڕێمەوە بۆ کۆشک. ئەڵێ ئەگەر نەیەیت کۆشک بەبا دەچێ و ڕەعیەتەکان وەک کوللە هەموو سامانەکەی دەجوون، من دەرەقەتی کاروبارەکان نایەم و تۆ دەبێ بێیت و دەست بە چاکسازی کاروبارەکان بکەی. شووڵکەپیاویش گوتی ئەمەش لەوقسە سەیرانەیە. من ئەگەر بێم ئەسیری خاک دەبم و لە شوێنێک لە مابەینی کەهەر و بەڕووەکان لەبەر نیگای هەڵاتم. لە لابەلای بەڕووەکان و کەهەرەکانەوە تێدەپەڕیم تا گەیشتمە «گران». گران قەرەچێکی جوانە کە ڕەعیەتە عازەبەکانی ئەو کەهەررستانە ئارام دەکاتەوە. هەر ڕۆژە و بەرەو لایەک دەچێ و بەتایبەت لە کاتی خەرماندا، لە گاڕانێک دەمێنێتەوە. ڕەعیەتەکان کەپر سازدەکەن و ئەو لەوێ دەمێنێتەوە. هەموو ڕۆژێک لە خۆرکەوتنی بەیانیەوە تا ئێوارە بەکاروباری ڕەعیەتەکاندا ڕادەگا، کەیفیان خۆش دەکا، سەمایان بۆ دەکا و، ڕەعیەتەکانیش باخە گەنمی بۆ دەبەن تا بۆخۆی خەرمانێکی بچووک بەرپا بکات.



گران لە کەهەرەکان شووڵەپیاوی دی. پێی وابوو منیش ڕەعیەتێکی عازەبم و خەریکم لێیدەگەڕێم. گوتی هۆی کوڕەکە ئەوە لە چی دەگەڕێی. گوتم من ئێستا تەنانەت کۆرپەی ناو ڕەحمێکیش نیم، چ بگاتە ئەوەی ڕەعیەتێکی باڵغ بم. من سێبەری پیاوێکی لەدایک نەبووم کە لەم خاکەدا دەخولێمەوە، بەڵام دەبێ ببمە کوڕی ماە خان.

زۆرجار گوێم لە دەنگی ماە خانە کە دەگری و دەڵێ؛ زووکە وەرە. من هاتوومەتە سەر ڕێگەکەی بزانم چۆن بنیادەمێکە، چی دەوێ و چی دەڵێ. کە دیم گوتی؛ خەریکە پیر دەبم، تەنیابالم، کۆشک خەریکە تێادەچێ و کەس نییە چاکسازی کاروبارەکان بکات. منیش خۆ بەم زووانە بەتەمانیم خۆم ئەسیری شوێنێکی ئاوا بکەم. ئێستا بۆ هەر شوێنێک پێم خۆش بێ دەڕۆم و دێم و کەسیش نییە حساب و کتابی لێم بوێ. جگە لەوەش من بچمە لەشی کامە ژنەوە کە سزای نەبێ. ڕەنگە من ڕێم لێ ون ببێ و بخزێمەوە ناو لەشی یەکێک لەو ژنانەوە کە هاتوچووی ژووری خان دەکەن و لەوان ببم. بەڵام من زۆر چاک بە ڕێ و ڕێبازەکانی ئەم دەوروبەرە دەزانم و هەروا ئاسان ناکەومە داویانەوە.

کرێکارەکانی ڕێگەوبان ڕێگەکەیان بەستووە، بەرمیلی بەتاڵی قیریان لەسەر داناوە، چەوتە ڕێیەکەش نابینم. ڕادەوەستم. سیان لە کرێکارەکان ڕاوەستاون. پەڵاسیان بەسەر خۆیاندا داوە، یەکیان بەرەو لای چەپ دێ، تەنیا چاوەکانیان وەک چاوە پشیلە لە تاریکیدا دەبریسکێتەوە. یەکیان دەپرسێ: حەتمەن دەچیتە «روونیز»، دەڵێم بەڵێ وایە. دەڵێ: خەریکی چاک کردنی ڕێگەکەین، دەبێ لەم چەوتە ڕێگەوە بڕۆی. بڕێک دوورو درێژترە، تۆزێکیش بەردەڵانە، بەڵام چاکە تۆ جیپت پێیە و، جیپیش بەرزە. ئەوسا دەستی ڕادەتەکێنێ و منیش دەچمە سەر ڕێگە بەردەڵانەکە. هەروا دەڕۆم و بیر لە گران دەکەمەوە کە بەو شووڵەپیاوەی گوت وەرە تۆزێک لەلای من دانیشە، کارێکی گرنگم پێتە، من چووم لەسەر تاشە بەردێک دانیشتم. گران گوتی: کوڕەکە تۆ ڕەنگە ئاکار و ڕەفتارت لە باوکت نەچێ کە گوێ بەژنێکی وەک من نادا. گوتم: من حەزم لە دەنگی سازی قەرەچانە، ئەگەرچی پێموایە ژن هەموویان دەبێ سەر و بنی کلاشێک بن.

گران گوتی: ئاخریەکەی چی؟ ئاخریەکەی تۆدەبێ لەدایک ببی! من گوتم: ڕەنگیشە هەرگیز لەدایک نەبم، بابزانم چۆن دەبێ. گران گوتی: بریا بەلاتەوە گرنگ نەبوایە بخزێیتە لەشی کێوە. ئەرێ بەڕاست فەرقی چییە من لە کێ ببم؟ گران گوتی: هەموو ژنانی کۆشک بەختی خۆیان تاقی دەکەنەوە، بەڵکو بەختیان یاربێ و تۆ لەوان ببی. خۆزگە منیش

دەمتوانی بەختم تاقی کەمەوە. ئەگەر ئەوە ڕوویبدایە و تۆ بخزایتایە لەشی منەوە، هەموو تەمەنم دوعام بۆ دەکردی. من گوتم: چاکە، مادام وایە ئەگەر ویستم لەدایک ببم تەنیا دەبێ لە تۆ ببم. ئەوەی ڕاستی بێ من فەرقی پێناکەم لە داوێنی کێ بکەومە خوار. گران گوتی: بەڵام خانیش ئەو پیاوە نییە ئاوا سووک و ئاسان بێتە گیان من. منیش گوتم: بڕۆ بەخان بڵێ بەو ناونیشانە کە ئەو شوولّکە پیاوە سەر ڕێگەی لێگرتی و گوتی لەشی من ئێستا لە سێبەرە، بڕیاری داوە لە داوێنی گران بکەوێتە خوار.

باوکم هەموو ڕۆژێک بۆ دۆزینەوەی من وەک گاجووتێکی سەرخۆش زەوی دەکێڵا، بەڵکو من ڕێم لێ هەڵە ببێ و بخزێمە لەشی ژنێکەوە. بەڵام من نەدەخزامە لەشی هیچ ژنێکەوە، ژنەکانیش هەموو ڕۆژێ بۆ گەڕان لە من چاوەڕێی شتێکی وەک تەکانێک، وەک لەرزینێک، وەک لەرەی باڵی ماسیەکی بچووک لە لەشیاندا بون. تا پێستی لەشیان بەنیشانەی بوونی من بلەرزێ. بەڵام من نەچوومەتە لەشی کەسەوە. گرانیش چەند مانگ لە دەوروبەری کۆشک خولاوەتەوە بەڵکو خان ببینێ، بەڵام خانی نەدیوە. تا ئەو ڕۆژە کە چۆتە پشت دەروازەی کۆشک و دەرکەی کوتاوە، قیژاندوویەتی کە بە ماە خان بڵێن گران کاری پێویستی پێتە. نۆکەران چوون و بەخانیان گوتووە. خان سەری سووڕمیوە و دەرنەکەوتووە، سەدەقە و خێرێکی بۆ ناردووە و گوتوویە بڕۆن پێی بڵێن لە زەویەکانی من بچێتە دەر، ڕەعیتەکانم تووشی گوناح نەکات. گران دەڵێ: من هەرگیز خێر و سەدەقەم لە کەس وەرنەگرتووە، هەمیشە کارێکم بۆ ڕەعیتەکانت کردووە و مووچە و مزی کاری خۆمم لێ وەرگرتوون. ئێستاش هاتوومەتە کۆشکەکەت تا ڕاسپاردەی کوڕەکەتت پێ بگەیەنم، حەزناکەی بیبیستی دەگەڕێمەوە، ماە خان کە ئەم قسانەی بیستووە، دەڵێ: بڕۆن بیهێنن بزانم چی دەڵێ، نۆکەر دەرکەی گەورەی کۆشکیان کردۆتەوە و گران هاتۆتە ژوور. کە گران چۆتە ژوور گاڵۆشی چەرمی لەپێدا بووە و یەلەکی سووری لەبەر بووە، وەک هەمیشە چاوی بەکلە. باوکم لە نەردەکەوە سەری دەردەکێشێ و دەڵێ: ها گران، ڕەعیتەکانمانت پێ بەس نییە، هاتوویتە گیان خۆشمان؟ چ خەونێکت بۆ بینیوم؟ چەندجار دەبێ پێت بڵێم کە زەویەکانی من جێی تۆ نییە، ها؟ گرانیش دەڵێ: زەویەکانی تۆ ڕێبازە. باوکم دەپرسێ: دەتەوێ چیمان عەرزکەی، بیکە و بڕۆ. گران دەڵێ: من ڕاسپاردەم. هەواڵم لە کوڕەکەتەوە بۆ هێناوی. پێی گوتم پێت بڵێم کە تەنیا گران دەتوانێ بمهێنێتە سەر دنیا.

باوکم لە پێشدا پێکەنی و گوتی: کوڕی من لەشکرێک ژنی نەجیب نابینێ و دەخزێتە



لەشی تۆی بەڕەڵاوە؟

گران دەڵێ: لەپێشدا کەدیم پێموابوو ڕەعیەتێکی سەرگەردانە، بەڵام پاشان گوتی کوڕی تۆیە و ڕایسپاردم پێت بڵێم بەو ناونیشانە کەئەو شوولّکە پیاوەی ناو کەهەرەکان سەرەڕێی پێ گرتی وگوتی ئێستا لەشی من لە سێبەرە، تەنیا دەبێ لە داوێنی گران بکەومەخوار. باوکم زۆر بیر دەکاتەوە و دەڵێ دیارە ڕێزی ئێمەت پێشێل کردووە و هاتوویتە ئێرە... گرانیش گوتوویە چەند مانگە هیچ بنیادەمێکی بەخۆیەوە نەبینیوە. باوکم پرسیویە ئێستا ئەگەر مامڵەکەمان سەری گرت و کوڕی ئێمە حەزی نەکرد. بچێتە لەشی تۆوە تەکلیف چیە؟ گرانیش گوتوویە هەموو کارێک شەرت و مەرجی خۆی هەیە خان، با نەهاتنیشی سزای خۆی ببێ. بامەرجی هاتنی نەوەبێ کە ئێمە ببینە خاتوونی کۆشک و نەهاتنیشی خان چی پێ خۆش بێ باوابێ.

باوکم قەبووڵی کردووە و گوتوویە هەرئێستا بڕۆ لە ژوورێکی نهۆمی سەروو جێگربە. من لە لەشی سێبەرەکانی کۆشکدا بووم تا دەنگی چەکمەکانی باوکم ببیستم کە بە پلیکانەی کۆشکدا هەڵبگەڕێ و بچێتە ژوورەکەی گران، چاوی بە گران بکەوێ کە لە شوێنێک بەرامبەر بە ئاوێنەکە ڕاوەستاوە و خەریکە چاوانی دەرێژێ. من گوێم لە دەنگی باوکم بوو کە پرسی: ئەگەر وایە بۆ زووتر نەهاتی. با بڵێین چەند ساڵ لەمەوبەر کە گەنجتر بووم، تا زووتر کوڕەکەم بێنیتە سەر دنیا، بیهێنیتە ناو ئەم کۆشکە و من لە تەنیا باڵی بکەوم. بۆ ئێستا هاتووی کە خەریکە پیر دەبم؟ ها؟ گرانیش گوتی: خان، زۆر دەمێک نییە کوڕەکەتم دیوە، هەروا سێ مانگە.

باوکم پرسی: چاکە چۆن کوڕێک بوو؟ گران گوتی: شوولّکە پیاوێک بوو کە ڕوومەتی لە ڕەنگی مانگەشەو دەچوو. ڕاستی دەگوت. من شوولّکە پیاوێکم لە ڕەنگی مانگە شەو کە لە ئاخاوتنیاندا قەوارەم دەگرت . باوکم گوتی: ئەرێ، ڕاست ئەکەی. شوولّکە پیاوێک بوو ڕوومەتی لە ڕەنگی مانگەشە و، وەک خۆم. باوکم ئەو ڕۆژە ڕاستی دەکرد، لە خۆی دەچم، بەڵام ئەو ڕۆژە باوکم لە چێڵێک دەچوو کە زەوی دەکێڵا و، گرانیش هەر دەیگوت کوڕەکەت شوولّکە پیاوێکە وەک خۆت و منیش شوولّکە پیاوێک بووم بەدەم ئاخاوتنیانەوە لە سێبەرەکانی لەشی باوکم دەرباز بووم و خۆم بە تاریکی لەشی گراندا کرد. ئەوسا چاوەڕوان مام تا سێبەری لەشم بەدەمارەکانی لەشی گرانەوە بلکێ و، وەک کۆرپەیەکی جەربەزەی ناو ڕەحەمیم لێهات کە بە ڕێگەیەکدا دەڕۆیشت. باوکم بەگرانی

گوت: لە بیرت بێ هەر کە دەنگی پێی کوڕەکەمت لە لەشی خۆتدا بیست ئاگادارم بکە، گرانیش چاوەڕوان ما. هەر کە دەنگی پێم لە لەشیا بیسترا گوتی: هۆی خان، کوڕەکەت دەبێ لەم نزیکانە بێ. باوکیشم هەڵاتە ژوورەکە و هاواری کرد؛ با لۆتیەکان هەر لێرە، لەم هەیوانە، دانیشن و گۆڤەند بگێڕن. گرانیش هەموو جارێک کە دەنگی هەنگاوەکانی منی لە لەشی خۆیدا دەبیست، وەها کە ڕێگەیەک بپێوم، مزگێنی بە باوکم دەدا کە کوڕەکەت لەم نزیکانەیە. دەیگوت: موسافیرێکە چەند هەنگاو لەودیو دەروازەکانی کۆشکەوە، ئێستا نا ئێستا دەگاتێ. هەموو جارێک کە لە پشت پێستی شیری ڕەنگی لەشیەوە سێبەری منی بەباوکم نیشان دەدا، بۆئەوەی سێبەری لەشم ببینێ کە چۆن هەنیەم ناوەتە سەر ئەژنۆی بچکۆلەم و ئەمشانەوشانم کردووە و پێستی شیریی لەشیم لەرزاندووە و ئەوەندە بەملاولادا وەرسووڕاوم تا ڕۆژێک گران بەباوکمی گوت کوڕەکەت خەریکە دێتە دنیا. باوکیشم بەدەست و پێوەندەکانی گوت کۆشک چراخان کەن. کۆشک پڕ بوو لە ڕۆشناییی و دەنگی دەهۆڵ و زوڕنای لۆتیەکان. من لە خۆشی ڕۆشنایی چراکان و دەهۆڵ و زوڕنای لۆتیەکان هاتمە دنیا و، باوکم بەدەستە گەورەکانی خۆی، لەشی شین و خوێناویمی لە لەشی گران وەرگرت. تەوێڵی خوێناویمی ماچ کرد و گوتی: بەخێر بێی کوڕەکەم.

ئیتر شەو دادێ و تەنانەت ئەو هێڵە سپیە ڕووناکەی ئاسۆش کە لەو دوورە دەستانە دەنیشێتە سەر دار بەڕووەکان ون دەبێ. ڕێگەکە تازەسازە. من تاقە موسافیری ئەم ڕێگەم کە دەبێ لە لێژیشدا پێ بە بەنزیندا بنێم. دەبێ خاڵە ڕووناک و پەرتەوازەکانیش لەو دوور دەستانە ببریسکێنەوە. نازانم ئەوسا لە کوێم. ڕەنگە تەنیا ماڵی تەپیوی دێهاتیەکان لەملاولای ڕێگەکە دابن. ڕەنگە لە کونە پەرتەوازەکانەوە ڕۆشنایی نارنجی دەرکەوێ. بەڵام دەبێ تاریکی لە کۆتایی ڕێگەکە هەموو شتێک بشارێتەوە. ئۆتومبیلەکە بەپەلە بەرەوپێش دەخزێ و لە پڕ ڕێگە کۆتایی دێ. دەستێک لە ناکاو هەموو چراکانی کۆشک هەڵدەکا. دەرکە گەورەکانی کۆشک دێنە سەرپشت. ئەگەر بمەوێ دەوری پانتاوکەکە بدەمەوە سێبەری ئەو پیاوانە دەبینم کە بە تفەنگەکانیانەوە ڕاوەستاون، حەتمەن ئەو ڕێگە تەنیا بۆ گەیشتنی من بە کۆشک سازکراوە. لە پشت شیشەی جیپەکەوە ڕوومەتی تفەنگچیەکان دەبینم کە دەوری ئۆتومبێلەکەیان گرتووە. یەکیان بە زاراوەی کۆشکی دەڵێ: بەخێر بێی کیا.

دەرکەی جیپەکە دەکەنەوە و پێنج کەس سوار دەبن. جیپ خۆی بە باخی کۆشکدا دەکات. تفەنگچیەکانی تر بەشوێن جیپەکەدا هەڵدێن. جیپ بە شەقامی ناوەڕاستی



باخەکەدا تێدەپەڕی. دەگاتە سەنگچنی بەر هەیوانەکە و ڕادەوەستێ. ڕەنگاڵەی تۆڕی ڕووناکی چراکان ڕوومەتی دەشارنەوە. من بە ئاشکرایی نایبینم. بەڵام گوێم لە دەنگی دەبێ کە وەک دووکەڵ بەناو ستوونە بەردیەکاندا دەڕوا و دەڵێ؛ کیا تۆ ناتوانی بچیتە هیچ کوێیەک، چەند جار دەبێ لێت ڕاسپێرم کە ئەگەر بەپێی خۆت نەیەی دەڵێم بە ڕێگەیەکدا بتهێنن، ئەوسا پاش کورتە بێدەنگیەک دەڵێ: ئێستا بڕۆ بخەوە، حەتمەن ماندووی، گوتوومە ژوورەکەت بۆ ئامادەبکەن، نەکا بیر لە گەڕانەوە بکەیتەوە.

من تەنانەت ئەوکاتەش کە لە جێگەوبانەکەمدا ڕاکشاوم خەوم لێناکەوێ، لەو دوورانەوە دەنگی باوکم دەبیستم کە وەک گێژەڵۆکەی دووکەڵ هەڵدەچێ و دەڵێ؛ کیا تۆ هەرگیز ناتوانی بۆ هیچ کوێیەک بڕۆی.

باوکم دەڵێ؛ خووی هەڵاتنی لێ بۆتە نەخۆشیەکی ترسناک کە دەبێ چاری بکرێ، دەبێ لێی جیا ببنەوە تا تەنانەت ئەگەر بیەوێ هەڵێ نەگاتە هیچ شوێنێک.

کە پێڵووەکانم بکرێنەوە گران لە پاڵمدا دانیشتووە و، دەڵێ: لەبیرت بێ لەمەودوا لەسەرپێی ڕاستت نەوەستی، چونکا لێت جیا بۆتەوە و لەگەڵت نەماوە. بەتایبەت دوا خەوتن، نەکا لەبیرت بچێ و پاڵی پێوە بدەی کە وەک مردوویەکی لێهاتووە، من دەپرسم یەکیان دیار نییە، گران دەڵێ ئێرە تۆزێک گەرمە، گوتیان دەیخەنە سەر بورجەکە تا بەم شێوە لانیکەم تا بەیانی زیندوو بێ . بەڵام من هەڵدەستم و شەلەشەل بە پلیکانەی بورجەکەدا هەڵدەگەڕێم، دەیگەمێ. کەسێک بە دەنگی بەرز دوعا دەکا، گران دەڵێ: بەدەنگی بەرز دوعا بکەن، دەبێ هەموو ئاگادار بن و خۆشی بزانێ کەمردووە و لە ژیاندا نییە. من لە بیری ناکەم کە بەشێک لە لەشم مردووە و نابێ لەسەری ڕاوەستم.

گران دەڵێ هەر لە ئێستاوە لەبیر خۆتی ببەرەوە، هەر بیر لەوە بکەرەوە کە ئەو بەشێک لە لەشی تۆ نەبووە و من تۆم لەگەڵ ئەو نەهێناوەتە سەرئەم دنیایە. دەبێ بێڵی بەخاکی بسپێرن. دەبێ بزانی ئەو کاتەی کە کەسێک دەمرێ، تەنانەت ئەگەر بەشێک لە لەشی بنیادەمیش بێ، دەبێ بەخاکی بسپێری . بەڵام من دەیناسم، دەزانم کە نایەوێ بە خاکی بسپێرین، کە ئیتر هەرگیز نایبینم، بەڵام نرکە و ناڵەی دەبیستم. گران دەڵێ گوێ لە ناڵە ناڵی مەگرە، دەست بە گوێتەوە بگرە و هەڵێ، بۆ مردوو خاک چاکترین ماڵە. دەبێ وازی لێ بێنی تا لەگەڵ خاکدا ڕێ بکەوێ، خووی پێ بگرێ، زەڕات زەڕاتی لەشی لە خاکدا بتوێتەوە، کاتێ کەسێک دەمرێ دەبێ بە ئامێزی خاکی بسپێری و بە خاک بڵێی توند لە

باوەشی بگرە و وازی لێ مەهێنە، تا دەمی پڕ ببێ لە خاک و سوێری خاک بچێژێ. نەکا هەموو ڕۆژێ بچیتە سەر گۆڕەکەی و ئەو بەشە مردووەی لەشت بەئاگا بکەیتەوە. ئەگەر بچیتە پرسەی ڕەنگە دنە بدرێ و بیەوێ سەر لە خاک دەربێنێ، ئەوسا چی لە بۆنی لەشی مندا ڕەوەبووی دەکەی.

کە بەخاکی بسپێرن هەست بە بچووکتر بوون دەکەم. گرانیش لە هەموو کوێ لە لام ڕادەوەستێ. دەست دەنێمە سەرشانی و بە شەلەشەل بەگۆڕستانەکەدا دەگەڕێم. لە گران دەپرسم ئەو کۆمەڵە خەڵکە لە کوێ بوون کە ئێستا بەرەو ئێرە هەڵاتوون. گران دەڵێ: هەموویان دەبنە ڕەعیەتی تۆ و من دەمەوێ بە خاکسپاردنی ئەو ببینم. بۆیە دەمەوێ بەسەر تەبارەکەدا هەڵگەڕێم. کەسێک لەسەرخۆ دوعا دەکا.

خواوەندا، ئەندامی تاوانباری لەشێک بەخاک سپێردراوە و غەریقی ڕەحمەتی کە.

خودایە، ئەندامی سەرچڵ و نافەرمانی لەشێک لە خاکدا سەرگەردانە و مەلایکەتان بۆ ڕینوێنی کردنی بنێرە.

ڕەببەنا، دەرکەکانی دۆزەخی لێ داخە و دەرکەی بەهەشتی لێ بکەرەوە.

خودایە، ئەمر بە خاک بکە باوەشی بۆی میهرەبان بێ.

لە بۆشی پێم ورد دەبمەوە و پاشان لە پێکەی ترم دەڕوانم و پێی دەڵێم لەمەودوا تۆ دەبێ باری قورسی لەشم ڕاگری. ڕاینەگری دەبێ هەموو عومرم بەسەر عەرزدا بخزێم.

گران هەردوو دەستی دەکاتەوە و من لە باوەشیدا ون دەبم. دەڵێم بمشارەوە و لە بیرت نەچێ هەرگیز منت نەهێناوەتە سەر دنیا. ئەوسا ئەوەندە بچووک دەبمەوە کە بتوانم لە تاریکی پزدانیدا دابنیشم. دەهۆڵ و زوڕنای لۆتیەکان و چراخانیی کۆشک دەکوژێتەوە. من سەر دەخەمە سەر ئەژنۆم و هەروا ئەمشانە و ئەوشان دەکەم و پیستی لەشی گران دەلەرزێنم و لە قووڵایی تاریکی پزدانیدا ون دەبم و ئیتر گران تەنانەت هەست بە زایەڵەی دوا شەلینەکانیشم ناکات و باوکم هەروا چاوەڕوان دەمێنێتەوە. ئەم بارە گرانە دۆڕاوی ئەو شەرت و مەرجە دەبێ. تەنیا منم کە بەشێک لە لەشم بەخاک سپاردووەو گەڕاومەتەوە تا هەر وەک پێشوو لەشم لە سێبەر بێ، نەوەک لە خاکی داوێنگر.

---

١ - کەهەر: ڕەنگی سووری ئاماڵ مۆر. ئەسپێک بەم ڕەنگە.



# کەشتی شکاوەکان

## منیرۆ ڕەوانی پوور

بیری کردەوە بنووسێ: «ژن لە ساردداوخانەکە دانیشتبوو.» بەڵام هەرگیز ساردداوخانە[١] یەکی نەدیبوو. دەبوو بنووسێ لە داڵان یان جێیەکی شۆرە لێدراوی شێدار، بە کزەی سەرمای دوورگە و بای ڕەزبەر مانگ، پاشان بیری کەوتەوە ڕەزبەری دوورگە زۆر سارد نییە و، لە سەرەتای بەفرانبارەوەیە کەش و هەوا پشوویەک دەدا و، لە گەرما و شێ ڕزگاری دەبێ. دەبوو بینووسیایە مانگی بەفرانبار و چوار مۆمی ڕۆشن لەو کۆڵیت یان ژێرخانە کە دەبێ حەتمەن تەڕبێ، چونکا لەهەر شوێنێکی دوورگە بێ و بستێک زەویش هەڵکۆڵی، ئاو سەردەکەوێ. دایە گەورە کە هەر لەم گۆڕستانە قەدیمیە نێژراوە، هەمیشە دەیگوت: «لێرە هەموو شتێک ڕوو لە ئاوە، هەموو شتێک، ئێمە تەنیا دڵمان بەوە خۆش کردووە کە لە سەر زەوی دەژین.» دایە گەورە ڕاستی دەگوت، دوورگە زەوی وشکی نییە و کە ژێرخانیش بێ ئەوە ئیتر هەر هیچ. حەتمەن ناو فەرشەکەی تەڕە و میچەکەی قەڵشیوە و دیوارەکانی شۆرەی گرتووە .

دەیتوانی بنووسێ ژنە تەنیا بوو و، بە قەرەوێڵەیەکی چێوی تەڕ و پەتوویەک کە لە کەسێکەوە پێچرابوو. پەتووەکە تازە بوو، تازە و نوێ، چوارخانە و سپی و پەمەیی. ئەم کاتانە زۆر جار باشترین شتەکان دەبەن و، پەتووی سپی و پەمەیی، پاشان قوڕاوی دەبێ. گڵ و خۆڵی پێوە دەلکێ، پەڵەی خوێن وەک قرژاڵ کە چنگەکانی بۆ پاڕانەوە بە هەموو لایەکدا درێژ کردبێ، ئارام ئارام لە سەری نەخش دەبەستێ. قرژاڵ، قرژاڵێ کە بیەوێ هەڵێ، لە هەموو لایەکەوە هەڵێ. قرژاڵێک کە عەقڵی دۆڕاندبێ، چنگی بە هەموو

لایەکدا ڕادەکێشێ و لە شوێنێک دەمێنێتەوە. شوێنێک، لەسەر پەتوویەکی چوارخانە و تەنیا چنگی درێژ دەبێ و دەگاتە لێواری پەتووە پەمەییەکە، پەتوویەک کە ئەگەر «گوڵستانی» بە شوێنێکەوە نەبەسترابێتەوە، مەسەلەن بە درەختێکەوە، حەتمەن قوڕاوی دەبێ، یان قوڕاوی و خوێناوی. چونکا گوڵستانی حەتمەن کەوتووە، سەرەتا لە سەر ئەژنۆی نەویوەتەوە، پاشان ویستوویە خۆی بەسەر پێوە ڕاگرێ و، ڕێژنەی دوایی هەر وەک تۆفان کە درەختێک بە لادا بخا، دروێنەی کردووە، ئەوسا وەک واشە، جوولە جوولێ داناوە و، پاشان دەستێک کردوویەتیەوە و گوڵستانی هەروا کە نەویوەتەوە، بە سەرەوە خزاوەتە سەر عەرز و ئەو دوو دەستە هەر دوو پێی گرتووە و سڕاندوویەتی. سڕاندوویەتی و بردوویەتیە سووچێک، تا کەسی دوایی بە درەختەکەوە ببەستێتەوە. درەختێ کە ئیتر بۆنی باڕووتی لێهاتووە، لە دەمێکەوە بۆنی باڕووتی لێهاتووە. بەڵام چ درەختێک، چ درەختێکی تەمووئەستوور لە بەندەردا هەیە کە بتوانێ دەوام بێنێ؟ دار خورماکە حەتمەن ناتوانێ، بەیەکەم کەس و یەکەم ڕێژنە حسابی پاکە و، داری گوڵە هاوریشمیش هەرگیز ناهێڵێ کەسی پێوە ببەستنەوە و ڕایکێشن. دایە گەورە دە ڕۆژ بەرلەوەی بمرێ بە چاوی خۆی دیبووی کە دارە گوڵە هاوریشمەکەی مەیدانەکە، وەک ژنێکی پرسەدار خۆی لە ڕەگ و ڕیشەوە هەڵکەندبوو و، بەرەو دەریا چووبوو تا خۆی بخنکێنێ.

نەزانرا کێ مەلە دەریاییەکەی پێکابوو، بەڵام مەلی دەریایی لە کەوانەی پرسەداری خوی، لە سەر داری گوڵە هاوریشمەوە فڕیبوو. دایە گەورە دەیگوت حەتمەن دڵۆپە خوێنێک لەوسەرەوە بە سەر درەختەکەدا تکاوە.

هەستا، نەیدەویست بیر لە دایە گەورە بکاتەوە، ئەو بیرەوەریانەی کەهەرگیز بەریان نەدەدا. دەبوو چیرۆکەکە بنووسێ، چیرۆکی سارداوخانە و، بیر لە هیچ نەکاتەوە. نە لە دایە گەورە و نە لە داری گوڵە هاوریشم و نە دارخورماکانی دوورگە کە ئیتر هێزیان نەماوە. بەڵام حەتمەن ئەویان بە دار خورماکەوە نەبەستووەتەوە، دارخورما دەرەقەت نەهاتووە. تەنانەت ئەگەر یەکەمجاریشی بووبێ، نا، ڕێگەی تریش هەیە، مەسەلەن دەیانتوانی سەرەتا بە سەریا بکوتن، بێهۆشی بکەن و پاشان هەر دوو دەستی لە پشتەوە ببەستنەوە و ڕووەو ئاسمان ڕایکێشن و، لە سەر دڵی بدەن. ئەگەر لە سەر دڵیان دابێ تیری خەلاسی پێویست نەبووە. حەتمەن پێویست نەبووە...

خانمی گوڵستانی هیچی نەگوت، هیچ، کڕ و مات بوو. قسە بڕگە بڕگەکانی خانمی



گوڵستانی بە کەڵکی «دەریاری» نەدەهات. بەڵام وەک ڕۆژی ڕووناک دیارە کە کەسێکی وەک گوڵستانی ناهێڵێ بە ڕەحەتی دەست و پێی ببەستنەوە و، ڕایکێشن. حەتمەن هەوڵی خۆی داوە و تەقەلای کردووە و لە خۆڵەکەدا گەوزیوە و پاشان بە سەریاندا کێشاوە و، ئەمەش نیشان ئەدا کە پەتووەکە حەتمەن دەبێ قوڕاوی بێ.

جگەرەیەکی هەڵگرت. لەودیو پەنجەرەکە ئاسمان ڕەش بوو، با بەناو دار خورماکاندا تێدەپەڕی. با لوورەیەکی سەیری بو و، دوور بوو نزیک. شتێک، شتێک لە بەر چاوی لوولی دەخوارد. وەک ئەوکاتەی سروە لە میناری حەریری دایە گەورە دەکەوت، لە میناری سەوزی دایە گەورە، جگەرەکە لێک هەڵوەشابوو. وردە تووتن لە بەرچاوی دەڕژا. لە پەنجەرەکە نزیک بۆوە. خشە خش دەنگەکانی بیست، دەتگوت چەند کەسی شاراوە و هەراسان تابووتەکانیان خاڵی دەکردەوە. دەتگوت چەند کەس لەو تاریکیەدا، بە بێڵ گڵیان بە سەر قەبرەکاندا دەکرد. دەتگوت هێشتا هەموو شتێک دەوامەی بوو، هەموو ئەو شتانەی کە شەش مانگ بەرلە مردنی دایە گەورە دەستی پێ کرد. دایە گەورە گوتبووی: «شەوانی جومعە وەرە، بە درێژایی حەوتوو مردووەکان دەچنە دەریا، فاتیحا خوێندن لە سەر قەبری خاڵی دروست نییە.»

بە ترسەوە سەیری ڕۆژ ژمێری سەر مێزەکەی کرد، ئاسوودە بوو، شەوی سێ شەممە بوو. ئێستا هەموو مردووەکانی قەبرستان، تەنانەت ئەوانەش کە دوای ئاغای گوڵستانی، شەوانە نێژرابوون، لە دەریا بوون. ئێستا هیچ مردوویەک لە سەر جێی خۆی نەبوو، مردووەکان تەنیا شەوانی جومعە لە قەبرەکاتی خۆیاندا دەخەوتن و، بە درێژایی حەوتە لە دەریا بوون، لە قووڵایی ئاوەسەوزەکاندا. جێیەک کە دەیانتوانی بێ ترس و خۆف بدوێن، قسە بکەن و تا پێیان خۆش بێ هاوار بکەن. ئێستا دوورگە بێ قڕە بوو، تاریکیی ترسی نەبوو، ئەو دەیتوانی بەخەیاڵی ئاسوودە چیرۆکەکەی بنووسێ. بێ ئەوەی بترسێ، لە ئاغای گوڵستانی و، لە دەستە باریک و درێژەکانی کە لە پڕ لەناو تاریکیەکەوە لێواری پەنجەرەکە بگرێ و، هەڵگەڕێ و، سەیری کاغەزەکان بکا و، بڵێ: «چەتیو ئەم قسە هیچ و پووچانە هی ئێستا نییە.» ئەویش بێتە جواب: «ئاغای گوڵستانی خۆ نابێ هەموو کەس وەک ئێوە بیر بکاتەوە...»

ئێستا شەوی سێ شەممە بوو و، قەبرستان ترسی نەبوو. ئەوەی کە ڕۆژێک یان شەوێکیش دەریا پڕ ببێ لە مردوو، دوورگەش ژیانی تیا نەمێنێ و، لە ئەنجامدا

مردووەکان دیسان بگەڕێنەوە سەر ماڵ و حاڵی خۆیان هی ئێستا نەبوو. هێشتا دوورگە پڕ بوو لە بنیادەمی زیندوو، ئەو دەیتوانی بە ئاسوودەیی بنووسێ و کارێکی بە خورافاتەکانی دایە گەورەی نەدابێ. دەبێ ئێستا تەنیا بە چیرۆکەکەیەوە بنووسێ و، ئەو کاغەزەی کە هێشتا بەسپیەتی ماوەتەوە ڕەش بکاتەوە.

چاکە، ژن لە سارداوخانە دانیشتبوو... ژن لەم کاتەدا دەبێ لە چ دۆخێکدا بووبێ؟ شەوی پێشوو لە میوانی دەگەڕانەوە، ژنە گوتبووی: «خەریک بووم لە کیفەکەمدا لە کلیلەکە دەگەڕام کە دوو کەس لە تاریکیەکە هاتنە دەر و گوتیان: ئاغای گوڵستانی بێ زەحمەت پرسیارێکی سادەمان هەیە و، بردیان.»

شەو درەنگانێک، شەوی بەرلە ڕووداوەکە، کاتێک چووبووە ماڵی گوڵستانی، ئەمەی لە خانمی گوڵستانی بیست. ئیتر نەدەکرا لە چەند و چۆنی ئەو دوو گەنجە هیچ بپرسرێ، واتە خانمی گوڵستانی هەر قیافەکانیشی فەرامۆش کردبوو. بەڵام بە هەر حاڵ دەکرا کارێک بکرێ، مەسەلەن ئەوان لە تاریکیدا، دەست لە ناو گیرفان، بە بەرۆکی هەڵکشاوەوە لەبەر کزەی سەرمای بەفرانبار، پاڵ بە دیوار و چاوەڕوان، نیشان بدرێن.

هەوڵی دابوو خانمی گوڵستانی بەچاوی باز و پڕ عەجایبایەتی و لێوی باریک و پێکەوە نووساوەوە بێنێتە قسە، بەڵام بێ سوود بوو.

خانمی گوڵستانی بۆ دوا ڕۆژدا، وەک یەکەم جار کە گوڵستانیان لەناکاو برد، چەند کیلۆ میوە و دوو دەست جل و پەتوویەک، پەتوویەکی چوار خانەی سپی و پەمەیی دەکڕێ و، دەڕوات. حەتمەن بە هیوا بووە و هەراسان. ئەو کاتەش کە پێی دەڵێن، خانمی گوڵستانی دەستی لە حەوادا دەمێننەوە، بە پاکەتێک میوە و جلەوە. وەک پەیکەرێکی وشکبوو، ڕوو لەو پیاوە گەنجەی کە ئەو ڕستەی گوتووە. خانمی گوڵستانی حەتمەن کەسی نەدیوە و گەنجەکەش ئەگەر خووی پێ نەگرتبایە، حەتمەن دەبوو هەڵهاتبایە، یان ڕەنگە لەوێ ماوە بە تیزە بزەیەکەوە بۆ دەستە وشک بووەکانی خانمی گوڵستانی و ئەو پرتەقاڵانەی کە یەکە یەکە دەکەوتن و گلۆر دەبوونەوە بۆ سەر عەرز... ئاغای گوڵستانی حەزی لە سێو نەبوو، ئەگینا گەنجە توانیویە یەکێک لەو سێوانە وا گلۆر بۆتەوە هەڵگرێ و گازی لێ بگرێ و پاشان کەسێک دەقیژێنێ، ژنێک کە نازانێ لە کوێیە و کێیە و چی دەکا و، پاشان تاکسی بارەکەیە و، ئاغای گوڵستانی کە سەری لە سەر پێی ژنە جووڵاوەتەوە و، ڕێگەیەکی بەردەڵان و ناساف کە پێدەچێ بە ئەنقەست وردە بەردیان بەسەردا ڕشتبێ تا



نەگەنە خۆڵە پۆت... تا تاکسی بارەکە ئەوندە هەڵتەکێ کە خانمی گوڵستانی ناچار بێ باوەش بە گوڵستانی پێچراو لە پەتوودا بکات، تا نەکەوێ، لە تاکسی بارەکە بەرنەبێتەخوار.

لەوە دواش ئێوارە بووە و هەموو شوێنێک داخراوە...

خانمی گوڵستانی دەیگوت: ئەگەر کراوەش بوایە نەمدەبرد، دەمویست بزانم ڕاستە، دەمویست لایەکی پەتووەکە هەڵدەمەوەو هەڵیسێنم، تا بێ و پەردەکان کە بە نیوەتەواوی مابوونەوە هەڵواسێ. هێشتا چەکوش و چێوپەردەکان لە ناو تاق و سەر عەرزەکەدا مابوون و گوڵستانی... گوڵستانی...

بیری گریانی خانمی گوڵستانی ئازاری دەدا، خراپ دەگریا. گریانێک کە چاری نەبوو، وەک برینێکی بە ئازار دەیتوانی فەزای خەمباری سارداوخانەکە بشێوێنێ.

لە سیمای ژنێک کە لای پەتوویەک دانیشتبێ، پەتوویەک کە لە گوڵستانییەوە پێچرابێ و، چوار مۆم کە لە سارداو خانەکەدا تاریکی و ڕوونی ساز دەکەن، دەبێ تەنیا ترس و سەرسووڕمان ببێ، نە ئەو گریانەی کە پیاو نەتوانێ وشەیەکی بۆ ببێنێتەوە. ئەم وشانە دەڵێی گەمە بە پیاو دەکەن. وەک ئاغای گوڵستانی کە هەمیشە گەمەی دەکرد: «چیە دیسان دەفتەرێکت بە دەستەوە گرتووە و یاداشت هەڵدەگرێ، کچەکەم تۆ دەبێ ببیە مێژوونووس، لەناو چاوانتدا بێ هەستی و بێ غیرەتی مێژوونووسەکان دیارە.»

بەڵام بەهەرحاڵ ئاغای گوڵستانی هەرچی گوتووە، گوتبێتی. نووسەر دەبێ شوێن هەموو شتێک بکەوێ، هەموو شتێک لە سەرەتاوە، کاتێک کەسێک دێ و دەڵێ : بێ زەحمەت تەنیا پرسیارێکی سادە...

ئێستاش دەریا پڕ بوو لەو مردووانە کە هەر بەم پرسیارە سادەوە ڕۆشتن و ئیتر سەریان بە وشکاییدا نەکردەوە.

با توندتر هەڵیکردبوو. خشەخشی دارخورماکان، خشت و خۆڵێک کە بە حەوادا بڵاو ببۆوە و زەنا زەنایەک کە لە فەزادا بڵاو ببۆوە. زەنا زەنایەکی غەریب و نامەفهووم. پچەپچی عەسەبی و ترساو.

بەرامبەر بە ئەو پەنجەرە کە لە تاریکیدا دەکرایەوە. بۆنی سوێری دەریا دەڕژایە ژوورەکە، هەموو شتێک شێدار و چەسپەندە بوو. پەنجەرەی ماڵی گوڵستانی ڕۆشن بوو.

ڕۆشناییەکی تازیەبار و بوغز کردوو، ڕۆشناییەکی زەرد کە دەتگوت ساڵانێک لەوەبەر مرد بوو، تا لێواری پەنجەرەکە دەکشا.

جگەرەیەکی تری داگیرساند و، لە ڕەشایی دارخورماکان کە گۆڕستانەکەی داپۆشیبوو، ورد بۆوە.

تەنیا سێ ژن بوون. سێ ژن و، ئەوانیتر کە دووراو دوور ڕاوەستابوون و بە بیانووییەک، ئەنگوست لە سەر بەردی گۆڕەکان سەیریان دەکرد، خانمی گوڵستانی لە لای هەمان پەتووی چوارخانە کە لە گوڵستانیەوە پێچرابوو دانیشتبوو، سەرلێ شێواو لە ئاسمان و زەوی دەڕوانی. دنیای پێ تەنگ بوو، نەنگی تەنگ. ئەویش، دەفتەرچە یاداشت لە کیفەکەیدا، چارشێو بەسەر، ئەنگوست لە سەر قەبرێکی نەناسیاو دانیشتبوو، دەیڕوانی. گۆڕ هەڵکەن کە هات پاڵی بە بێڵەکەیەوەدا و بە ئەنگوستی تۆز لێ نیشتووی ئەو سێ پارچە کاغەزە وا خانمی گوڵستانی نیشانی دابوو هەڵدایەوە و سەری لەقاند. گۆڕ ئامادە، بوو ئەو تەنیا دەبوو ئاغای گوڵستانی بخزاندایە بۆ ناو گۆڕەکە و گڵی بەسەردا کردایە، ئیزنی مەحکەمەشی بوو. بەڵام گۆڕهەڵکەن گوتی: خۆ ناکرێ هەروا هەر کەس لە ڕێوە هات بینێژین و، پاشان سەیری پێڵاوە ئادیداسەکانی ئاغای گوڵستانی کردبوو، ئاخی هەڵکێشابوو.

ئەو لەوێوە دی گۆڕ هەڵکەن پێنج سەد تمەنیەکەی لە دەست یەکێ لەو ژنانەی کە لەگەڵ خانمی گوڵستانی بوو وەرگرت و، پاشان لە خوار قاچی گوڵستانییەوە دانیشت و هەوڵیدا پێڵاوەکانی دەربێنێ. ئەوسا نەویەوە و بە ددان گرێی قەیتانی کەوشەکانی کردەوە. پێی گوڵستانی لە ئیختیاری خۆیدا نەبوو، وەک دوو چڵە داری وشک کەوتبوون و ئاخریەکەی گۆڕ هەڵکەن هەستا، دوو جووت پێڵاوی ئادیداس بە دەستیەوە، گۆڕ حازر و ئامادە بوو...

گۆڕی ئامادە، پێڵاوی ئادیداس، هەوڵیدا ئەو وشانە لە سووچێکی لای ژوورووی ڕۆژ ژمێرەکە، لە ژوور دووشەممەوە بنووسێ. لاپەڕەی کاغەزەکە تەڕ بوو، قەڵەمەکە ناحەز و ڕەگەدار دەینووسی، وەها کە ساڵانێک کاری پێ نەکرابێ.

سەری هاتەئێش، ناو دەمی تاڵ و پاکەتی جگەرەکە لە سەر مێزەکە بوو. ئەو جگەرانەی وا بە سووکە ئیشارەتێک لێک هەڵدەوەشان، ئاغای گوڵستانی جگەرەکێش بوو. هەموو ئەو مردوانەی کە ئێستا لە ژێر ئاوی دەریا لە دەوری یەک کۆ بوونەتەوە و قسە دەکەن، یان



لە سووچێک بە تەنیا دانیشتوون و هەوڵ ئەدەن بە گیا دەریاییەکان یان کەلاکی سەدەفە مردووەکان جێ برینی گوللەکان چاک بکەنەوە، جگەرەکێش بوون.

قەڵەمەکەی هەڵگرت کە بنووسێ و نووسی: «بۆ نم، بۆ ڕزین و بڵێسەی چوار مۆم کە دەکەوتنە سەر دیواری شۆرە لێدراوی سارداوخانە و ئەو سێبەرانەی وا ساز دەبوون. ژن لە سەر چرپاکە دانیشتبوو، ئانیشکی دابووە سەر لێواری چرپاکە و لێوی دەلەریەوە، پەتووەکە لە سەر ڕوومەتی لا درابوو. ئاغای گوڵستانی سپی و بێ خوێن ڕاکشابوو، دەمی کراوە و نیوە کراوە، ڕیزی دانەکانی دیار، وەها کە دەتگووت هەروا کە ویستوویەتی قاقا بکێشێ، پێکەنینەکەی خواردۆتەوە و، خانمی گوڵستانی تاپۆیەکی تاریک و بێ ڕەنگ بووە.»

سەیری لاپەڕە کاغەزەکەی کرد. دی تەنیا جێی بەقووڵدا چوونی نووکی قەڵەمەکەیە و، کاغەز تەڕ و شێدار هەروا سپی ماوەتەوە. سەرسووڕمیو هەستا. چاک بوو ئاغای گوڵستانی نەبوو تا بە چاوە ڕەشەکانی و، ئەو بریسکە وا کاتێک دەیگەیشتێ لە چاویدا دەدرەوشایەوە، ئەنگوستی باریک و درێژی ڕاتەکێنێ و بڵێ: «خۆت فریو دەدەی، وا دەنوێنی کە دەتەوێ بنووسی و لە ڕووبەڕووبوونەوە هەڵدێی، تەنیا، نووسین بۆ چی؟ مێژوو کاتێک دەتوانێ مەحکەمە بکات کە ئیتر مەحکووم، یان نییە یان هێزی نەماوە...»

دەتگوت کەسێک لە سەریدا دەهۆڵ دەکوتێ، هەناسەی دەر نەدەهات. بەرامبەر پەنجەرەکە ڕاوەستابوو. هیچ کوێ ڕووناک نەبوو. سەیری سەعاتەکەی کرد کە میلەکانی ژەنگیان هێنابوو. بە نینۆکە درێژ و ناسکەکانی هەوڵیدا تۆزێک ژەنگەکەیان پاک بکاتەوە. سەفحەی سەعاتەکە زەردباو ببوو، میلەکان لەسەر دوو لەکار کەوتبوون. وەک سەعاتی ئاغای گوڵستانی کە لەسەر سێ مابۆوە و ڕۆژ ژمێری سەعاتەکە سێ شەممە پێنجی بەفرانباری نیشان دابوو. خانمی گوڵستانی گوتی: سەعات سێ لێیان داوە، سێی نیوە شەو، سەعاتەکان ڕاست ئەو ساتە کە لێدەدەن لە کار دەکەون.

ئێستاش سەعات دووی شەو بوو، تەنیا تروسکاییەک بەولاوەتر، لە وێوە دەهات، لەو ماڵەوە، ماڵی گوڵستانی... نا، ئەو ڕۆشناییە لە سارداوخانەوە نەبوو. پەنجەرەیەک بوو دەتگوت کەسێک تایەکی بەئەنقەست کردووەتەوە تا ئەو بتوانێ شوێن هێڵێکی ڕاست بکەوێ و، هەر وا کە لە پشت پەنجەرە، ڕوو لە تاریکی ڕاوەستابوو گۆڕەکان بژمێرێ، ئەو

گۆڕانەی وا لە ڕیزێکدا بوون، بچووک و گەورە و تا بێ کۆتا.

ئەگەر ئاغای گوڵستانی زیندوو بوایە ئێستا لەوێ لە هەمان ژوور، لە پشت پەنجەرە دادەنیشت و کتێبی دەخوێندەوە. کتێبی دەخویندەوە و تایەکی پەنجەرەکەی دەکردەوە، بەڵام ئاغای گوڵستانی مردبوو. حەتمەن ژنەکەی وەک هەمیشە لە پشت پەنجەرە دانیشتووە و دەگری. ئەو گریانەی کە بە هیچ شێوەیەک ناکرێ بیهێنیە ناو چیرۆکی «سارداوخانە».

با لە پرێکدا دوو تای پەنجەرەکەی پێکدادا، ترسا. لەو زەنا زەنایە و، لەو دەنگانەی کە دەتگوت کەسانێک، کۆمەڵە گەنجێک بە دەستی لە کار کەوتوو لە قووڵایی ئاوی سەوزدا، ئاوەکە لادەدەن تا لە سووچێکەوە بۆ سووچێکیتر برۆن. ترسا. لە شوێن دەنگی دایەگەورەی گەڕا. دەنگەکە دوور و کۆن بوو: مردووەکان تەنیا شەوانی جومعە لە شوێنی خۆیان ئارام دەگرن، شەوانی تر لە دەریا دان. پاشان دەنگێکی نزیک، نزیکتر و ئاشناتر، دەنگی دایکی کە دڵی دەدایەوە تا لە هیچ نەترسێ. «زۆری ماوە دوورگە چۆڵ ببێ، چۆڵ و هۆڵ، ئەوسا مردووەکان دێنەوە سەر ماڵ و زیندەگیەکەیان و لێرە نیشتەجێ دەبن...»

بۆ بترسێ ؟ حەتمەن دوو شەممە بووە و ئەوان لە دەریا، لە قووڵایی ئاوە سەوزەکەی ئەوێدا سفرەی دڵیان بڵاو دەکردەوە. لە سەر ئاوەکە کەس دەنگی ئەوانی نەدەبیست، هەر چییان دەگوت، هەر چییان دەنووسی، بەڵام دووشەممە... دووشەممەی چ ساڵێ بوو؟ لە تاریکیەکە ڕاما و گوێی هەڵخست. دەتگوت کەسێک هەوڵی دەدا بە پەنجەرەکەدا هەڵگەڕێ. سەیری کرد، دوو دەستی باریک و درێژ و ماسیو لە بەر ساڵەهای ساڵ مانەوە لەو ژێر ئاوە و، پاشان ئاغای گوڵستانی دی کە سەری لە قاپی پەنجەرەکەدا دەرکەوت:

«هێشتا لە بیری سارداوخانەکە دای.»

بە داخەوە سەیری کرد و، تێگەیی کە دیسان ئاغای گوڵستانی هاتووە تا ئەو لە مەرگی خۆی وشیار بکاتەوە و، بڵێ:

«تۆ لێرەی لە قووڵایی ئاوی سەوزدا، وەک هەموو ئێمە... زۆر دەمێکە لێرەی، دەبێ بڕوا بکەی.»

---

١ – سارداوخانە: ژێرخانێک کە لە کۆندا ئاوی خواردنەوەیان لێڕادەگرت. عەماراو.



# نووسراوەیەک

## فریشتە ساری

### ١

پاسەکە چەندسەد مەترێکی مابوو بۆ ترمیناڵ کە پەنچەر بوو. بارەکەم کۆڵەپشتیەکە، چاوەڕوانی پەنچەر گرتنەکە نامێنم و بەپێ سەر ڕێ دەکەوم.

هەر لێرەشەوە بینای خۆڵەمێشی ترمیناڵ، لەپاڵ کاروانسەرایەکی چۆڵدا دیارە. بڕێک ڕێ پێوان، ئەویش پاش دوانزە سەعات دانیشتنی ناو پاس، ماندوویی پێم دەردەکا. هەوا وشک و نەرم و تاوساوە.

نەرمە نەرمە بە قیرەتاوەکەدا بەرەو باریکە ڕێیەکی خۆڵڕێژ دەڕۆم. واچاکە لەبری ئەوەی بە بینای تازەسازی ترمیناڵدا تێپەڕم، لە کاروانسەرا چۆڵەکەوە بەرەو شار بڕۆم. هەم فاڵە و هەم تەماشا.[١]

شینی پیرۆزەیی سەر ستوونی دەروازەکە، لێرە و لەوێوە دەبیندرێ و نابیندرێ. ڕووکاری دەرەوەی کاروانسەرا لە قوڕی ئوخرایە و تاق و ستوونەکانی لە کاشی و، ئێستا یاری تاریک و ڕوونییە لەگەڵ لاجەوەرد و ئوخرا.

کە لە دەروازەکەوە دەڕۆمە ژوور چاوم بە سوپای مێرووە سوورەکان دەکەوێ کە لەسەر گڵی ئاڵتوونی لە هاتن و چووندان. لەسەر یەکێک لە سەکۆکان دادەنیشتم و پاکەتی

جگەرەکەم لە کۆڵەپشتیەکەم دەردێنم. لە کاتی مژلێدانیدا دەلاقەکانی چاوەدێری قەڵاکە دەژمێرم، بەڵام هەموو جارێک کە چاو لێکدەنێم و دەیکەمەوە، ژمارەی دەلاقەکان دەگۆڕێ. نە هاژی با کاروانسەرا کاولەکەی داگیر کردووە و نە تاپۆکان لە پشت دەلاقەی چاوەدێریەکانەوە دەخولێنەوە. نە چاوەڕێی شتێکی چاوەڕوانی نەکراوم و نە تاقەت و حەوسەڵەی چاوەڕوانیم هەیە.

ئەم جگەرەیە دەکێشم و پاشان تاکسیەک دەگرم و بەرەو هوتێل دەچم. سەرەتا سەعاتێک دەخەوم و ئەوسا ئاوێک بەخۆمدا دەکەم و دەڕۆمەدەر. ڕێبکەوێ پیاسەیەک دەکەم و تێر لەملاولا دەڕوانم، هیچ پەلەی گەڕانەوەم نییە. خووم بەوە گرتووە کاتێ دووکەڵی جگەرە دەدەمە دەر چاوەکانم ببەستم. لە شوێنێک خوێندوومەتەوە کە دووکەڵی جگەرە، وردە وردە، سپیەنەی چاو خراپ دەکات. چاو دەکەمەوە، کچێکی باڵابەرز بە جلی ئوخرایی و، دەسماڵێکی پیرۆزەیی سەیرم دەکا. چاکە، با ئەوەندەم سەیر بکا تا هیلاک دەبێ، خۆ ئەم کاروانسەرایە میراتی باوکم نییە. پێم لە ژێر خۆم دەردەکێشم و بەریان دەدەمەوە، نەک ئەوەندە کە بگەنە ڕیزی مێرووەکان. لە جیدیەتی مێرووەکان لە هاتن و چوونی ناو گڵ و خۆڵەکە پێکەنینم لێدەپژێ. کچەکە دەڵێ:

«پێمەکەنە، وەڵامم نەدەیتەوە نە بۆپێش و نە بۆ دوا، ڕێی دەربازبوونت نییە.»

## ٢

ئەڵبەت ئێرە ئێرانی کۆنە، بەڵام یۆنانی کۆن نییە. تازە، ئەبولهەولیش پیاو بوو نەک کچێکی گەنج. منیش لە کاروباری خۆمدا تیاماوم، چ بگا بەوەی بۆ ئەوە بتوانم بچمە ناو شار و نەکوژرێم، وەڵامی مەتەڵان بدەمەوە.

بە چاوی کراوەوە دووکەڵی جگەرەکە فوو دەکەم و دەڵێم: «خانمی بەڕێز ئێستا تاقەت و حەوسەڵەی گاڵتە و گەپم نییە.»

کچە دەسماڵی پیرۆزەیی لە خەرمانی قژی ڕەش و بڵندی لادەدا و لە حەوادا هەڵیدەسووڕێنێ. پاشان دەڵێ: «ناتوانی وەڵامم بدەیتەوە. دەزانم.»

ئەوسا ئویین دەنوینێ.



دەڵێم: «زۆر سوپاسی میوانداریت دەکەم، بەڵام من لە وەڵامدانەوە بەخۆشم تیاماوم. نە وەک کەر کە لە قوڕدا مابێ، بەڵکو وەک کەری بوریدان.»

گرێیەک دەکەوێتە مابەینی برۆ پەیوەستەکانی، لەوەدەچێ بیەوێ بپرسێ: «بوریدان چیە؟» بەڵام دان بەخۆیدا دەگرێ و هەمدیس ئویینان دەنوێنێ. ڕەنگە لە پەیوەندی لەگەڵ مەسەلەی ڕێژەگەری ئەنشتاین بووبێ، لە شوێنێک نموونەی کەری بوریدانم دیبێ و لەبیرم چەقیبێ.

لەملاو لەولای کەرێک بە مەودای چونیەک ئاو و ئالفیان داناوە، کەرەی کلۆڵ نازانێ بەرەو چەپ بچێ یان بەرەو ڕاست و، لەنێوان ئەم دوو هەڵبژاردەدا، توونی و برسی دەمێنێتەوە. کچە نیگای تیژی لەمن بڕیوە، بەڵام بەگومانم کە دەمبینێ یان نا، بەهەرحاڵ من ئەو دەبینم.

لە ناکاو دوو ژنی ڕەشپۆش لەوپەڕی کاروانسەراکەوە بەرەو ئێمە هەڵاتن. با لە پاشڵی دامێنە ڕەش و فەریحەکانیان دەدا و، بەرەو دواوەیان دەکێشێ. لەهەر دوو لاوە دەستی کچەکە دەگرن، ڕایدەکێشن و لەگەڵ خۆیان دەیبەن. کچە، لە مابەینی ئەو دوو ژنە، لەگەڵ هەر هەنگاوێک کە بۆ پێشەوەی دەبەن، ئاوڕ دەداتەوە و تیژ لێم دەڕوانێ. لە سەکۆکە دەپەڕمە خوار. کۆڵەکەم بەشاندا دەدەم و سەر ڕێ دەکەوم. دیارە تۆزێک ڕەنجاوم. نەحلەت لە شەیتان. هەرسێکیان بەسەر گۆڕە بێ ناونیشانەکانەوە تێدەپەڕن. کچە هەنگاو بە هەنگاو ئاوڕ دەداتەوە و تیژ و بڕەک سەیرم دەکا. دەتوانم گورجتر هەنگاو هەڵێنمەوە و پێشیان کەوم، بەڵام هەروا بەدوایاندا لە کاروانسەراکەوە ڕەت دەبم. دەڵێی نیگای تیژی کچەکەیە ڕامدەکێشێ و دەمبا، هەروا کە ئەو ژنە ڕەشپۆشانە خۆی ڕادەکێشن و دەیبەن.

## ٣

لە دەرەوەی کاروانسەرا وانێتێک[٢] چاوەڕێ ڕاوەستاوە. ژنەکان قاڵیچە و، شیشەی بەتاڵی گوڵاو و کچەکە دەخەنە پشت وانێتەکە و دەرکەی هەڵدەدەنەوە. هەردووکیان لە پێشەوە، لای پیرەمێردە شۆفێرەکە دادەنیشن. ئەمە هەمان ساتەوەختی پەلە و گورجییە، دەستم لە لێواری دەرکەکە گیر دەکەم و خۆ هەڵدەدەم. ماسولکەکانی پێ و ناوشانم

بەئازارێکی زۆرەوە دەکێشرێن.

دانیشتنی پشت مێز، وزە و چالاکی لەش دەتوێنێتەوە. چ نییە، هەر کە گەیشتمە هوتێل خۆم بە ئاوی گەرم دەشۆم. وانێتەکە بەچەپ و ڕاستدا دەلەنگێ. خۆی بەشاردا دەکا. حەز دەکەم چاک لەملاولا ورد ببمەوە و هەست بە نەبزی شار بکەم، بەڵام سەیری هیچ کوێ ناکەم. تەنیا بیر لەوە دەکەمەوە کە چۆن پرسیارەکەم لەو کچە بکەم و دەرپەڕمە دەر.

ڕەنگە بەئیشارەی کچە، لە ئاسمان دەڕوانم. ڕەنگەکان تێکەڵاو و سەییال لێک ئاڵاون، کاڵ دەبنەوە و پەستا پەستا تابلۆی تازە، بێ ئەوەی قاپ یان بەردەوامییەک بخوازێ، لەسەر سنگی ئاسمان دەردەکەوێ و ون دەبێ.

تابلۆکان بەشێوەیەکی تەجریدی لە تێکەڵ بوونی ڕەنگەکاندا دەردەکەون و ون دەبن. ، قەلەڕەشەکان لە دواهەم تابلۆوە دێنەدەر، بە ژوور وانێتەکەوە دەفڕن و، زەمینەی ڕەنگەکان یەکدەست ڕەش دەبێ. ئێستا ئیتر کاتی ئەوەیە لەم کچە بپرسم بۆ بەدوای خۆیدا ڕامدەکێشێ. کچە لە چاوترووکانێکدا لە وانێتەکە دەپەڕێتە دەر. لە ئاسۆ، چنگێک هەوری پیرۆزەیی لە جەغزێکی ئوخراییدا کاڵ دەبنەوە.

وانێت لە کۆڵانێکی کورت و تەنگەبەر، لە بەر ماڵێکی کۆن ڕادەوەستێ. ژنەکان گورجوگۆڵ دادەبەزن، دەرکەی پشت وانێتەکە دەکەنەوە و قاڵیچە و شیشەی بەتاڵی گوڵاو و من دێننەدەر. هێشتا چاوم لە کاڵبوونەوەی پیرۆزەیی لەسەر ئوخرایی گەرمی ئاسۆیە. جەغزەکە سەرەتا دەبێتە هێڵێکی تۆڕی و پاشان خاڵێک. دوای داخستنی دەرکەی ماڵەکە، دەستم بەردەدەن. هەموو لایەک وەک ئاسمان تاریکە. لەجێی خۆم نابزوێم. وردە وردە چاوم بەتاریکیەکە ڕادێ و دەتوانم هەیبەتی شتەکان و جووڵەی دوو ژنە ڕەشپۆشەکەی ناو ژوورەکە لە یەکتر هەڵاوێرم. دەست بەدیوارەکە دەگرم و کوێرەکوێر دەڕۆم، پریز و کلیلی بەرقەکە دەبینمەوە. هیوام بە ڕووناکی نامێنێ، ژنەکان بە پەلە لە ئاشپەزخانە خەریکی ئامادە کردنی خواردنن. لەبەر تیشکی ئاگر و بلیسەی ژێر مەنجەڵەکان جووڵەیان دەبینم. کاسەیەک هەڵدەگرن و گۆزەیەک دادەنێن، چالاک و بێ نیازی ڕۆشنایی، لەپڕ نوورێک لە زەینمدا هەڵدەبێ و تێدەگەم کە ئەوان کوێرن. نا، ئەوە ڕاست نییە. دەچمە ناو دەرکەی ئاشپەزخانە و هەوڵدەدەم پێیان بڵێم من ئەو کچە نیم. هیچ ناکەن، دیارە کەڕن. لە دەرکەوە دەچمە ژوور، قۆڵیان دەگرم و داوایان لێدەکەم سەرنجم بدەنێ. مۆڕ دەبنەوە،



قۆڵیان ڕادەکێشن و دیسان خۆ بە ئامادەکردنی خواردنەوە خەریک دەکەن. هیچ وەڵامێکیان لێ نابیستم و تێدەگەم لاڵیشن. کەواتە من شێتم نەوەک ئەو کچە. من لێرەم، ئەی ئەو لە کوێیە؟ ئێستا خەریکە چی دەکا؟ ڕاستە کە توانیویە تا ئێرە من لەجێی خۆی دانێ، بەڵام دڵنیام ناتوانی بەردەوام بێ. لەپڕ دڵم وە تەپ و کوت دەکەوێ.

## ٤

پاکەتی جگەرە لە کۆڵەکەم دەردێنم. چەرخەکەم هەڵدەکەم و، لەبەر تیشکی ڕۆشناییدا لە تەپڵەکێک دەگەڕێم، نایدۆزمەوە. ژنەکان سەرقاڵی شتنەوەی سەوزەن، چ بۆن و بەرامەیەک! ڕەنگە سەوزەی کوێستان بێ. بەرامەی تەرخون و گشنیژ و گوڵپەڕی تازە و، عەتری ڕێواس و کەنگریش جاروبار ئارامتر تێکەڵ دەبن. سەمفۆنیای عەترەکان لە مووومانی کورت و توندەوە دەگاتە بەشی ئارام و لەسەر خۆی. بەر لە دووبارە هەڵچوون و کرژبوونەوەی، مژێکی قووڵ لە جگەرەکەم دەدەم. دووکەڵی جگەرە وەک سازێکی لەکۆک دەرچو و، شووخاڵ لە سەمفۆنیای بۆنەکان دەگرێ. پێمووانییە هەستی بۆنکردنی ژنەکان کوێر بێ، لەوەش ناچێ ئەو کچە جگەرەکێش بووبێ، ئەی بۆ پەی بە هەڵەی خۆیان نابەن؟ بۆ پاڕازیتی دووکەڵ لە ئۆرکیسترای بۆنەکاندا نابیستن؟

دەورییەکی میناکاری کراو لە بزماری سنگی دیوارەکە دەکەمەوە و، خۆڵەمێشی جگەرەکەمی تێدەکەم. لەحنەت لە شەیتان. پێکەنینم بەوە دێ لەم ماڵەدا زیندانی بکرێم، بە دیانی بەستراوەوە پێدەکەنم. ڕاستە کە ژنە ڕەشپۆشەکان دەرکەی ماڵەکەیان قفڵ کردووە و کلیلەکەشی بەملی ئەوەیانەوەیە کە بەحاستەم باڵابەرزترە. بەڵام نە ئەم ماڵە کۆشکێکی تووناوتوونە کە سارداو و نیگابانی ببێ، نە من لە سەدەی هەژدەدا دەژیم. ئێرە ماڵێکی بچووکە و تەنیا دوو ژنی کوێر و کەڕ و لاڵی لێیە. موچڕکەم بە دڵدا دێ. بەرە دەستم دەخەمە سەردڵم و، ئەنگوستم لە موبایلەکەم دەدرێ کە بە ملمەوە هەڵمواسیوە. نا، نابێ نیگەران بم، ئەوپەڕی تەلەفوون بۆ پۆلیس دەکەم. ئۆقرە دەگرم. واچاکە تا بەیانی لێرە بمێنمەوە، لە سووچێکی ئەم ماڵە تاریکەدا سەردەنێمەوە و دەخەوم. ئەوەندە ماندووم وادەمرم، دەتوانم لە ڕووناکی سبەینێدا ماڵەکە ببینم و، درێژە بە سەفەرەکەم بدەم. ناکرێ ماڵەکەم نەدیبێ لێرە بڕۆم. دیسان چەرخەکەم دادەگیرسێنم و لەبەر تیشکی بڵێسە

بچووکەکەیدا، کوێرەکوێر بەرەو ئاخر ژووری ماڵەکە، سێ پلیکانە بەرەوخوارتر لێرە کە لێی ڕاوەستاوم، دەڕۆم. پێدەچێ ئەوێ بەشێوەیەک تالاری ماڵەکەش بێ...

کۆڵەپشتیەکەم دەنێمە ژێر سەرم و بەلایەکدا ڕادەکشێم. ئەژنۆم کۆ دەکەمەوە، دەستم لێک گرێ دەدەم و لە مابەینی ڕانەکانم دایاندەنێم. کە ئەژنۆم لە سکم دەدرێ هێور دەبمەوە. هێور.

٥

پێویست ناکا بیر لەوە بکەمەوە کە کێم و لە کوێم. لە خەونیشمدا هەر لێرەبووم. نوچرقێک لە پێم گیرا و لە خەو ڕاپەڕیم. هەموو لایەک تاریکە. ئەگەر لە ڕۆشنایی لیمۆیی ڕەنگی چراکەدا خەوتبام و لە قەرەوێڵە ئاشناکەی خۆمدا بەئاگا ببوومایەوە، وەک هەمیشە پێویستم بەسووکە ئیستێک بوو تا خۆم بناسمەوە، لە پیکوچرکەیەک بەخۆمدا بچمەوە. کێم؟ لە چ ساڵێکدام؟ لە کوێم؟ و... ڕاست وەک کامپیۆتیرەکەم کە دوای هەمووجار هەڵکران، سەرەتا خۆی دەناسێتەوە، بە بوون و یادەوەریەکانیدا دەچێتەوە و پاشان ئامادەی کارکردن دەبێ.

چەرخەکەم لە گیرفانی پانتۆڵەکەم دەردێنم و ڕۆشناییەکەی بەملاولای خۆمدا دەگێڕم. پیاڵۆکەیەک شۆرباویان لەسەر کەشەفەیەکی وەرشە و لە پاڵدا داناوم، بۆن خۆش و گەرم. ئەوندەی پێویست بێ پاڵ بە کەشەفەکەوە دەنێم. دیسان سەرم دەنێمەوە سەر کۆڵەکەم و پێم لەسەر دڵم کۆدەکەمەوە. ساردە، باوەش بەخۆمدا دەکەم.

٦

خەریکم خۆم شناسایی و چەک دەکەم. لەسەرخۆ، بەرنامە سەرەکیەکان هەڵناستنەوە. لەبیرم چۆتەوە کێم. ڕۆشناییەکی دڵمردوو لە گەمارۆی داوم. نەناسیاوە، هەموو دەوروبەرم غەریبە. بەرنامەی شناسایی خۆم قفڵ بووە. بەرەو ڕەشایی خامۆشیی دەگەڕێمەوە، لە خەویشدا خەونم نەدیوە. بەردێک بووم لە بنکی چاڵێکدا، لە بنکی ئەم چاڵە خەوەدا،



بەرد دەمێنمەوە. دەڵێی زەینم تووشی هەڵەی بەڕێوە بردن بووە. کە وردە وردە و بە هێوری بەرنامەکانی شوناس سازیم دێنە ڕوو، ئەوسا دێڕ بە دێڕ وەبیرم دێتەوە کێم و لە کوێم. دەمەوێ بزانم بۆ لێرەم؟ دەبێ بڕۆم داوای لایەنە لاوەکیەکانی زەینم بکەم. لە شکڵی کەشەفە وەرشەوەکە دەڕوانم، پووشەیەک دەکرێتەوە و ڕادەپەڕم، ملم ئێشی. ویستوومە لە ڕۆشنایی بەیانیدا ئەم ماڵە ببینم، پاشان بڕۆمە دەر و درێژە بە سەفەرەکەم بدەم. بەڵام ئەم ڕۆشناییە بۆ بینینی ژوورەکە بەس نییە. پێموانەبووە ژوورەکە پەنجەرەی نەبێ و تیشکی کزی هەتاو لە دەلاقەی بچووک و تۆڕی میچەکەوە دێتە ژوور.

خەریکە دەبووڕێمەوە، لەو ڕووناکاییە دڵمردووەشدا پاک و خاوێنی ژوورەکە دیارە. برسیمە. دەچمە ئاشپەزخانە. ژوورەکەی من سێ پلیکانە لە خوار تالارەکەوەیە و ئاشپەزخانەش حەوت پلیکانە بەرزتر. دەرکەی ماڵەکە لە حاستی تالارەکەیە و، دالآنێکی باریکیش چوار پلیکانە بەرەوخوارتر لە تاریکیدا ڕۆچووە. لە دەلاقەیەکی تۆڕی و بچووکی تر بە میچەکەی تالارەوە، ڕۆشناییەکی چڵکەسوو باقی ماڵەکەی دڵتەنگ کردووە. ژووری ژنەکان و، ڕەنگە دەستشۆرک و حەمامەکەش لە ئاخری ئەو دالآنەدایە و، نازانم لەواندا چ باسە. سەرەتا دەبێ شتێک بخۆم. مەنجەڵێکی مس لەسەر سەکۆیەکی بەرزە، پەنجەیەک نانی لێ دەردێنم. ئاشپەزخانە پڕە لە سەکۆی بەرز و نەوی. لەسەر نیمچە سەکۆیەک جامولکەیەکی پیرۆزەیی دەبینم کە قاڵبە پەنیرێکی تازەی تێدایە. پێدەچێ هەر ئیمشەو پەنیرەکەیان کردبێ، بەسەر پێوە نان و پەنیرەکەم دەخۆم. لە کۆڵەپشتیەکەمدا نسکافە دەردێنم و بەئاوی سەماوەرە زەردەکە کە ئێستا کوڵ هاتووە، دوو پیاڵە نسکافە ئامادەدەکەم و بەشوێن یەکتردا هەڵیاندەقوڕێنم، دەگەڕێمەوە بۆ ژوورە چاڵەکەم. دەوریە میناکاریەکە لەسەر تاقەکە هەڵدەگرم، پاڵ بە بەستەکە نوێنەکەوە دەدەم و جگەرەیەک دادەگیرسێنم. مژی لێدەدەم و لەپڕ هەست دەکەم حەزناکەم لەم ماڵە بڕۆم و ئەم هەستە دەمتۆقێنێ.

٧

ژنەکان لە خەو هەستاون، بەنۆرە حەمامیان کردووە. هەمان کراسی ڕەش و فەریحیان لەبەردایە و ئێستا خەریکن دەڕۆنەدەر. بەرلە ڕۆشتن دێنە ژوورەکەی من، بە چڕنووکی ورد

و درشت باسک و بەرە دەستەکانم کۆڵەوار دەکەن. ئەم چڕنووکانە جۆرە مۆرسێکن، بەڵام من تێیان ناگەم. ژماردم دەرکەی ماڵەکەیان سی قفڵە کرد و ڕۆشتن. دەنگی خوێندنی کەڵەشێر دێ، لەسەر دەلاقەی ژوورەکەی من نیشتووە و پەڕ و باڵ دەکوتێ و، سەرخۆش و بەکەیف وەها کە شتێک ڕوویدابێ، دەخوێنێ. پاڵم بەبەستەکە نوێنەکەوە داوە و، خەو بردوومیەوە. ملم ئێشی، لە ئێشی ملم جاروبار لە خەونووچکە و وردە وەنەوزان ڕادەبم. بایەکی مەزن گڵ و خۆڵ بە دەلاقەی میچی ژوورەکەمدا دەپەلۆسێ. ئەم ماڵە نە حەوشە و حەساری هەیە، نە پەنجەرە و نە ڕێیەک بۆ سەربان. ماڵەکەش کەم کوێر نییە.

سەرپێچە بێ گڵۆپ و بەتاڵەکان وەک زاری کراوە بۆ هاوار، هاوارێکی کۆن و نەبیستراو، بەسیمی بن میچەکانەوە بەربوونەتەوە.

## ٨

شەوە، ژنەکان نەگەڕاونەتەوە. سەعاتەکەم لە دەست دانەکەندووە. لەسەر سەفحە نوورانیەکەی بەرواری سێی ئوکتۆبەر دەبینم. لە زەینمدا دەیکەمە بەرواری کۆچی هەتاوی، پێموابێ بەهەڵە چووبم. لە خێری گۆڕینی دەگوزەرێم و هەمان سێی ئوکتۆبەر بەزەینم دەسپێرم، ژنەکان نەهاتوونەتەوە. نیگەرانم، مۆبایلەکەم هەڵدەگرم، کاتی ئەوە هاتووە تەلەفوون بۆ پۆلیس بکەم. بەڵام ناونیشانی کوێیان بدەمێ؟ خۆ من ناونیشانی ئەم ماڵە نازانم. بەڵام لەشوێنێک خوێندبوومەوە کە بەهۆی مۆبایلەوە هەموو کەس لە هەموو کاتێک لەژێر چاوەدێریدان و، هەموو ساتێک ئاگاداری جێگۆڕەکەیانن. ئەی بە چیدا دیارە پۆلیس بڕوام پێدەکا؟ یان ئەرکی شوێن پێ هەڵگرتنم وەئەستۆ دەگرێ؟ تاقیکردنەوەی زەرەری نییە.

شەحنی تەلەفوونەکەم تەواوبووە. سیمی شەحنەکەی لە گیرفانی کۆڵەپشتیەکەم دەردێنم، ژوورەکە بەرقی نییە. مۆبایلەکەم بەدەستەوەیە، بەژوورەکەدا دەگەڕێم. حاشا لە دڵۆپێک بەرق. مۆبایلەکە حەتمەن بەرلە تەواو بوونی شەحنەکەی چەندجار ڕایگەیاندووە. ئاگام لە خۆم نەبووە؟ لە خۆم تووڕەم. گڕی چەرخەکە قامکم دەسووتێنێ. دەیکوژێنمەوە و دەگەڕێمەوە بۆ ژوورەکەم. زوو فێر بووم لە تاریکیدا ڕێی خۆم بدۆزمەوە، بەڵام مەچەکی



دەستم توند بەستوونی تالارەکەدا دەدرێ و دەنگی شکانی سەعاتەکەم دەبیستم. پاڵ بە بەستەکە نوێنەکەوە دەدەمەوە. تاقەتی جگەرەکێشانیشم نییە. ئیمڕۆ چەند کەڕەت لە کاتی جگەرەکێشاندا، ئیشتیای جگەرەم کرد، ئەوسا تێگەیشتم ئاگام لەو کارەنییە کە خەریکە دەیکەم. نائومێد و بێ مەیل بووم، چ فەرق دەکا کاتێک کە تەنانەت ئاگام لێ نییە خەریکی چیم؟ ژوورەکە قووڵ و تاریک و بێدەنگە. بەچاوی کراوەش دەتوانم بخەوم. پێ ڕادەکێشم، دەستم لە مۆبایلەکە دەدرێ، لایدەبەم. مۆبایل بەبێ شەحن تەنانەت بۆ یاری پێکردنیش نابێ.

## ٩

سەیرە، چەند شەوە تووشی بێخەوی بووم، ڕۆژانی سەرەتای هاتنم بۆ ئەم ماڵە، چەندە خۆشی و قووڵ خەوم لێدەکەوت. ئێستا تا حەبێکی لۆرازپام، کە لە زێڕیش بەلامەوە بەبایەخترە، نەخۆم خەوم لێناکەوێ.

سێ حەب زیاترم پێ نەماوە. بەهەر سیانیان شەش میلیگرام. بۆ هەر یەکیان سێ میلیگرام ڕەنگە بەس بێ. بەس نەبێ دەبێ بیکێشم. هەر چۆنێکە دەبێ ئیمشەو بێ حەب بخەوم. تەنانەت ئەگەر بووە چەند سەعات، سبەی شەو، هەر یەکەو حەب و نیوێک دەکەمە جامۆڵکە چێشتەکەیانەوە. نابێ هەموو حەبەکان بدەم بە یەکێکیان. ڕاستە کە هەر شەوەی یەکێکیان کلیلدارن. بەڵام لە بێبەختی من، ڕەنگە ئیمشەو و سبەی شەو ئەو بەشکردنەیان تێکدابێ. بە حسابی من ئیمشەو کلیلەکە بە ملی ئەو ژنەوە دەبێ کە کەمێک باڵای بەرزترە. دوێنێ کە ژنەکان لێرە نەبوون تا توانیم پیاڵەیەکی زەدم بە دەرکەکەدا کوتا. یان کەس لەم کۆڵانە نییە، یان هەموو دانیشتووانی کەڕن.

چاک بوو ئەو کچە شێتە لەم ماڵە ڕۆیی. دەیویست چیم لێ بپرسێ؟ خۆی دەیزانی؟ بۆ منی بەشوێن خۆیدا ڕادەکێشا؟ نیگای بۆ ئەوەندە تیژ بوو؟ ئەی منی شێت چۆن و بۆچی شوێنی کەوتم؟ هێشتا تێنەگەیشتووم ئەم ژنانە کێن و بۆکوێ دەچن؟ چۆن بێ چاو و گوێ و زمان ئەوندە ئازا و چالاکن؟ ئەی بۆ بەزەییان بەو کچە شێتەدا نایەت؟ چۆن دڵیان دێ ئەو هەموو سەعاتە لاڵە بەتەنیا جێی بێڵن؟ ڕەنگە ئەوان پێناسەیەکی تریان لە بەزەیی

ببێ؟ ڕەنگە پاساویان بۆ کردەوەیان ببێ؟

لەم هەموو نەزانینە گێژ بووم و، لەوەی کە دەبێ هەروا بەنەزانی لەم ماڵە بڕۆم گێژتر و، لە مانەوە لەم ماڵەش...

## ١٠

ئیمڕۆ دەبێ یەکێک لە ڕۆژەکانی پشوودان بێ. ژنەکان لە ماڵەوە ماون، لە بەیانییەوە خەریکی چێشت لێنانن. بە هەڵس وکەوتیاندا دیارە میوانیان دەبێ. بڵێی کێ بێتە میوانییان؟

لە کونجکۆڵی خۆم خەریکە گڕم تێبەردەبێ. بڵێی میوانەکان بە بینینی من لەبری ئەو کچە ڕۆشتووە، سەریان سووڕنەمێنێ؟ ئیمڕۆ چاکترین دەرفەتم بۆ قسەکردن لەگەڵ خەڵکدا بۆ دەڕەخسێ. نەکا تۆمەتی فریودانی ئەم کوێرانەم بدەنە پاڵ؟ بەڵام ئاخر ئەم ماڵە کوێرە چ سوودێک بەمن دەگەیەنێ؟ ژنەکان دوانزە پەرداخی بەرز بە نەخشی باڵندە و فڕین و، دوانزە دەوری وەرشاویان بەنەخشی گەڵا و گوڵەوە لەسەر سەکۆیەکی بەرز چنیوە. جگە لە شۆرباوە هەمیشەییەکە چەند جۆرە قولیچەشیان دروست کردووە. هەردووکیان چونیەک کراسی ڕەشی هاوریشمیان بە کەنێرەی پیرۆزەییەوە( پیراق دوزی فیروزەای) لەبەرکردووە.

لەپڕ دەترسم نەکا میوانەکان لە پشت دەرکە بمێننەوە و بگەڕێنەوە. خۆ ئەم ژنانە دەرکە کوتانەکە نابیستن. نا، نابێ نیگەران بم. حەتمەن لەبەینی خۆیاندا ڕەمز و نیشانەیەکیان هەیە. ڕەنگە ئەو کچەش یارمەتی دابێتن. دەبێ هەر لەم دەوروبەری ئاشپەزخانە بم. بەڵام واچاکە پێشتر کۆڵە پشتیەکەم هەڵپەردێوم و، مانتۆ و شەرواڵەکەم لەبەرکەم و ئامادەبم. تێپەڕین بەناو میوانەکاندا و چونەدەر لە دەرکەکە کارێکی ئاسان نییە. کۆڵەپشتیەکەم دەبەستم و لەپشت دەرکە، برێک بەولاوەتر بۆ ئەوەی پێی کەسی لێ نەدرێ، نزیک پلیکانەی دالانەکە دایدەنێم. دواهەم قۆپچەی مانتۆکەم دەبەستم. بەڵام بەم شێوە میوانیەکەم لە کیس دەچێ و بۆ هەمیشە لە هیچ ناگەم. کاتی ڕۆشتنی میوانەکانیش فرسەتی چاکە، نابێ ئەم میوانییە لە کیس خۆم بدەم.

تازە ڕەنگە میوانەکان بتوانن لەم دووژنە بگەیەنن کە من ئەو کچە نیم. بەدەوری



تالارەکەدا بەڕیز پشتییان داناوە و، لە پاڵیشیاندا دوو لۆ پەتوویان ڕاخستووە. نەخش و نیگاری پشتییەکان گوڵەبەڕۆژەی درشت و، نەخش و نیگاری پەتووکانیش ئاسکە. ژنەکان ئێستا خەریکن دەفری قولیچەکان دەبەن بۆ تالار. قولیچەیەک لە دەفری ژنی کلیل لەمل هەڵدەگرم. تورت و بەتامە. تامی دارچین دەدا. دەبێ قفڵێکی قایمتر لە قفڵی دەرکەی ئەم ماڵە لە سێلاوی ئەو بیرکێشەکیانە بدەم کە لە تامی ئەم قولیچەوە سەرهەڵدەدەن. دەبێ هەموو هۆشم بۆ حاڵوڕۆژی ئەم ماڵە تەرخان بکەم، نەک بۆ هیچی تر.

## ١١

لەوسەری دالانەکەشەوە دەتوانم بزانم میوانەکان هاتوون یان نا. کفری دەبم. ئەمە کەی کاتی چوون بۆ مەبال بوو؟ لە بەیانییەوە ئەوەندەم شەربەتی بیدمشک خواردووە. قەت ئەوەندە توونی نەبووم. هەر لەوسەری دالانەکەوە پێڵاوە جووتکراوەکانی میوانەکان دەژمێرم. هەموویان پێڵاوی ژنانەن. بە دوو کۆخە قوڕگم ساف دەکەم (بڵێی دەنگیشم لێ بێتە دەر؟) لەسەر پلیکانەکان ڕادەوەستم. ژنەکان پەرداخی شەربەتی بیدمشک بە میوانەکان دەدەن. لەناو چوار گۆشەی پەتووە ڕاخراوەکاندا دەخولێنەوە و بەقولیچە و شەربەت میوانداریان دەکەن. لە ئاسانەی تالارەکە ڕادەوەستم. سەبر دەکەم زرینگە زرینگی تێکەڵ کردنی شەربەتەکان دوایی بێ و کەوچکە بچووکەکان ئارام بگرن. هەر لەوێوە دیسان دەنگم ساف دەکەم و سڵاو دەکەم. پەرداخەکان بەرەو دەمەکان دەچن. پەرداخەکان لەسەر دەوریەکان دادەنرێن و ئێستا دەنگە دەنگی نیشتنی باڵندەکان لەسەر گوڵەکانە. ژنەکان، بەرامبەر بە یەکتر لە دوو ڕیزی هاوتەریب، لەلای میوانەکانیان دادەنیشن. ئێستا بە چوار دەوری تالارەکەدا، لەسەر هەر پەتوویەک سێ کەس دانیشتوون. یەکێک لە میوانەکان بەرەدەستی ژنە کلیل لەملەکە ڕادەمووسێ. ئەم هێمایە بەدەوردا دەگەڕێ و سەرلەنوێ، هێمایەکی تر دەست پێدەکا.

هاوار دەکەم «ئۆی» (ئێستا هاوارەکەم دەنگ دەداتەوە) هەموو ئەم ژنانە وەک یەکن و من نابینن و دەنگم نابیستن. دەگەڕێمەوە ژوورەکەم و پاڵ بە بەستەکە نوێنەکەوە دەدەم. مۆبایلەکە لە گیرفانی مانتۆکەم دەردێنم و لە سەفحە کووژاوەکەی ورد دەبمەوە. قامک بە

دووگمە کەڕ و لاڵەکانیدا دەنێم. سەفحە تاریکەکەی وەک کوێر سەیرم دەکا. هەوڵ دەدەم نوقرچێکی لێ بگرم. لەشی ڕەق و ساردی فرسەتم پێ نادا. ئەگەر ئەم مۆبایلە نەبوایە ڕەنگە پیموابوایە هەمیشە لێرە بووم. ئایا ئەم ژنانەش هەر کامەیان، ڕۆژێک لە جێگەی من بوون؟

## ١٢

میوانی کۆتایی هاتووە. ژنەکان هەستاون و یەکە یەکە لە دەرکەوە دەڕۆنەدەر. دوو ژنی بالابەرز دەسماڵی ڕەشیان بەسەر داداوە و، یەکیان قالیچەیەک لەبن باڵ و شیشەیەک گولاوی پێیە. دواهەم میوان کە دەڕوا کلیل لەملەکە توند قۆڵم دەگرێ. بۆ دیتنەوەی من لە ماڵەکەدا تووشی زەحمەت نابێ. وەها کە بیەوێ دەستی خۆی ببینێتەوە. کاتی چوونە دەر لە دەرکەی ماڵ، تۆزێک دەنەوێمەوە و کۆڵەپشتیەکەم لە پاڵ دەرکەکە هەڵدەگرم. لە کۆڵان، هەمان پیرەپیاو لەلای وانێتەکەی ڕاوەستاوە و جگەرە دەپێچێتەوە. میوانەکان لە کۆڵانەکە دەرباز بوون. ژنەکان من و قالیچەکە دەخەنە پشت وانێتەکە و دەرکەی هەڵدەدەنەوە. دەمەوێ هاوار بکەم. لە پیرەپیاوەکە بپرسم ئەم ژنانە کێن؟ ئەو کچە کێ بوو؟ وانێتەکە سەر ڕێ دەکەوێ. کاتم ماوە، نابێ نیگەران بم. بەرەو کاروانسەرا دەڕۆن.

لە ناوڕێ، کاتێک وانێتەکە لەسەرخۆ دەڕوا، دەتوانم باز هەڵدەمە خوار. نا، کاری وا ناکەم. خۆمن چل ڕۆژ سەبرم کردووە، با ئەم چەند سەعاتەشی لەسەربێ، فرسەت زۆرە. دەتوانم بچمە سەر گۆڕەکەی (گۆڕی کێ؟ نازانم) بەڵکو ئەو کچە لەوێ ببینم. پاشان دەتوانم لە کاروانسەراکەوە بەرەو بیناکەی پەنای، بینای تازە سازی ترمینالەکە بڕۆم و بگەڕێمەوە بۆ شاری خۆم، بۆماڵی خۆم. ڕەنگە جارێکی تر بۆ ئەم شارە سەفەر بکەمەوە، ژنەکان قالیچەکە ڕادەخەن و لەسەری دادەنیشن. گولاوی شیشەکە بەسەر بەردی گۆڕەکەدا دەکەن. سوودی نییە. ناتوانم نووسراوەی سەر گۆڕەکە بخوێنمەوە، لە خەتی بزماری دەچێ، یان خەتی کوفی یان ڕەنگە هەندێک نیشانە بێ. سەیرە لەم فەزا کراوەدا لێم گەڕاون. ڕەنگە لە وزەی قفڵێکی نەبینراو دڵنیا بن.

پیرەپیاو، دوورتر، لە دەرەوەی کاروانسەرا پاڵی بەوانێتەکەیەوە داوە، خەریکە



جگەرەیەک دەپێچێتەوە. لەسەر قالیچەکە هەڵدەستم و وردەوردە بەرەو دەرکەی دەربازبوون لە کاروانسەرا سەر ڕێ دەکەوم. سوپای مێرووە سوورەکان دەبینم کە لە ڕیزی نارێکوپێکی مار و دوو، بەجیدیەتەوە بەملاولادا دەڕۆن.

بەرەو سەکۆیەک کە لە سەری دانیشتبووم ڕادەکێشرێم. ئایا دەتوانم بڕۆم بێ ئەوە کەسێکی تر لەبری خۆم بنێرم؟ ئایا بەقەدەر پێویست نیگام قووڵ و بڕەکە؟

---

١- پەندێکە وەک: «هەم زیارەتە و هەم تەجارەت.»

٢- پیکاب

# ڕێگە

## حوسێن سەناپوور

تەپ و کوتێک لە دڵیاندا بوو ئەوێ کاتێ کە پێ ماسیوی پێڵاو و ماندووی دەشتی کاکی بەکاکی گەیشتنە جێیەک کە ئەوی لێ ڕاوەستابوو، لەسەر خڕکە بەردێکی مەزن. باسکی لە هەردوو لاوە کراوە، قژ پەرێشان و کراس شەکاوەی دەم با، پشت لەخەڵک و دەشت و ڕوو لەوەی کە هەڵدەچوو، دەڕژا و هەزار زاری دەکردەوە و دەیگۆڕاند و کەفی بە کەناردا دەڕشت و هەر لایەکی ڕەنگی دەگۆڕی بەساتێ. دەمێک بەربڵاو و باڵای لە ئاستی زەوی، دەمێک وەک کێو هەڵدەکشا، تەنوورەی دەکێشا و پاشان هەرەسی دێنا و بەسەر زەویدا دەڕما و هەمدیس تا نیوەی ڕێگەی مانگ بەرز دەبۆوە و باڵای دەکشا. زایەڵەی دەنگی ئەو، هاوسانی ئەو گرمەیە بوو، هەروا کە قەڵافەتی سەخت و بێ جووڵەی لەگەڵ ئەو مەزنە بێ شکل و قەوارەدا بەرامبەر.

گوتی: «ئەمەش ئاخرین ڕێ! دواهەم دیوار!»

لەم گوتنە دڵی هیچیان لە تەپ وکوت نەکەوت. هێشتا خێل لە دەشتی نیوە ڕووناکی مانگەشەو پۆشەوە دەهات. بریندار و هیلاکی باری گران و، قورگ ئاخنراو لە تەپ وتۆز، دەست لە دەستی کەسێکی بچووکتر یان زەلامتر. هەموویان سەبر و قەراریان لێ بڕابوو. گوتەکەی ئەو شەپۆل ئاسا لەم زار بۆ ئەو زار گەڕا و دوورکەوتەوە، تا دواهەم کەسەکان کە ملکەچی قەدەر هاتبوون و خۆیان بەزەوینی چۆڵ و سەختی هێشتا گەرم سپاردبوو. پیرەمێردێک لە یەکەم ڕیزەوە چاوی بێ حەجمینی تێبڕی و زاری کردەوە: «چاوە پیرەکانم ڕێ و دیوار لێک ناکەنەوە، نیشانم بدە.»



کەسێک لەلاوە بە پیرەمێردی گوت: «ڕێیەک نییە باوکە. لە ڕۆژهەڵاتەوە بۆ ڕۆژاوا، تەنانەت باریکەیەک، باریکتر لە لاسقە گیایەک زەوی نییە تا ڕچەی مێروولەیەک بێت.»

پیرەمێرد هەمدیس گوتی: «نا. ئەو ڕاست نەبێ، نایڵێ.» ڕووی لە ئەو کرد: «خۆت بیڵێ کە تا ئێستا جگە لە نیشاندانی ڕێگە چ کارت بە ئێمە نەبووە، ڕێمان لە دیوار بۆ هەڵاوێرە!»

ئەو بێ ئەوەی سەری داخا، هاتە گوتن: «ڕێگە هەر ئەم دیوارەیە.»

پیرەمێرد چاوی لە سەیران وشک هەڵات، بۆ ساتێک لە ئەوی نواڕی و پاشان سەری بەرەو ئەو بێ کەنارە وەرسووڕاند. هەروا ماوە، وەها کە ستوونێکی بەرد بێ و لە ئەزەلەوە بەو شێوە داندرابێ. ئەوسا کەسانی خێڵ، ئەوانەی هێشتا تین و گوڕێکیان تیامابوو، خۆیان بەرەو ڕیزی پێشوو تاو دەدا، تا ئەو شتە ببینن کە لەگەڵ هەر پێچ و خولێکی ترسی کوترانی سەد قامچی پێ بوو. کە ئارام دەبووەوە و دەنیشت، قیژەی لە زارۆکی شێرە خۆرەهەڵدەستاند، کە شەپۆلانیشی دەدا، هەڵات هەڵات و حیلەی هەزار ئەسپ و زرمە و گرمەی شیر و سوپەر و فەلاخونی وەبیر دەهێناوە. بەوحاڵەش لە لایەکی ترەوە وەک مەڕی گورگ دیتوو دەیتالاند و وەک دایکی جەرگ سووتاو شینی دەکرد، وەک تەپڵی تێکەڵی چەند خێل ناساز و ترسناک دەکوترا.

لە گەورە پیاوەکانی خێڵ. یەکیان بەریشی درێژ و مێزەرەی سەریەوە ڕێگەی خۆی بۆ ڕیزی پێشەوە کردەوە و ڕووانی، ڕوانینێکی بەتاڵ لە ئیمان و بڕوا، بۆ ئەو شتەی پێنەدەچوو دەستی مرۆڤی بگاتێ، نەک هەرئێستا لە سەرەتای ئەفراندنی زەوینەوە. ئەوسا ڕووی کردە خێڵ و، بە چاوی پڕ لە ڕق و میچکوت لە پرسیارەوە خێڵی دی بەتاڵ لە هەموو زانایی و بڕواداریەک. پاشان سەری بەرەو ئەو هەڵبڕی: «قەشمەڕی بە خێڵت دەکەی؟ ئایا هەڵبژاردەی خێڵێک کە حەوت شەو و ڕۆژ دەشت و هەردیان بڕیبێ جگە لە قەشمەڕی پێکردن شایستەی هیچی تر نەبوون؟»

ئەو ئارام دەنگی هەڵبڕی و زایەڵەی دەنگی تەنییەوە: «سوێند بە باران و سوێند بە با، کە لە هەموو ئەم دنیایە، خێڵی خۆمم لە گەورەیی و ڕزگاری نزیکتر خستۆتەوە. من قەشمەریم بە دوژمانیشم نەکردووە، نەخوازە بە براکانم.»

ئەو مەزنە هەمدیسان گوتی: «ئەی کوا ڕزگاری؟ کوانێ ڕێگە؟»

ئەو گوتی:«ئەویٚ .» ئەوسا دەستی بۆ بەرامبەری هەڵبڕی. مەزنی خێڵ، گرژ و مۆن سەری بۆچەپ و ڕاست بادا و لەوپەڕی ناسەرخۆیی قسەیەکی لە دەم دەرچوو: «نا، مردن یان عەبدایەتی، ئەمە عادڵانەتر بوو.»

ژنێک کە فرمێسکی لە چاودا وشک بووبوو، بوخچە بەدەست و دەست لەسەر سەر، خۆی لە ئەو نزیک خستەوە و لێوی وشک و هەلاهەلای پشکووت: «ژاکاویی کۆرپەی یەکساڵەم سزای دەشت و هەرد بوو بۆ من. ئەوە بەس نەبوو کە ئێستا لەبەر دەمی ئاوێکی بێ ڕچە و بواردا ڕاتوەستاندووم؟» خەڵک چاویان لە دابەزینی دەستی ژنەکە بوو، نەیاندەدی کە چی پێیە. بەڵام دەیاندی چاوانی ئەو لەسەر ئەو گاشەبەردە، بەبێ پێڵوو تررووکانێک، بەبێ هیچ جمە و ژیانێک لە دەستی ژنە ڕاماوە و، ڕامابوو تا ژنە خۆی لێ دزیەوە.

خەڵک بەناو خۆیاندا لە هاتن و چووندابوون و ناسیاوەکان لە یەکتر دەگەڕان. لە هاوخەمی و پشتیوانی لەبەرامبەر ڕەشایی ئەو شەپۆلانە کە ڕۆشتایی مانگەشەو بە ڕوخسارییانەوە دەشکا و، لەبەر چاویان وەها قورس و ڕەق و پێداگربوو دەتگووت بوونی ئەزەلیە و ئەبەدیشە و، ئەوان نەوەک لە کەنار و لە پاڵیدا، بەڵکو لەناویدا بوون. ئەوان کە هەڵاتبوون و حەوت شەو و ڕۆژ خۆیان بە باوەشی چۆڵی دەشت و هەردێک سپاردبوو کە لە بەرامبەریدا هیچ بوو.

لە بنەماڵەکەی خۆی پیرێکی لەسەرخۆ، لە خوار پێڵاوی بەن چنی ئەو ڕاوەستابوو، هەرای لێکرد: «ئەی ئامۆزا، کە لە منداڵییەوە تا ئێستا لە سایەی ڕاستیا بوویت و ڕاستیش لە پەناتدا بووە، ئەو دەمەی ڕووت کردە خێڵ و پەیامی ئاشتیت بۆ هێناین، بڕوامان پێ کردی. بڕوا بە گوتە و کردەوەت، هەرلە ئاوەڵا کردنی دەرکەو دەروازەکانی شار، پساندنی زنجیری خواوەندەکان بە دەستی خۆیان لە ملمان، تا هێنانی ڕسق و ڕۆزی، هەمووی بوونە سەلمێنەری گوتە و کەلامت. کەواتە هەروا کە ویستت وازمان لە کۆیلەتی و کۆلیتی ئەربابەکانمان هێنا و، بێ ئەوە چشتێکی زیادە لەگەڵ خۆماندا هەڵبگرین، ڕێی دەشت و هەردمان گرتەبەر. گشت ئەمانەمان بەدڵ کرد تا بگەینە شوێنێک ئاشتی و سەوزی و داسەکنانی لێبێ. ئێستاش کە بێ هێز و گوڕ بووین، وشەیەک یان ئیشارەتی ئەنگوستێکت بەسە بۆمان تا دیسان گیانمان هەڵبگرین و چەندان دەشت و هەردی دیکەش تێپەڕێنین. بەڵام تکایە لەبەر دەمی ئەم هەزار زارەی مەرگدا دوورمان بخەوە.»



ئەو بیستی بەڵام چی نەگوت. جگە لەوەی بە ئارامی هەمدیسان دەستی وەرسووڕاند و ڕاست لە بەرامبەر ئەو هەزار زارەدا ڕایگرت. پیرەمێرد ناڵاندی: «لەسەر ئەم زەویە هەزار نەخشە، هیچ ڕێگەیەکی تر نییە کە بتوانین بەبێ خۆف و ترسی مردن پێی ڕۆشتنی پێ بسپێرین؟»

ئەو هەر بەوشێوە مایەوە. بێ هیچ پەرسف و وەڵامێک.

کەسێک هاواری لێ هەستا: «بۆخۆت پێشتر لەم چۆڵگە تاریکەوە تێپەڕیوی تا هەواڵی ئەملاو ئەولایمان بدەیتێ؟»

زایەڵەی دەنگی زوڵاڵی ئەو بەگوێی دوورترین کەسی خێڵیش گەیشت: «من جگە لە دڵ هیچم بەئێوە نەداوە، ئەم بێ ڕۆخ و بێ کەنارەش هەرچی مەزن و هەرچی تاریک، لە بەرامبەر ئەو ترس و خۆفە من دیومە و من دەیبینم، مەینەتیەکی منداڵانەیە و هیچی تر. ترستان چەندە لە دڵدا بێ، یاخود نەبێ، ڕۆشتن و نەمانەوە ناچاریە و، ئەو ڕێگە وا پێواوتانە لە گەڕانەوە نەهاتوو. گەڕانەوە وێرای هەموو سووکایەتیەک مەرگیشی لەگەڵدایە. بەخۆتاندا بچنەوە و بیر بکەنەوە لەو شارە و لە خەڵکەکەی کە پێیان بەسەر سەرتاندا هەڵدێناوە.»

ژنێک گوتی:«پێمان وابوو تۆ لە بەڵا، جا هەرچی بێ، دەمانپارێزی و لەگەڵ تۆدا هیچ داخوازی و خەونێکی وەدی نەهاتوومان نابێ!»

ئەو گوتی:«من بۆ ئێوە تەنیا دەلیل و نیشانەم.»

پیاوێک لە ئاپۆرەی خەڵکەکە هاتەدەر و هەرای لێکرد: «ئەم خێڵە ئەوە نەبوو کە تۆ گوتت. من خۆم فێرە نووسین ببووم و هیچی وای نەدەخایاند کە دەچوومە ناو ڕیزی کاتبانەوە و تۆ...» ئەوسا ڕووی لە پیاوێکی زلەی قەڵەو کرد کە سەری بە کۆشیدا شۆڕ کردبۆوە. گوتی: «... مەگەر ئەوان ئاتاجیان بەو گۆشتە نەبوو کە دەتفرۆشت؟ مەگەر ئەوان ڕووخۆش نەبوون ئەودەمەی کە دەهاتنە بەر دووکانت؟» گۆشت فرۆش سەری هەڵبڕاوی لەقاند و هەمدیس شۆڕی کردەوە. کابرا سەری بەرەو ئەو هەڵبڕیەوە: «بیستت؟ ئێمە گشتمان، ساغ یان نەخۆش، بەیانیان بۆ کارێک هەڵدەستاین کە دەمانزانی و، ملی ڕێگەیەکمان دەگرت کە دەماننناسی. ئەڕۆشتین و تاریکان دڵ پڕ لە هیوا بۆ مەنزڵێک دەگەڕاینەوە کە ئاشنای بووین. بەڵام هەموو ئەمانەمان لە بارمتەی کەلام و گوتنتدا دانا و

ئێستاش جگە لە پەستی مردن چیترمان پێنابڕێ . ئێستا ، کە لەسەر زارکی چاڵەقووتێکی ڕەش و بێ بن داین کە لەمەوبەر تەنیا لە خەونی ئاڵۆز و کابووسەکانماندا دەماندی.»

ئەوسا سەری دانەواند و لەبەر خۆیەوە پرتاندی: «ڕەنگە بۆ نەزانی وەک ئێمە ئەمە ئەوپەڕی عەدڵ و داد بێ.»

ژنێک لە ناخی ماندووی دڵیەوە هاواری کرد: «خۆزگە بە سیحر و ئەفسوونت هەڵنەخەڵەتاباین و بە کۆیلەتی لەوێ مابایین، تا لانیکەم لەبەر درۆ و دەلەسەی تۆ گیانمان بەدەم ئازارەوە نەکێشرابا.» ئەوسا ئەوەندە خۆی ڕنی و گریا تاکو بوورایەوە.

ئەو بێدەنگ بوو، چی نەدەگووت. لە گشت لاو لە گشت مەحاڵی ئەو دەر و بیابانەش هەزار هەرا و ناڵە و شەپۆڕ دەبیسترا، وەها کە کەس نەیدەزانی خەڵکەکەیە هاوار دەکات یان دەریایە دەناڵێنێ. ئەو هەروەها وەک لەوە پێش ڕاوەستابوو و، چاوی لە ئاسمان بڕیبوو. لە مانگ، کە ئارام و پڕ تریفە لە مابەینی ئەستێرانەوە ڕادەبورد و بەرەو پێش دەهات و دەخزی. ئەوسا ئەو زاری هەڵپچڕی و هاتەگوتن: «ئەو دەمەی مانگ بانی سەرم بەجێ بێڵێ، لەو دیوارەوە ڕادەبرم، لەگەڵ ئێوە، کەم یان زۆرتان. ئامادە بن مەرگ لە دوامانەوە بە پەلە دێ.»

دەتگوت گلۆڵە ئاگرێک کەوتۆتە ئەوناوەوە. کە هەرا هەرا و دەنگە دەنگ باڵای هەڵچوو و، خێل وەک ماری لە خەو ڕابووی کەپکە کراوە، وەجمین و جووڵە کەوت. مەزنە گۆڕینی خێڵ خۆی لە چنگی پڕ لە نزا و پاڕانەوەی خەڵک ڕاپسکاند. بەرەو پێش چوو، لەبەر دەمی ئەودا وەستا: «ئەگەر زیاتر بمێنینەوە ئەم دیواری ئاوە هەرەس ناهێنێ و لە زەوی ڕۆناچێ تا دەرفەتێک بۆ دەربازبوونمان بڕەخسێ؟»

«دەرفەت نییە ئەی مەزن زادە. تیاچوون مەجالمان نادا . ناوەختە و تیاچوون لە بۆسەماندایە.»

«ئاخر پێمان بەزەوینی سەخت و ئەمری چاومان ڕاهاتووە. لە شوێنێک کە نەبینین لەسەر چی ڕاوەستاوین و هەنگاو بەکوێدا هەڵدێنین، هەزار خەیاڵ و ختوورەمان بەدڵدا دێ . چ بکەین کە هەمیشە خەیاڵ لە گەڵماندا بووە و بەرلە ئێمەش بووە و، ئەمەش تەنیا بۆ یەک یان چەند کەسمان نییە.»

«بۆ بڕینی ڕێگەی غەریب و نەناسیاو نابێ پشت بە ئەزموون و زانیاریەکانتان



ببەستن.»

«ئەی دەبێ پشت بەچی ببەستین؟»

«بەوەی کە خۆی پشت پێ بەستن و متمانەیە.»

مەزنی خێڵ مێزەری لەسەر خۆی داماڵی و لە بێدەنگیدا کز دانیشت.

ئەوەی کە وازی لە کاتبی هێنابوو و، هەرای کرد: «لە بری گوتەی غەریب و سەیر و سەمەرە، قسەیەکی ئاشنا بکە بەڵکو چارەی کارمان بکات.»

«دڵ.»

«شتێک بڵێ بۆ تێپەڕین لەم چاڵەقووتە بێ بنە.»

«گوتم.»

«بەڵێنمان بدەرێ بەسەلامەت تێدەپەڕین. هەر ئەو بەڵێنەمان بەسە تا بەدواتدا سەر ڕێ کەوین.»

«ناتوانم.»

«بۆ؟»

«نازانم هەرکام لە ئێمە لەو ڕەتبوون و تێپەڕینەدا چیمان بەسەردێ . تەنیا ئەوەندە دەزانم کە وەک پێشەنگ و پێشمەرگە لە گەڵتاندا دەبم.»

«ئەمە بەس نییە بۆ ئەوەی خۆم باوێژمە چاڵی مردن.»

«ئەو نازانێ لەوێدا چیمان بەسەردێ و دان بە نەزانینی خۆشیدا دەنێ.»

«ئەرێ، هیچ لەو ڕێگە نازانم کە سەختە و دژوارە و، سەیریش نییە ئەگەر بۆ هەر یەکمان بەچەشنێک بێ جیاتر لەوی دیکەمان. بەڵام بەشتێک دەزانم، دەزانم ئەوەی تێپەڕ بێ ڕۆحی ئاسوودە و گیانی ئازاد دەبێ. نە بنیادەم و نە پەری و نە جنۆکە زەفەری پێنابا و، خۆی سوڵتانی خۆی دەبێ .»

«لەو ناوەچی؟ هیچ لەمپەرێک لە مابەینی ئێمە و مردندا هەیە؟»

«ڕەنگە دڵ ببێ .»

بەرلەوە هەمدیسان هەرای پرسیار بەرز بێتەوە، کەسێکی تۆقاو قیژاندنی: «هاتن!» ئەوسا لە دوور بە ئیشارەتی قامکی، ڕۆشناییەکی نیشان دان کە دەبوو تۆز و خۆڵی پێی ئەوان بێ.

زەنا زەنا بەرز بۆوە و ئان و سات وەک شەپۆل تەنییەوە. زۆربەیان گوێیان بە زەویەوە نووساند و کە سەریان هەڵبریەوە هاواریان کرد: «سوارە!سوارە!» ئەوسا بێ ئەوەی بزانن بەرەو کوێ هەڵێن، هەڵاتن و خێڵیان ئاروژاند. کەسانێک دەیانقیژاند و کەسانێک لەبەر خۆیانەوە، وەها کە ئەویش ببیستێ دەیانبۆڵاند. ئەو هاواری کرد:

«دەف ژەن! دەف ژەن لە کوێیە؟»

گوتەکەی زار بەزار ڕۆیی و زار بە زاریش گەڕایەوە: «دەف ژەن بەرلەوەی بگاتە ئێرە، لەو دەر و بیابانە گیان و دەفی بەجێهێشت و چووە ڕیزی چووانەوە. بەڵام ژنەکەی لێرەیە و دەفیشی پێیە.» ژنە هات، ڕەنگ لەڕوو تۆراو و لەش خۆڵاوی و گیان ماتەمبار. ئەو گوتی: «دەفەکە بدە بەکەسێک کە بتوانێ بیژەنێ. ئێستا دەنگی دەف لە دەنگی من پێویستترە.»

ژنە گوتی: «کێ لەخۆم چاکتر دەتوانێ ناڵە لەم دەفە هەستێنێ؟»

ئەسا دەفەی بە دەستێکی بەرز کردەوە، لەراندیەوە و دڕی بە ئاپۆرەی خەڵکەکەدا، تا لە ناویاندا ون بوو. خۆی ون، دەنگی دەفەکەی دیار و ئاشکرا هەموو دەشت و دەرەی گرتەوە. وردە وردە خێڵ وەجمە و جووڵە کەوت، وەها کە دەتگوت دەست ساجە و خێل برێشکە. هەڵدەچوون و دادەچوون و، نرکە و ناڵە و هەرای سەیر و سەمەرەیان لەگەڵ خۆشی مەرگ و خەمی ژیان تێکەڵ دەبوو. هەرای ترس و ڕق و عەشق کە مرۆڤ دەیتوانی بیلێ یان ئاژەڵ دەیتوانی بیکا و، بەرلەوە بیسترابوو یان نەبیسترابوو.

ئەم هەراهەرایە هەر بوو تا ئەودەمەی کە مانگ ڕاست لەسەر سەری ئەو لەنگەری گرت. ئەوسا ئەو مەزنە بێ شکڵ و بێ قەوارەش کەوتە هەڵچوون وجۆش و خرۆش، وەها کە زاری دەکردەوە دەتگوت چاڵێکی بێ بنە دەردەکەوێ و داوێنی هەر شەپۆلێکیشی دەتگوت بینایەکی بڵندە هەرەس دێنێ. ئەودەمە بوو کە ئەو لەسەر خڕکە بەردەکە هاتەخوار، پێڵاوی بەن چنی لەپێ داکەندو بەرەو ئەو شەپۆلانە چوو. خەڵک هەروا لە جەزبەو هەراو هوریادا و، هەندێکیان شوێنی کەوتن. ئەو پێی نایە ئاوەکەوە و ئەوسا وەستا. خێڵ وەک



دەعبایەکی زەبەلاح کە وەرچەرخێ، کەوتە جمە و ئەملا و ئەولایان لە ئەو گرت. ئاژاوە کەوتبووە ناو خێڵ. ئەوەی ویستبای لەگەڵ ئەودا ڕێ بکەوێ کەس و کاری نەیاندەهێشت.

ئەو گوتی: «لەگەڵ مندا سەر ڕێ کەون تا ئەم دنیاتان نیشان دەم و خۆتان بە خۆتان بنوێنم.»

هەمدیس هەرا و ئاژاوە بوو. تەپ و تۆزی سوارە هەروا نزیک دەبۆوە و، ئاوڕی خێڵ ساتێک لە دوا و، ساتێک لەپێشی دەڕوانی. ئەو بەسەر و قژی تەڕ و ئاودامێنی تلیسەوە لەو ناوەدا ڕاوەستابوو ،چاوەڕوان بوو.

# کەپرێک لە حەسیر

ئەسغەر عەبدوڵاهی

عەبدولباقی گوتبووی: «تووشی دڵەکوتە بووم. دەزانم بەم زووانە بەڵایەکم بەسەر دێ.»

گوتبووی شەوانە خەوی لێ ناکەوێ. لە ژنەکەی دەترسێ. لە چاوی ژنەکەیدا باڵای پیاوێک دەبینێ کە دەبێتە دڵۆپە فرمێسکێک.

گوتبووی: «بڕوانە، ئەمانە چین لە بادا؟»

خۆڵەمێشی ئاگردانێکی کووژاوە بوو لە بادا کە بە دارستانی خورماکەدا بڵاو بووبۆوە و بەرەو کەپرە حەسیریەکە دەهات.

عەباس گوتبووی: «وەک ژنانت لێ هاتووە، تەواو ئیدەئالیست. خۆ پیاو تووشی دڵەکوتە نابێ.»

عەبدولباقی گوتبووی: «ئەگەر یەکێک لە هاوڕێکان لە خەونیدا ژنەکەی بخنکێنێ چی دەبێ؟»

بۆنی توتن لە جگەرەیەکی پێچراوەوە دەهات کە خراپ دەسووتا. کەسێک نزیک دەبۆوە و پیاوێک لە مژی ونی گوێ چۆمەکە گۆرانی «عارەقی وڵات کەڕ و کوێری کردووم»ی بەدەنگێکی گڕ دەخوێند. قاو بڵاو بووبۆوە کە ئەم پیاوە لە بەشی پۆلیسی سیاسیەوە بۆ دوورگە هاتووە، تا لە بیروڕای خەڵکەکە بکۆڵێتەوە. بەڵام هەر ئەو ڕۆژە شەیدای کچێک بووە کە باوکی بیرو بۆچوونی فراماسێونێری[1] بووە.



عەبدولباقی و عەباس زۆر دانیشتن، بەڵام ئەوەی کە بۆنی تووتنەکەی بە دارستانی خورماکەدا بڵاو بووبۆوە نەگەیشتە کەپرە حەسیریەکە. کاتێکیش گۆرانی خوێندنی ئەو پیاوە وەک هەرا و نەڕەی لێ هات، ئەو دووانە سەراسیمە بەرەو ماڵەکانیان هەڵاتن، تا ئەو پۆلیسە کە لە نێوان عەشق و ئەرکەکەیدا مابوو، وەزەندیان پێ نەهێنی.

ژنان لە پیاوی شەیدا و عاشق ناترسن، تەنانەت ئەگەر پۆلیسی سیاسیش بێ. ژنانی دوورگە «بی بی»ان نارد تا کابرای عاشق لە دوورگە دەرکات. «بی بی» ڕۆشت و لەو مژە ونەدا کابرای دیەوە، کە ڕوو لە دەریای نادیار ڕاوەستابوو، لە گەڵ دەنگی هەر شەپۆلێکدا، دەمانچەکەی بەنیشانەی هەڕەشە لە قاپووڕەکەی دەردەکێشا.

«بی بی» گوتی؛ بەو پیاوەی گوتووە کە لێرە، لەم نیمچە دوورگە، هیچ عەشقێک بە ئەنجام نەگەیشتووە. گوتی؛ کابرا پێی گوتووە ئامادەیە لە سزای ئەو عەشقەدا سەرۆکی پۆلیسی ناوچەکەش بکوژێ، یان تەنانەت بیروڕای تاقمە خراپکارەکانیش وەربگرێ.

«بی بی» دڵی پێی سووتابوو. گوتی: «دڵم پێی سووتا. چ گەنجێک! قژی ڕەش و برسیکەدار و، ڕوومەتی وەک گەڵای باران لێدراوی پەڕپینە کێوی. گوتم کوڕم بڕۆ. بڕۆ و ئاگر لە دڵت بەرمەدە»

«بی بی» گوتبووی کابرا دوو سێ هەنگاو لێی دوور کەوتەوە. شتێکی فڕێدابووە دەریاکەوە. ڕەنگە بتڵی خاڵی عارەقی وڵات بووبێ. «بی بی» پێی وابوو بوو کابرا چەکەکەی خستبووە ئاوەکەوە. گوتبووی: «دەتەوێ کارێک بکەی بە ناچاری لێرە بمێنیتەوە؟ بەقسەم بکە کوڕم.»

پاشان مەلە دەریاییەکان، تۆقاو لە مژەکە هاتبوونە دەر و کوکوختییەک کە دەیخوێند، بێدەنگ بووبوو، تەرمی کابرا لەوێ لەسەر گژوگیای تەڕی ڕۆخە مژ گرتووەکە کەوتبوو.

«بی بی» گوتبووی: «ویستم پێی بڵێم هیچ پیاوێک لێرە لە گەڵ کچێک کە عاشقی بووە زەماوەندی نەکردووە کە تۆ بیکەی.»

کابرای عاشق گوللەکەی بەچاوی ڕاستی خۆیەوە نابوو. لەوەدوا بەداخەوە هیچ پۆلیسێکی تر خۆی نەکوشت تا سرِی چاوی ڕاستی پۆلیسێک ئاشکرا ببێ.

ژنانی دوورگە ئەو پیاوەیان خۆش دەوێ کە لە ڕێی عەشقدا بمرێ، بۆیە لە پرسەی ئەو عاشقەدا تازیەیەکی پڕ لە ڕاز و ڕەمزیان گرت: هیچیان نەگوت.

پیاوان لە ماڵەکانیاندا خۆیان شاردەوە، پۆلیس بیانووی دەست کەوت تا خۆڵی دوورگە بە توورەکە ببێژێ. «بی بی» هەڕەشەی لە کچانی دوورگە کرد لە ماڵەکانیان نەیەنە دەر، نەکا جارێکی تریش پۆلیسێک لە مژی وندا بمێنێتەوە...

چیغان گوتی: «ناپیاوانە چ زووش بە ملی ئێمەیدا دەسوون. سەد جارمان گوتووە ئێمە دژی تیرۆر و ڕەشەکوژین، کەچی تا یەکێک خۆی دەکوژێ دەڵێن نازانم چی.»

کەس هیچی نەگوت. چونکا هاوین بوو تازە دوو ڕۆژ بوو قاوی تەقینەوەی ئەستێرەی مەریخ بە درۆ دەرچووبوو، ئەو هێندە کلۆڵە کە ڕادوێی چاک دەکردەوە خۆی کوشتبوو، عەبدولباقیش ون بووبوو، نەدەزانرا قسەی ژنان ڕاستە یان نا.

عەبدولحوسێن گوتی: «ئەگەر ژنان ئەمجارە ڕاستیان گوتبێ چی؟»

چیغان چەند تاڵ لە سمێڵی بە ددان ڕاکێشا تا چاوی پڕ بوو لە ئاو.

مستەفا گوتی: «ئەوە تۆ چی دەکەی چیغان؟»

چیغان گوتی: «گوێ لەمە بگرە. دوو ساڵە ئەندامی حیزبە. بە دە جۆر کتێبمان بۆ خوێندۆتەوە کەچی... دەڵێی یاسینمان بەگوێی کەردا خوێندووە.»

عەبدولحوسێن گوتی: «دەی لە کوێن. ها. لەکوێیە؟»

مستەفا گوتی: «هاوڕێیان. هاوڕێیان.»

لە کەپرە حەسیریەکەی حیزبدا کە لە ناوەڕاستی دارستانە خورماکە هەڵدرابوو، هەموو بێدەنگ بوون. ئەندامەکانی حیزب گوێیان لە دەنگی کوکوختییەک گرتبوو کە بەرز و شەیدا دەیخوێند. پیرە پیاوێک لەو دوورانە خوڵە نێرینەی خورمای بڵاو دەکردەوە، تا ئاسۆی ژوان خۆشبەرامە بێ و، سیگناڵی پاپۆڕێکی نەوتکێش بارخانەکەی داگیر کردبوو.

پێنجی گەلاوێژی ساڵی هەزار و سێ سەد و سی و یەک بوو، گومانتان نەبێ ئەو پیرەپیاوە ڕۆژی پێکگەیشتنی دارخورماکانی لێ هەڵە بووبوو. گەرچی ئاسۆی ژوان خۆشبەرامە دەبوو بەڵام...

ژنانی نیمچە دوورگە هەر کامە هێلکەیەکیان بە بن میچی کاگڵی ژوورەکاندا کوتا و، هێلکەی شکاو لە گەڕانەوەدا بەناو ژوورەکەدا بڵاو بۆوە و، هەر زەردێنەیەک شکل و شێوەیەکی وەرگرت.



چیغان ژنەکەی کوتا. ژنە لە ناوەڕاستی ژوورەکەدا نەخشەی ئێرانی پان کردبۆوە و، زەردێنە هێلکە لەسەر نەخشە،کە سامانی حیزب بوو، بڵاو بووبۆوە.

چیغان گوتی: «ئەوە تۆ چی دەکەی؟»

ملووک گوتی:«حەتمەن تەعبیرێکی لێ دەکرێ.»

ملووک بەسەر نەخشەکەدا نەویبۆوە و لە دەڵەمەی زەردێنەکە، لە تەعبیرێک دەگەڕا. چیغان شەقێکی بە کەلەکەیدا دا. ملووک توند و چابوک هەستا، خولێکی دا و لە ژوورەکە دەرپەڕیە دەر.

چیغان لە قامچییەکە گەڕا. تا قامچی لە مجریبە جیازییەکەی ملووک بێتەدەر دەرەنگ بووبوو. چیغان لە ناوەڕاستی دارستانەکە لەبەر ڕق و تووڕەیی خۆی هەڵدەلەرزی. ملووک لە شوێنێک خۆی شاردبۆوە. چیغان هێشتا بیلرسووتی شەریکەی لەبەردا بوو، کڵاو کاسکێتەکەش بەسەرییەوە قورس بوو. کاتێک چاوی لەو خاڵە دوور و نادیارە هەڵبڕی، چەند پیاوێکی تری دی کە وەک خۆی بەجلوبەرگی کاریی شەریکەوە، قامچی بەدەست ڕاوەستابوون و، لە خاڵێکی نادیار وردبوونەوە. هەموویان بوون. هەموو ئەندامانی حیزب، دوو کەسی سەر بە بەرەی نەتەوەیی، کرێکارێکی لایەنگری عرووبییەت و فەلایەک کە گومانی هاوکاریی پۆلیسی لێ دەکرا و گەنجێکی تازە زاوا کە دەیانگوت بە تەمایە بە پاپۆڕێکی ئینگلیزی لە ئێران هەڵێ. مژ چڕ و کۆ، هێور دەهاتە پێش و پیاوان لەو هەورە شیری ڕەنگەدا، کە هەڵیکوتابووە سەر زەوی نیمچە دوورگە، ون دەبوون. کوکوختییەک لە ئاسۆی خۆشبەرامەی پێکگەیشتن دەیخوێند. خۆێندنێک کە لە باری دەنگناسییەوە پەیوەندی بە هەموو قۆناغەکانی مێژوووەوە بوو.

چیغان هێواش لەبەر خۆیەوە گوتی: «نەحلەتی خوا لە دڵی ڕەشی شەیتان.»

ئەوسا پیاوێک کە لەو مژەدا کاسەی سەبری لە ئاوێکی نەناسراو لێو ڕێژ بوو بوو، هەرای کرد:

«من وازم هێناوە چیغان. تۆش وازم لێ بێنە.»

پیاوێک کە ئەم هەرایەی بۆ گوێی نامەحرەمان بە بەرز و بڵند دەزانی، لەبەر خۆیەوە گوتی:

«خائین.»

چیغان پێکەنینی نەتەوەخوازەکانی لە مژەکەدا بیست و، پاشان هەموو لایەک بێدەنگ بوون. تەنیا سیگناڵی نەوتبەرێک دەبیسترا کە لە بارخانە دوور دەبۆوە.

لە سی و دوو هێلکەی شکا و، یانزەی بێ تەعبیر مابۆوە. سێ هێلکە ئیشارەتی بۆ داهاتوویەکی نادیار کردبوو، یەکێک شکڵی سوارێکی وەرگرتبوو کە لە ئاوی ئاودرگەکە ڕۆدەچوو. لە پێنج هێلکەدا شێتاڵێک خوێن بیندرابوو، لە حەوتیان تەعبیری بارانی زێڕ لە داهاتوودا کرابوو. یەکیان لە شێوەی قرژاڵ بوو، یەکیان نەهەنگ و دووانیش وەک ژنە قژ زەردەکەی مستەر براون بوو، کە مانگی ڕابوردوو ڕەسمەکەیان بە ڕووبەرگی گۆڤاری سەنعەتی نەوتەوە دیبوو. سی و دووهەمین هێلکەش بە بن میچی ماڵی عەبدولباقیدا کوترا بوو، کە کەس هیچی دەربارەی شکل و تەنانەت تەعبیرەکەشی نەبیست.

دوو کچی عازەبی دە و یازدە ساڵە ژێر باڵی «بی بی» یان گرت و تا دەرکەی ماڵی عەبدولباقییان هێنا، «بی بی» بەو گۆچانە کە دەیانگوت باو و باپیرانی لە مەسقەتەوە هێناویانە، سێ جار دەرکەی کوتا.

کچەکان هەرایان کرد: «زیرە زمزم، بی بی لەپشت دەرکەیە.»

«بی بی» بۆلاندی: «تا من مابم هیچ ژنێک زیرە نییە.»

کچەکان ورتەیان نەکرد و «بی بی» دەرکەی کوتایەوە، بەڵام وەڵامێکی نەبیست. تەنانەت چۆلەکەکانیش کە هەمیشە لە ماڵی زیرە زمزم کۆ دەبوونەوە، نەیانجیکاند. یەکەم جار بوو «بی بی» لەپشت دەرکەی داخراو دەمایەوە. ئەو لە هەموو کوێ جێی دەبۆوە. تەنانەت لە بن سێبەری کەپرە حەسیریەکەی حیزب و، لەناو تاقمی نەتەوە خوازەکانیشدا.

«بی بی»ش ئاڵای خۆی هەبوو. سیان ڕەش و یەکێک کەسک. ئاڵاکانی لەسەر دەرکەی هەر ماڵێک هەڵبدایە، ژنان لەوێ کۆ دەبوونەوە و دووکەڵی داری بن مەنجەڵەکان بە دوورگەدا بڵاو دەبووەوە. «بی بی» ڕێزی بوو. چما کچ و پاکیزە مابوو، تا ئاگاداری ئەو ئاڵایانە بێ کە با نەیدەشکاندنەوە. زمزم وەڵامی تەقەی گۆچانەکەی «بی بی» نەدایەوە. کچانی عازەب لە ترسی دوعای شەڕی «بی بی» هەڵدەلەرزین.

سێ ڕۆژ دواتر، کە وەک هەموو عەسرانی جومعە بای دەهات و بۆنی گڵ بە هەموو لایەکدا بڵاو بووبۆوە، هەموو لە ژێر سێبەری کەپرە حەسیریەکەی حیزبدا چاوەڕوانی هاوڕێ هاراتوون ئاوانسیان بوون. کەس غایب نەبوو. خاوەنی ئەو دەنگەش کە لە مژەکەدا لە



حیزب هەڵبرابوو لەوێ بوو. شاعیرێکی عیراقیش کە لە وڵاتەکەی هەڵاتبوو خۆی بە موریدی کافکا دەزانی و حەزی لە کەبابی مریشک و دۆ بوو، لەوێ بوو.

چیغان گوتی: «بەسەڵاحی نازانم دەربارەی ئەو ڕۆژە مژاویە و، هەروەها دەربارەی کەبابی مریشک خواردنی ئەو هاوڕێ شاعیرە، هیچ بە هاوڕێ هاراتوون بڵێم.»

دەنگی لەرینەوەی سەرەکتری سەر چاڵە ئاگرەکە قسەی بە چیغان بڕی. مستەفا لە گۆی چاڵە ئاگرەکە دانیشت. سەرەکتریەکەی هەڵگرت و توورەکە شەکرەکەی ڕشتە ناو ئاوە کوڵ هاتووەکەوە.

شامراد بۆڵاندی: «ئەوە تۆ چی دەکەی؟»

مستەفا گوتی: «بۆچی؟ دەی شەکرم تێ کرد.»

چیغان گوتی: «ڕاست دەکا. خۆ هاوڕێ هاراتوون چای شیرین ناخواتەوە.»

مستەفا وڕ مابوو. خووی بەوە گرتبوو شەکر بکاتە ئاوە کوڵەکەوە و پاشان چای لێ بدات. لە هەموو دانیشتنەکانی پێشوودا و، لە هەموو ئەو ساڵانە کە لە ترومپاخانەی ژمارە سێ چای سازکردبوو...

«دەی لەپێشدا شەکری تێدەکەن و پاشان...»

هاوڕێ هاراتوون لە باریکە ڕێی پڕ لە تۆز و خۆڵی دارستانەکەوە بەرەو ئەوان دەهات.

دوو منداڵ کە تازە خەتێنە کرابوون و هێشتا دەرپێیان خوێناوی بوو، لەملاولایەوە دەهاتن.

هاوڕێ هاراتوون لەگەڵ هەمموویان تۆقەی کرد و پیاڵە قەدباریکە لێو زەڕەکەی لە مستەفا وەرگرت. چاوەڕوان بوو قەندی بدەنێ.

چیغان گوتی: «ببوورە. هەروا بەسەریەوەبنێ. بە بێ قەند و کەوچک.»

هاراتوون قومێکی لێدا. مستەفا نیگەران لە ڕوومەتە سوور و سپی و گۆشتنەکەی ورد بووبۆوە. چیغان بۆ ئەوەی مستەفا لەو نیگەرانی و ڕامانە بێنێتەدەر، بەرز و بڵند گوتی:

«دەی بەڵێ. بەخێر بێی.»

ئەوسا هەموویان لەسەر حەسیرێک دانیشتن. هاراتوون و شاعیرەکە ساتێک ڕامان.

مستەفا دیسان لە هاراتوون وردبۆوە. هاراتوون پانتۆڵەکەی هەڵکێشا و، دانیشت. بەڵام شاعیرەکە دەستی کرد بە پیاسە کردن.

هاراتوون پرسی: «دەی چیخان چی ڕوویداوە؟»

چیخان ئەگەر ئەسمەر نەبوایە، حەتمەن ڕەنگ پەڕینی لێ دەردەکەوت، شڵەژا.

شامراد گوتی: «ئەم عەبدولباقیە ون بووە. حەفتەیەکە. ئێستا ئێمە چی بکەین هاوڕێ؟»

شامراد تێگەیی خۆشی شڵەژاوە و بەسەر ئەعساب و زمانیدا سوار نییە.

هاراتوون گوتی: «چۆن؟»

کەس هیچی نەگوت. هەموویان ساتێک لە هاراتوون ڕامان و، پاشان سەریان داخست.

هاراتوون بەسیلەی چاو لێی دەڕوانین. کاتێک چاوی بۆ مستەفا گێڕا، ڕێک ئەو کاتە بوو کە مستەفاش سەری هەڵبڕی. ویستی دیسان سەردانەوێنێتەوە، بەڵام تازە درەنگ بووبوو.

هاراتوون پرسی: «تۆ شتێک بڵێ مستەفا.»

مستەفا گوتی: «من هیچم نەدیوە مسیۆ... مستەر... ئاغا...»

ئەوسا چونکا وشەی ونبووی هاوڕێی نەدۆزیەوە، لەبەر خۆیەوە گوتی:«کاکە.»

هاراتوون گوتی: «چیت نەدیوە هاوڕێ؟»

مستەفا گوتی: «نەمدی عەبدولباقی، هاوڕێ عەبدولباقی چی لێ هات. ئەڵبەت بیستم...»

هاراتوون پرسی: «لە ژنەکەی؟»

چیغان گوتی: «خودا ژنەکەی بەنەحلەت کا. ئەو هەر قسەمان لەگەڵ ناکات. دەرکەشمان لێ ناکاتەوە.»

هاراتوون پرسی: «بۆ؟»

ئەوسا تکای لێکردن کە ڕاست و ڕەوان پێی بڵێن چی ڕوویداوە. ئەو کاتە بوو



ئەندامەکان، سەرەتا یەکەیەکە و، پاشان هەموویان پێکەوە، کەوتنە وریتە وریتێک کە لە وریتەی زکری باو و باپیرانیان لە کۆبوونەوە نهێنیەکاندا دەچوو. لە شەوی مانگەشەو دوان. لە مانگی پڕی ئاسمانی ساو. لە بوونی نەهەنگەکانی ئاودرکە و، هاژەی شەپۆلەکان و دەنگی کوکوختییەک کە لە دووری جووتەکەی دەیخوێند و، لە ئاسۆی پێککەیشتن لە خورما کوڵانی گەلاوێژ مانگی دارستان و، لە عەزیەت و ئازاری نەتەوەخوازەکان دوان. لە بەیداخەکانی «بی بی» دوان. لە بێ مەبالاتی ژنان بە بنەمای نوێ و، ڕووداوەکانی جیهان و، گوتیان لێرە ژنان چاو لە ئاسمان دەبڕن. چاوەڕوانی دوو ئەستێرە دەبن کە لە ڕۆژ هەڵات و ڕۆژاواوە دێن و، پێک دەگەن. ئەگەر دەنگی کوکوختی ببڕێ و، با هەڵنەکات بەر لەوەی نەهەنگ سەر لە ئاوی خەلیج دەربێنێ و، ئەگەر کچێکی عازەبی بێ خوازبێنیکەر لە ئاسمان ورد ببێتەوە، ئەوە کاتێکە کە دەست لە هەرچی بدەی دەبێتە زێڕ. ژنان تەنانەت بە عەیاری ئەو زێڕەش دەزانن.

هاراتوون هێواش گوتی: «ستۆپ.»

بەڵام مستەفا هەروا لەو چاوانە دەدوا کە لە ئاسمانیان دەڕوانی و، لە گەرمای زۆر و بۆنی خاک و...

هاراتوون نەڕاندی: «ستۆپ کاکە. ستۆپ ئیتر.»

مستەفا ئارشەکەی لەسەر سیمی ڤیەلۆنەکە هەڵگرت و، ئەو سەمفۆنیا خەمبارە خامۆش بوو. هەموویان سەریان داخست. هاراتوون لە عەباس ورد بۆوە کە بە دەمی کراوەوە لە دووری دەڕوانی. هاراتوون دیبوی کە عەباس جیا لەوانیتر لە تاپۆیەک لە پاڵ دار خورمایەکی بڵند ورد بۆتەوە. پرسی: «دەی عەباس، عەبدولباقی لە کوێیە؟»

عەباس گوتی: «لەوێ بوو. گوتی تووتنت پێیە . گوتم سوویکەم[۲] پێیە. دەیجووی؟ ئەوسا قامکێکی هەڵگرت و ژێر زمانی دا. پاشان ڕۆیی. تفی نەدەکردەوە. هەرگیز تفی نەدەکردەوە.»

«تف بۆ؟»

«سوویکەی قووت دەدا. دەمگوت چۆن دەتوانی قووتی بدەی؟ تاڵە، وەک ژاری مار. بەڵام ئەو قووتی دەدا. لەبیری دەچوو تف بکاتەوە. دەیگوت لەبیرم دەچێ سوویکەم لەبن زماندایە. ئەوەندەی خەیاڵ دەکردەوە، دەمگوت «زار»[۳] دێتە گیانت. نەدەترسا. دەیگوت

زاری چی؟»

هاراتوون پرسی: «پاشان چی؟»

عەباس لە باریکە ڕێکەی دەڕوانی. عەبدولباقی خەریک بوو دەڕۆشت. عەباس نەڕاندبووی: «تف بکەرەوە بێ دین.»

عەبدلباقی سەری ڕاوەشاندبوو، یەعنی قووتم دا. پاشان گوتبووی بەیانی بەرەو بارخانەی ژمارە حەوت دەچم.

«ها، دەمزانی شەڕ دەنێتەوە. ئەوە عادەتی بوو. تا بریندار نەکرایە لە بارەکە نەدەهاتە دەر.

دەیگوت خۆشیەکەی ئەوەیە کە پیاو پاشان بەرۆک بەکەسێک بگرێ . سیموون هیچی پێ نەدەگوت. دەیگوت بە توون، با یەکێک گوو بکاتە ئەم کافەوە. دۆستی سیموون بوو. کاتێک پۆلیس لە کافەدا بوایە سیموون دەیبردە پاشاخانەکە. ئیشارەی بۆ منیش کرد کە بچم. گوتم عەبد من دەبێ ئیمشەو زوو بگەڕێمەوە. تۆش وەرە. گوتی نا، چونکا دوایی دەمەوێ تۆزێک بگریم. هەر لێرەش دەخەوم، پاشخانەکە شێدار بوو. گوتم دڵت لەچی ئێشاوە پیاو؟ ئەوساکە بوو کە ئەو ئاغایە هاتە ناو دەرکەی پاشاخان. گوتی: بەتەنیا خۆشتانە، ها؟ سیموون لە پشت کابراکەوە ڕاوەستابوو، ئاماژەی بۆ کرد و گوتی خۆیەتی. عەبد گوتی تۆش فەرموو خۆشت بێ. گوتم عەبد هەستە بڕۆین. گوتی تۆ بڕۆ من لەگەڵ ئەم ئاغایە خۆش دەبم. سیموون ڕەنگی پەڕیبوو. گوتی بۆ نەتهێنایە دەر، گوتم نەهات. من هەر لەوێ لە گەڵ سیموون لە پشت بارەکە ڕاوەستام. ڕەنگە زیاتر لە سەعاتێک. ئەوان سەرەتا پچەپچیان دەکرد و پێدەکەنین، بەڵام پاشان دەستیان کرد بە گۆرانی خوێندن. دواتر بیستم بە پۆلیسەکەی دەگوت بەم زووانە بەڵایەکم بەسەر دێ. پێی دەگوت هەر بەیانی بڕوا ژنەکەی تەڵاق بدا.»

هاراتوون پرسی: «ئێستا عەبدولباقی لە کوێیە؟»

چیغان گوتی: «ئەمە تا بەیانی بدوێ، هیچ بەدەستەوە نادا . با من بیلێم.»

ئەوسا چیغان باسی ئەو شەوەی کرد کە عەبدولباقی لە ماڵ هەڵاتبوو، چونکا چاوی نەیدیبوو، کەوتبووە شیوێکەوە و، دەینەڕاند.

«بۆچی؟»



«لە ترسی ئەو دوو ئەستێرە کە ڕەنگە ئیمشەو، یەعنی ئەو شەوە پێک دەگەیشتن.»

دیسان وریتە وریتی پیاوەکان تێک ئاڵا و، هەر کەس لەو شەوە و لە وەزعی عەبدولباقی شتێکی دەگوت. لە ژنەکەی دەترسا. شەوان لە بیانوویەک دەگەڕا نەچێتەوە بۆ ماڵ. قاو بوو کە دەچێ لەو مژە ونەی گوێ چۆمەکە لە عارەقی وڵاتی ئەو پیاوە عاشقە دەخواتەوە. لە خەودا وەها دەینەڕاند کە هەمو خەڵکی دوورگە بەئاگا دەبوونەوە. ژنەکەی دەیگوت لە خۆوە دەترسێ، ئەو بەختەوەری عەبدولباقی دەخوازێ. عەبدولباقی دوو ددانی زێڕی بوو، کە فرۆشتبووی تا مەقنەعەیەکی گەورەی بەحرینی بۆ ژنەکەی بکڕێ، بەڵام ژنە پارەکەی لێ وەرنەدەگرت.

هاراتوون ئاونسیان لەو ڕوومەتە ئەسمەر و ئێسکن و شەڵاڵی عارەقانە ورد بووبۆوە و، ئیتر هیچی نەدەبیست. بەڵام نەیدەزانی کە هیچ نابیستێ و هەروا گوێی دەگرت و، بیری کەوتەوە دەبێ سبەینێ عەسر سەمفۆنیای پێنج و نوێ بتهۆڤن بۆ لیلیان بباتە باشگای گۆڵف.

پاشماوەی چا پڕ لە تەپ و تۆزەکەی هەڵقوڕاند و نەیزانی سارد بۆتەوە. هەستاو، ئارام بەرەو باریکە ڕێیەکە چوو کە ئێستا مژ گرتبووی. بەڵام بەرلەوەی لە مژەکەدا ون ببێ، ڕاوەستا. هەموویان لە ژێر کەپرە حەسیریەکەدا ڕاوەستابون و لە ئەویان دەڕوانی.

هاراتوون پرسی: «بۆ دەبێ بڕوا بە قسەکانتان بکەم؟»

مستەفا گوتی: «ژنی عەبدولباقی گوتبووی؛ ئیمساڵ ئەوەندە دادەنیشێ تا ئەو دوو ئەستێرە لەیەک نزیک ببنەوە.»

هاراتوون پرسی: «دەی ئەمە بە عەبدولباقی چی؟»

چیغان گوتی: «ئەگەر زمزم بە هەڵە دەستی لە عەبدولباقی وەشاندبێ، دەی خۆ...»

هاراتوون هەی پێی کرد و، ڕۆشتە ناو مژەکەوە. لەوێوە قیژاندی:

«بڕۆن بۆ جەهەننەم . وا خەتم بەدووری هەمووتاندا کێشا.»

هێشتا مژەکە ئەوندە نزیک نەبووبۆوە کە هەڵکوتێتە سەر کەپرە حەسیریەکە و، پیاڵە قەد باریکەکان پڕ ببوون لە تەپ و تۆز و، هەموویان چا سارد و پڕ لە تەپ و تۆزەکەیان هەڵقوڕاند. چیغان گوتی:

«بریا دەمانزانی هێلکەکەی ماڵی عەبدلباقی کاتێک بە ناوەڕاستی ژوورەکەدا بڵاو بۆوە چ شکڵێکی وەرگرت؟ یان پەیکەرەی عەبدولباقی...»

مستەفا گوتی: «کەپرەکە کۆبکەینەوە؟»

---

١ – فراماسیۆنێر
٢ – سوویکە
٣ – زار



# ماڵی ڕووناکان

## هۆشـەنگ گوڵشـیری

بەو ئیستـەی لە سووڕانی کلیلەکەدا کـرا، زانیـمان خۆیەتی. لەوەدوا جێ کلیلی و دەرکە زۆرجار ئەوەیان پێ گوتووین. هەمیشە سەرەتا کلیلەکە دەخاتە جێ کلیلەکەوە و، ماوەیەک دەوەستێ، وەها کە لەبیری کردبێ ویستوویە چی بکا، پاشان کلیلەکە دەسوڕێنێ. درەنگان بوو، تاریک بـووین ئێمـە. باریکە نوورێک داوێنێ پەردەکەی ڕۆشن کـردبوو، نەمـاندیبـوو ئێـمـە. پەردەکـە تەنانەت ئەگـەر هیچ نـوورێک لە چراکـانەوە نەڕژێ و دەرەوەش تاریکی تاریک بێ، ئەمەمان پێدەڵێ. لەو تاریکیەدا ئێمە نازانین دەرەوە کەی ڕۆشـن بووە و کەی تاریک. تاریک بووە حەتمەن. وەک ئێمە کە بێدەنگ و تاریک لەسەر جێی خۆمـان بووین و تەنانەت چپـەشـمـان نەدەکرد. تاریک بێ قسـەمـان بۆ یەکـتـر پێ نییـە ئێـمە. ئاوێنە لەپێـشـدا بینیـویە کـە تاریک بووە و لەناو دەرکـەکـەدا وەسـتـاوە، کـیـفـێک بەمـدەسـتی و تاریکیی شتێکی تر بەودەستی. لەبەر ڕۆشنایی ڕاڕەوەکە ڕووناک لێی ڕاماوە و چاوەڕوان وەستاوە تا کەی کلیلی بەرقەکە لێ بدا و گفتوگۆی خامۆش و بەردەوامی لەگەڵ سپییەتی دیواری بەرامـبـــەر و، تایەکی دەرکـــەکـــە و چەند پلیکانە دەست پێ بکا. دەڵێ: لەبەر ڕووناکی من ڕوومـەتی ڕوون بۆوە. سـێـبـەر کـەوتە مـابـەینی دوو لـۆچی تەوێڵی. لێی دەڕوانیم، یان ڕەنگە تەماشای خۆی دەکرد.

دەڵێ: کیفەکەی لەپێشدا دانا.

قورس بووە. پاکـەتەکـەشی لەسـەر فەڕشـەکـە داناوە و، هەمـدیسـان لە ئاوێنەی ڕوانیـوە. ڕوخساری ئێـستا لێرە نییـە کە بیلێ سەیری خۆی کردووە یا خود نا. لە ئاوێنەدا دەستی

هەڵبڕیوە. مست بووە. ئاوێنە ترساوە. دەڵێ: هەرگیز نەمدیبوو ڕووەو من مستی بەرز کاتەوە.

دەنگی خۆی لەپێشدا بیستووە و دیتوویە ئێستاکە دەڕژێ. دەرکەی پێوەداوە و دووبارە تاریک بوونەتەوە. ئاوێنە ترساوە، ڕەنگە ئێستا بەشەق تێی سرەوێنێ. تێی نەسرەواند. لەو تاریکیەدا هەڵگەڕا. پێیەکی قورس بووە، وەها کە ئەوپێکەی تری ژان بکا. دەستی بەدیواری ڕاڕەوەکە گرتووە و هەڵگەڕاوە. دەمانزانی لەوێیە. گوێمان لە دەنگیەتی. هەستی پێدەکەین ئێمە. هەست بەحەجمی هەناسەکانی، کە دێن بەرەودوا لە سنگمان دەدرێن، ئەگەر سنگمان بێ. خۆی دابووە سەر پێیەکی و دەستی نابووە سەر نەردەکە و ڕاوەستا بوو. برقەکەی هەڵکردایە چپەچپی خامۆشمان دەست پێدەکرد. نەیکرد و ئێمەش بێدەنگ ماین. نا، بێدەنگ نا، تاریک و شاراوە ماین. سەعاتەکەی میلەی بچووک و شەونمای هەڵدەسووڕا و، پاڵی بە ساتەکانیەوە دەنا. ئەو نازانێ کە ناتوانێ هیچمان لێ بکا، هەین ئێمە.ڕوخسارمان گرنگ نییە، ئەویان بەڕوخسارەوە بەستۆتەوە. ئەوە ئەگەر هەناسەی حەجمی نەمێنی ئیتر نییە. ڕەنگە زانیبێتی، تازە خەریک بوو دەستی پێدەکرد کە تاریک بوو، دەستێک لەسەر لەشی ئە نەردە کە دەڵێ، ساردم هەمیشە. هەمدیس چاوەڕوان مابووینەوە کە ئیمشەو دەیەوێ چی بکا. هۆشمان نەماوە ئێمە. لە دووبارە بوونەوەدا شتەکانمان بیر دێتەوە. بیرمان دێتەوە و هەمدیس لە بیرمان دەچێتەوە، تا شتێکی تر دەرکەوێ و هاوڕەگەزەکەی خۆی وەخەبەر بێنێتەوە. هیچمان وەبیر نەهاتەوە. تەنانەت بۆنیشی بۆمان غەریب بوو. پاشانیش کەهەر هات و چوو، لەم کورسیەوە بۆ ژووری خەوتن، خۆی دابووە سەر ئەو پێیەی کە قورستر بوو. دیسان بۆنی هیچ بۆنێکی لە ئێمەدا نەدەژیاندەوە، نە لە تان وپۆی پەردەکە و نە لە ڕووکەشی کورسیە ڕەحەتیەکەدا. ئاخریەکەی ماندوودەبن، کورسی و چرپایان بۆ ئەم ماندوویەتییە سازکردووە مرۆڤەکان. بۆنی مەستیی ئەگەر ببوایە دەکەوتە سەر چرپاکە و، بەیانی لە درزی نێوان دوو پەردەوە دەهاتە ژوور و، لەسەر تاقچەی پەنجەرەکە دادەنیشت و، بەئاگای دەبۆوە. زەبت و شریتەکان دەڵێن چاوەڕوان بووین. بۆنی بنیادەمیان گرتووە ئەمانەش. جگەرەش بۆنی بنیادەمی لێدێ. قونچکە جگەرە کە لە تەپڵەکدا بپروێ ئەوسا وەک ئێمەی لێدێ. کومێد و چرپا و تەنانەت جلوبەرگیشی ئەوەند پڕن لە بۆنی قورس و بەردەوامی تاریکی و ڕوونی بنیادەمان کە نامانبینن. خۆیانمان لێ نەبان دەکەن. بەگوێی یەکدا ناچرپێنن. نازانین چ باسە ئێمە. دەچوو، دەهات. سەعاتەکەش کە زیڕاندی ئەو هەروا دەهات و دەچوو.



دەیویست ماندوویی نەناسێ. کورسی و تەپڵەکی بەرامبەر تەلەفزوێن چاوەڕوان بوون. کورسییەکان دەڵێن بەسووکی و قورسی کەسەکاندا تێدەگەن چەندە تاریکن. گوتوویانە کە هاتووە و دانیشتووە گرژ و تاڵ بووە. بە جیرەی فەنەرەکاندا زانیویانە. گرژ وتاڵ نابین ئێمە. بەو دەستە کە لەسەر دەسکی کورسیەکان دادەنرێ لە تاڵی بنیادەم دەگەین و بە تاڵیەکانی ڕابوردوو وەڵامی دەدەینەوە و تاڵتری دەکەین. ئەو وەها پڕ بووە لە تاڵی، تاڵیەکانی ڕابوردووی لێ دەرژا. وەک هەور کە دەڵێن کاتێک پڕ بێ لەئاو سەر ڕێژ دەکا. کە شەمچەی هەڵکرد دەلاقەی بڵێسە ڕۆشن بو و، سەرمان کێشا تا بزانین لەوبەرمانەوە چی هەیە، نەمانبینی. خۆمان شاردەوە و لە نووکی سووری جگەرەمان ڕوانی. پەنجەرە نییە کونی سووری تاڵ، ئەگەر بشبێ لەو دیویەوە دڵی مرۆڤ دەبیندرێ کە تاڵ و سوور لێ دەدا. هەستمان بە بۆنیشی دەکرد لەگەڵ حەجمی هەناسەدا لێمان دەردا. کە پەردەکان دادرابێتنەوە و چراکان کووژابێتنەوە، چاوی سووری جگەرە تاریکمان دەکا، دەتۆقین، بۆ ئەو دوورانە ڕاومان دەنێ، بۆ ئەو سووچ و سێ قوڕنانە کە سنووری زوڵمەتی بێ مرۆڤین، کە دنیایان تیا ڕۆچووە. مرۆڤ تەلەفوون و گوتن و بێژتنیان لەبۆ ئەمە سازکردووە و داهێناوە، تا لەنێوان ئەم ڕۆچنە سوور و تاریکە و، لەنێوان ئەم گشتە بوونە، بەچپەچپ تاریکییان لێ بتەکێنێ. تەلەفوونی بەرزکردەوە. گوێمان لە هیچ دەنگێک نەبوو. مێز دەڵێ لەسەر من داینا. خەو و نیوەخەو، لەو ڕۆچنە سوورەوە بۆنی شتێکمان ئەکرد کە ئەهات و لە قورسایی مست لەسەر سنگی ئاوێنەش قورستر بوو. ئێمە زۆرجار ئالێرەوە دەست پێ دەکەین، ئەم گۆی بۆ ئەو گۆی، یان چاکتر لەم سللوولەوە بۆ ئەو سللوول، بەشکم ئەو نووره ڕەشانە کە لە بنیادەمدا هەیە کارێک بکەن. دەبێ کارێک بکەین، کردمان. لە دەستیەوە دەستمان پێکرد. دوو ئەنگوستی گەورەی ئەگەر جگەرەش بکوژێننەوە، دەست پێدەکرا. ئەو بێدەنگ بوو، ئێمە تاریکتر ماینەوە. قورس و نەرم، مۆبل دەڵێ، دوودەستی خستبووە سەر دەسکەکانم. ئەگەر ئەم جۆرە بنیادەمانە هاوارێک بکەن، یان تان و پۆمان بە هەنیسکیا فانگ بدەن، دەزانین ئێمە کە نوورێک هێشتا لە شوێنێک هەیە، ئەگینا نووره ڕەشەکان تاریک دادێن، وەک ئەو تاریکییە کە بووە. پەردە دەڵێ باریکەی نوور ئیتر نەبوو. ئاخ ئەگەر قوڕگمان ببوایە چیمان دەکرد. چەند دڵۆپ لەو هەورە حەتمەن لەسەر جامی شیشەبووە، یان دوو تەقە لەسەر دەرکە. ئێمە لە بەندی مرۆڤدا و مرۆڤ لە بەندانی مەدا. ئێمە ڕێمان بۆ ئەودیوی حەسار نییە. ئەڵبەت دەکرێ بەخەیاڵ وێنای بکەین. کردمان. لە دڵی ڕەشی دووکەڵێک گەزارەی سووری ئاگرمان دەرکێشا.

داره وشکێکی گڕ گرتووی دەدی ئەگەر دەستی لەبەر گەزارەی سوور و لەرزۆکی ئاگرەکە ڕاگرتایە. بە ساقی پێ و پل زیوی غەزەڵمان گوت نەوەک بەناز، بەقەهرەوە غەمزی بۆبکا. سەری هەڵنەبڕی کە دیمان ساقی ڕەنجاو خۆی خستە باوەشی قاپی ڕەسمەکەی و جامی هەڵگرت. جاممان پێ نواند، نێرگس و دوو سێ بنە پۆنگە لە گۆی ڕووبارێکی جاڕی و زوڵاڵ. کوێرە ڕێیەکمان لەنێو جەنگەڵدا پێدا بەڵکو هەستێ و دەلاقەی چرایەک بکاتەوە. نەیدەدی. دەماندی کە نایبینێ. تەنانەت«با»ش لەسەر جۆلانەی سوورە گوڵێک بەدی ناکات. بەردی نەدی کردبوومانە سەیوانی کڵاوی نەرمی قارچکێک. شەکەت نابین ئێمە. ڕەش دەبین کاتێک دەبینین کەسێک دوو دەستی قورسی خۆی نابێتە سەر دەسکی مۆبل و، دەرکەی لەسەر غەیر و نەیار داخستبێ. ئێمەین غەیرین. گوتمان بێڵین بەڵکو خەیاڵێک بانگ بێڵێ. بۆنی کافوور بوو. بەرلەوە بۆنمان کردبوو، بەڵام بۆ دوورترین کونی ئەم ئاڵقە ڕاومان نابوو. لەترسی ئەو کونی «نەکا»یە کە هەمیشە هاوسێیەتی. دیمان خەریکە لەبەر پێی ڕادەخرێ یان خود ئەوەی کەبووە، بوو. بۆنی قورسی خاکی تەڕ بوو ئەو کافوورە کە لەسەر مووڕەغەی پشتمان - ئەگەر پشتمان ببێ ئێمە - عارەقی ساردی دەنیشاند. لاسقی ناسکی گیایەکمان چەماوە لەبەر قورسایی دوو دلۆپ شەونم، لە گوێ ئەو تاریکە ڕواند. نەیدی. ئاوازێکی ئاوێزانی مابەینی دوو بێدەنگیمان بۆ ماڵی خەیاڵی ڕاگوێزا. کونی دووهەمی پڕ نەکردەوە. ماندوو نابین ئێمە. تاریک، گوتمان دەمێنینەوە سا بەڵکو خۆی ماڵەکە ڕوون بکاتەوە. تەلەفوونەکەمان گوتی ئەم کاتانە بوو کە دایننام. هەستا. پاکەتەکەی هەڵگرت و بەرەو ئاشپەزخانە بردی. هەروا تاڵ بوو. ئەو کونەی کردبووە نسیێ جووت پێی. برقەکەشی کە هەڵکرد تاریکتری کردین. سەعاتەکە چەندجار کوترا. شتێکی خوارد. شتێکی تاڵیشی تەنانەت خواردەوە. بەڵام ئێمە کات خۆش نەبووین.فریو ناخۆین ئێمە.جەژنی ئێمەیە ئەودەمە کە بنیادەم بەشوێن هەر پاروویەێکدا قومێکی تاڵیش هەڵدەدا. تەرمێک بوو لەسەر مێزەکە. سەرێک بوو، قژی ئاوی لێ دەچۆڕا. لەسەر تاریکترین تەپڵەکەکانی ئێمەبوو. ڕاست وەک ئەو ڕەسمە کە دەڵێ، ئەو ڕۆژێک لە ڕۆژان من بووە. ماوە هێشتا. دەستی کۆڵەکەی چەناگەو قژەسەری شانە نەکرا و، نووکی سمێڵی دەگەزێ. تەلەفوونەکە زیڕاندی. نەمانگوتبوو ئێمە کە ئەو بزیڕێنێ. دەتوانین، بە حوکمی خەیاڵ دەتوانین. هێزی دابووە سەرپێی ڕاستی، هات و نەویەوە و تەلەفوونەکەی هەڵگرت.

گوتی: بەڵێ ؟

- بۆ نەهاتی؟



لە ئێمەدا بوو ئەو. نوور بارانی دەکردین کاتێ کە بوو. هاوماڵی بۆنی پۆنگەی قەراغ جۆباری دەکردین.

گوتی:ماندووم.

- زۆر قەرەباڵغ بوو؟

- زۆر؟ ئەرێ باش بوو. بەڵام بەئامانەتی دایاننا تا بیبەنە شوێنێکی تر.

- بۆکوێ؟

- نەمپرسی. زووهاتمەوە.

- باشە، ئێستا بۆ وا تاڵی؟

- تاڵم، ئەرێ، چونکا دەترسم ئەم بەڵایە بەسەر منیش بێ.

هاوماڵی دەنگی بلوور پێدەکەنێ نێرگس. کە ئەو نەبێ، دڵتەنگ دەبین ئێمەش. گوتی: خۆ تۆ دەتگوت تا ئەو کارە سەرەکییەم نەنووسم ناڕۆم؟

- هاکا ئیمشەو نووسیم.

- چاکە، چاکە، واهاتمەوە. ئێمە لێمان نایەت بچینە باکور.

- نا، تکایە، من زۆر چاکم. ئەوپەڕی حەبێک دەخۆم و دەخەوم.

بۆنی کافووری لێدێ درۆ جارجار. بەتایبەت کاتێک گوتنێک هاوماڵی خاکی قورس و چەور بێ.

نەمانبیست نێرگس ڕەش ببێ. یان بڵێ لەژێر ئەم«دەخەوم»ەت سێبەری شتێکیت هەیە. ماندوو بووە ڕەنگە. ئێستا ئێمە لە بەندانداین. ڕەسمی ئەویان بەسنگی دیوارەوە هەڵواسیوە لە قاپێکدا. ڕەش و تێکەڵ بەچەوری خاک، پارچەیەکیان ڕاستەوچەپ بەسەر شاندا داوە. لە منداڵەکانیشی پرسی، خەوتبوون. لەگەڵ نێرگسدا دێن و، خونچە لە سەرئەم مۆبلە دادەنیشێ. ڕاماوە لە دەرکە. دەڵێ: باوکم لێرەیە. دڵنیام. بۆنی دەکەم.

بۆنی ئەو لە ئێمەدایە. هاوماڵی بۆنی شیلەی کاجمان کردووە. بارام دەڵێ: خۆی نووسیویە من جگە لەم نووسینانە چیترم نییە. ئەمانەش بۆ ئەو کەسەیە کە بتوانێ وەیانخوێنێ.

دەینووسی ئەو. لەو ژووره بچووکە لە پشت مێزەکەی دادەنیشت و دەینووسی. ماشینی تایپەکە دەڵێ: بێ دەنگ ماوم.

نێرگس جاروبار بە تەنیا دێتە ئێرە و لەگەڵ ئەودا دەدوێ. دەیبیسین ئێمە. دێڕێکی سەر لاپەڕەیەک دەخوێنێتەوە: ئێمەش ڕۆشتین. تەرمی خۆمانمان بەشان دادا و بردمان.

سەرەتا چی کاری نیوەتەواوی بوو کۆی کردنەوە و لە کیسە نایلۆنێکی خستن و بردنیەخوار. بە ئێمەی گوت کە دەیانبا. باسی مەرگی خاوەنی ڕەسمەکەشی کرد. هەمووی نووسی و بەدەنگی بەرز خوێندیەوە. لە تان و پۆ و کون و کەلەبەرەکانی ئێمە دایە ئەوەی کە ئەو نووسیویەتی. ناتوانین بیانڵێین کاتێک خۆی نەیویستووە بیانهێڵێتەوە. دڕاندوونی. سوتاندوونی. نێرگس خۆڵەمێشەکەیانی لە تەپڵەکەکەدا بینی. گوتی: لێرە بوومایە نەمدەهێشت.

هەموویانی دڕاند. لە ئێمەدان، لەگەڵ ئەودا دەمێننەوە. بانگی خاوەن ڕەسمەکەی کرد. شتێکی بۆ خوێندەوە کە هاوسێی بەیان و ئێوارە دڵتەنگەکان بوو. بڕگە بڕگە دەیخوێندەوە. گوتی: نامەوێ وەک تۆ مەسلەتم پێ بکردێ.

– منیش نەمدەویست، بەڵام بێخەبەر دێ، هەمیشە.

– تۆ شاعیری، یان بووی، بەنیوە بەیتێک دەبوو بیلێیی.

– گوتبووم، زۆرجار. بەڵام ئەگەر خوێندبێتیانەوە یان تەنانەت لەبەریشیان کردبێ، بەشتێکی تر تێی گەیشتوون. ڕەنگە عەیبی شێعر ئەمە بێ، ناکرێ باسی شتێک بەوشێوە بکەیت کە هەیە.

بەرامبەر بە یەکتر لە پشت ئەو مێزە دانیشتبوون، شاعیر لەولاو دراوسێکەی ئێمەش لەملا. خەیاڵ بوو شاعیر، سێبەرەکەی بوو کە ڕۆژێ بووبوو. بۆڵە و بناشتی ڕابوردوویان لە گەڵ یەکتر دەگۆڕیەوە. قژی درێژی شاعیر تەڕبوو، هاومالی بۆنی کافوور بوو. قژی بەهۆی خەیاڵ هاتوو، فرمێسک بڕیژێ دەڵێن تەڕە. کەکرە بوو قسەکانی، دەیگوت: بۆ ئەوەی لە ڕەسمەکاندا دەرکەون دەچونە ژێر تابوتەکە.

لێوی تامی تاڵی «ئومولخەبائیسیان» لێ دەهات. شاعیر دەیگوت: پارچە پارچەم دەکەن ئێستا، وەکو وشتری قوربانی کە هەر کوتێک لە گۆشتەکەی بەرەو ماڵی کەسێک دەبەن. ئەگەردەمزانی...



– خۆکوشتن خراپترە. بەلاسایی کردنەوەی لە قەڵەم دەدەن.

– ئیتر بەئامانەت بنیادەم دانانێن، تا دواتر بیبەن و بەپێی یاسا بینێژن و ئەوسا مەدحکەرەکان پارچەپارچەی لەشم لە بەرۆکیان بدەن. وەکو پارچە پارچەی لەشی بێژەری شیعری ناسری کە ئیمانداران لە بازاری شاری بەلخ بەسەر سووژنەکانیانەوە بە تەبەڕووک دەیانگێڕا.

لەلایە و توێی دوورماندان، چووە کۆنەکان. ئەگەر بانگی بکەن، بینووسنەوە بەوشێوە کە شیاوە، نەوەک تاپۆی، بەڵکو خۆی حازر و ئامادە دێ و دەردەکەوێ.وەک چۆن بووە و ئێستاش هەیە. کاتب تەنانەت قەڵەمیشی هەڵنەگرت. گوتی: کە لەسەر سەکۆ، لاشان ڕایانکێشایت، چەندە ئارام بوو ڕوومەتت. بە سەر و ڕووی تەڕ و چاوی بەستراوەوە، دەتگوت دەم بەزەردەخەنە خەوتووی. دوو لۆچی ئەملاولای لێوت قووڵتر لە ئێستابوون و، تارماییان کەوتبوویە. لێوی خوارووت خونچە کردبوو، وەها کە ویستبێتت وشەیەک بێژی و لەبیرت چووبێتەوە.

سێبەر نەیدەبیست. قامکێک لەسەر گۆنا و چوار قامک ئەستوونی چەناگە سەیری دەکرد. سەیری کاتب نا، لە ڕەسمی خۆی ورد دەبووەوە. گوتی: دەبینی؟ ئەمەش من نیم. ئەڵبەتە بووم. ئەوسا ئەوان بۆ بەڵگە وشەکانی من دێننەوە. نا، نەبووە، نابێ. وشەکان سێبەریان هەیە، هاونشین دەیشارێتەوە. دەبنە شتێک لە دەرەوەی ئیختیاری من. ڕەشتاڵەیەکی بەرزەباڵام خۆش دەویست، بەڵام ئەگەر باسی ئەوم بکردایە دەبووە شتێک کە ئەو نەبوو. زاری نیوە کراوەیم دێتەوە بیر و، پەنجەکانی کە نمەدێکیان لە مست گرتبوو. بەڵام من باسی بلوور و تراشی باسکم کردووە.

کاتب گوتی: دەڕەنجن. لێمان خۆش نابن ئەگەر بزانن تۆش ئەو حەیوانەت دیوە، لە وەسفێکدا ئەو دوو دەستە و چنگۆڵە کراوەت بانگ کردووە. دەیدڕینم من، دڕاندم. لەبەر پێی تۆدا دڕاندم.

– کەواتە تۆش دەترسی؟

بۆنی ترسمان کردبوو ئێمەش، هاوسێی لەرزینی دوو دەستە هەندێ جار. بۆ ئەوەی شاعیر نەیبینێ، کاتب دوودەستی بەلێواری مێزەکە گرتبوو. مێزەکە لە نائارامی پێی کاتبیش دواوە. ئێمە زۆرجار باسی ئازاری پێی ڕاست و کزانەوەی بەرپێیمان بۆ خونچە

کردووە. خونچە لە زمانمان تێ دەگات و دەڵێ: بۆنی باوکم دەکەم. لەم نزیکەیە.

نییە ئێستا. لەلایەکانی ئێمەدایە. بە یارمەتی ئەوە ئێمە لە دەلاقەی وشەکانەوە دەبینین. ئاوەچۆر نییە قژی. سەر و دەست و پێ نیە. یان عیزامی ڕەمیم یان هەرشتێک کە ئەم جۆرە بنیادەمانە دەبن، بە خاکی ئەگەر بسپێرن یاخود ئەگەر بە ئەمانەت قوولتر لەو ژێر خاکەی ڕۆکەن. هاوسێی زوڵمەت و تاریکیە کاتب. بۆنی کاغەزی نەنووسراو یان قەڵەمی نەتاشراوی لێدێ کاتب. لە تابووتی نەگوتراوەکاندایە.

گوتی: بێگومان دەترسم.

شاعیر لە مژدا دەڕۆشت و لە مژ دەدوا. دەستی لەنێو دەستی بەرزەباڵاکەیدا بوو. بالا بەرزێکی قژ ڕەش، قژ تا سەر شان. گوتی: لێکدا لێکدا قسەمان دەکرد و دەڕۆشتین. باریکە ڕێیەک بوو لە گۆی دۆڵێک، میچکوت لە مژ. ئەملاش شاخ و تاشە بەرد بوو، جاروباریش لقە دارێک کە سەری لە مژ دەرهێنابوو، دەسگرەمان بوو. شان بەشانی یەکتر دەچووین. ناوی مانگ بانو بوو، من بە مانگ قاوم لێدەکرد. تا ئێوارە کۆڵ بە پشتەوە گەڕابووین. شتێکمان خواردبو و، لە شوێنێکیش دانیشتبووین و سەرخەوێکمان شکاندبوو. دەست و دەستبازیەکیش، جوانم لەبیرە. شەڕیشمان بوو. بەردێکی هەڵگرت و فڕێی دایە نێو مژی سووکی بنکی دۆڵەکەوە. «عەلەم دێ» هێشتاکە دیاربوو. دەبوو بگەڕێنیەوە بۆ ئەوێ و، لەوێشەوە مانگ دەڕۆشتەوە شار. قەرار وابوو لەوەدوا ئیتر نەیبینم.

لە ئێمەدا نییە مژەکە. مانگبانووش لە ئێمەدا نییە. لە گرژی هەوای کوێستان، یان لە کون و کەلەبەری لەشی بەردەکاندا ماوە. ناتوانین بانگی بکەین. وشەکانی شاعیر قاپی چۆڵ بوون، دەبوو بە جووڵەی دەست یان لەرەی دەنگێک پڕ بکرێن. شاعیر هاومالی خەیاڵ بوو. کاتب ئەگەر بینووسیایە، وەک چۆن نووسی، ئێستا کە بوو. کاتب گوتی: چۆن؟

– منیش دەمویست لەمەبگەم. گوتم: «با بڕۆینە شوێنێکی دوور. هەردووکمان .دوو سێ ڕۆژێک پێکەوەبین و پاشان بڕیار بدەین.» خۆی ئەو دێیەی پێشنیاز کرد. ژوورێکمان لە ماڵێک بەکرێ گرت. لە پیاوێک کە پێمواین ناوی کەرەم بوو. بەڵەدی کەژوانەکان بوو. پێی وابوو ئێمەش کەژوانین. پاشان کە زانی بەتەماین تا ئەو نزیکانە بچین، ڕۆشت و شوێن کاری خۆی کەوت. شێو و نیوەڕۆژەی بۆ دەهێناین و دەچوو. زۆرجار لەبەر ئەو



چایخانە ڕادەوەستا، کە ئێمەش لەوێ دیبوومان.

بێقەرار بوو کاتب. بەئەنگوستی دەستی چەپی سمێڵی دەگرت و بای دەدا. دەیکردە سەیوان و سێبەری لێوی خواروی. گوتی: ئەمانە دەزانم. خوێندوومەتەوە. جاروبار باسی مژیشت کردووە. باسی مانگیش کە بانووە و دێ، لەپشت هەورێکەوە سەرەتاتکە دەکا و، لقێک ڕۆشن دەکا یان داوێنی کێوەکە، شاخ و بەردێک، بەڵام تۆ نابینێ کە بۆ ئەوەی داوای هاتنی بکەی لەوەسفیدا گەلێک هۆنراوەت داناوە.

– بەبەرزەباڵا ناوبردن هیچ کەست پێ بانگ ناکرێ. قژ پەریشانی من لە مژەکەوە دەهات.

قاقا پێکەنی شاعیر. هاومالی قووڕە قووڕی کردبوو. کاتب هەستا. هێزی دابووە سەرپێی ڕاستی و دەستی نابووە سەر ئێشی پشتی، هاتوچوو، لە پەنجەرەی تاریکەوە تا ئەم مۆبلە کە ئێستا ئیتر خووی بەبۆنی دانیشتنی نێرگس گرتووە، ئەو کاتەی دێ و چوار مەشقی دادەنیشێ و دەڵێ: ڕەنگە خونچە ڕاست بکا، جارجار منیش بۆنی دەکەم.

لە ئێمەدایە بۆنەکەی. دەنگەکەشی. دەیگوت: لە وشەکاندا نییە، لە مابەینی ئێمە و وەرگر دا تیا ماوە ئەوەی تۆ گوتووتە. من مژەکەم دیوە، ئەو کوێرە ڕێیەش کە مانگتی پێدا ڕۆیی و، تەنانەت ئێستاش دەیبینم.

شاعیر گوتبووی: کوێرە ڕێیەک نەبوو. دانیشت و بەپێ عەرزەکەی دۆزی و هەروا دانیشتە هەڵخزی. خزی و ڕۆیی. منیش دانیشتم، بەڵام نەڕۆشتم. گوێم هەڵخستبوو، چاوەڕوان بووم و هەراسان، کە کەی دەنگی هەرەس و ڕژانی دەست پێدەکا. بریا ڕۆشتبام یان شتێکم گوتبایە. کاتێک ڕۆشتم کە مژەکە نەمابوو. کەرەم گوتی: «چوو.»

دیسانەوە گوتی: ڕۆیی.

دەستی بەژێر قژە تەرەکەیدا هێنا شاعیر. تاڵ بوو، بە دیان لێوی خوارووی خۆی دەگەست. گوتی: برین تیمار دەکرێ، بەڵام شوێنی هەر دەمێنێ.

هەروا دەهات و دەچوو کاتب. شاعیر لە پەنجەرە دەدوا. ڕووەو کۆڵان کراوەبوو. تاریک دانیشتبوو، جگەرەی بەلێوەوە بوو. دەیگوت: تا بەیانی دانیشتم، دەمزانی ناگەڕێتەوە، بەڵام نەخەوتم تا ئەگەر هات و گەڕایەوە یەکەم کەس بم کە دەیبینم. چراکەم کووژاندبۆوە تا نەزانێ نەخەوتووم. هەوا تاریک و هەوری بو و، تەنیا چرای دارتێلەکە بوو دەئایسا.

له دەنگە دوور و نزیکەکانیش دەدوا: کەڵەشێرێک کە ناوەخت دەیخوێند و لقێک کە پەنجەی لەسەر دیواری باخێک دەسوو. لە ئێمەدا نییە، گوێی نەدەگرت کاتب. شاعیری نەدەدی، ئیتر نەبوو، بە دوو چاوی کراوەوە لەسەر سەکۆیەک خەوتبوو. دوو خەتی ئەم لاولای سمێڵی تەڕی، سێبەریان خستبوو. کاتب دەهات و دەچوو. چاوەڕوان بووین ئێمە. پەڕۆیەک لەسەر کۆش و دوو دەست لەسەر سنگ خەوتبوو شاعیر. شەلەشەل کاتب، هێزی دابووە سەر پێی ڕاستی و دەهات و دەچوو زاری بۆ شتێکی نەگوتوو کردبۆوە. لە جووڵەی بێدەنگی لێوەکان دەگەین ئێمە، دەرفەتی گوتنمان نییە. دڵ ناسکە بنیادەم. دڵ ناسکترین بوو کاتب ئەو کاتەی بوو. نییە ئێستا. لە خانەخانەکانمدایە. هاوماڵی بەرد و چیمەنتۆن ئەو کاتەی کە دەبنە وشە. شاعیر خەیاڵ بوو، هات و چوو، کاتبی تاڵترکرد. ئەویش نەیتوانیبوو، تەنانەت ئەو دەمەش کە ویستبووی نەیتوانیبوو. هاتبوو، دەرکەی کردبۆوە و نەیکردبۆوە بۆنی بوونی ئەوی کردبوو. کلیلی پێبوو و مریەم. دیتوومانە. بەهێزی خەیاڵی کاتب دەهات زۆر جار. نێرگس بەحیکمەتی دڵ بۆنی دەکرد. بۆ ئەوەی بیتارێنێ شتێکی دەشکاند. کاتب دەیگوت: «بمبوورە.» بەڵام هێشتا بوو، سەری بە هەموو شوێنێکدا دەکرد: پەردەی دادایەوە و لە بەرماوەی خواردنێک پاروویەکی گرت. بۆ ژووری خەوتنیش چوو. لەبەر خۆیەوە شتێکی گوت. بیستوومانە ئێمە. بەکاتبمان نەگوتووە. هاوماڵی فیراقە ئەوەی مریەم گوتی. شوێنی جەستەی ئیتر لەسەر چرپاکە نییە. بۆنیمان کردۆتە هاوماڵی پۆنگەی کێوی. کاتب تاڵێ قژی لە سەر سەرینەکە دی و لۆچێکی بەئەنگوست ساف کرد. ڕوومەتی لە سەرین چەقاند و خەوت کاتب. هێشتا کاتب نەبوو کاتب. پڕ مەخابن ئەو دەمە ئەژنۆ بە ئەژنۆی دانیشت، بوو بە کاتب. گوتی: چاکە، ئێستا ئیتر منداڵەکان گەورەن و نێرگسیش بە جۆرێک هەڵدەکا. درەنگ یان زووش...

هەڵلەرزین ئێمە. بەزمانی ئێمەی دەزانی کاتب. گوتی: ئەگەر لە ناکاو ون ببم و لە هیچ شوێنێک نەبم، پێیان وایە لە شوێنێکم. شوێنێک لەم دەور و مەحاڵە.

جاری وایە بنیادم بۆ هیچ کەس دەدوێ. ئەگەر مروڤ شان بە شانی هیچ بڕوات و زمانی بخاتە ئیختیاری تاریکیی دڵی، تاریک دەبین ئێمە. بۆ ئەوەی دڵی لەو«نەکا»یە هەڵکەنین بە خەیاڵ تیغمان دایە دەستی. حەمامی ئاوی گەرممان بۆ کردە هاوسێی تیغەکە. گوتی: نا، ئەمیان تاقیکردۆتەوە. بەم شێوە شتێکم لەدوا جێدەمێنێ کە ئیختیاری بەخۆم نییە.



چیمان لەدەست دەهات ئێمە؟ مەبەستی ئەو ڕاکشاوەی سەر سەکۆیە بوو کە لە پاشی بەجێدەما، یان لە تابووتێکدا دەیاننایە سەرشانیان و دەیان برد. خۆی لە ماڵی خەیاڵ دەیدی. بۆئەوەی تاڵیەکان لەخۆی بتارێنێ ڕۆیشتە ژووری موتالا. لەوێ دەینووسی کاتب. دەرکەی دادەخست، نەک لە ئێمە کە لە هەموو جێیەک بووین، بەڵکوو لە خەیاڵی نابەوەخت کە سێبەری خەیاڵی بانگ کراون. دەنگی تایپەکەی تاریکی نێوانمان پڕ دەکاتەوە. جادەیەک بوو لە داوێنی تەپۆڵکەیەک. کاتب بەو جادەدا دەڕۆشت. عارەق لەسەر و ڕووی دەتکا و دارێکی بە دەستەوە بوو. لەبەرد یان لە بنەدرکێکی دەسرەواند. دەزانین. مرۆڤ بۆ ئەوەی بێجگە لەبەر پێی خۆی نەبینێ، بە نووکە پێ یان بە چڵەدارێک لە بەرد دەکوتێ. سێبەری درێژی کاتبیشمان بینی. بەرەو کوێمان دەبا کاتب؟ باریکە ڕێیەک بوو جادەی داوێنی تەپۆڵکەکە. لە قووڵایی ئێمەدا بوو. نەماندەویست بانگی بکەین. ئێمە دەبوو شاراوەبین. لێمان دەڕەنجێ کاتب. ئیتر نانووسێ. تەقەتەقی تایپەکەی سروودی ئێمەیە. نیلووپەڕە شینەکان سپین لەسەر سنگی ئاوی ئێمە. ئەگەر باسی سێبەری ئەو کۆتاییە بکەین کە لەبن چەتری شۆڕەبییەکاندا شاردراوەیە، وەک دڵێشەی ڕووشانی شیشە بە بەردە. دڵبرینداری کردین ئەو دەنگە. باڵی دەکوتا و سێبەری بەسەر زەویدا ڕادەکێشا. کەرگەز بوو، قورس تێدەپەڕی. ئاسمان شین نەبوو. خۆڵەمێش بوو ئەمسەراوسەری ئاسمانی داپۆشیبوو. دیوارەی ڕەشی قەڵایەکیشمان بینی. قەڵا نەبوو. بورج بو و، بورجی خامۆشی. ئەگەرچی ڕەش، بەڵام لەبەر خەرمانەی ئێوارەیەکی نەدیو ڕۆشن بوون ئەو سیسارکانە کە لەسەر تاقی بورجەگە هەڵنیشتبوون.

بێدەنگی کەرگەزێکە و لەسەر تاقی بورجێک هەڵنیشتووە. ناترسین ئێمە، وەک بۆشایی نێوان دلڕنینی قیژەیەک و تەپەتەپی قورس و هێوری دووباڵ، چۆڵ ئەمێنینەوە. نەیدەنووسی ئیتر. زەل بوو کاتیی کاتب. بۆ ئەوەی هەستێ، یان لە ئاوە مەند و بێ شەپۆلەکەوە دەست هەڵبڕێ، نیلووپەڕی ئاویی سپیمان بەهانایەوە برد. نەیدەدی کاتب. جگەرەیەکی نابووە مابەینی دوو ئەنگوستی و دانیشتبوو. نەیدەخوێندەوە. چاوی لێکنابوو. داخراو و بەتاڵ ماینەوە ئێمەش. بەردێکی ڕەش بووین لە بنکی ئاوێکی بێجمەدا. زەینی کاتب بووین ئێمە. باڵە کوتەی باڵی ماسیەکی بچووک سووچە دوورەکانیشی دەپێوا. لەمەدا بوو. ڕۆشتبوو کاتب. جارجارێک نووسیبووی، بەڵام ناتەواو وازی هێنابوو. خواستمان . بە نسێی بورجەکەدا تێدەپەڕی. نەیدەنووسی. دەنگی قورسی باڵەکان دەهات و دلڕنەی قیژەیەکیش جارجار لە پشت دیوارەوە. باریکە ڕێیەک بوو لە

دەوری ستوونی بورجەکە دەگەڕا. هەتاو لە ڕۆخی خۆڵەمێشی ئاسماندا لەنگەری گرتبو و، تا ئاسۆش تەختایی زەوی بوو بەبێ خاڵی زمڕودینی درەختێک یان پەڵەی مەزرایەک. دیوارەی بڵند سەرتاپا لە خشتی کاڵ بوو. ڕاوەستابوو کاتب. ڕێگە ئێستا پلیکانە بە پلیکانە بەبەردا تێدەپەڕی. دەوری شاخێکی تاشراوی دەدایەوە و دەگەییە دەرکەیەکی بەردین. سەری لەقاند کاتب. هاو ماڵی لقێک دەستێک بیتەکێنێ و میوەیەکی گەییوی لێ بکەوێتە خوار.

لە لایە و توێ دوورەکانماندا کاڵ بوو هێشتا کاتب. هاوماڵی مەخابن نەبوو. دەیدی بە دەست بلاویەوە مامڵە بە هاوڕێییەتی دەکەن و عەشقیش – نووسیبووی – بیانووی بوونە. وەک درەخت ڕەگی ڕزیبوو، ئەو هەمگە وشەش نووسیبووی تەنانەت نەبووبوونە پلیکانەیەک تاکو بە قاچی بسپێرێ و بگاتە ئەو دەرکە بەردینە کە بۆنی قورس و چەوری گۆشتی مرۆڤ لە کەلێنەکانیەوە دەهات.

چاوی هەڵێنا و کاغەزی لە دەزگای تایپەکە دەرکێشا. خوێندراوە و نەخوێندراوە شەمچەی لێدا، ئاگری دا و فرێیدایە تەپلەکەوە. لە ئێمەدان. دەمێننەوە. کاتبیش ئەوسا مابوو. نەماوە ئێستا.

بە جگەرەکەیەوە خۆی بە ئاشپەزخانەدا کرد. ئاگری لە ژێر کتریەکە کردەوە. ڕۆشن بووین ئێمەش. تاریکین ئێستا، جگە لەو کاتە کە خونچە دێ و لەسەر کورسیەکەی کاتب، لە پشت مێزەکەی، دادەنیشێ. دەڵێ: من دڵنیام باوکم لەم نزیکانەیە.

نێرگس دەڵێ: واز بێنە کچم.

– ئەی لەکوێیە؟

– ڕۆشتووە. ڕۆشتووە بۆ شوێنێک، شوێنێکی دوور و تەریک، ماڵە دۆست یان ناسیاوێک، بۆ ئەوەی بنووسێ.

– چی بنووسێ؟

– دوا چیرۆکەکەی.

خونچە دەڵێ: خۆت فریو مەدە دایە. دیت کە جلەکانی لێرە بوون. بڵێی بەڕووتی ڕۆشتبێ؟



هاوماڵی درەخت بوو کاتب، ئەو کاتەی قومی لە چاکەی دەدا و بەرگ و باری خۆی دەتەکاند. لە یانەی خەیاڵیدا شتێکی دادەهێنا یاخود کەسێک: دەستێ کە بە نووکی ئەنگوست قژی ڕەشیی شانەدەکرد. پیاوێ کە لە بەریەوە تێدەپەڕی. ڕوویەکی سافی داهێنا کە شینیی زرێبارێک بوو لە کۆتایی دالانێکی کەسکدا. بالای دارێ قەوزە گرتووی قەراغ چۆمێک. قژێکی ڕەش و پەرێشان لە دەوری ڕوومەتێکی بەنەرمە بزەی ون پشکووتوو. ئاگری کراوە لە سدار و بنەدار. زارێکی تاڵ کە بزەی شیرینی دێنایە سەر زاری کاتب. پاییزان بوو دڵی کاتب. هەر گەڵایەکی بەبایەک دەتەکاند. ئەو نەبوو کە نێرگس و خونچەی داهێنا، ئێمە دامانهێنان. سەری لەقاند و لە شتێکی ترەوە گلا. بارامی هێنایە یانەی خەیاڵ. گوتی: بەتەما بووین لاپەڕەیەکی تر هەڵبدەینەوە، بەڵام نەکرا کورم. ئەوەمان پێکرا کەدەیبینی. ڕاستە کە ئێمە بەرپرسی شتەکانین، بەڵام ئەوە گرنگ بوو کە دەمانویست. نەویست ڕەنگە براوەبێ، بەڵام دۆڕان و ئیلتزامی ئێمەش لانیکەمی ئەو کارەیە کە نیشانەی بوونمانە.

هەنگاوی هەڵدێنایەوە و قامکی شادەی لێ ڕادەوەشاند: ڕەنگە دەبێ بنیادەمان بە ئایەرەی دۆڕانەکانیان هەڵسەنگێنین.

ئیتر نایەت بارام. کاتب نووسیبووی: هەندێک کەس تا نەدۆڕێن گەمە ناکەن.

ئێستا تەنیا ئێمە لێرەین. بێ هیچ بۆنێک. ڕۆژێکی تەواو نێرگس هەموو شتێکی خاوێن کردەوە. لەبەر پەنجەرەی کراوەدا دانیشت تا ئێوارە ڕەنگی گۆڕی و شەو لەناو مۆبلەکەیدا هەڵیکوتایە سەری. دێت جاروبار. لە ناوماندا دادەنیشێ. لەناو نووری تاریکاندا لەگەڵ کاتبین ئێستا. لە ئێمەدایە ئەو و ئێمە لەودا. بارام دەیگوت: من دەزانم. حەتمەن باوکم هەڵاتووە و ئێستا لە شوێنێک لەم دەور و نزیکانەیە. پێ دەچێ ڕۆشتبێتە گوندێک و لەوێ بژی. ئیتر مەجبوور نییە هەموو ڕۆژێک بنووسێ.

کاتب دەیگوت: گەر بگەمە ئەو خاڵە تاریکە کەمنم، ئەو منە ڕووت و عوریانە کە خاڵی لەرزۆکی شەرمە لەسەر تەوێڵ، ئەوسا دەتوانم دانیشم و بە گیانی سەبر ئەوەندەی بتاشم تاکو...

هاوماڵی شەرم نییە ئیتر کاتب. یەک بەیەک، گشتیانی نووسی. نەیدەخواستن، نەکا بیانبینین ئێمە. دەینووسی و دەیدڕاند. جاروبار بە بۆنیدا هەستمان بەتاریکی شەو دەکرد

و، بەتامی ئەو دلّۆپە ئارەقانە کە نیشتبوونە سەرشانی ئێسکن و لەرزۆکی کچێکی هاومالّی خەون و خۆف، لە بۆنی لەشی دەگەیشتین. قەلّەمەکەی دەتاشی و هەمدیسان دەینووسی و دەیدڕاند. جاروبار بەگڕی کاغەز جگەرەی دادەگیرساند. گوتی: ئەگەر هەر ئەمیان بۆ میراتگران جێ بێلّم، ئیتر هیچ پیاوێک ناتوانێ تیغ بەدەست، بەبێ ترس و خۆف لە ئاوێنەدا لە لەشی خۆی بڕوانێ.

پێدەکەنی، ڕەنگە تێکچووبێ کاتب. زایەلّەی پێکەنینی زڕەی جامی درز بردوو بوو، ئەو دەمەی لە خەونی تاقچە بەئاگای دەکەنەوە. هەستمان بەبۆنی خۆرکەوتنی بەیانیی کردبوو ئێمەش. هەستا و پەردەی دادایەوە. سووتووی نێو تەپلّەکەکەی لە مەبالەکە کرد. لەوێ ڕووت بۆوە کاتب.

خۆی شت، پێدەچوو وسلّ بکات. نێرگس لەوێ جلەکانی دۆزیەوە. گوتی: ئەمەش جلەکانی. ئەگەر ڕۆشتووە ئەی چی لەبەر کردووە؟ تێناگەم.

بارام گوتی: ڕەنگە دەستێک جلی تازەی کڕیبێ و لە شوێنێک شاردبێتیەوە.

ڕووت بوو کاتب. چوار مۆمی لەسەر چوار سووچێکی لەشی ئێمە هەلّکرد. لەناو چوار سووچەکەدا دانیشت. یانەی خەیالّی چۆلّ نەبوو. لەگەلّ بۆنی بەیاندا دەهاتە بەندەر. بەیان بوو. سەنگفەڕشیش لە بارانی شەوی بەرێ تەڕبوو. نزیک و دوور، پاپۆڕەکان وەستابوون. هاوتەریبی ڕۆخەکە تێپەڕین. سەری دەلەقاند کاتب. لیتە و قوڕاو خۆی بەدیوارەی ڕۆخەکەدا دەدا.

مریەم گوتی: بیرم کەوتەوە، لێرەبوو.

پالّتۆیەکی لەبەردا بوو، کلاوەکەی لەسەر کردبوو. کاتب گوتی: دەتگوت مژ بووە ئەو ڕۆژە.

– چوینە قاوەخانەیەک. لەم دەوروبەرە بوو، ئێوارەبوو، لەبیرمە.

مریەم گوتی: لەو ڕووبەڕووە بوو.

تەنیا قاوەخانەیەک کرابۆوە. ژنێکی گەڕاوە، باریک و بالاّبەرز، ڕووپۆشێکی سپی لەبەر دەکرد.

مریەم گوتی: ئێرە نەبوو، دلّنیام.



ورد و سارد بوون دلّۆپەکانی باران. کاتب گوتی: لێی پرسە بزانە قاوەی هەیە یان نا.

بەئالّمانی لێی پرسی. گوتی: دەبێ چەند دەقیقەیەک سەبر بگرن.

پالّتۆکەی داکەند. قژی بە کەژ بەستبوو. ئەوە نا کە بەتیرێژی یادەوەری بەئاگای دەکردەوە.

گوتی: زۆر قەلّەو بووم، وانییە؟

کاتب نووسی: بەم شێوە ناگەمە هیچ کوێیەک.

لە مۆمەکانیشی ڕوانی و، لە یەکێکیان ڕاما. بەلاّم بارانی دی. ڕێژنە بوو. مریەم گوتی: دەمێکە دەست بە خۆما ناهێنم.

دەنگی مۆسیقا هات. کۆرس بوو. مریەم گوتی: شیرینی دەخۆی؟

بلووزی لەبەردا بوو. بەرۆکی کراسەکەی بەسەردا دابۆوە. کاتب گوتی: من زۆرم برسییە.

جگەرەیەکیشی داگیرساند. مریەم گوتی: دووگیانی مانی بووم کەوازم لێ هێنا. بەلاّم ئێستا جارجارە دەکێشم. منداڵەکان پێ بزانن دەبۆلّێنن.

قاوەی فەرانسەییان بەکێکەوە دەخوارد. مریەم گوتی. لە یەکێک لەم قاوەخانانەدا موحیبیم ناسی. زۆر جار دوا خۆپیشاندان دەهاتینە ئێرە. پێیان دەگوت محەمەد کۆلن. بڕیار بوو خوتبە بدات، نەیانهێشت. پۆلیسی سوارە لەبەر هوتێلەکە ڕیزیان بەستبوو. کاتێک شا لە ئوتومبێلەکەی دابەزی ئێمە هێرشمان برد. وەگ بمانەوێ لە ڕیزی پۆلیسەکان تێپەڕین. زنجیرمان بەستبوو. باسکمان لە باسکی یەکتر ئالاّندبوو. من لە ناوەڕاستی ڕیزەکەدا قۆلێکم لە قۆلّی محەمەددا بوو. نەیاندەهێشت لەوە زیاتر بچینە پێش. بەلاّم لە دواوە پالّیان پێوە دەنایین.

ئەسپەکان لەسەرڕ پاشوویان بەرز بووبوونەوە و دەیانپڕماند. ئێمە دروشمەمان دەدا و دەچوینە پێش. لەپڕ لە پشتەوە پۆلیسە سوارەکانیان بەرد باران کرد. کلاوخودیان لەسەردا بوو، بەرامبەر بە ئێمە تێلاکانیان ڕادەوەشاند. ئەرێ، ئێستا ئیتر لەبیرم نەماوە دوایی چی ڕوویدا. بردبوویانمە نەخۆشخانە و محەمەد هەموو ڕۆژێک سەری لێدەدام. مەچەکی دەستم شکابوو. هێشتا دەستم لە گەچدا بوو کە زەماوەندمان کرد.

مۆمێکی ڕاست کردەوە کاتب. قەلّەم بەدەست و کاغەزیش لەسەر ئەژنۆ، چاوی لێکنا.

مۆمدانەکانی دیوە نێرگس. چوارمۆمی نیوە سووتاویشی دیەوە. گوتی: من ناتوانم لێرە بژیم.

لەگەڵ خونچەدا دێ. نێرگس گسک لێدەدا و، خونچە بەرەو ژووری موتاڵا دەچێ و هەرجارە شتێک دەخوێنێتەوە. دەڵێ: تۆ تەنیا لەژێر هەندێک ڕستەدا خەتت کێشاوە، دایکە.

-- ئەمانە هی دەمێکن. باوکی بەڕێزتان نەیدەهێشت. دەیگوت: کتێبەکە زایە دەبێ. پیاو بۆ جارێکی تر دەستی ناچێتە خوێندنەوەی.

دەوری دەدایەوە کاتب. ئێمەش دەور دەدەینەوە. نازانین بەرەو کوێ دەچین. کاتب تا - نەکا - یەک لە شوێنێکەوە دەرنەکەوێ، عەرزەکە هەڵناکەنێ. مریەم دانیشتبوو دەدوا. ناتوانین موحیببی دابهێنینەوە.

لە قژی ساف و تۆقەسەر و، چوزانین دوو چاوی درشت و لووتی شۆڕی ناتوانین هەیکەڵی دابتاشین. لە شوێنێک هاومالّی خەمە موحیببی. مریەم دەیگوت: محەمەد بە تەلەفوون و قسە و باسی دانیشتنەکان دەژیا. ئەم چەند ساڵەی دوایی من نەمدەناسیەوە. کە بەیانیان دەچوومە سەر کار خەوتبوو، عەسرانیش کە دەهاتمەوە هەر خەوتبوو. خۆم منداڵەکانم دەهێنا و دەبرد. ئەو مانگانەی وەردەگرت و منیش لە مەکتەبی دیان پزشکێک کارم دەکرد، کاری بێگاری و نیوەی داهاتەکەم دەچووە گیرفانی خاوەنی مەکتەبەکە. بەو حاڵەش بەڕێ دەچووین. محەمەد ئێواران دەچووە دەر. سەرەتا پێموابوو کۆبوونەوەیان هەیە. دواتر زانیم بەتەنیا، یان لەگەڵ یەک دووکەسی تر دەچنە قاوەخانەیەک. ئارەق خۆر و ئەم شتانە نەبوو.درەنگ دەهاتەوە، کە دەهاتیشەوە ڕۆژنامەکەی لەگەڵ خۆی دەهێنایە ناو جێگە و سەر قەرەوێڵەکە. جگەرەی دەکێشا و جاروبار پەڕەیەکی لێ هەڵدەدایەوە. حەزیشی دەکرد من گوێ بۆ ئەو بابەتانە کە بەلایەوە خۆش بوون، شل کەم. سەرەتاکان گوێم بۆشل دەکرد و جاروبار شتێکیشم دەگوت، ئەوسا ناچار دەبوو چەند سەعات گوێ لە لێکدانەوەکانی بگرم. ئەگەر خۆم لە خەوتن بدایە تووڕە دەبوو. ئەم دواییانە تاقەتی کەسی نەمابوو. بنیادەمەکان ناچارن بۆ بەڕێ چوونی خاووخێزانیان کارێک بکەن. ئەگەر بیستبای کۆنە برادەرێکی بووە بەشۆفێری تاکسی تووڕە دەبوو. ئیتر کەس نەدەهاتە دیدەنی. جارجاریش کە من منداڵەکانم دەبردە دەر لەگەڵمان نەدەهات. دەیگوت چاوەڕێی تەلەفوون یان هاتنی کەسێکە.



دەمزانی چیتری گوتبوو مریەم. دەنگ ئەگەر ببێتە هاوپەردەی هەنیسک، دەبینە ژەقنە ئێمەش. ئاشنای بێدەنگیین ئێمە. قورسمان دەکات. مریەم بەرە دەستی کردبووە ستوونی چەناگەی و بەچاوی بەستراوەوە لەو شەوانە دەدوا کە لە ئاشپەزخانە چاوەڕێ دەما کەنگێ دەنگی پێی موحیببی لە پیلکانەکانەوە ببیستێ، تا هەمدیس هەستێ و بچێ لەسەر قەرەوێڵەکە پشت لە جێی ئەو بکا و ڕاکشێ. نووسینی گشت ئەم قسانە، بەپێی وادە و بەڵێنی کۆنی پێویست بوو. دڵەکوتەی بوو ئێستا کاتب. وشەکان گەر بێ سێبەر بن قورسترن لە بێدەنگی. ڕستەکان ئەگەر چونیەک بن لە ئێمەدا نامێننەوە. نازانین بەکامە چاڵیان بسپێرین. مریەم نینۆکی قامکی شادەی لە مەچەکی ڕۆکردبوو. داوای قاوەیان کردەوە. هەروا دەیگوت. ڕستە چونیەکەکان بەلای گوێی وەرگردا دەڕۆن. جارجار عەسران بەبیانووی کارێکی تایبەتەوە دەڕۆشتە دەر. گوتی: بەمانیم دەسپارد ئەگەر باوکی بڕواتەدەر تەلەفوونم بۆ بکا.

کچەکانیان بە تارا و ڕووناک ناونابوو. تارا پێنج ساڵان بوو. گوتی: ڕووناک تا شەو درەنگان نەدەنوست. کە دەرکەم دەکردەوە دەمدی لە هۆڵەکە دانیشتووە و سەر قاڵی خوێندنەوەی شتێکە. پانزە ساڵان بوو کە زۆرجار لەسەر باوکی هەڵدەقڕا.

کاتب گوتی: تێناگەم، ئەم قسانە چ پەیوەندیەکیان بە بابەتەکەوە هەیە؟

– بۆ نیانە؟ ئێستا هەر تارام لە لاماوە. پێنج ساڵە ڕووناکم نەدیوە. جاروبار مانی دێت بۆلام و نیوسەعاتێک دەمێنێتەوە. مانی لەگەڵ کچەکەی هاوڕێیدا دەژی. هەردووکیان کار دەکەن.

بۆ دەبێ بمێنینەوە؟ کەمێک گەوجیەتی و یەک دوو شتی دڵخۆشکەرە ڕاماندەگرن، بۆئەوەی بمێنینەوە و شەو و ڕۆژەکانمان پێکەوە گرێ بدەین. دەبێ منداڵ بی. نەزانانە ڕایبوێرین. بۆنی چیمەنی تازە ڕنراو و لێوێکی بەبزەکراوە دەبنە پاساوی شەلەشەل هاتنمان. بەمریەمی نەگوتبوو. تاڵی نەگوتراوەکانە ئێستا نیشتۆتە سەرلێوی. گوتبووی: دەی، پاشان؟

– هەرچیم کرد بەئاگای بکەمەوە نەمتوانی.

– چۆن؟

– هەر بەم کار و کردەوە ژنانانە.

– مەسەلەن؟

– ئەو دەمانە، کاتێک تازە یەکترمان ناسیبو، عەسرێک لە خۆوە پێمگوت: «ئەم حەفتە سەرقاڵم، تەلەفونیشم بۆ مەکە، شەممەکەی تر خۆم تەلەفونت بۆ دەکەم.» گوتی: «چ بووە؟» گوتم: «هیچ.» بڕوای نەکرد. بە درێژایی ئەو حەفتە یان لە دەورووبەری ماڵەکەمان بوو یان لەبەر دەرکەی نەخۆشخانە. لەوەدوا تەنیا گوتی، من حەز ناکەم تاقیم بکەنەوە.

پێدەکەنی: لە پشت درەختەکانی ئەوبەر شەقامەکە ڕاوەستابوو، لە پەنا کیوسکی تەلەفونێک. سەرەتاتکەی دەکرد. ڕۆژنامەیەکیشی بەدەستەوە بوو. کە لێی نزیک بوومەوە خۆی لە پشت ڕۆژنامەکەی شاردەوە.

کیفەکەی خستبووە بەردەستی و لەناویدا بۆ شتێک دەگەڕا. نەیدەدیەوە. دەیزانی کاتب. سەری لەقاند مەریەم. ئێستا لە کوێیە؟ بنیادەمی کلۆڵ! ئێمە ڕاکێش ڕاکێش ڕایدەکێشین و ئەو حەقایەت دەگێڕێتەوە. لە ئەو داین ئێمە. ڕایدەکێشین تا ئەو شوێنەی ڕاکێشرێ. کە بگات دەکەوێ. کاڵە کە جاروبار زایەمان دەکات کاڵ نەبوو کاتب. جیل لەدوا جیل شایەتن کاتبان. دەلیل بۆ ڕێگەی پێوراو دادەنێن. لەو ڕازە ناگەین ئێمەش، بەڵام دەبێ ڕایانکێشین. ڕۆشتن خۆی جاروبار ئەنجامە و ئامانج. گومانی نێوان ئەم کلۆ گڵە یان ئەو سەوزەڵانە ڕەنگی قەدەر دەڕێژێ. مۆمە نیوە سووتاوەکانی بەسیلەی چاو دەبینی. پاک نەدەبۆوە مریەم. بە دوو ئەنگوست پردی لووتی گرتبوو. گوتی: تا ئیستا لەوە گەیشتووی کە خەونیش بۆنی هەیە؟

چاوە مەڕیەکانی مەریەم بۆنی فرمێسکیان لێدەهات. هاومالّی تامی تاڵی دوو چاوی نێرگس بوو ئەو کاتەی عەسران دەهات و کاتبی غافڵگیر دەکرد. گومانی نێوان ئەو کلۆیە بوو یان ئەو سەوزەڵانە کە ڕامابوو؟ مریەم گوتی: عەسر کەدەگەیشتمەوە ماڵ، پێموابوو ماڵەکە بۆنی خەونی لێدێ. خەوتبوو یان لەسەر قەرەوێڵەکە شتێکی دەخوێندەوە. گەسکم لێدەدا یان شتێکم دەشت بۆئەوەی منداڵەکان کە گەڕانەوە تێنەگەن. تەنانەت هەندێکجار شتێکم دەشکاند. بەئاگای نەدەبۆوە. لەگەڵ منداڵەکان دەڕۆشتمە دەر. کە دەگەڕاینەوە هێشتا لەسەر قەرەوێلەکە بوو. دەیگوت: «تائێستاش پێموابوو دەکرێ شتێک بگۆڕی. بۆئەوە بوو بەئاگا دەبوومەوە و هەڵدەستام، زیندووبوم، بەڵام ئێستا نازانم بۆ دەبێ هەستم.»

دەرکی کیفەکەی داخست، گوتی: دەی بابڕۆین، هەر ئەمە بوو.



باران خۆشی کردبۆوە. سەنگفەڕشەکە تەڕ بوو. چەند دووکانی تریش کرابوونەوە. گوتی: ئەو شەوە هاتینە ئێرە.

قاوەخانەکە سەیوانێکی چوار خانەی بوو، لەودیو پێشخانەکەش پیاوێکی قەڵەو ڕاوەستابوو. گوتی: ئێرە ئەودەمانە بنکەی پێشکەوتن خوازەکان بوو. ئێستا مەلەوانی غەریبە دێن و جاروبارێکیش ڕێبوارێک. نازانم بۆ هاتینە ئێرە. ڕەنگە ویستبێتمان لە شوێنێک بیبڕینەوە کە دەستمان پێکردبوو. ماقوڵانە دانیشتین و قسەمان کرد، یان من قسەم کرد. گوتم لەبەر منداڵەکان دەبێ بیبڕێنینەوە. تەنیا گوتی، مانگێک مۆڵەتی دەوێ تا بڕوا. نەڕۆشت. خراپتریش بوو. ئیتر تەنانەت نەدەچوو ڕۆژنامەکەشی بکڕێ. ئەگەر ئارەقی بخواردایەوە یان ماشووقەیەکی ببوایە خەمم نەدەخوارد، لە بەیانیەوە تا تاریکان، بەجلی خەوتنەوە وەک ڕۆحێکی سەرگەردان بەماڵەکەدا دەسووڕایەوە، بەناو سەدمەتر جێدا.

دەوریان دایەوە و کەوتنە ترافیکێکی قورسەوە. یەکشەممە بوو، بڕیار بوو بەشاردا بیگێڕێ. تەلەفوونی بۆ مەکتەبەکەی کردبوو. خۆی ناساندبوو گوتبووی: «منم، تەنیا چەند ڕۆژ لێرەم.» مریەم تەنیا یەکشەمموان بێکار بوو. لە بەیانیەوە تائێوارە. گوتی: «پێم بڵێ لە کوێیی، خۆم دەتبینمەوە. دەمەوێ هامبۆرگت نیشان بدەم.»

لە دوورەوە کلێسایەکی نیشان دەدا، یان بینایەک کە شیروانیەکانی وەرەقە مسی ژەنگ گرتوو بوو. گوتی: من ئەم شارەم زۆر خۆش دەوێ.

دە ساڵێک لەم شوێنانە ژیابوو. گوتی: لێرە چوومە لای دەروون شیکارێک. دەرکەوت هەموو ئەم بێ ئارامیە ئەنجامی خراپەکاری پوورزایەکی بەڕێز بووە لەگەڵ کچێکی پێنج ساڵانە کە ترساوە بەدایکی بڵێ جەنابی پوورزا وەخت و بێ وەخت... گوێ مەدەرێ. چەند ساڵ لەمەبەر هات بۆ ئێرە. کابرای پیر بیری کردبۆوە تاقمێک دانی بەلاش دادەنێ و دەمەڕابواردنێکیش دەکات. منیش بۆم دانا. بەڵام کاتێک دەمویست ددانە ڕزیوەکانی، یان ڕەگی ددانە پڕ کراوەکانی بۆ بکێشم، دەتگوت: «لەبیرتە دەتخستمە سەر ئەژنۆت؟» بەچاوە دەر تۆقیوەکانیەوە لە دەرزی، یان پەنس، یان کلبتینەکەی دەڕوانی وئارەقی دەڕشت. دەرزی قەڵبم لێدەدا و ددانەکانیم دەکێشا. بۆسبحەینێدا، یان بۆ دووسبەیدا دەردەکەوتەوە. کە دەرزیم لە بنکی ددانە ئاوساوەکەی ڕۆدەکرد چاوەڕێ دەما تا مەسەلەن دانی سڕ ببێ و من دەستم دەکرد بەگوتنی مەسەلەن: «لە بیرتە نیشانت دەدام و یەکەیەکە

قامکەکانت دەکردمەوە.» ئەرێ، کابرای پیر تۆڵەی زۆر کەسی لێ سەندرایەوە.

پێکەنی: بەختت هەیە، خۆ تۆ بەتەما نی ددانت بکێشی.

دەستی ڕاستی برد بۆ قژی و لە پشتەوە دەستووی کردن: دەشێ زانیبێتیشی، بەڵام دیسان دەهاتەوە، تا من ددانێکی تری بۆ بکێشم.

گورج دەڕۆشت. کاتب پرسیبووی: کەواتە بۆیە لەپڕ ون بووی؟

– ون نەبووم، هەڵاتم. بەراست دڵم لەومنداڵە سمێڵدارانە تێکەڵ دەهات، کەچی دیم ئێرەش هەر وایە.

لەپشت چرا سوورەکە ڕاوەستابوون. گوتی : نەمزانی ئەم ماوەم چۆن ڕابورد. دەرسم دەخوێند و دواتریش لە کاروباری سیاسی ئەو ساڵانەوە گلام.

لە قەراغ شەقامێک ڕاوەستا ، گوتی: ژوورەکەی من لەوێ بوو.

بینایەکی چەند نهۆم بوو بە کۆمەڵێک باڵکۆنی یەک شکڵ و قەوارەوە. گەیشتنە شەقامە چۆڵەکان. لەپشت درەختەکانەوە هەستی بە بۆنی ئاوو درەوشانەوەی پەنهانی شەپۆلەکانی چۆم دەکرد. گوتی: لەم مەحاڵە دەمخوێند.

لە گوێ شەقامەکە ڕایگرت. گوتی: نەمزانی چۆن ڕابورد.

گەڕەکی زانستگە لەومەحاڵە بوو: بەشی ددان پزیشکی ئێمە ئەو بینایە بوو.

دیسان دەوریان دایەوە. گوتی: پێم وانییە مامۆستاکانمان هێشتا زیندوو بن.

لە شەقامێکی چۆڵ ڕایگرت و گوتی: ئەرێ، ئەمە سەرجەمی ژیانی من بوو.

سەری نایە سەر ڕۆڵی ئوتومبێلەکە: ئێستاش تووشی شێرپەنجەی مەمک بووم. منداڵەکانم نازانن. لە دوسلدرۆف عەمەلیاتم کرد. ئەڵبەت ئێستا باشم.

– ئەی محەمەد؟

سەیری کرد. برۆی وێک هاتبوونەوە و، بە دوو بیلبیلەی مەڕیەوە لێی ڕوانی. گوتی: مەگەر بۆم نەنووسیبووی؟

– نا.



سەری لەقاند. دەستی بەقژە خورماییەکەیدا هێنا و گوتی: پێموابوو دەزانی. لێرە هەموویان دەزانن.

ئوتومبێلەکەی هەڵکرد و ڕێکەوت. خێرا دەڕۆشت. گوتی: خۆی کوشت.

– خۆی کوشت؟

– ئەرێ،خۆی کوشت. ئێمە چووبووینە برۆکسێل. ئەڵبەت من دەمزانی بەڵایەک بەسەر خۆی دێنێ. من شەوان زۆر حەبم دەخوارد. هەمیشە وریا بووم لەبەر دەستیدا نەبێ. ڕاستە کە خۆی دەیتوانی بیکڕێ، بەڵام هیمەتی ئەوەی نەبوو. لەلایەکی تریشەوە بەینێک بوو بەتیغ ڕیشی دەتاشی. ئەویش حەفتەی جارێک. دەکرا بە گازیش کۆتایی پێ بێنێ، یان بە گەزێک گوریس و، چووزانم دەشکرا لە نهۆمی شەشەمیشەوە خۆی هەڵبداتە خوار. من بیرم لە هەموو ئەو شتانە کردبۆوە. تەنانەت ڕاوێژم بە دوکتۆرێکی دەروونیش کردبوو. دوکتۆرەکە ناسیاو بوو. شەوێک بەخاوو خێزانەوە لێم گێرابۆوە کە مەسەلەن بێ و بیبینێ. بەڵام محەمەد بۆ نان خواردنیش نەهاتە سەر مێزەکە. بۆ بەیانیدا گوتی: «من هیچم نییە، ساغم.»

ڕێ کەوتەوە. ورد و بەکاوەخۆ دەڕۆشت . دەیگوت: من هاتمە ئێرە کە ئیتر مەسەلەن گرفتاری ئەم منییەتە قۆڕە پیاوانەیە نەبم...

دەندەی ئوتومبێلەکەی گۆڕی. ڕووی لە کاتب کرد و گوتی: ببوورە،مەبەستم تۆ نەبوو.

تەنیا کاتب بوو کاتب. منییەتی قۆڕی پیاوانەی، بە ئاشتبوونەوەی لەگەڵ جیهان، سوابوو. نوسیبووی کاتب: «ئەگەر مرۆڤ بەتەمای گەیشتن بێ، پێویستە بە لەفافی فەرامۆشی تاریکی بشارێتەوە.» لەگەڵ مریەم، ئەو کاتەی کە لاو بوو هێشتبووی هەموو لەشی ببێتە پانتای تاریکی. جگەلە تاریکی نەبوو کاتب . سەرەتا نێرگسیش ملی دابوو. بۆ ئەوەی بە نێرگس نەڵێ مریەم، بۆشایی جێگەکەی بۆ دوور ڕاو نابوو. تاڵیی کردبووە شەوکەرانی ئێواران و قوم قوم هەڵیقوڕاندبوو. بە شیرینی بوونی نێرگس شاردبوویەوە. دەیبۆڕاند جاروبار زوڵمەت. بۆ ئەوە تەلەفوونی کردبوو. دەیویست دڵنیابێ. لەمپەری بوو لێوی بە بزە پشکووتووی نێرگس. ئێستا ئیتر تاریکی مەهار کردبوو. ناوکێک بوو تاریکی لە ناخی بیرەوەریە دوورەکاندا. گوتی: من زۆرم خۆش دەویستی.

– دەزانم.

– ئەم هەموو ساڵە نیگەرانت بووم.

– مەجبوور نی قسەی هەڵێت و پەڵێت بکەی.

– تەنیا بۆ ئەوە تەلەفوونم کرد، لێت بپرسم.

– مەگەر نەتگوت حەزدەکەی بەناو شاردا بگەڕێی؟

– نەمدەزانی.

– چی؟

– کە چیت بەسەر هاتووە.

پێکەنی: چاکە، پێویست ناکا لچ بەربدەیتەوە. کە بیری لێدەکەمەوە دەبینم ئاسوودە بوو. دەیگوت: «ئێمە هەموومان تاوانبارین. ئێمە کە پەردەمان لەسەر ڕاستییەکان هەڵدایەوە، ئێمە کە لە ئوردووگاکان دواین و چووزانم ڕێکخراوەی پێشکەوتن خوازمان ساز دەکرد، کە مەسەلەن ڕێبازی سێهەم یان چوارەم بنیاد بنێین.

وەکو گەلا کە داوەرێ. کاتب دەیگوت. دەستی درێژ کرد و هەر چوار مۆمەکەی بەسەر ئەنگوستی تەری کوژاندەوە. لە ئێمەدا بوون بلێسەکان. بەچاوی چەپ، ئەو ساقەتە ڕەش و کورتەی پاشماوەی بلێسەکانی بۆ یانەی خەیاڵ بەرێ کرد. هاومالی بۆنی مۆمی سووتاوە ئێستا مریەم. بە وزەی خەیاڵ هەڵیدەکەند کاتب. بەدەست کاشییەکانی هەڵدەگرت و لەسەر یەک دەیچنین. یارمەتی لە بۆنی کافوور وەردەگرت، نەماندەویست ئێمە. لەبەر خویەوە شتێک دەخوێنێ. بەناو قاو لە هاوسێکانی خاک دەکا، لە هاوڕێیانی ڕۆشتوو. لەسەر لێواری ڕەشایی دانیشتبوو. گوتی: هیمەتێک بکەنە بەدرەقەی ڕێگەمان کە ئەمە کارێکی کارستانە.

بەژاوەژاو لەوپەڕی زوڵمەتەوە شەلەشەل و کۆمەکۆم دەرکەوتن، بەبۆنی ڕۆنی سووتاوەوە. دەست نەبوو دەستەکانیان، ڕەگ و ڕیشە بوو. برینیان لە دڵمان دەکرد و خاکی قورسیان بەقەراغ چاڵەکەدا دەڕشت. نەماندەویست ئێمە. چاڵێک دەم دەکاتەوە لە ئێمەدا. پێمان پڕ ناکرێتەوە. نەک بەمست، بەچنگۆڵ خاکیان دەستاودەست دەکرد و بە هێزی پێ ڕایاندگرت. هەڵنەدەدرایەوە خاک. دەڕژا و دەگەڕایەوە. چوار سووچ دانیشتبوو کاتب، دەست لەسەر سنگ و چاو نووقاو سەری دەلەقاندو لەسەر پەڕەی هەوا دەینووسی: «گۆڕ.»



گۆڕ نەبوو گۆڕ. پڕ نەدەبوو لە سێبەر. بۆنی گژوگیای تازە ڕنراوی لێدەهات خاک. یادی نێرگس بوو نەیدەهێشت گوایە. جێگەزامی ئەژنۆی بارام، هەچەندە کۆن، هاوسێی تنۆک تنۆکی بارانی سەر شیشەی دەکرد. گوتی، بلند: ناکرێ.

چاوی هەڵێنا. مۆمە سووتاوەکانی بەقەڵەمەکەی هەڵکەند و، بردیە ئاشپەزخانە. لەگەڵ باراندا هات مریەم. گوتی: ئاخری خۆم هەموو شتێکم تەیار کرد. گوتی: «ئەگەر دڵنیا بیم ئێمە هێشتا لە سەرەتای ڕێگەداین، هەمدیس دەبێ سەر لەنوێ دەست پێ بکەینەوە، نامێنمەوە.» گوتم: «بۆ گومانت هەیە؟» گوتی: «ئەرێ، هێشتا هەندێک شت ماوە.»

لەسەر کورسیەک ڕوو لە کلێسا دانیشتبوون. تاوساو بوو، بەڵام هەوا کزەی مابوو. مریەم پاڵتۆکەی بەشاندا دابوو. کاتب لەبارەی خۆیەوە دوابوو. نەیگوت هێشتا جێ زامەکە ماوە. باسی نووسراوەکانیشی کرد. گوتی: وەک گەمەیە جارجار نووسین. سەرەتا ڕستەیەک دەنووسی، پاشان ڕستەیەکی تر بۆ پاساوی ئەوەی یەکەم، شوێنێک قەوارە وەردەگرێ یان مرۆڤێک دەردەکەوێ کە دەبێ بەرێیدا بەری. ئەرێ، بەم شێوەیە کە تووش دەبێ و تا لادەکەیتەوە دەبینی خەریکی پاساو بۆ بوونت دێنیەوە. سەرپەنایەک درووست دەکەی تا زوڵمەتی ئەوپەڕی مەنزوومەی شەمسی یان بگرە کاکەشانی ڕێگەی شیریش مەهار بکەی. یان لانی کەم زوڵمەتی دەروونی خۆت. پاشان دەڕوانی و دەبینی هێشتا کەلێنێک لە شوێنێکدا ماوە. بەم شێوەیە کە دەبێ پەستا پەستا بنووسی، قومارە ئەم کاری نووسینە، قومارێکی بێ بردنەوە. بەو حاڵەش جگە لەم چنین و هۆنینەوە هیچ چارێکی ترمان نییە.

مریەم گوتی: بۆ پێت وایە من چی دەکەم، یان ئەم خەڵکە؟ ئیمرۆ دیانی شیری منداڵێک پڕ دەکەمەوە تا مانگێکی تر بکەوێ. یان چەند مانگ کار لەسەر دیانی کەسێک دەکەم و ڕۆژێک دەبیستم کە دڵی وەستاوە و مردووە. ئەمەش کاری ئێمەیە. تێناگەم بۆ دەبێ وابکەین، ئەویش ئێستا کە خەونەکانی گەنجیەتیمان وەک بلقی سەر ئاو تۆقیون.

لە زاری دەرچووبوو کاتب. گوتبووی: ڕەنگە هەمووشتەکانیش هەرئەمانە بن.

لە کۆترەکانی ناوەڕاستی پانتاکە ورد بووبۆوە. دەبوو چی بلێ؟ گوتبووی: بەو مانایە کە هەموو شتەکان ئەوەبن کە ئێمە دەیانکەین، ئەوە بن کە ئێمە دروستیان دەکەین. بەتاڵە

بەڵێ، بەڵام جگە لەم شتانەش هیچی تر لە ئارادا نییە. تاریکە، هەمان تاریکی کە لە دەرەوەی ئەم هەسارە هەیە، یان خود لەوپەڕی ئەم بوونەشمان.

بێهوودەین ئێمە. ڕەشین ئێمە. هەڵی خەڵەتاندین کاتب. لە تووناوتوونی ڕۆشتووەکان و ماوەکاندا ون بووین ئێمە. جاروبار دێن خونچە و نێرگس. بە ڕۆشنایی ئەودیو پەردە و پەنجەرەکان دڵمان دەکرێتەوە. بەهەوای تازە کە بۆنی بارانی پێیە. بە بۆنی گەڵاکان کە لە شوێنێک هەڵدراونەوە. شوێن چپەکان دەکەوێ نێرگس، دەسڕەیەک بەهیلاکیەکانماندا دەهێنێ خونچە. بۆنی کاتب قورس و کۆنە دەخزێتە سووچی کومیدێک، یان پشت کتێبێکی هێشتا نەخوێندراوە. چاوەڕەێ دەبێ کە خونچە دەم هەڵپچڕێ: من دڵنیام باوکم لەم نزیکانەیە.

یاداشتە ناتەواوەکان دەخوێنێتەوە و دەڵێ: لێرەکانە.

نێرگس دەڵێ: وەیبرێنە کچم. هەستە با ئیتر بڕۆین.

دەزانی نێرگس؟ کاغەزەکانم لێ وەردەگرێ، دیسان دەیاننوشتێنێتەوە و لەسەر مێزەکە تەپڵەکەکەیان لەسەر دادەنێتەوە. دەزانین ئێمە. لەبەر دەیانخوێنێتەوە هەمدیس. وشە بە وشە لەبەر خۆیەوە دەیانلێتەوە. سەیری دیواری پشت مێزەکە دەکا. سپییە. لە خۆف و ڕەجادەین ئێمە. دووبارەیان دەکاتەوە. لە ئیستەکاندا دەمێنێتەوە. لە بۆشی و ڕەشی کۆتایی ڕستەیەکی ناتەواودا ماتڵ دەبێ. سووک و ئاوێزان لە جێی وشەیەکی نەنووسراو دادەنیشێ. دەستی چەپی بەڕوومەتیدا دەهێنێ و، هەروا بەچاوی بەستراوەوە، بەدەستی ڕاست شتێکی بێ قەوارە لە حەوادا دەلاوێنێتەوە. لە خۆف و ڕەجادەین ئێمە. بۆنی خاکی ئاو پرژێن کراوی بەئاگای دێنێتەوە هەمدیس. دەڵێ: هەستە کچم، درەنگانە.

دەربەندان دەبینەوە. دەست بە چپەچپی جارانمان دەکەینەوە. مریەم دادەهێنینەوە، محەمەدیش، بۆنی ڕوونی خەوی ڕۆژیش، تیغیش. مریەم دەیگوت: گوتم: «منداڵەکانیش دەبەم، ئیتر بۆخۆت دەزانی.» کە لێکمدایەوە تەنیا بەشی حەوت هەشت ڕۆژ نان و پێخۆری هەیە، منداڵەکانم بردە برۆکسێل. ڕووناکیش بوو. لاموابێ لە دەرەوە تەلەفوونی کردبوو. دەیویست بگەڕێینەوە. ڕازی بەمانەوە نەبوو. دەمویست هەرخۆم بەقەتار بێم و بشگەڕێمەوە. گوتبووی: «تۆ هەر حەفتەیەک مۆڵەتم بدە.» لە ڕێدا بیرم دەکردەوە ڕەنگە دیسان بە نەعل و جلی خەوتنەوە دەرکەم لێ بکاتەوە. لە وێستگە تەلەفوونم بۆکرد، کەس



تەلەفوونەکەی هەڵنەگرت. ڕووناک گوتی: «گوتم لەوێ نییە.» ڕاستیەکەی خۆشحاڵ بووم، بەڵام دڵەکوتەم بوو. لە کۆڵانەکەمان بووین کە گوتی: «ئێوە لێرە، لەم قاوەخانە دانیشن.» ڕووناک گوتی: «خۆت باش دەزانی کە نایەت.» لەگەڵیشم هات. لەسەر پلیکانەکانی نهۆمی سێیەم پیرێژنەکەی دراوسێمانمان بینی. گوتی: «پۆلیس هاتووە و مێردەکەتی بردووە.» خۆ من نەمدەویست بەم شێوە ببڕێتەوە. کۆلێک حەبی خواردبوو، ئەوسا دەماری خۆشی بڕیبوو. هەر ئەو یەکەم ڕۆژە. هاوسێکان بە بۆنی گازدا تێگەیبوون. لە پزیشکی قانوونی بووین کە ڕووناک هەستا و ڕۆیشت. ئەو ئیتر نایەوێ بمبینێ. بە کەسیشی نەگوتووە بۆچی، تەنیا گووتوویە: «لە دایکم بپرسن، خۆی دەزانێ بۆ.»

هاومالّی بۆنی بەیانییە کاغەزی سپی. پارووەکی نابووە دەمی و خاولی حەمامی خستبووە سەر شانی و قەڵەمەکەی دەتاشی. هەڵیخەڵەتاندین کاتب. تەلەفوونی کرد و گوتی: من چاکم ئازیزەکەم. سبحەینێ کە کارم تەواوبوو سەرێ دەکەوم. تەلەفوونەکەش دەقرتێنم، حەزناکەم تەلەفوونم بۆ بکەی.

پێنج قەلەمی تاشی و بەرامبەر بەخۆی دانان. شەمچە و جگەرە و تەپڵەکەکەشی لێ بوو. ڕووەو دیوار بە ڕووتی لە پشت مێزەکە دانیشت. بە بۆنی خاکی ئاوپرژێن کراوە و دەستی پێکرد. ئێمە بەوزەی خەیاڵ چارشێوی گوڵدارمان کردە دووهەم ڕستەی. ئەو بوو گۆزەی لێو پەڕیوی داهێنا. فێنکایی داڵانەکەمان ئامادەکرد، بۆنی توندی گوڵاو و قاقای پێکەنینێک کە هاوسێی پلێتۆکی سەر بلوور بوو. لەبارەی چەمی گەردن و تنۆکی سوێری ئارەقەی بناگوێشەوە نووسی. کاغەزەکەی گڕدا کاتب. جارێکی تر لەبارەی سێبەرەوە نووسیی و لەبارەی ڕیشاڵێک کە لە سنگی خاکەوە سەری دەرهێنابوو. خەتی بەسەر سنگدا هێنا. خاکی نەرمی بەمست دەگووشی. هەرای شیوەن کون کونمان دەکا. چەمی گەردن کونەکان پڕ دەکاتەوە. ملی نەدەدا کاتب. دڕاندی و هەمدیس سووتاندی. جگەرەیەکی داگیرساند. بۆنی ئێوارە بوو. خەمباری دەکرد ئێوارە. لە زوڵمەتی هاومالّی کەغەزی سپی ورد بۆوە. قەڵەمێکی تازەی هەڵگرت. ئێمە جادەمان بینی. سەری لەقاند، شاخ بوو. هەڵگەڕا بوو بەرامبەر لەشی سافی شاخەکە دانیشتبوو. بۆنی شیلەمان هاوبۆنی ئێوارە کرد. بۆجارێکی تر دڕاندی. نووسی: ئێمەش ڕۆشتین. تەرمەکەشمان لەگەڵ خۆ برد.

قەڵەم بەدەست بەسەر کاغەزدا نەویەوە. نووسی. وشەیەک جارجار، هاومالّیی بوو، بەڵام داڕشتنی ڕستە گێژی دەکردین. خێرا و بەپەلە دەینووسی. ناتوانین وەیخوێنین ئێمە.

ئەگەر شتێک خۆ بەماڵی زەینماندا بکا، لە خەو ڕادەبن لەمەدا. ڕەش بوو کاسەی زەینی کاتب. ڕەش و بۆش بوون خانە خانەکانی ئێمە. هیچی بە هیچ نەدەشوبهاند. شەوی تەنانەت وەک شەویش نەدەنووسی. شەوی لەبری ڕۆژیش نەدەنووسی، یان لەبری مەسەلەن دیوار. ئەگەر باسی ڕەگ و ڕیشاڵی سەردەرهێناوی کردبا، دیوار یان خشتە قەزاقیەکانمان دەدی ئێمە. بۆنی کافوورمان نەدەکرد. دار و چیلکەشی هەڵنەچنی تا بڵێین لەشی خۆی سووتاند. لە حەسار بوو خاک، ئەو کاتەی نووسیبای خاک، یان بەرد، یان گۆڕ. یادەوەریمان نەماوە. نووسیویە دیوارە حەتمەن، بەڵام نەیگوتووە سافە، یان ڕەق وەک بەرد، یان خۆڵاوی، تا دیسان دایهێنینەوە. جێ بەجێ دەیگوت. وەها کە لەبری دەرکە بنووسین کلۆن یان پاژنە. قورس بووە حەتمەن. ئەگەر سەدان ساڵ دەرکەیان لەسەر چی غەیرە داخستبێ، بەتاڵایی پشتی سارد و ڕەش بووە، نا، نەکەرۆز و تاریک بووە. دەیتاشین، دەروونمانی وەک بەرد دەتاشی بەهەر وشەیەک کە دەینووسی. زامدار دەبووین ئێمە. کوناوکون دەکشاینەوە، هەر وەک خاک کە زەڕات زەڕات دەکشێتەوە تا دەنکە گەنمێک بگووڕێ، یان پزدان تا کورپەی هێشتا لەدایک نەبوو تلی تیا بدات. لەرزان بووین ئێمە، مەستان بووین، یان ڕەنگە نوورێکی ڕەش بووین بە زاری کراوەوە تلمان دەخوارد، وێنەی ئەژدیهایەک، ئەو کاتەی کە کاتب ڕووت و قووت بەرەو دیوارەکە هات و نووسراوەکانی بەدەستەوە بوو. سارد و قورس لەسەر پاژنەی دەگەڕا دەرکەیەکی قورس و نەکەرۆزی و، لەسەر خۆی دادەخرا.

لە ئێمە دایە کاتب یان ڕەنگە لە ڕەش و سپی ئەو کەلامە کە بەدەستیەوە بوو. لەوێ، لەسەر کاغەزە زەردەکانی سەرمێزەکە نووسراوە: ئێمەش ڕۆشتین، تەرمەکەشمان لەگەڵ خۆ برد.

نەماندی کامە دەست تەپڵەکی لەسەر کاغەزەکان دانا، ئەو کاتەی کە کاتب بەرەو دیوار دەهات، لێو بەبزە و سەماکەر. وەها کە بێژێ انا الحق یان انا کلمة الحق.

ڕووناکانین ئێمە.



# مانگەشەوی زەلکاو

محەمەد محەمەد عەلی

... سەمەدم و بریا ئێستا و ئێستاش لە پشت مێزی ئیدارە خەریکی پەروەندەیەک بوومایە و، ئاغای مەلەکی، کارناسی قەدیمی، پێیدا بهاتایەوە. لەسەر کار بوومایە، حەتمەن بە ئاغای مەلەکیم دەگوت؛ دەڕۆم لەگەڵ بەرپرسی ڕۆژنامەی «مانگەشەو» وتووێژ دەکەم. وشەکان لەپاڵ یەکدا دەچنم و پاشان پەیامی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی دەدەم. دەمگوت ماوەیەکە زۆر کەس بەهۆی ئەم کارانەوە نان بە سکی ژن و منداڵیانەوە پینە دەکەن و بەدڵ و دەماخی ئێمە، کە سەردەمانێک بوومان، مامڵە دەکەن... ئەوسا ئاغای مەلەکی لێوی دەگەست کە قسەی وا نەکەم. قسەی زیاد نەکەم... عیفەتیش ئەوەی لێ خواستووم، بەڵام...

ئەویش لەگەڵ ئەو کەسانەدا کە بەرەو پاسەکە هرووژم دەبەن، سوار دەبێ . لەناو دەرکەی پاسەکەدایە و دەرکە بەگران دادەخرێ . ئەگەر جێیان بۆ نەدەکردەوە، یان شۆفیرەکە، چەندجار دەرکەی نەدەکردەوە و داینەدەخستەوە، پشتی کۆتەکەی هەروا لەبەر دەرکەکەدا... هەناسەی سوار دەبوو. دەکەوتە ناو ئەو زەلکاوە بێ هەتاوە. هیچی نەدەبیست جگە لەو دەنگە بوغزاوی و بەگلەییە کە جاروبار لە گوێیدا دەلەریەوە... «ئەی کوژراو ئەتۆ کێت کوشت، کە کوژرایتەوە ئاوا زار...»

«چاوت کوێر کردم کاکە! لەگەڵ تۆمە کاکە. ئەو دەستە خاوەن مردووەت لەبەر چاوم لابە. هەناسەم لێ بڕا. بڕۆپێش... کاکی شۆفێر! تو گیانی منداڵت ئەو دەرکە بکەرەوە و پێوەی بدەرەوە. کۆتەکەم... مەپرسە چیم تیا شاردۆتەوە کە زستان و هاوین دایناکەنم.

هەموو ئەوەم لێ دەپرسن. تۆ لە پیاوی چاک دەچی. لێم مەپرسە. هیچ مەڵێ. تەنیا ئەو دەرکە بکەرەوە و دایخەرەوە.»

«ئەمەش دەرکە. شلووقی مەکە، خەڵک گیرۆدەن.»

بەرپرسی وەرزەنامەی مانگەشەو گوتبووی: «تۆزێک بێ هۆش و هەواسی، بەڵام لەبەر گوڵی ڕووی مهرعەلی جەوانمەرد، چوار شەمە وەرە بۆ لام. ئەگەر دەستنووس و یاداشتێکیشت هەیە... هیچ لەو وشترمەل و مشارەباریکە ناگەم... لە قاپی ڕەسمەکەی کوڕەکەشت بێ... هەمووی بڵێ...»

بۆ دەست پێکردن وا چاک بوو باسی ئەو ڕۆژە هەوریەی خەزەڵوەر بکات. باسی ئەو پاسە بچووکە بەدەماخە کە لەبەر دەرکەی ئیدارەدا چاوەڕوان بوو... باسی ماڵاوایی و ئەملاولا ماچ کردنەکان... دوعا و سڵەواتەکان کە بەدرەقەی ڕێگە بوون. عیفەت دەگریا و فرمێسکی خوێنی دەڕشت. خەڵکی تریش بوون کە پێبکەنن و بگرین. عیفەت کوڕە دوو ساڵانەکەی خستە باوەشی سەمەدەوە و سەمەدیش ئەو خڕیلە زاخ و بۆرەی قەڵاندۆش کرد. سەرۆکی پەیوەندیە گشتییەکان ڕەسمی یادگاریی لە هەر سیانیان گرت. ماڵاوا...

بەرپرسی وەرزەنامەی مانگەشەو نامەی وەرگرتنی لەشکر... بنکە... پاسگە و... بەڵگەی بوونی لە بەرەی باشوور و لە ئەنجامدا بەڵگەی مووچە وەرگرتنەکەی بۆ سەمەد گەڕاندەوە. گوتی پێویستی بە بەڵگە نییە. سەمەد لە هەر جێیەکەوە حەز بکات دەست بە گوتن بکات. پاشان ئەو خۆی سەر و بنی بابەتەکە یەک دێنێتەوە... کەواتە ئەو تەنیا دەبوو قسەبکات، هەرچی قسەی ساتە خەمبار و دڵتەنگەکانی ژیانی خۆشیی بێ.

«بۆ گوردانێکی[1] لەشکری خۆراوایان ناردم. بەهەمان پاسیش هاوکارەکانمانیان نارد بۆ شوێنی تر. لە دەستەی فەرمانبەراندا، ئێمە هەشت کەس بووین کە تازە چووبووین. لە شارە دوور و نزیکەکانەوە... من کەسی چوارەم بووم کە هەرایان لێ کردم بڕۆم بۆ ژووری سەرکار ئستوار[2]. جانتا بەدەست و خۆڵاوی لە بەرامبەر سەرکاردا ڕاوەستام. ئەوەی وا پێشتر بانگیان کردبوو، لە پشت چاویلکە ڕەشەکەیەوە، چاوی لێ نەدەترووکاندم. ڕەنگە لەم چاوەمی دەڕوانی.

ئستوار پرسی ناوت؟

گوتم سەمەد.



پرسی شۆرەت؟

گوتم سوڵتانی نەژاد.

پرسی پێشگرێ، پاشگرێ؟

گوتم سوڵتانی نەژادی خورت و خاڵی.

کابرای چاویلکە لەچاو، ئاوڕی لە سەرکاری تاس و سپی دایەوە کە ئێستا لەلای پەنجەرەکە ڕاوەستابوو.

گوتی گوایە ئەم کاک سەمەدە نازانێ پێشتر عەمری خودای کردووە؟

ئستوار گوتی خۆ تۆ زەعیف کوژ نەبووی. سەر سووڕمیو لێیان ورد بوومەوە. ئستوار دەمانچەکەی نایە سەر مێزەکە و بەجێی هێشت. بە دەستی بەرز و سپی بەرەو پەنجەرەکەی کێشام. دەوری کابرای چاویلکە لەچاوی دایەوە و بەقامک، تەپۆڵکەکەی نیشان دام کە کیلۆمەترێک بەولاوەتر بوو.

گوتی ساڵێکە ناوی پاسگای بان ئەو تەپۆلکە بووە بە سوڵتانی نەژاد. پیاوێک بوو بەقەدەر دوو کەسی وەک تۆ، خوا لێی خۆشبێ...

کابرای چاویلکە لەچاو پێکەنی «خوا لە هەموومان خۆشبێ...» ئەوسا وەها لێم ورد بۆوە کە دەتگوت ڕازێکی سەیری لەلا درکاندووم... پاشان بێ پێشەکی گوتی هەندێک کەس وەک تا کەوشی کۆن تەنیا بە کەڵکی بیابان دێن... لە مەبەستەکەی نەگەیشتم. تەنانەت لەوەش نەگەیشتم کە بۆ کاتێ دەدوا چاوی لە کابرای چاویلکە لەچاو نەدەترووکاند... دیار بوو وەڵامی پرسیارێکی بە ڕقەوە دەداتەوە...

تا چاو هەتەری دەکرد، بەرامبەرم، گڵ و خاکی هەڵدراوە و سەنگەری پەڕاگەندە بوو. وەک مرۆڤە کوێرەکان... کابرای چاویلکە لە چاو زەردەخەنەیەکی کرد، کە لە ژێر ڕیشە ماش و برنجیە نە زۆر درێژەکەیەوە شاردرابۆوە.

گوتی: جەنابی سەرکار ئیزەدی! ئەگەر ئەمەش فیدای سەر زیندووەکان ببێ چ دەکەی؟

ئستوار شانی هەڵتەکاند. کابرای چاویلکە لە چاو سنگی پانی هێنایە پێش. گوتی: پێشنیار دەکەم ئەم بنکەشی بە ناوەوە بکەیت و لە تابلۆی بەر دەرکەکەدا بنووسی بنکەی سوڵتانی نەژادی ٢... هەر دووکیان قاقایان بەرز بۆوە. بەتایبەت قاقای پێکەنینی ئەو

فەرمانبەرە چاویلکە لە چاوە کە قسە خۆشەکەی کردبوو. پاشان وەها کە لەبارەی منەوە قسەیان نەکردبێ... بە زمانی زیڕینگەری دەستیان بەگوتن و گاڵتە و گەپ کرد.

کە لە ژوورەکە هاتمە دەر، بیستم ئستوارە تاسەکە، ئەو فەرمانبەرە چاویلکە لەچاوەی بەناوی مەنسوورخانی پاچناری بانگ کرد. لەشم لەپڕ وەلەرزین کەوت. سەرەتای شۆڕش لە گەڵ کەسێکی بەم ناوەو بەم قەد و قەڵافەتە تووش کێشە بووبووم. چاکم لێ دابوو. بەڕەڵایەکی چەقۆکێشی تێلا بەدەست بوو کە تا ماوەیەکی زۆر لێم دەگەڕا...

لەبەر خۆمەوە گوتم زۆر خراپ بوو. پیاوێکی بەد نیهادی ڕقاوی بوو، کە دیارنەبوو بە ڕێکەوت هاتبووە ئێرە یان بەتایبەت... چی بە ئستوارە تاسەکە گوت و چی لێ بیست کە عەسری ئەو ڕۆژە بووە سەردەستە و بەڵای گیانی من...

لە هەر کوێ دانیشت ئەوەندە بەناوی سوڵتانی نەژادی ٢ بانگی کردم، تا دوا دوو ڕۆژ ئەو ناوەم بەسەردا بڕا. ئێستا ئیتر نە دەرەقەتی دەهاتم و، نە کەسیش گوێی بە ڕابوردووی دەدا... هەرچیان پێ بسپاردایە، سەر و گیان فیدا، بەڕێوەی دەبرد...

ڕۆژی ڕاهێنانی گوللە خستن بەرەو بیابان بەڕێ بووین. زۆر بە پێ ڕۆشتین تا گەیشتینە شوێنی دیاریکراو. بەتایبەت لێی نزیک بوومەوە. لەسەر زەوی ڕاکشاین.

گوتم: ئەگەر جارێکی تر گاڵتەم پێ بکەی گوللەیەکت تیا سەرف ئەکەم.

گوتی: ناپیاوی ئەگەر نەیکەی.

کەس نەیبیست چیمان گوت. هەر دووکمان ئامادەی تەقاندن بووین... لە بەرامبەرماندا شاخێک قوت بووبۆوە. هەستام و لە ژوور سەریەوە ڕاوەستام تا کاری تەواو بکەم، لەپڕ شاڵاوی هێنا و چەکەکەی لێ وەرگرتم. پاشان بە هەردوو چەکەکە تەقەی لە دوژمنێکی گریمانەیی کرد. ڕاست ناوەڕاستی سیبلەکانی من وخۆی دەپێکا کە بە سنگی شاخەکەوە بوون...

کە فەرمانبەرەکان چەپڵەیەکی چاکیان بۆ لێدا، وازی لە پاڵەوان بازیەکەی هێنا.

گوتی: چ کارەی؟

گوتم: فەرمانبەرم...

گوتی: منیش فەرمانبەرم. خەریکی چی؟



گوتم: ژن و منداڵم هەیە.

گوتی: پرسیم خەریکی چی؟

گوتم: چاوێکم لە پێناوی شۆڕشدا دانا. خۆم نەمویست هیچی لەبری وەربگرم. بەڵام ئێستا...

گوتی: بۆ پلە و پایە هاتووی؟

گوتم: دەیکەمە پینەی سکی ژن و منداڵەکەم.

زەردەخەنەکەی خواردەوە و. ئەوەندە لە چاوە شووشەییەکەمی ڕوانی تا بوغزی گریان گرتمی. کە گریام پێکەنی و چەکەکەی دامەوە.

گوتی: تازە بیستبووم فەرمانبەری و ناردوویانی بۆ ئێرە، بە دۆستەکانم سپارد تاقیبت بکەن.

گوتم: ئێستا چی؟

گوتی: لەوە کلۆڵتری دەرەقەتم بێی.

گوتم: بێ بارمتە ئاگر بەس.

گوتی: ئاگر بەسی بێ بارمتە.

ئێوارە گەیشتینەوە بۆ قەرارگە. ئستوار ئیزەدی هەموومانی ڕیز کرد. خۆڵاوی و کڕ و ماندوو بووین. پێدەچوو لەسەرەوە ئەمری عەمەلیاتی نهێنی شەوانە دەرکرابێ... ئستوار یەکە یەکە بانگی دەکردین و... لە منی پرسی سوڵتانی نەژادی ٢ لە چیدا پسپۆڕی؟ هەموویان پێکەنین. بەخۆمدا شکامەوە. مەنسووری پاچناریم لەلا بوو. لەبەر خۆیەوە گوتی: بەڕوویدا هەڵشاخێ.

گوتم: تا مەبەست لە پسپۆڕی چی بێ؟

گوتی: میکانیکی، شۆفێری بولدزێر[٣]، گریدەر ...

گوتم: من مردوو شۆری ئیدارەی مردوو شۆرخانەی فەرمانبەرانم. بەڵام چونکا پسپۆڕی چاکم تەنیا سەرۆکەکان دەشۆم.

دیسان هەموویان پێکەنینەوە. تەنانەت پاچناریش کە ئێستا ئیتر لەبیرم نییە بۆچی لێی

تۆقابووم. هەر ئەوندە بوو. تەواو. هەموو زانیان مەنسوور پاچناری پشتیوانمە، ئیتر کەس نەیوێرا...

کە دەستی گەیشتە مێلەی ناوەڕاست، بە جوولە و ستۆپی پاسەکە پێی هەڵخزا و، خەریک بوو بەسەر کەسێکدا بکەوێ. پاشان بڕواتە ناو زەلکاوی بێ هەتاوی ناوسەنگەرەکە... خۆی گەیاندە گەنجێک کە کتێبێکی ئەستووری دەخوێندەوە. قامکە باریک و درێژەکانی گەنجەکە بەسەر وشە و ڕستەکاندا دەفڕین. لە مەودای نێوان قامکەکان، منداڵێکی هەژار، بەسەر دایکیدا دەیقیژاند، کە ئیتر ناچمەوە بۆ قوتابخانە. شتی وام فێر دەکەن نایزانم...

کە لاپەڕە هەڵدرایەوە، سەمەد ئیتر تاقەتی نەما، لەگەڵ پرسیارە بە پەلەکانی قامکە گەنجەکان، ڕستەیەکی تر بخوێنێتەوە. بەسەر گەنجەکەدا نەویبۆوە و، گەنجەکە لە بێدەنگیدا سەیری دەکرد. ئەویش زەردەخەنەی دەکرد. سەمەد گوتی؛ بۆ خۆی سەردەمێک کتێب خوێنێکی لە زەبر بووە و شانامەی فیردەوسی خوێندۆتەوە. تەنانەت شیعرەکانی چیرۆکی زەحاک و فەرەیدوونی لەبەر بووە... ئێستاش دەچێ و بەشداری چاوپێکەوتنێکی ڕۆژنامەوانی گرنگ دەکا... گەنجە، کورسیەکەی پێشکەش کرد. سەمەد دانیشت . گەنجە هێواش گوتی نووسەری کتێبەکە ژنێکە کە دەڵێ سەرەتا ئەندێشە بووە، پاشان جوولە، لەوە دواش گوتە... سەمەد سەری بۆ لەقاند. وەها کە هەرگیز ئەم ڕاستیە گرنگە لەبیر ناکات. یان هەر لە سەرەتاوە بەم حەقیقەتە گرنگەی زانیوە... ڕستەی ئەو پیاوە گەنجەی نەبیستبوو. لە سەرەولێژی ڕێیەکی پێچ و پلووچی خۆڵیدا، بە خێراییەکی سەیروسەمەرە بەرەو پێش دەچوو... لەرەی پاسەکە بوو یان حاڵ و ڕۆژی خۆی... لەو سەرەوە، مەخزەنی تەقەمەنی، سەنگەرەکان، ئاگرباری کاتیۆشا و، تۆپە ئوتریشیەکانی دەدی...

باران لە دوێنێوە دەباری. ڕۆژانی بارانی بەکەمی گروهانی[٤] فەرمانبەرانیان دەبردە عەمەلیاتە سەرەکیەکان. ئەویش یان دەخەوت یان لە دەلاقەی بچووکی سەنگەرەکەوە چاوی لە کێو و دەشتە بێ دار و درەختەکە دەبڕی. بینینی کێو و دەشت لە پشت نایلۆنی نیوە ڕوونەوە وای لێ دەکرد بیر لە زەمانە بکاتەوە. زەمانەیەک کە کوێرکوێرانە ئەرکی خۆی بە ئەنجام دەگەیاند...

« دوو سێ حەفتەی خایاند تا خووم بە گرمەگرمی تەقەی عێراقیەکان و خەونە پەرێشەکانی خۆم گرت. کە خووم پێگرت لەگەڵ بێدەنگیدا خەوم لێ دەکەوت. ڕەنگە بڕوا



نەکەی ئاغای سەرنووسەر کە حەزم دەکرد لە سەنگەردا خەون بەدەوامەی کەوتنەکەم بۆ ناو زەلکاوەکە ببینم...

زۆر جار وشترمەلێک، لە نازانم کوێوە، لە پڕ بەرەو من هەڵدەهات و باڵە بچووکەکانی بە ژوور سەرمەوە دەکردەوە. بە پەلە دەتەکامەوە. بەڵام وشترمەل لە هەمان یەکەم شاڵاودا، ئەم چاوە سارد و بێ گیانەی لە قاپووڕەکەی دەردەهێنا و دەیخستە چاوی خۆیەوە و چاوی خۆشی لە قاپووڕی بۆشی چاوی من ڕۆ دەکرد... لە بیرەخەونەکانی یەکەم ڕۆژەکاندا، لە ترسا شەلاّلی عارەق دەبووم و هەڵدەلەرزیم.

پاشان دەتگوت لە خەودا بەهیوا دەبووم ڕۆژێک وشترمەل باڵ و پەڕی کامڵ ببێ و وەک سیمرغێکی گەورە و بە شکۆ هەڵفڕێ...

جارجار لە لێکدانەوەی خەونەکاندا، جێی وشترمەل و مەنسوورم دەگۆڕی. ئەو هاتبوو تۆڵەیەکی قورسم لێ بکاتەوە، بەڵام تەنانەت پشتی لە کۆنە دۆستەکانیشی کردبوو...

ئەو کە بڕوای تەواوی بە هیچ نەبوو، لە من زیاتر بە کەڵکی پشت بەرەی شەڕ دەهات. دەیتوانی بە دەنگی ماتۆڕی ئوتومبێلەکاندا لە مۆدێلەکەیان بگات. لەوە بگات کە ئایا تازە چاک کراونەتەوە یان ڕۆن دەسووتێنن؟ هەروا لە زۆر شتی تریش کە هەموو ڕۆژێک تۆزێکی لێ دەردەخست...

نزیکەی نیوەڕۆ، وەها بەتانیەکەم لەخۆمەوە پێچابوو کە تەنیا لووت و چاوم بەدەرەوە بوو. هێشتا خەوم لێ نەکەوتبوو کە دەنگی ئوتومبێلم بیست. ئێمە کە لە سەنگەرەکانی پێشەوە بووین لەوانی تر زووتر دەمانبیست و دەمانبینی. مەنسوور پاچناری گوتی مەزدایە، بەڵام بۆ ئەم کاتە ؟ تا چاوم هەڵێنا پێخاوس بە چەکەکەیەوە بۆ بەر دەرکەی سەنگەرەکە هەڵات. منیش چەکەکەم لە زامن خست...

مەزداکە لە پشت تەپۆڵکەکانەوە بەرەو پێش دەهات. نەمدەبینی هی کوێیە. هات و هات تا تایەی دوایەی کەوتە ناو چاڵی بەردەمی سەنگەرەکەی ئێمە و دەنگێکی لێوەهات. کارتۆن و تێلیسەکانی ژێر بڕێزنتەکە بەلایەکدا کەوتنە باربەندەکەوە. پۆتینەکانی مەنسوور پاچناری لە هی من وشکتربوون. لەپێم کردن وپاڵتۆکەی ئەویشم دایە دەستی . شۆفێرەکە ناونیشانی بنکەی سوڵتانی نەژادی دەپرسی. مەنسوور پاچناری دەستی بۆ ژوور تەپۆڵکەکە درێژ کردبوو...

شۆفێری مەزداکە هاتەپێش.

گوتم: بنکەی سوڵتانی نەژادی ٢ ئێرەیە.

گوتی :تۆ فەرماندەی؟

گوتم: فەرماندە و سەربازەکان بەرەو هێڵی پێشەوە ڕۆشتوون.

گوتی: دوو تەلیس بستە، دوانزە کارتۆن میوەی قوتوو. دوو کوورەی عەلادین بە ئێوە دەسپێرم.

کاغەزێکی پێدام ئیمزای بکەم . پرسیم جگەرەی هێناوە؟ وای نواند کە لەبیری چووە...

لە بنکە من و مەنسوور پاچناری و دیلێکی عێراقی هەموو ڕۆژێک بەشوێن جگەرەدا دەگەڕاین... مەنسوور هەڵچوو کە بۆ چی لەسەر هیچ و پووچ درۆمان کردووە... شەو کە دەستەی سێ لە ڕاهێنان گەڕایەوە، هەموومان بەریز بووین. ئستوار ئیزەدی دیسان خۆی هێنایە پێش و گوتی؛ سەمەد خان کوڕی فریو و دەلەسەشی، درۆش دەکەی، ها؟ ئەوسا پێکەنی. پاشان بێ سیمی بۆ فەرماندەی بنکەی سەر تەپۆڵکەکە کرد. بەشی بنکەی سەر تەپۆڵکەکەی نەدایە، ڕاپۆرتێکی تێر و تۆخم لێ دەدا! چێشتێکم بۆ لێدەنا بستێک ڕۆنی لەسەر بوایە...

لە ئاخری ڕێگەکە لە پاسەکە دابەزی. تازە دەیدی بە هەڵە سوار بووە و دەبێ بگەڕێتەوە بۆ شوێنی پێشووی... لەبەر خۆیەوە گوتی چاکتر! من جگە لەوەی کاتی خۆناساندن بە سەرنووسەرەکەم گوت هیچی ترم بۆ گوتن پێ نییە... جگەرەیەکی داگیرساند. لەبەر ڕیزەکەوە ڕاوەستا تا بە پاسێکی دوونهۆم بۆ بەر ئیدارەکەی پێشووی بگەڕێتەوە. بەڵکو ئاغای مەلەکی بیبینێ و پێی بڵێ چەندە لە مووچەخۆری بێزارە. مووچەخۆری تافی لاوی وەک بیکاری بەر لە کار پەیداکردنە... بەڕاست دەیویست لە تەسجیلەکەی سەرنووسەردا چی بڵێ کە تا ئێستا بۆ موسافیری پاسی ئەم ڕێگایانەی نەگوتبێ ؟ ئەوان کەخۆیان سەرێکیان بوو هەزار سەودا و، جاروبار فرمێسکیان دەڕشت پڕ بە ڕوومەت و، نەیاندەزانی دەبێ لەبری ئەم فرمێسکانە پوولە وردەیەک بدەن یان نا...

«ڕۆژانی کۆتایی خزمەتەکەم، هەوا سارد و تۆف بوو. تۆپی ئوتریشی خەریک بوو بتەقێتەوە کە بنکەکە کەوتە بەر دەسرێژی خەمسە خەمسەی دوژمن. مەنسوور پاچناری دیلە عێراقیەکەی داتەکاندبوو، ئێستا بەرەو پەناگە پاڵی پێوەدەنا، کە لە پڕ دەرەلنگی



پانتۆڵەکەی لەگەڵ سەری دیلە عیراقیەکە هەڵفرین... سەر کەوتە سووچێک و دەرەلنگ لە حەوادا دەخولایەوە و وەک هەڵۆ، لەو سەرەوە بەرەوخوار کەمانەی کرد . کەوتە سەرپەنجەی پێی مەنسوور کە غەڵتانی خوێن بوو. پەنجەکان دەرەلنگیان لەسەر خۆیان لادەدا و، ناخەزی دەمارە قرتاوەکانیان نیشان دەدا...

ئەگەر چاوێکی تیژ ببوایە، دەیدی کە من چۆن لە زەلکاوی بێ هەتاوی ناو سەنگەرەکە ڕۆ دەچم و ئەو وشترمەلە، چۆن ئەمجارە، بەدەنووکی درێژی، کوتی باریکی ئاسنەواڵەی لە ژێر پێستی پێی چەپی مەنسوور پاچناری دەردەهێنا و لە کاسەڵەی سەری مندا دەیچاند. دەتگوت ئەمر بەو مشارە موویيانە دەکەن کە لەشی خۆیان بە پەلە لە پێی مەنسوور پاچناری دەربکێشن و بیگەیەننە مادەی خزیلکی ناوکاسەڵە سەری من... ئاغای سەرنووسەر ئایا ئەم قسانە، ئەو وردبینیانە، بەڕاستی بۆ خوێنەرانی وەرزەنامەی مانگەشەو گرنگن؟ بۆ نموونە ئەگەر من بڵێم ئەم پۆتینە کە لە پێمدایە یادگاری مەنسوور پاچناریە، تاقەتتان سەرناچێ؟

شۆفێری پاسەکە گوتی: «کاکە، برادەر، لەبەرئاوێنەکە لاچۆ، بڕۆ سەرەوە، لەسەر کورسیەک دانیشە. خەڵکیش لە خۆت کۆ مەکەرەوە، تاقەتم نییە. ماشەڵا، بەم قەدو قامەتەوە بۆ شوێن کارێک ناکەوی؟»

سەمەدگوتی: «دێوی سپی مازەندەران ! قەد و قامەت هیچ نییە . ماریفەت شتە. شتێک کە تۆ هەر نیتە.»

پۆتینەکانی مەنسوور پاچناری بەپێی تەنگ بوون. پەتەکانی شل کردەوە. لۆقە لۆق سەرکەوت، بۆ بنکی پاسەکە... دەریهێنان. پەنجە کۆ بووەکانی شێلا. منداڵێک پێکەنی و هاتە پێش . لەپڕ گەڕایەوە بۆلای باوکی و، سەرە تاتکەی کرد. ڕەنگە بۆ گوتنی قسەیەک، شانی باوکی ڕاتەکاند. «باوکە چاوی ئەو کابرایە خێل بووە. بابە ئەوچاوەی...»

سەمەد پۆتینەکەی لەپێ کردەوە. سەری قورس و خەمباری نایە سەر شیشەی پاسەکە تا گەرمای شیشەکە بچێتە ژێر پێستی لاجانگی. «ئێستا عیفەت پێی وایە لەلای بەرپرسی وەرزەنامەکە خەریکی خواردنەوەی چا و قاوەم. لە تەسجیلەکەیدا... و حەتمەن زۆریش دەڵێم.» منداڵەکە قامکە سپی و جوانەکانی پێکەوە لکاندبوو، چەناگەی باوکی بەرز دەکردەوە تا بڕوانێ . لێوەکانی شل و بەربۆوە... خەریک بوو وەک سەمەد لیکی

بەربیێتەوە. باوکی چاوی لێکنا ، بەڵکو هیچ نەبیستێ و هیچ نەبینێ...

یان ڕەنگە چاکتر ببیستێ و چاکتر ببینێ...

«بەم سەرمایە من لێرە چی دەکەم؟ ڕاکشاو ، کەوتوو ، لە هەلیکۆپتەرێکدا کە من و مەنسوور پاچناری بۆ لای خۆمان دەباتەوە. شارەکەمان دەبێ قەدری مەنسوور پاچناری چاک بزانێ. من و ئەو بەهیوای چی بووین؟ چ پەیامێکمان پێ بوو کە هاوشاریەکانمان ئاوا بە شکۆوە ڕێزیان لێدەگرتین؟...

بەرلەوە بیانبەنە ژووری عەمەلیات کردن، عیفەت بەچەند لق گوڵی سوورەوەهات . شەوکەت خانم ژنی مەنسووریش بە پاکەتێک شیرینیەوە. ئەوان گوڵ و شیرینیەکانیان گۆڕیەوە، بێ ئەوەی بزانن مێردەکانیان دوای ساڵەها دوژمنایەتی، خەم و شادییەکانیان گۆڕیوەتەوە و ئێستا گەیشتوونەتە ئەو شوێنەی کە لە مەرگی یەکتریش بێزار بن...

هەردووکیان بەسەر ڕوومەتەکانماندا نەویبوونەوە... نیگایان لە نیگای ئەو ژنانە دەچوو کە مێردەکانیان بەهەموو چاکە و خراپەیەکەوە خۆش دەوێ و لە خۆشیا دەگرین. ڕەنگە دڵنیاش بووبن کە نامرین و دەمێنینەوە تا لەوپەڕی بێ نیازیدا حەسرەتی زۆر شت بخۆین.»

«شایانی تۆ نییە.»

«وەرناگرم کاکە، سپاس.»

پاسەکە ڕاوەستا. کۆتایی... منداڵەکە پەڕیە باوەشی باوکیەوە. باوکی بەنووکی ئەنگوستی فرمێسکی قەتیسماوی چاوەکانی سڕی. بەپیلکانەکاندا داگەڕا. سەمەدیش... وەبیری نەدەهاتەوە بۆ سواری پاس بووە. لە پاڵ کورسی شۆفێرەکە خەیاڵێکی خراپی قیرسیچمەی لەخۆی دەتاراند. ڕوومەت و باڵای شۆفێرەکە تا کەوشێکی کۆنی وەبیر دەهێنایەوە کە لە بیاباندا...

---

١ – گوردان : دەستەیەکی گەورەی سوپاییە

٢ – ئستوار : عەریف. باش چاوەش؟

٣ – بۆڵدزێر: شۆفڵ

٤ – گرووهان: دەستەیەکی سوپاییە بچووکتر لە گوردان



# بۆ دەریاچووانی دوورگەی شینتر

**عەباس مەعرووفی**

کابرا چەند جار بەرە دەستی پێکدا کوتا و، گوێی لە دەنگدانەوەکەی گرت. چاک بوو. پێکەنی. یەک دووجار بەدەوری خۆیدا خولایەوە و، دیسان چەپڵەی لێدا. لە کەپرەکانی ئەوبەرەوە چەند ژن و منداڵ هاتنە دەر و گرژ و مۆن لێی وردبوونەوە. کەڵەبابێک پەڕییە سەردیوار و بێ ئەوەی گوێ بە قەرەباڵغیەکە بدا، لەمسەرەوە بۆ ئەوسەری دیوارەکە چوو. پیرە پیاوێک بە دووچەرخە لە کۆڵانێکەوە دەرکەوت و لە هەمان سووچی مەیدانەکەوە خۆی بەکۆڵانێکی تردا کرد. کابرا دیسان چەپڵەی لێدا. ئەوانەی لەسەر تەختی بەرچایخانەکە دانیشتبوون وازیان لە چا و قلیانەکانیان هێنا و، لە ئەو ڕامان. دەنگی دەریاش لە دوورەوە دەهات.

لەوەدوا «جومعە» دەیگوت ئەو ڕۆژە وەها هۆشی پەڕیوە، کاتێک مژی لە قلیانەکەی داوە زانییە ئاگرەکەی دەمێکە کووژاوەتەوە.

«دووشەنبە»ی برای بەرەدەستی بە پشتە ملیدا کوتابوو، گوتبووی: «لە چی ڕامابووی؟ لەو ناپیاوە؟ قوڕ بەو...»

عەبدلقاسم بە مرادعەلی چایچی گوتبوو کە چاکەی چا نەبووە، سارد بووە. ئەویش وەڵامی دابۆوە، زووتر بتخواردایەوە. بەیانی ڕۆی ناکەن، شەو هەڵیقورێنن!

سیا گوتی: «من هەروا کە سەیرم دەکرد، چاکەشم دەخواردەوە. زۆریش گەرم بوو.»

ئەوەندە گەرم نەبوو پیاو هەڵنەکا. تەنیا شەرجیەکەی وەڕس کەربوو. مێش وازیان

نەدەهێنا. لەسەر ڕوومەت هەڵدەفڕین و لەسەر دەست دەنیشتنەوە. لەسەر دەست هەڵدەفڕین و قامکی پێیان دەلستەوە. بەڵام کێ دڵی لای مێشەکان بوو؟!

کابرا سوورێکی بەدەوری خۆیدادا و، گوتی: «ئەوە لە کوێن؟ بۆ نایەنە دەر؟»

گەنجەکان لەملاولاوە دەرکەوتن و لە دەوری پانتاوکەکە بێ ئەوەی لەسەر بەردەکان دانیشن، بەری پێیەکیان بەدیوارەکەوە نووساند و بۆ سەیرکردن ڕاوەستان.

کابرا کەمێک نەویەوە و لە ڕوومەتی پڕ چرچ وچۆڵی یەکەیەکەیان ورد بۆوە: «منتان بیر نایەتەوە؟»

هەموو مات بوون. کابرا گوتی: «ئەو گشتە مرواریە! لە بیرتانە؟»

نەنکە خێرۆ، دەستی خستبووە پشتی و، لە کۆڵانی لای دووکانەکەی جومعەوە دەرکەوت و، بە دوایدا سەر و ملی ورمزی کوڕیش پەیدابوو. وەک دوانەیەک کە یەکیان ژن و ئەویتر پیاو، یان یەکیان پیر و ئەویدی گەنج بێ، هاتنە بەرچاو. وەک دوانەیەک کە یەکیان لەویتریان بووبێ.

نەنکە خێرۆ نیوە خولێکی بەلەشیدا و، باسکی ورمزی گرت و پێش خۆی دا: «دووچەرخە سازیش بوو بە کاسبی؟ ئاخر دوو دانە دووچەرخەی ئەم گوندە ئێمەیان پێ بەخێو دەکرێ؟»

ورمز چاوی لە زەوی بڕی. نەنکە خێرۆ پاڵی پێوەنا: «دە بڕۆ. بڕۆ بۆ ڕاوەمرواری. دە بڕۆ مردین لە برسان.»

ئێستا جگە لە کابرا، ورمزیش لە ناوەندی پانتاوکەکەدا بوو. درێژ و مل باریک، ڕوومەتی ئێسکن و لێوی ئەستووری کە دەکرا بڵێی بەربوونەتەوە.

جومعە دەیگوت: «لە هەمووی خرابتر قژی بوو.»

لوول دەبۆوە و بە ژوور تەپڵە سەریەوە دەوەستا، یان سیخ دەبوو بەتەپڵە سەریەوە پێچ و خولێکی دەخوارد و گلۆڵە دەبوو. وەها کە دەتگوت چەپکێ قژی ئاڵۆزاویان لە شوێنێکی ترەوە هێناوە و بەسەری ئەویانەوە چەسپاندووە.

کابرا لە باڵای ورمز ورد بۆوە و، لە بێدەنگیەکی سامناکدا کە هەموو ئاواییەکەی گرتبۆوە، لە پڕ لە قاقای پێکەنینی دا. ڕەنگە لەبەر قژەسەری، یان تف و لیکی کە



بەربووبۆوە، یان ڕەنگە لەبەر ئەو جل و بەرگە تەنگەی کە بە لەشیەوە چەسپابوو. پیاو پێی وابوو ڕووت و قووتە و پێستی لەشیان ڕەنگ کردووە. لە پشتێن بەرەو خوار شین و خۆڵە مێشی چوارخانە و، لە پشتێن بەرەو ژووریش بنەوشێکی مردوو. توزێک کۆمیش دەهاتە بەرچاو. وەک دەعبایەک کە بیەوێ بۆن بەشتێکەوە بکات. کابرا پێکەنی . زۆر پێکەنی، گوتی: «تۆ؟ خۆ تۆ ناتوانی بچیتە بنکی ئاوەکە. دەتوانی؟»

ورمز چەند جار سەری لەقاند و دایکیشی چەند جار سەری لەقاند. کاتێکیش ورمز ئاوڕی لە نەنکە خێرۆ دایەوە، هەروا سەری دەلەقاند.

کابرا گوتی: «لەناو ئێوەگەنجەکاندا کەس ئامادە نییە دەست هەڵبڕێ؟ ناتانەوێ ڕاوی مرواری بکەن؟» ئەوسا دەستی بەقژە گەنم و جۆییەکەیدا هێنا.

گەنجەکان بێدەنگ بوون. لەوەدوا خوشکی زائیر عەباس گوتبووی کە بیکەن بۆخاتری خودا دەشێ بەم گەنجانە بڵێین پیاو؟ نەجۆش خرۆشێ، نەحەز و مەیلێ، نەکارێ دە گەنج شوێن سەگێک دەکەون، ئازاری دەدەن و ڕۆژەکەیان بەسەر دەبەن. ئاخر ئەمەش بوو بەژیان؟ کابرا گوتی: «لەبیرتان چۆوە؟ ئەو هەمووە مرواریە، ئەو هەموو پارە، ئەو گشتە شادی و خۆشیە، لەبیرتان چۆتەوە؟»

کەس هیچی نەگوت.

کابرا گوتی: «ئەو دەمانە هەر کە چەپێکم دەتەقاند، چلتان لە دەورم کۆدەبوونەوە و، لەسەر نۆرە پێکەوە شەڕتان دەکرد. ئەو دەمانە خۆش و شادبوون، هەڵدەپەڕین و دەهاتن بۆ دەریا. لە ئاوەکەتان دەدا و شوێن مرواری دەکەوتن. ئێواران کە دەگەڕاینەوە هەموومان بە دەستی پڕەوە دەگەڕاینەوە. حەقدەستی هەمووتانم دەدا. ئەی بۆ ئێستا ناتانەوێ بێن؟ مەگەر مرواریتان ناوێ؟ مەگەر پارەتان ناوێ؟ بۆ ناتانەوێ ژن بێنن؟»

دەنگی پێکەنینی چەند کچ لە دەنگ و هاژەی دەریادا ون بوو. کابرا سوورێک بەدەوری خۆیدا خولایەوە و هەمدیس بەرەدەستی پێکدادا: «ئەی، بوو بەچی؟ کەس نایەوێ لەگەڵ من بێ ؟»

کەس نەیدەویست. تەنیا ورمز واقی وڕمابوو. لەوەدوا نەنکەمونیرۆ دەیگوت: «تێنەدەگەیشتم کەی ئەم گەنجانە خەسابوون کە توانای هیچ کارێکیان نەبوو!»

کابرا سەیری ورمزی کرد و گوتی:«وەرە پێشتر.»

ڕۆژانی سەرەتا کە هاتبوو، دەیگوت بڕۆ دواتر، قسە مەکە، ورتەت لێ نەیەت! گەنجەگان شلووقیان دەکرد. شوێنی دەکەوتن و هێندە شاد و کەیف خۆش بوون بە باڵە کوتەی مریشکێکیش پێکەنینیان لێ دەپژا.

کابرا دەیگوت: «دەم لێک نێ. پێمەکەنە!» بەڵام ئەوان پێدەکەنین و هەر چیان دەکرد نەیاندەتوانی دەم لێک بنێن.

کابرا لەبەرا ڕێ دەکەوت و، ئەوان بە سەماوە شوێنی دەکەوتن و، سیا لەبری تەپڵ پووتێکی تەنەکەی دەکوتا. کە دەگەیشتنە قەراغ دەریا، شبریش نەیدەتوانی بەریان پێ بگرێ. دەڕژانە ناو ئاوەکە و پاش ساتێک تەنیا شوێن پێیان لەسەر لمەکە، دوانیشانەی بوونیان بوو. ئەوسا کابرا دەمایەوە و دەهات و دەچوو، تووی دەتروکاند، جاروباریش دادەنیشت، ڕادەکشا، دیسان هەڵدەستایەوە و دەهات و دەچوو، تا یەکەیەکە سەریان لە ئاوەکە دەردەهێنا و ڕاوەکەیان تەسلیم دەکرد.

«ئافەرەم، ئافەرەم، دووبارە بڕۆ.»

دیسان دەهات و دەچووەوە و، لە هەتاوی دەڕوانی.

دواتر کڵاوێکی حەسیری لەسەر دەکرد، چاویلکەی ڕەشی لەچاو دەکرد، نەعلی لەپێ دەکرد بۆ ئەوەی قاچەکانی هەوابخۆن و، سەری خۆی بە مەلە دەریاییەکانەوە قاڵ دەکرد، تایەکێکی تر لە ئاوەکە بێتەدەر.

«چەند دانە؟»

«سیان.»

«ئافەرەم. ئەمە پارەی نیوە ڕۆژەکەت. ئەمەش پارەی شەوت. خۆ ساردیش دەخۆیتەوە؟ وەرە.» دیسان دەهات و دەچوو، چاوەڕوانی کەسی دوایی دەما.

دواتر کورسیەکی لەژێر سابات دادەنا، ئاسوودە لاقی دەخستە سەر لاقی و پەستا پەستا لە سەعاتەکەی دەڕوانی.

«ئافەرەم. ئیتر بەسە. بڕۆوە ماڵ.»

ئەوسا ئاوڕی لە داووە دەدایەوە و کەسێکی دەدی کە کۆم و ماندوو و، تەڕ و تلیس دوور دەبۆوە. هەڕرای دەکرد: «سبحەینێ . سبحەینێ.» و بێ هیچ سەرنجێک



دەستێکیشی بۆ دەجووڵاند.

ئەوەی زیاتر لەهەموو شتێک گەنجەکان و پاشان خەڵکی تریش تێی فکریبوون، ئەوە بوو کە شاد و سەماکەر بەرەو دەریا دەچوون و، کە بەرەو ماڵیش دەگەڕانەوە وەها خەمۆک و بێدەنگ بوون خۆشیان نەیاندەزانی گەڕاونەتەوە.

دایکی عەبدولناسر گوتبووی: «عەبدو سێ ڕۆژ بوو هاتبووەوە و من نەمدەزانی بۆ لەگەڵ خۆشی شەڕیەتی.»

دایکی ئەمیرو گوتبووی: «کەواتە بابرۆمەوە بۆماڵەوە بزانم ئەو خواخراپ بۆ کردووەی منیش هاتۆتەوە.» و، دواتر گوتبووی کە ئەمیروی لەژێر گەڵا پان و پۆڕەکانی باوە ئادەم دیوەتەوە کە خۆی بەلاسقی گەڵاکانەوە سەرقاڵ کردووە و، مێش لە دەوری چاو و دەم و لێویەوە ورووکاون و، چاو و دەم و لێوی ماسیوە.

ئەم ڕازەگە بۆ مەلەوانەکان کاتێ لە دەریا دەگەڕێنەوە، ئیتر کەس پێکەنین بە لێویانەوە نابینێ، تروسکەی چاویان نامێنێ، کز و خەمۆک، پیر و کەنەفت دەبن و لە سووچێک دەخزێن، ماوەیەکی زۆر مایەوە و مایەوە. تا سەرەنجام عەبدولجەوادی خوالێخۆشبوو کە حسابی باوەگەورەی هەموو خەڵکی دوورگەی بۆ دەکرا، گوتی ئەمانە کاتێک بەرەو دەریا دەچن زار و با دەیانگرێ، بەڵام خۆیان پەی پێ نابەن. ئاودڕگەی فارس لەگەڵ دەریاکانی تر جیاوازە. پڕ لە ڕاز و ڕەمز و سەیر و سەمەرەیە. دەڵێی چیرۆکی هابیل و قابیل لێرە کۆتایی پێدێ. هەرچی قوربانیشی دەدەیتێ کەمیەتی. من ئەم قسانەم بەگەنجەکان گوتووە، گەلێک جار پێم گوتوون. بەڵام کێ گوێ لە قسەی من دەگرێ! گوتی: «ئەی بۆ من وام لێ نەهات؟ چونکا ئەم دریایەم دەناسی و چونکا کوڕی دەریا نەبووم. سەد و چوار ساڵم تەمەنە و هێشتا ساغ و بەدەماخم. لەگەڵ خۆر کەوتندا لە خەو ڕادەپەڕم. دەڵێی ئەوە منم کە لەبری خۆر هەڵدێم. لەگەڵ ئاوابووندا. دەخزێمە نێو جێگە و بانەکەمەوە، بەڵام خەوم لێ ناکەوێ. بیر لە چارەنووسی ئەم کوڕانە دەکەمەوە.»

ئەو ڕۆژەش هات کە دەستەی دوایی مەلەوانەکان بۆ یەکەم جار بەرەو دەریا دەچوون. ئەویش ڕاست ئەو ڕۆژە کە عەبدولجەواد لە تەمەنی سەد و حەوت ساڵاندا مردبوو. چەند ژن و پیاوێک تەرمەکەیان لە حەسیرێکەوە پێچا بوو، بەدەم گریانەوە بەرەو گۆڕستانیان دەبرد. بەڵام گەنجەکان شادو سەرەحاڵ بەرەو دەریا دەچوون. تەنانەت لەپاڵ خەڵک و

تەرمەکەشەوە تێپەڕین، بێ ئەوەی بزانن کێ مردووە و کێیان لەدەست داوە. ئەوەی کە دەیگوت: «بەمەرگی نەحس؟»

ئەوان تێپەڕین بێ ئەوەی لەبیریان بێ. هەر یەکە پووتێکی تەنەکەیان بن باخەڵ دابوو، وەها سەرخۆش دەرۆشتن کە دەتگوت هەنگاو بەسەر ئاگردا هەڵدێننەوە. شوێن پێیان لەدوا بەجێ نەدەما.

کە گەیشتنە دەریا، لە دوورەوە خەڵکە تازیەبارەکەیان دی و، دەنگی شین و ڕۆڕۆیان بیست کە جاروبار دەهات و جاروبار ون دەبوو.

کابرا گوتی: «پێمەکەنن، هەڵمەپەڕن، بۆ وادەکەن؟ بۆ نابینن عەبدولجوادی کڵۆڵ مردووە؟» ئەوان گوێیان پێنەدا. وەها پێیان کوتا و هەلهەلەیان کێشا کە دەنگی شین و ڕۆڕۆی تازیەبارەکانیان نەبیست.

کارا گوتی: «چاکە، تۆزێک سەبربکەن، بێڵن با من لاواندنەوەکە ببیستم.»

ئەوان هەروا پووتە تەنەکەکانیان دەکوتا و، هەڵدەپەڕین و گۆرانیان دەخوێند.

کابرا سەیری سەعاتەکەی کرد و، گوتی: «چاکە، تا سێ دەژمێرم، بڕۆنە ژێر ئاوەکە. یەک... هۆ جاشەکەر! ئەو پووتە بۆ دەبەیتە ژێر ئاو؟ دوو... نابێ لەو ژێر ئاوە گۆرانی بڵێن و هەڵپەڕن. سێ... زەلیل مردو و، عەباس! تۆ بۆ ڕاوەستاوی؟ من هەموو هیوام بە تۆیە.»

کەس لەکەناری دەریا نەبوو. ئەو تەنانەت دەیتوانی دەنگی شین و لاواندنەوەی خەڵکەکە لە کاتی ناشتنی عەبدولجەوادی ڕەحمەتیش ببیستێ. لاواندنەوەی پیاوێک کە دەنگی ژنانە بوو، یان شروەخوێنێکی خەمبار کە هوشی لێ دەبڕی و، ئەوەندە سەیر و غەریب بوو کە ڕابووردووی وەبیر دێنایەوە. ئەودەمەی کە ئەسپەکان سەرکێش بوون و کەس نەیدەتوانی ماڵییان بکات. لە بازاڕێکەوە تێدەپەڕی کە تەرمی بنیادەمیان دەفرۆشت و لە گۆڕەکانەوە دووکەڵ هەڵدەستا. پێی نایە ناو دووکانێک بۆ ئەوەی بپرسێ ئێرە کوێیە و بۆ ئەمانە دەفرۆشن؟ کێ لێیان دەکڕێ؟ دەنگەدەنگێکی لە گوێ دەهات: «کاکە نۆرەی منە، بڕۆ بەو لاوە، نۆرەی منە.» دووکاندار چەقۆکەی هەڵگرت، کوتێک گۆشتی لە لەشی مردوویەک کردەوە و، خستیە ناودەمی ئەوەوە. بۆگەنێکی ناخۆش هەمووی ڕاچڵەکاند. لەوێ بوو تامی منداڕەوە بووی ناسی. ژنێک لە ژوورێکی تاریک دڵدارەکەی ئەشکەنجە دەکرد، بۆ ئەوەی مانای عەشقی تێ بگەیەنێ. پاشان شەڕێکی



قورس هەڵایسا. ئەسپەکان دەیانپڕماند و برقی شمشیرەکان بنیادەمیان دەکوشت. چ شەڕێک بوو؟ ئەو گشتە خەڵکە لەپێناوی چیدا دەکوژران؟ ئەمە هەرگیز ڕوون نەبۆوە. دنیا بێدەنگ دەبوو.

دەنگی ڕۆڕۆ و لاواندنەوەکە بڕا، شەپۆلەکانی دەریا سەر ڕێ کەوتن و، ئەو هەستی بەوەکرد کە گریاوە. بە قۆلی کراسەکەی فرمێسکەکانی سڕی و لە دەریا ڕاما. چەندە تێپەڕیبوو؟ لە سەعاتەکەی ڕوانی. میلەکانی بەلای چەپدا هەڵدەسووڕان. گوتی: «سەیرە! کابرای گێل پاتری ساعەتەکەی سەر و بن داناوە، پێچەوانە دەخولێتەوە.»

ئەوسا بیستیەوە کە ژنێک بەدەنگێکی پیاوانە، مردوو دەلاوێنێتەوە. شیننامەیەکی ئەخوێند کە ئەوی بۆسالانێکی سەیر و سەمەری مێژوو دەبردەوە. بۆ سالانێک کە پیاوێکی کوێر ڕوبابی دەژەند و، شتێکی دەچڕی کە ئەو تێی نەدەگەیی. ژنێکیان بەدارێکەوە بەستبۆوە کە باریکە خوێنێک لەژێر پێیەوە ڕێکەوتبوو، لەبن دار سەروێک ڕۆ دەچوو. نێوەڕۆ پیاوێک بەسواری ئەسپ دەهات، دەفری خواردنەکەی هەڵدەگرت، بەڵام سەرسووڕماو لە کابرا، دەفرەکەی لێ دەکەوتە خوار و دەشکا. کابرا دەڕۆشت و دوور دەبووەوە و دەنگی چەنگ دەهات. تاقمێک ژن لە مابەینی ستوونی گەورەی بەردیدا گۆرانیەکیان دەخوێند کە لە لایەلایەیەکی دایکانە دەچوو. کەی دایکی لایە لایەی بۆ کردبوو؟ وەبیری نەدەهاتەوە. تەنیا وەبیری دەهاتەوە کە چەند کەس لە مەلەوانەکان لە دەریا نەگەڕانەوە.

بە خۆی گوت ڕەنگە خەویان هاتبێ و هەرلەوێ خەوتبن. لە سەعاتەکەی ڕوانی، کە وردە وردە بەرەو پاش دەگەڕایەوە. گوتی: «سەیرە!» ئەوسا بینی عەباس سەر ئاو کەوت و، هەموو هەناسەی داوێنی کراسەکەی کۆ کردبۆوە و، وێدەچوو شتێک وەک دەنگی تەسبێح لە سەر و گوێ و جلەکانیەوە بڕژێت.

گوتی: «زەلیل مردوو، عەباس! ئەم هەمووە مرواریە! وەرەپێش، دەی، وەرەپێشتر!»

دەنگی لاواندنەوە نەدەبڕایەوە. کابرا لەسەر کورسیەکە دانیشت و چاوی لێکنا و گوێی گرت.

دەریا ماندوو بوو. یاو گرتوو کەف چڕێن. وەها کە تاقەتی لە هەتاو نەمابێ، یان نا، نەزانێ بۆ چی هەیە؟ هەموو ڕۆژێک، هەموو شتێک، شەپۆلەکان سواری ملی یەکتربن و

دوورگەی شینتر شەرجی بکەن، یان ببنە هەڵم و نەزانن با بەرەو کوێیان دەبا.

کابرا سەیری پێڵاوە کەتانیە پاژنە خەوتووەکانی کرد، کە پڕ ببوون لە لم. دەسرەکەی خستە ملی و کە ڕایکێشایەوە تەڕی عارەقە بوو.

ئەو سەیوانە کە بە ژوور مێڵە ژەنگگرتووەکانەوە، لەسەر سەری کابرا تیشکی خۆرەتاوەکەی دەشکاند، شەرجیەکەی پێ نەدەشکا. سێبەرێکی گەرم بوو کە دەخولایەوە. لە بەیانیەوە، لەلای چەپەوە دەستی پێ کردبوو. لەپشت سەریەوە نیوە خولێکی خواردبوو، ئێستا خەریک بوو بەرەو لای ڕاست دەچوو کە هەر لەوێ بکشێ و درێژ ببێ و پاشان وردە وردە ڕەشایی خۆی بە هەموو زەویەکەدا بڵاو کاتەوە و، خراپیەکەی ئەوە بوو کە شوێنێکی سەیوانەکە دڕابوو هیچی لەگەڵ نەدەکرا. کوتێک هەتاو پەڵەی دەخستە سێبەرەکە. ئاخ، هەمیشە کار لە شوێنێکەوە خراپ دەبێ. خراپ دەبێ؟ نابێ؟ گوتی: «ناپیاوانە!»

دەستی خستە سەر ئەملاولای کورسیەکە و، بەحاستەم هەستا و هەمدیس دانیشتەوە. هەموو گیانی عارەقی لێ دەتکا و، کورسیەکە هەروا ژەنگی دێنا و دەپووا. ئەرێ ئەم کورسیە لە کوێوە هاتبوو؟ کێ دابوویە؟ ڕەنگە لە شوێنێک کەوتبوو، ڕەنگە... وەبیری نەدەهاتەوە. بەڵام هەرچی بوو، ئێستا لەسەری دانیشتبوو. پشت لە ئاوایی و، لە دەریای دەڕوانی.

ناوچاوانی سەر عارەق نیشت و سەیری سەعەتەکەی دەستی کرد. ناوازە بوو، عەنتیکە، لە بەندەر لە دەستگێڕێکی کڕیبو و، عەنتیکە بوو.

هەروا کە دانیشتبوو ئاوڕی لەدواوە دایەوە. ئاوایی لە بێ دەنگییەکی وەڕەسکەردا دۆش دامابوو. بێدەنگییەک کە بۆنی مەرگی لێ دەهات . چەند داری سەوز، هەرچی خۆیان ڕادەوەشاند تا ئاوەدانی ئاوایی بسەلمێنن، بێ سوود بوو.

کابرا چەپڵەیەکی کوتا و، گوتی: «بۆ ڕاوەستاوی؟ وەرە پێشتر.»

ورمز هەنگاوێکی بەرەو پێش هەڵێنا و دیسان ڕاوەستا.

«ناوت چییە؟»

«ورمز»

«ئافەرەم. دەتەوێ بچیتە بنکی دەریا و ڕاوی مرواری بکەی؟ حەزدەکەی مەلە بکەی؟»



ورمز سەری لەقاند. کابرا دیسان پێکەنینی لێ پژا. پاشان لەو تاقمە گەنجەی ڕوانی کە دەوراندەوری پانتاوکەکە لەپاڵ دیوارەکان وەستاون، بە ڕوومەتی پڕ چرچ و لۆچ و، قژی سپی و، دەستیان کە لە دەستی بنیادەمەکان گەورەتر بوو.

گوتبووی: «هیچ نییە. لەو ژێر ئاوە، دەست و پێی بنیادەم پیر دەبێ. دەماسێ.»

سیا گوتبووی: «ئەمانەی هیچ نییە. لەوێ پیاو قەرزاری خۆی دەبێ.»

گوتی: «کەس نایەوێ لەگەڵ من بێ؟ ئێوە لەبیرتان چۆتەوە؟ لەبیرتان نییە چەند مرواریمان لەم دەریایە دەرکێشاوە؟ دەی چاکە، بۆ ڕاوەستاون و بزەبز لەمن دەڕوانن؟ وەرن ئیتر، مەترسن، چیتان پەیدا کرد دەیکەین بە دوو کوتەوە. نا، نایکەین بە دوو کوتەوە، چیتان دەست کەوت بۆ خۆتان و، تەنیا پارەی نیوەڕۆژە و شێوی من بدەن و هیچی تر.»

کەس گوێی پێ نەدەدا. دەتگوت پیاوێک بەوپەڕی جیدیەتەوە لە تازیەیەکدا یاری دەکرد و، دەتگوت هەمووان دەبێ وەها لە بێدەنگیدا سەیری بکەن، تا ئەو بتوانێ چاک یاریەکەی بکات.

دیسان دەستەکانی پێکدادایەوە و گوتی: «سیا، لانیکەم تۆ وەرە بەو پووتە تەنەکە ئەمانە سەر ڕێ بخە.»

سیا گوتی: «خەریکم چا دەخۆمەوە. ناتوانم بێم.»

کابرا گوتی: «وەرە بچینە ڕاوی مرواری.»

سیا گوتی: «نا، نایەم بۆ ڕاوی مرواری. دەمەوێ سەیری خۆرکەوتنی ئێوارەبکەم.»

خۆر بەژوور کەپرەکانەوە لە ئاوابووندا بوو.

# مانگی نیوەڕۆ

## شـەهریار مـەندەنی پوور

«سـویسنەکـان و مـەلە نەورۆزیەکـان دەزانن سـارا. لە هەر شـوێنێکی دنیـا بێ، بڕوانە و ئامـاژە بۆ تەپۆڵکەی مـەڕمـەڕی لە کـۆتایی ئاڵفـەجـاڕەکـە بکە سـارا! جـۆبارەکـان بەرەنگدانەوەی نێرگسـەگانەوە ڕەوتەنین، باکان و خسووفەکانیش. بەڵام دڵی من خوێنی ڕۆشتین نییە. دڵی من ماندگاری ئەو ڕۆژە هەتاویەیە سارا. کە بەهار بوو، کە بەیبوونەکان دەدرەوشانەوە.

کـە دەمـویست بڵـێم!سـارا!و پێی باوکـان و دایکانمان بەزەییـان بەگـوڵەگـەنم و خاڵخـاڵۆکـەکـاندا دەهات. ئەو پەڵە هەورە سـپیـەش وابێ تریشـقـە لە دوورەوە دەهات، چاوەڕێی یارمەتی لێ نەدەکرا. بڕوانە پێڵاوەکانیان سارا. خۆڵاوی و هەتاویە بە دەڵەمەی کەسک و من زاتی گوتنم نەبوو...»

سەعـاتێک لە هەڵفڕینی فـڕۆکە تێپـەڕیبـوو کە مـیواندارەکـە زانی موسـافـیرەکـان سێ پیـاویان پێ زیاد بووە. هەر سێ پیـاوەکـە، لەپاڵ یەکـدا، لە ڕیزی دواوە دانیـشـتبـوون و لێویان بە بزەیەکەوە، وەک تیزەبزەی دۆلفینەکان، وشک بووبوو.

یەکـیـان چاوشین بوو. ئەویتـریان چاوڕەش و چاوی پیـاوی سـێهـەمـیـان تۆخ سـپی بوو. مـیـواندار واق وڕمـا و چەند هەنگاوێک پاشـەو پاش کـشـایەوە و دوای ئەوەی ڕووی لێ وەرگێڕان، گورجاوگورج خۆی بەژووری فرۆکەوانەکەدا کرد.

– سێ موسافیرمان پێزیاد بووە.



فڕۆکەوان گوتی:

– پێش پێی تۆش شـازادەیەک بەسـواری ئەسـپی باڵدار لە بەرمـانەوە تێپـەڕی. ئەوسـا قاقا پێکەنی. لێوە سوور و مندالآنەکەی میواندار دەلەریەوە. ترسا و گوتی:

– هەموویانم ژماردووە.سێ پیاو لە ڕیزی دواوەی فڕۆکەکەوە...

فڕۆکە بەناو پەڵە هەورەکانی سوبحێکی بەهاریدا تێدەپەڕی. دەڵـەمەی مۆڵەقی هەڵم و مـژ لە هەوای شـیـری ڕەنگدا وەک بەشـێک لە خـەونێکی ڕووەو فـەرامـۆش بوون، لە ساتەکانی نێوان خەون و بێداریا. میـواندار لە ژووری فڕۆکەوانەکە هاتەدەر. جارێکی تر موسافیرەکانی لە هەووەڵەوە بۆ ئاخر ژماردەوە. کاتێک لە ڕیزی دواوە نیگای لەچاو سپی هەڵەنگووت، تێگەیی دەیبینێ. بە دڵ گوتی: «خوایە،نا... ئەمە دواهەم فڕینی منە.»

خۆی لەم بیـرە بێ پێشـەکیـە سـەری سووڕمـا. دوای ئەم فـڕینە شووی دەکـرد. لە مـاڵەوە دادەنیـشت چاوەڕوانی کـۆرپـەیەک دەبوو. ئاوڕی دایەوە. هاوکـارەکـەی لە ناوەڕاسـتی فڕۆکەکە شکولاتی بە موسافیـرەکاندا دەگێڕا. هەستی کرد ئەو کاتەی بگاتە ڕیزی دوایی و، ئەو سێ پیـاوە ببینێ، ئیـتـر دەرفـەتی هیـچی نابێ. هاڕەی مـاتۆڕی فـڕۆکـە و لوورەی هەوای تیـژ تێـپـەر لە گـوێچکەیدا گـەیشـتـبـوونە ڕادەی ئازاردانی. بەرەو پیـاوەکـان داموکایەوە. بۆنی هەنگوین و لاسیقە کۆنی کرد. هەر ئەوەندەی پێکرا لێیان بپرسێ:

– هیچ دەخۆن؟

هەر سێ پێکەوە گوتیان:

– بەڵێ، چای.

فـڕۆکـە شـەپڵـە لێـیدا. مـیـواندار دەیویست بچـێـتـە ڕیزی پێـشـەوە و لە پاڵ دەسـتی دەزگیـرانەکەی دانیـشێ و دەستی بگرێ. بەڵام نەیتـوانی. لەبەر تەکانێکی تـوند فڕێدرایە تەختـی فـڕۆکـەکـە و، لە لێکڕەوینەوەی بەئازاری تیـژ تێـپـەڕینی فـڕۆکـە بەربووەوە، بیـری کردەوە: «لەم ساتەدا بیر لە هیچ ناکرێتەوە...»

ئەوسـا سێ پیـا و، لە چایخـانەیەک لە بەرزترین شـوێنی کـوێسـتـانێکی لێـڕەوار، دانیشتبوون و چایان دەخواردەوە. لە پەنجەرەکانی چایخانەوە، چارۆکەی مژ لە دۆڵی پڕ لە دار و درەختـدا دەبیندرا. ئاسمـان، شـینێکی بێ سـەرسـووڕمـێن و بێ تـۆڵە بوو. کـابرای

چاوسپی گوتی:

– ماندووی کردین.

– چاوڕەش نەڕاندی:

– تۆ هەمیشە وا دەڵێی و، خۆشت...

– چاوشین پیاڵەکەی دانا و، گوتی:

– بەڵام من بەڕاست تینەگەیشتم دواهەم بیری میواندار چی بوو.

چاوسپی، لەو بەرزاییەوە لە سووڕدانی مەلێکی ڕەش بە باڵی کراوەوە ورد بووبۆوە. گوتی:

– منیش تێنەگەیشتم. بەڵام پیاو بە کەوتنە زەوی تاسی تاوڵەش نازانێ چ ژمارەیەک دێتەوە. چاوشین گوتی:

– چاکتر وابوو خۆمان بگەیاندایە دەسگیرانەکەی.

– سەیرە؟!بەلاتانەوە سەیر نەبوو بەبینینی ئێمە هەستی بە شتێک کرد.

شەپۆلێ مژ، لەبەر دەمی گەڕیانی با، تا جادەی قەراغ چایخانەکە هەڵگەڕابوو، بڵاودەبۆوە.

چاوسپی گوتی:

– شەقامێکی قەرەباڵغ هەیە، پڕ لە عەنتیکە فرۆشی و زێڕینگەری. شمشێری شوالیە گومناوەکان، پەرداخی فەرمانڕەواکان، مۆری وەزیرە لە دار دراوەکان و، لەو بەریەوە جامخانەی ئاڵتوون فرۆشەکان... ڕازی ئاڵتوون لە کەم بوونیدا نییە، ڕازی ئاڵتوون لە تێکەڵبوونی ڕەنگی زەردی لەگەڵ پێستی ژن، یان لە بریسکانەوەی لە چاوی ژندایە. سەعات چواری ئەم دوانیوەڕۆیە...

چاوڕەش قسەکەی بڕی:

– پیرەمێردەکەمان لەکیس دەچێ. با بچینە دیدەنی...

– لە تەمەنی ئەودا تەنیا تەوس یارمەتیمان دەدا.



لەوکاتەدا پیرەمێرد، کەوتوو لەسەر چرپاکەی، ترسا و لە گەشانەوەی لەناکاوی ڕەنگەکان و، ڕوون بوونەوەی دووبارەی دەنگەکان، بیری دەکردەوە: «... دنیا بەقالۆنچەکان دەبڕێ سارا... کلۆڵ بەیبوونەکان... تۆ خاڵخاڵۆکەکانت خۆش دەوێ و تەنوورەی چیندار و پێڵاوی نەرم... کلۆڵ خاڵخاڵۆکەکان و تەنوورە و پێڵاوە هاوینیەکان... دڵم بۆ تۆ بوو سارا. تۆ دەهاتی و دەچووی و بێ ئەوەی پێبزانی من بەدزیەوە سەیرم دەکردی. ئیتر دڵم قەتماغەی بەستووە و ناتوانم بە تەپۆڵکەکاندا هەڵگەڕێم. من گوتم...»

چاوسپی گوتی:

– هێشتا زووە. با پیرەمێرد بمێنێتەوە بۆ دوایی. ئێستا ژنێک دەیەوێ بچێتە ئەو شەقامە قەرەباڵغە. ژنێکی جوان بە پێستی ڕەش و چاوی هەنگوینییەوە. تێکەڵەیەک کە ڕچەی بەخوێنی نامرادی و ئێرەیی و ڕەقیب کوژیدا تێپەڕیوە. پێتان وانەبێ ئەم شەقامە تەنها شوێنی هات و چووی ساماندارانە. هەر بنیادەمێک، ئەوەندەی موحتاجی بینینی گوڵ و ئاوە، جاروباریش حەزی لە ڕەنگی ئاڵتوونە. تەنانەت منداڵیش... ئەو ژنە کتێبێکی دەستنووسی لە کیفەکەدایە و قەرارە سەعات چوار عەنتیکە فرۆشێک ببینێ. ئەو کتێبە تاقە نوسخەی نەفەوتاوی کتێبی «فیلیپینا»یە. «تیئۆپۆمپووسی» یۆنانی هەرگیز پێی وانەبوو هەموو نوسخەکانی کتێبەکەی ون دەبێ. لە سەردەمی «فیلیپ» و «ئەسکەندەری مەقدوونی» یەوە هەر ئەم تاقەنوسخە ماوە. نرخی لەسەر دانادرێ. تەنانەت ئەگەر چەند سەدەش دوای مەرگی نووسەرەکەی ئیستنساخ کرابێتەوە، هەر مێژوو زانێک ئاواتی بۆ دەخوازێ. چونکا ئەوەی ڕاز و ئایینی ئێرانی کۆنە و نایزانن، لەوێدایە. تاریکیەکانی مێژوو... ئێستا ئەم کتێبە بەر دەستی ژنێک کەوتووە ئەوەندەی ئاگاداری نرخی کتێبەکەیە، دەربەستی جوانی خۆشیەتی. بەڵام بەرهەتاوی کەنار دەریای گران بەها و، تەلاری بە شکۆ و، شوێن خەوی بۆن خۆش و هاوریشمینی دەوێ. سەعات چوار، واتە نیو دەقیقەی تر لەم شەقامە بۆمبێک لە ئوتومبێلێکدا دەتەقێتەوە. پارچە پارچە جوانی ژنەکە، لاپەڕەکانی فیلیپینا، خەنجەرە ژاراویەکانی «حەشاشین» لەعلی خوێنین و سەر و دەست و ورگ و ڕیخۆڵەی ڕێبوارەکان...

چاوڕەش گوتی:

– تۆ هەمیشە بەشوێن ناحەزی لەشە لەت و کوت بووەکان و، هێڵنجەوە بوویت. چاو سپی تاڵێک مووی درێژی لە قامکی ئاڵاند و، گوتی:

– نا، بێ وێنەیە تێکەڵ بوونی فیلیپینا لەگەڵ کەل وپەلی هاوتەمەنی خۆی. لەوەش گرنگتر گەمژەیی گۆڕهەڵکەنەکانە. ئەوان نازانن لەگەڵ گۆشتی لەشی ژنەکەدا چی لەو ژێر خاکە ڕۆدەکەن. خواحافیز فیلیپینیا.

چاوشین گوتی:

– بێتاقەتی بارانم.

– نەرمە بارانێکی بێدەنگ.

– نەرمە بارانێکی بێدەنگ کە تەنانەت گەڵای دارەکانیش نەلەرێنێتەوە.

«سارای بێ خەم و خەیاڵ! چاوەکانت دوو کڵۆ سەهۆڵ بوون، دەترسام بلێم دەمەوێت چونکا چاوەکانت دوو کڵۆ سەهۆڵ بوون و دەشتی بەیبوونەش بە هانامەوە نەدەهات. لەو دوورانە لە ناوەڕاستی دەشتەکە تەپۆڵکەیەکی سەوز بوو، بەردەکانی دەدرەوشانەوە...»

– باران سەر بە گیاکانیش نانەوێنێتەوە. گیا سەوزو بلێندەکان.

– سەوز... سەوزێکی یەکدەست تا ئاسۆ. بەڵام گیاکان لە بەر ئەو بایە وا لە بەیانیەوە هەڵیکردووە، بەحاستم، ڕووەو باکوور نەویونەتەوە.

– سەربازێکیش...

– ڕوومەتی برینداری بە زەبری مست. دیلێکی بەربوو.

– حورمەتی پیاوەتیەکەی بەکوتێ دار، یان بە لوولەی تفەنگەکەی...

– هەر دوو مەچەکیان لە پشتەوە بەسیمێکی دڕەک بەستووە. لە بەرەی دوژمنەوە بەرەو سەنگەرەکانی خۆیان دەچێ. لەبەر بێ هێزی لەتر ئەدا.

هەر یەکە پارەی چایەکەی خۆیان لەسەر مێزەکە دانا و، وەدەرکەوتن. کابرای چاوشین نەویەوە و، بەتیف تیفەیەکی سەدەفی، وردە وردە کەسک هەڵئەچوو. وەک دەمی شمشێرێک بوو. چاوشین گوتی:

– هەندێک سەوزەگیا، ئەوەندە لە سەوزی خۆیان دڵنیان، شین دەنوێنن.

– لە پێی خاوس و بێ پۆتینی سەربازەکە دەئاڵێن.

– کەوتەگریان. ئەگەر ڕاوەستێ، سەربازەکانی بەرەی داگیرکەر لەدواوە، لە پشت



تەپۆڵکەکەوە دەسرێژی لێ دەکەن. پێموانییە زیاتر لە پەنجا مەترێکی بۆ سەنگەرەکانی خۆیان مابێ. وانییە؟

– هەرئەوندە... سیمێک لە دەوری کەمەری گرێدراوە و سەرێکی خزاوەتە ژێر کراسەخوێناویەکەی.

چەند بەستەTNT یان بەلەشیوە بەستۆتەوە...

– بێ کەم و زیاد حەوت بەستەی نیو پاوندی. سیان بەسنگیەوە، دوان لە بن باڵی و، دوانیش لە چاڵایی نێوان شانەکانی. هەر ئەو تاقە چاشنیە وابەسەرێکی سیمەکەوەیە هەموویان دەتەقێنێتەوە.

– حەتمەن لە شوێنێک دەوەستێ. چۆڕە چۆڕی باران لە بەرۆکیەوە دەچنە ژوور.

– زۆر گێلە ئەگەر پێی وابێ TNT بەو چۆڕە چۆڕە نم ئەکێشێ و لە تەقینەوە دەکەوێ.

– بۆیە وا بەحاستەم دەڕوا.

– دەبێ دوو دڵیش بێ. بەرەو پێش بڕوا یان بەرەو دوژمن بگەڕێتەوە. ئەو، هەرگیز لە ڕۆشتن دوو دڵ نییە. نازانێ سەرباز. بێچوەکیسەڵی دەریایی، بێچوە ماسی ئازاد لە ڕۆشتن دوودڵ نین. یەکێک لە ئێمە دەبێ پێی بڵێ بیر لە گابەردەکان مەکەرەوە. بیر لە قەبرەکان مەکەرەوە. بیر لە یادگاریە هەڵکەنراوەکان بەجەستەی درەختەکانەوە مەکەرەوە. بیر لە هەورێکی سپی لە ئاسمانی بەهاردا بکەرەوە.

– ئێستا با دەنگی هاورێکانی ببیستێ. ئەوان لە پشت تەبارەکەیانەوەن. بێخەبەری ئەوان زیرەکی کارەساتەکەیە. گازی دەکەن خێراتر بەرەو ڕوویان بێ. دەمی بۆ نرکەیەک کراوەیە و، دەنگ لە قوڕگیەوە دەرنایەت.

– ڕاوەستا.

– سیمەکە لە دوایەوە بەسەر زەویدا کشاوە، لە بەردێک یان لە گڵمۆتێک گیراوە. پێویستە هەی پێ بکا. ئاوات دەخوازێ سیمەکە بپسێ. بۆ بەرەو پێش چوون پاڵ بە هەموو قورسایی لەشیەوە دەنێ. نا، با سیمەکە نەپسێ.

– ئەوسا تەنها دەبێ بە وەچەکوژەکان پێبکەنین، با هاورێکانی هەروا هەرای لێ بکەن.

– وەرە!... وەرە!... سەر دانەوێنە و گورج وەرە!

– ئاوا کە کۆمەکۆم بەرەو پێش دەخوشێ و سیمەکە بەدوای خۆیدا ڕادەکیشێ، لە «گەمیە کێشەکانی چۆمێ ڤۆڵگا» دەچێ. ڕوخساری تێکچرژاوە. دیار نییە دڵۆپەکانی سەر گۆنای ئارەقە یان دڵۆپەی باران.

– یان فرمێسک...

– با سیمەکە ئازاد بێ. بڕۆ... بڕۆ...

– ناڕوا.

– دەڕوا. ئیتر بیر لە ڕۆشتن یان نەڕۆشتن ناکاتەوە.

– چاوسپی گوتی:

– گیاکان هیچ یارمەتیەکیان لەدەست نایەت. بارانیش، ئەو میوانداره ئاشقەش کەوتۆتە ناو ئاوی ئۆقیانووسەکەوە...

– لیۆە منداڵانەکەشی ئیتر سوورێکی ماتیکی نییە.

– ماسیەکانیش گاز لە قژی دەگرن.

– سەربازەکە دەبێ بیر لەوە بکاتەوە کە لەهەر حاڵدا دەکوژرێ. کەواتە بۆ چەند کەس لە هاوڕێکانیشی لەگەڵ خۆی بەکوشت بدا؟

– ئیتر نایەوێ بیر بکاتەوە. تازە، هەنگاوەکانیشی گورجتربووە.

– بە گرمۆڵەبوونی شانیدا لەوە دەچێ باوەشی بۆ هاوڕێکانی کردبێتەوە. خوێن لەبەرە دەستی دەتکێ. سیمەکە لە گۆشتی مەچەکی ڕۆچووە.

– ئیتر تەقەلا بۆ کردنەوەی دەستی نادا.

– وا دیارە خاکی شێداری سەنگەرەکە دەیەوێ بەر بە بەرەو پێش چوونی بگرێ. چۆکی پێدادا. چەند بەهێزە! هەستایەوە و بە تەباری سەنگەرەکەدا هەڵگەڕا.

– ناکرێ دەرفەتی سووکە گریانێکی بێ؟

سەرباز بە تەبارە گڵەکەدا شۆڕبۆوە. هەر ئەو ڕوخسارانەی دەدی کە لە بازنەی تەسکی



نیگایدا بوون. سەری خەستە سەرشانی ئەو یەکەم کەسەی وا بەخۆشیەوە باوەشی بۆ کردبۆوە. سەربازی دوژمن لە دوورەوە کە ئاوا بوونی قژە ئاڵتوونیەکەی لەپشت تەتبارەکەوە دی، دەستی ئاسنی دەزگایەکی بەرەو خوار نووشتاندەوە. گەڕیانی کارەبا سیمەکەی پێوا و گەییەچاشنی تەقینەوە.

چاوڕەش گوتی:

– ڕازێکی گەوجانیە. خۆ دەیزانی دەکوژرێ. نەدەبوو لەشە بۆمبای خۆی بۆ هاوڕێکانی ببردایە. دەبوو بگەڕایەوە بۆ لای دوژمن.

– ڕەنگە ساتێک وەدرەنگ کەوتن، هیوایەکی تازەتری بۆی پێ بووبێ.

– هەر دووکتان گێلن. ئەو بیری لە هیچ نەدەکردەوە. بەڵام بۆ مردن لەنێو ئەو گیا شینە بەتەنیا بوو. لای ڕەگەز پەرستەکانیش هەر تەنیا بوو. هەر بۆ ئەوە ڕۆیشت کە بتوانێ سەر بخاتە سەرشانی هاوڕێکەی. بگری و، بە تەنیا نەمرێ.

«... سارا! ڕەنگەکان چەند تازە دەبنەوە کاتی مردن. بۆنەکانیش... هێشتا بۆنی بەیبوونە دێ... کەسێک لە گەڵما دێ، بچین بزانین تریشقەی پشت ئەو تەپۆڵکە چییە؟ هەتاو سەرمای زستان لە خوێنماندا گەرم دەکاتەوە و، دوور دەکەوینەوە چونکا دەنگت ڕەنگی هەیە سارا... ڕەنگی شینی ژوور لە بەهار (ماورا بهار)... هەروەها مۆسیقای شاراوەی لە جامی بلووردا هەیە و دەنگت دەشکێ ئەگەر دەنگێکی تری لێ بدرێ و من دەمەوێ لەوێ گوێم لە دەنگی تۆ بێ، لە بێدەنگی ئەو تەبارە نوورانیەدا ڕەنگە تۆ لەوەی کە من توانای گوتنیم نییە، بگەیت...»

مژ لەوبەر دەشتەکەوە ئارام ئارام بەرەو پێش دەهات. چاوڕەش گوتی:

– دەترسم پیرەمێرد تیابچێ. بۆ دڵی چاک نییە، خەریکە جگەرە دەکێشێ.

چاوسپی گوتی:

– جیاوازی مژ و تۆز و دووکەڵ چییە؟

– چاوشین پێکەنی و گوتی:

– لەخۆوە مەچۆرە پێش. گوێم لە هاوارەکانیانە. ئەم دووپات بوونەوە وەک دووپاتەوە بوونی وەرزەکان، ئاڵوگۆڕێکە بەقەدەر ڕووانی پەلێکی تر بە شاخی بزنە کێویەوە.

چاوسپی گوتی:

– دەکرێ لە دووپاتەوەبووندا شتێکی نوێ بدۆزرێتەوە. وەکو خەمی ئەستێرەیەکی دووری گەورە کە نابیندرێ.

– چاوشین دانەویەوە. لەبەر پێی مشتێک بەردە وردەی هەڵگرت. لە لەپە دەستیدا ڕایگرتن و لێیان ورد بۆوە. ئەو دووانەی تر چاوەڕێی سەلماندنی بوون.

– چاکە. ئەمەیان بۆ من.

بچووکترین وردە زیخەکەی بەدوو قامک هەڵگرت و باقیەکەی هەڵڕشت. هەڵبژاردەکەی لەبەر چاوی ئەو دووانە ڕاگرت و لەبەر خۆیەوەگوتی:

– دوو ساڵانیە و شیرەخۆرە. پێستی وەکو دەنکی خیار دەدرەوشێتەوە و، قژی بژی هەموو کەس بۆ دەست بەسەردا هێنانێک دنە دەدا.

چاوڕەش گوتی:

– بەڵام بەو تەمەنە کەمە لە هیچ ناگا. گریانەکەشی غەریزیە.

چاوشین بێ ئەوەی گوێی بداتێ، گوتی:

– گریانی برسیایەتیە. تەم و دووکەڵی تەقینەوەکان کە وردە وردە دەنیشن کاس و وڕیان کردووە و لەو سندووقە کە تیایدا شاردرابۆوە هاتۆتە دەر و، لە مەیدانی ئاواییەکە سەرگردانە.

– قاو لە دایکی دەکا.

– دەبێ تەپوتۆز هەناسەی لێ ببڕێ. دەکۆکێ.

– ئەرێ چۆڕاوەی لووتیشی لەبەر دووکەڵ ڕەشە. بۆ خراپە منداڵ بەزمان ئاوی لووتیان دەچێژن؟

– دایکی پێ نابیندرێتەوە. یارمەتی دەوێ.

چاوشین دەستی کوڕە چکۆلەکەی گرت و گوتی:

– مەترسە کوڕە. من دەتبەم بۆ لای دایکت.



چاوڕەش گوتی:

– تا دوێنێکەش لەگەڵ باوکیدا یاری بەوربەورێنەی دەکرد. ئەو وەک بەور دەیلووراند و، باوکی دەینواند کە ترساوە و لەبەری هەڵدەهات.

منداڵەکەش خۆی لە دەست چاوشین ڕاپسکاند. هەروا کەپاش و پاش دەبۆوە وەک بەور لووراندی. هەرسێ پیاوەکە پێکەنین. منداڵەکە دیسان لووراندیەوە و چنگی نیشان دان. چاوشین قامکی بەرەو کۆڵێتێکی نیوەسووتاو هەڵبڕی و، گوتی:

– دایکت لەوێیە.بڕۆ!

پێی منداڵەکە لە تەرمێک هەڵەنگووت. بەسەر سنگیدا کەوت. هۆقێ لە زاری مردووەکە هاتەدەر. چاوشین دەستی کوڕەکەی گرتەوە و بردیە لای ژنێک کە بەکراسی دڕاو و چاوی کراوەوە، لاشان کەوتبووە زەوی. کوڕە لەلای دایکی دانیشت.

چاوشین گوتی:

– لەم کاتەوەیە هاواری دووپاتەوەبوون دەخنکێ. شیرەکەت بخۆ.

هەرسێ، دوورتر، چوار مێلکەیان دایەوە. کوڕەکە لەپەنای دایکیدا ڕاکشا و مەمکی خستە ناو دەمی.

– پێتان وایە ئەو ژنە بەشی چەند ژەم شیری پێ مابێ؟

– ڕەنگە بەشی ژەمێک و دووان.

– ئەم منداڵە بۆئەوەی نەمرێ سبحەینێش مەمکی دایکی دەمژێ.

– بەڵام شیراوێکی گەنیو دەتکێتە ناو دەمی.

چاوشین گوتی:

– ئێستا خەریکە وردە وردە تێدەگەن.

چاوڕەش گوتی:

– وەک حەقایەتی ئاوی سوێری دەریا و مەلەوانەگەمیە شکاوەکە. بڕێک خووی زەویش وەکو دەریایە. ماڵەکان گەمیەکانن و، کۆرپەش لە دەریادا بەقەدەر زەوی کۆرپەیە. ماسیەکان و سەگەکان نازانن کۆرپەیە.

چاوشین بە سەرکەوتوویییەوە لە کابرای چاوسپیی ڕوانی. چاوەکانی چاوسپی نیسکێ تاریک بووبوون، خۆڵەمێشی. هەروا کە هەوڵی دەدا خۆ لەنیگای بەرامبەرەکەی وەشارێ، گوتی:

– سووک و چرووکە.

کوڕە یەکبین مژی لە مەمکی دایکی دەدا و جاروبار نووکە نووکێکی دادەنا. دەڵەمە دووکەڵ بەملاولای کۆڵێتە دامر کاوەکەوە ئاوێزان بوون. جارجار گەواڵە دووکەڵێک لەبەر خۆرەوە تێدەپەڕی و، خۆر لێڵاییی دادەهات. سەگێک لمبۆزی لە تەرمەکان هەڵدەسوو. کەڵەشێرێک دەنووکی لە مێشکە سەری دوو کوت دەدا. چاوشین گوتی:

– کە تێر بێ لەلای دایکی نابزوێ. ڕەنگە تێبگا دنیا دنیای دوێنێ نییە و لەم دنیایەدا جێگەی نابێتەوە.

چاوڕەش گوتی:

– پیرە مێردمان لەبیر چۆوە.

پیرە مێرد، قامکی خەستە سەر مەچەکی. لەو دیو چەرمی پێستیەوە، هەستی بە لێدانێکی کز کرد. «... سارا... هەزار جار عاشق بووم و، کە بن میچی ژوورەکان و بریسکەی خۆرەتاوی گەڵای سپێدارەکانم بینی تۆم بیرکەوتەوە... ڕووم لە هەموو لایەک کرد و لە هەر شوێنێک تەنوورەی شینی کچان و پەردەی ڕەنگاوڕەنگی پەنجەرەی داخراوم بینی لەبیری تۆدابووم. کە گوێم لە گۆرانی دەبوو هەستم بە نەرمایی ئاو و دڵنیایی خاک دەکرد، تۆم لەبەر چاودا بوو سارا... گەڵا لە درەخت دەباری و چۆلەکەی پیر دەکەوتە سەر هەیوان و، منداڵەکە ساڵێک تەمەنی کشابوو. باخە هەڵواسراوەکان شکۆفەیان دەدا و، ئەو کاتەی ڕیشتاشە کارەبایییەکەم خاڵی دەکردەوە و دەمدی خۆڵە ڕەشکەی وردە وردە دەبووە خۆڵەمێشی و لەگەڵ تۆدا هەمیشە بەرەو تەپۆڵکەکە دەچووم، ئەو کاتەی بەیبوونەکان گوڵیان دەدا و، گێلاسەکانیش سوور دەبوون و، ڕەنگی گەڵای دارگوێزەکان دەبووە قاوەیی و پلووسکەکان شۆڕە شۆڕیان بەرزدەبۆوە... سارا!دوو زمڕووتی چاوەکانت لە چاڵە بەفرەکان دا...»

چاوسپی گوتی:

– بیر لە زۆر شت دەکەمەوە. بیر لەو نەخۆشیە خوێنییە کە خەڵک بەهۆی نزیکیەوە،



دەیگرنەوە.

– جارێکە ئەمە نەبڕاوەتەوە. تۆ...

چاوسپی بە ڕقەوە قسەی چاوڕەشی بڕی.

– تۆ هەمیشە بەپەلە بووی. نەوەک ئیستا کە حەشاماتەکە زۆرە، لە دواهەمین ژن و مێردی ئەم جیهانە تێ بفکرە بەردەوامی وەچەی مرۆڤ ئەرکی سەرشانی ئەوانە. بەهۆی ئەم شەڕ و شۆڕە و وەچەکوژیانەوە، یان لەبەر هەر هۆیەکی تر کەس نەماوە. ڕۆژێکی تاوساو... بڵێم لە کوێ؟

– قەراغ دەریا.

– زۆر شاعیرانەیە... یان نا، خراب نییە. گەڕانەوە بۆ ئاوە بەوەفاکان... بابڵێین ژنەکە زۆر جوان. جوانتر لەو میواندارەش کە ئێستا تەرمەکەی سەر ئاو کەوتووە. هەوای نمناک قژە درێژەکەی بەملاولادا دەدا.

– بابڵێین غودەی شیری لەم ژنە مرددوە زۆر ترە.

– بەرامەی گوڵە سەراندیبەکان...

چاوسپی گوتی:

– پیاوەکەش: شان و باڵی بەخۆوەی لەبەر خۆرەتاودا سووتا و، ڕیزێک دانی سپی و درەخشان. چاوەکانی...

– ڕەش

– نا، شین...

زۆری لێ بڵێین کوێری دەکەم. دڵی لە دڵی ئەو سەربازە گەورەترە کە TNT یان بە لەشیەوە، بەستبووەوە. شەپۆلە کورتە دەستەمۆکان، بە کەفی لە ڕەنگی گوێزی هێندەیەوە بەرەو ڕوویان دێن، بایەکی فێنک یاری بەقژیان دەکا. لەشیان لەبەر ئاوی شین و هەتاوی زێڕین، سەرخۆش. بۆنی گەڵای درەختەکانیان گرتووە و، هەردووکیان تووشی ئەو نەخۆشیە کوشندەبوون. بێگومان منداڵەکانیش دەیگرنەوە. دواهەمین جووتی زەوی...

چاوشین قاقا پێکەنی. لە بەیانیەوە تا ئەم ئێوارە، دوا نرکە و ناڵە و هەرا و هوریای

کوشتار، ئەمە یەکەم پێکەنینی بوو کوڕە چکۆلەکە دەیبیست. لەپاڵ دایکیدا دانیشتبوو ئاوڕی لە پیاوەکان دایەوە. بزەی هاتێ، لە ترسا. بۆ ئەوەی بەزەییان پێدابێ و خۆشیان بوێ یان بە هیوابوو... چاوڕەش پرسی:

– دەزانن تووش بوون؟

تیزە بزەیەکی شەڕفرۆشانە نیشتە سەر لێوی چاوسپی.

– هێشتا حەز ناکەم بزانن، جارێکە زووە. پێم خۆشە تا ڕۆژی خۆی دێ، هەر جارە بیر لە حاڵەتێکی بکەمەوە. ئەگەر بزانن نزیکایەتی و جووت بوونیان هیچ ئومێدێکی تیا نابێ. ئەمە لە لایەکەوە و لەلایەکی دیکەشەوە ئەگەر نەزانن، منداڵەکەیان بێتە دنیا و، بەدوایدا منداڵی تریش، ئەوسا نیشانەی نەخۆشی دەربکەوێ... هێشتا نازانم کامە حاڵەت... ڕێنوێنی کەسیشم ناوێ.

سەوزی گەڵای درەختە گەرمیانیەکان لەبەر خۆری دەمەو ئێوارە تاریک بووبوو. سێبەری پەڵە دووکەڵە گەڕۆکەکان بەسەریاندا تێدەپەڕی. سەگەکە ڕۆشتبوو کەڵەشێرەکە چینەی دەکرد. چاوشین لەسەر زەوی ڕاکشا و دەستی خستە ژێر سەری. چاوڕەش هەستایە سەر پێ و، وەڕس ڕێکەوت.

«خەونەبیندراوەکان چیان بەسەردێ؟ هەستی پێستە مانگەشەویەکەت و، جوانی لێکئاڵانی لقە مێوەکان چیان بەسەردێ؟ لەگەڵما دێن ئەو بیرەوەریانە کە پێم خۆشن، یان ئەوانیش دەبنە خۆراکی خاک؟ سارا! ئەم تەپۆڵکە وەک مانگێکە کەوتبێتە ناوەندی دەریاوە. درەوشانەوەی بەردەکانی بەهۆی ئەم ڕەگە مەڕمەڕیانەوەیە. بڕوا! کەسکی گیاکان لە کەسکی دەشتەکە نییە... خۆزیا مانگ ئاوادەبوو، ئێمەشی لەگەڵ خۆی دەبرد. وەرە با لەگەڵ مانگ بسووڕێینەوە و بچینە پشت ئەو تەپۆڵکە... ورە سارا...»

چاوڕەش چۆکی دادابوو، لە پیاڵۆکە گڵێنە فڕێدراو و شکاوەکەی لای تەرمەکە ورد بووبۆوە. شەیدا دەستی بە شوێنی شکاویدا هێنا. ڕەنگی لە ڕەنگی ئاگری نیوەڕوان بوو گۆشتی بێ لەعابی پیاڵۆکە. چاوڕەش ڕووی بۆ کابرای چاوسپی وەرسووڕاند. لێوی بەبزە بوو. دوو پەپوولەی بەشکۆ لەسەر قژی نیشتبوون و، بە ئارامی باڵیان دەکوتا. کوڕە لەپاڵ دایکیدا ڕاکشا و دەستی خستە سەر سنگی. چاوڕەش بەرەو ئەو دووانەی تر گەڕایەوە. دەستی بۆ سەری چاوسپی هەڵبڕی. پەپوولەیەک بە دەستیەوە نووسا. چاوشین گوتی:



– کوشتاری بەکۆمەڵ، سوکناییەک بەدڵی کوژراوەکان دەگەیەنێ، کە مردن بەپیرە پیاوێکی تەنهای نابەخشێ.

چاوڕەش لە باڵەکانی پەپوولەکە ورد بووبۆوە، گوتی:

– بە ژنێکی ژێر ئەشکەنجەشی نابەخشێ.

چاوسپی گوتی:

– کۆن و سەرەتاییە.

– دوو گیانە.

– کۆن و سەرەتاییە.

– خوێنی پێشینیانی ئەم ژنە و مێردە کەی لە دەماری کۆرپەی پێنج مانگانەی نێو سکی دایکیدا گەییونە یەک. با کوشتاری «مایا» کان دووپات کەینەوە.

– لێ خۆشبووەکانی «ناسری» ئەم دانپیانان وەرگرتنەیان فێری ئەمانەکردووە. بلێێن خۆزگە بەو کەسانە توانای خەیاڵکردنەوەیان هەیە.

چاوڕەش گوتی:

– هیوادارم پیرەمێرد پەلەی مردنی نەبێ.

چاوسپی گوتی:

– من لە سیاچاڵ و زیندانە تاکە کەسیەکان بێزارم.

چاوڕەش گوتی:

– منیش لە مەیدانە پڕ لە تەرمەکان.

چاوشین گوتی:

– منداڵەکەی لەبار دەچێ لە ژێر شەق و تێهەڵداندا.

– پاشان؟

– دەیەوێ ناوی هاوڕێکانی بدرکێنێ. بەڵام تووشی فەرامۆشی بووە و ئەشکەنجەگەرەکان بڕوای پێ ناکەن.

چاوڕەش گوتی:

– نا. ڕووداوێکی نوێتر... نوێتر. ئەم ژنە لەژێر ئەشکەنجەدا نامرێ. ئەم پەپوولەشی بۆ دەبەین.

ئەوسا فووی لە پەپوولەکەی سەر قامکی کرد. هەر سێ دوورکەوتنەوەکەیان لە ڕەوتی شەپۆلدا دی. دەمەو عەسر بوو، پەڕەسێلکەکان بە حەواوە ڕاوی زردەواڵەو مێش و پەپوولەکانیان دەکرد. ژنە دیلەکە، دوا منداڵ لەبارچوونەکە ئەوەندەی خوێن لەبەر ڕۆشتبوو، نیوەگیان لە سیاچاڵەکەدا کەوتبوو. پەپوولەکەی بینی کە خۆی بەدەلاقەی نزیک میچەکەدا دەکوتا. لەپێشدا دوودڵ بوو کە وەهمە یان ڕاستی. کە تێکەڵەی ڕەنگەکانی باڵی پەپوولەکەی بینی، تێگەیی لە وزەی خەیاڵ کردنەوەی ئەودا نییە. پشکێن و ئەشکەنجەگەر بە پلیکانەدا داگەڕان. پشکێن لە پشت مێزێکی ژەنگ خواردوو دانیشت. چرا موتالاکەی هەڵکرد و پەروەندەیەکی کردەوە. ژنە بۆنی هەنگوین و لاسیقە کۆنی کرد و زانی زۆری نەماوە بمرێ. حەزی دەکرد بۆجارێکیش بووە منداڵە لەبارچووەکەی بدیبایە. بەڵام نیوە هۆش بوو ئەو کاتە کە قورساییە شیرینەکە لە لەشی کەوتبووەخوار. ئەشکەنجەگەر لەسەر کورسیەک داینیشاند و، دەستەکانی بەدەسکی کورسیەکەوە بەست. پشکێن گوتی:

– کات و شوێنی قەرارت؟

سێ ڕۆژ بوو بێ بڕانەوە ئەمەی پرسیبوو. ژنە بیری کردەوە: «لە هۆڵی وتاربێژی دەیبینم. لەسەر کورسیەکەی بەویقارەوە دانیشتووە. نیشان بەو نیشانە گوێ بە دەوروبەری نادا. هەرکە دەیبینم دەزانم خۆیەتی. پێڵووی زۆر ناتروکێنێ. شانی بڵندی بەحاستم بەلای ڕاستدا نەویوەتەوە. لە زەینمدا بەسەریا دەنەڕێنم، ئاوڕم لی بدەرەوە. من لێرە دانیشتووم. لەلای چەپت... منم... تۆش ئەگەر خۆتی، کە دەزانم خۆتی، ئاور لەمن دەدەیتەوە و، لە نێو ئەم هەموو خەڵکەدا هەر من دەبینی. ئەگەر هەمیشە لە دووی من گەڕابێتی. ئەوسا ئاوڕم لێ دەداتەوە و لێم دەڕوانێ. وتارەکە دوایی دێ. خەڵکەکە هەڵدەستن و دەڕۆن. بەر بە نیگامان دەگرن و ئێستا کە هۆڵەکە چۆڵ بووە، من و ئەو هەروا دانیشتووین و سەیری یەکتر دەکەین... پیاوەکەم... شووەکەم... ناهێڵم دەستی ئەمانەت بگاتێ...» و، لە هەموو ئەم ماوەدا هەستی بەوە نەکرد کە ئەشکەنجەگەر نینۆکی قامکی شادەی لە بێخەوە دەردەکێشێ. کابرای چاوڕەش گوتی:



– دەبێ تا سەعاتێکی تر بمرێ. ناڵە و نووزەی تۆمار دەکەن. هەواڵی مردنی ئەو لە ژێر ئەشکەنجەدا بۆ ورە بەردانی ئەوانی تر چاکە.

بەپلیکانەی سیاچاڵەکەدا هاتەخوار. ئەشکەنجەگەر خەریکی دەرکێشانی نینۆکێکی تر بوو. چاوڕەش بە بەزەییەوە دەستی بە سەر و قژی ژنەکەدا هێنا و بەگوێیدا چرپاندی:

– تۆ نامری. هەزار و یەک خۆر کەوتن و مانگ هەڵاتن لە لەشتایە. تۆ نامری. پیاڵۆکە گڵێنەکان مەشکێنە.

ژنە لەبەر ئازار زریکاندی. ڕیتاڵە خوێنێک لە پایەی کورسیەکەوە دەچۆڕایە زەوی.

– شوێن و کاتی قەرارت؟

ژنە، بۆ ئەوەی دڵی لای ئازارەکەی نەبێ لە دەلاقەکە ورد بۆوە. پەپوولە هێشتا هەر خۆی بە شیشەکەدا دەکوتا. بیری کردەوە: «ئەگەر ئەو پەپوولە توانی بێتە ژوور، دەمرم و ئاسوودە دەبم. توخوا وەرە، ڕێگەیەک وەبینە و وەرە. شیشەکە بشکێنە و وەرە... چاوم خەریکە لێڵ و تاریک دەبێ، وەرە پێشتر.»

– شوێن و کاتی قەرارت...؟

لە خوار دەلاقەکەوە دوو پیاوی چاوسپی و چاوشینی دی، لەسەر زەوی دانیشتبوون. ئەژنۆیان لە ئامێز گرتبوو، بەدەم بزەیەکی سارد و ئارامەوە، لێی ورد بووبوونەوە. چرپەی چاوڕەشی بیست:

– تۆ نامری. خۆڕ بە، ئەگەر نەتویست شوێنێک ڕووناک بکەیتەوە، با نەتوانی...

«دەمەوێ بمرم. ئێستا پێموایە هەموو ئەم کارانە گەمەیەکی خوێناوەیە. ئەگەر نەمرم ئەم گومانە هەرەس بەورەم دەهێنێ.»

– کات و شوێنی قەرارت؟

چاوڕەش چووە لای ئەو دووانەی تر و دانیشت. چاوسپی گوتی:

– ئێمەی دیوە. ئێستا پێی وادەبێ ئێمە مەرگین و دەمرێ. ئەوسا ژەنراڵ لە بندەستەکانی تووڕە دەبێ.

چاوڕەش گوتی:

– نا ، ئێستا پێی وادەبێ کە ئێمە وەهمین. پەپوولەکەش وەهمە و لە مردن نائومێد دەبێ.

پشکێن گوتی:

– ئەگەر قسە نەکەیت ئەوەندەت خوێن لەبەر دەڕوا دەمری. بێرە قسە تا ئێمەش بتگەیەنینە نەخۆشخانە.

چاوڕەش گوتی:

– دەبێ سەعاتێکی تر خوێنی لە جمین بکەوێ.

ئەشکەنجەگەر خەریک بوو دەستی بە گۆنای ژنەکەدا دەهێنا و ، ژنەش دەیقیژاند.

چاو شین گوتی:

– ئەگەر نەمرێ ئاخریەکەی دێتە قسە.

چاوڕەش گوتی:

– ئازادە هەرچی بکا. ئێستا ئیتر کێشەکەیان بۆتە کێشەیەکی نێوان ژنە و ئەشکەنجەگەر.

پشکێن گوتی:

– کۆرپەکەمان لە چاڵ نا. لە باوکی دەچوو. پێتوایە کوڕ بووە یان کچ؟

ژنە بێدەنگ بوو. دەینواند بێ دەربەستە. بەڵام دیار بوو بەراستی نییە.

– کوڕت دەویست یان کچ؟ ئەو پیسەی وا ئەو منداڵەی خستە سکتەوە ئێستا لە کوێیە؟ تۆ لێرەیت و ئەو... کوڕەکەت کاکۆڵی بوو. کاکۆڵی ڕەش.

ژنەکە ڕووی لێ وەرگێڕا. پێی وابوو هەوای پشت دەلاقەکە پڕە لە کوڵکی ئاڵتوونی باڵی پەپوولە. ئەشکەنجەگەر مێڵەیەکی سوورەوە بووی بە سنگیەوە نووساند.چاوسپی گوتی:

– ئامێری ئەشکەنجەکەیان هەروا کۆن و سەرەتاییە. ئاسنی سوورەوەبوو وەک زمانی لاتینە.



پشکێن گوتی:

– بەڵام کچ بوو. بۆخۆت کوشتت. بەم مەسەلەن خۆڕاگریەت. ئەو کلۆلە حەزی دەکرد وەک هەموو منداڵێکی تر بێتە دنیا و گەورە ببێ، کایە بکا ، عاشق ببێ، منداڵی ببێ... تۆ کوشتت، ژن، قاقا پێدەکەنی. لەپڕ بێدەنگ بوو.

– خوێنی لەلەشدا نەماوە.

چاوڕەش وەڵامی نداوە.

«... لە نەدیاری تەپۆڵکەکە بەرامبەرت ڕاوەستام سارا و ، لە هەموو قسەکان هیچ قسەیەکم بە زماندا نایەت. بریا نیسکێ چاوەکانت لە نیگای واق وڕماوم ورد دەبوونەوە. هاژەی با لە گیاکانەوە دێ و «کوندێک» لە شوێنێک دەخوێنێ. سارا! ناچارم دەست بۆ کوڵمەت درێژ بکەم، چونکا هیچ، حەز و خۆشەویستی ناگوترێ، مەگەر ئەوەی پیاو منداڵ بێ و ، زمان هەرگیز دۆست و یاریدەدەری من نەبووە... من، دەست بۆ...»

خوێنی ژنەکە گیرسابۆوە. ئەشکەنجەگەر خەریک بوو «ئەلکترۆد» ی بە لەشیەوە دەبەست. ئەویش بەو چاوانەی کە لە ڕوومەتی یاوگرتوویدا دوو ڕەشایی مردوو بوون، سەیری دەکرد.

– شوێن و کاتی قەرارت؟

بۆنی ترشاویی خوێن و بلۆقی تەقیو سیاچاڵەکەی پڕ کردبوو. چاوسپی گوتی:

– من خەوم دێ.

ئەم وتە دانپیانانی بوو بە تێشکانیدا. ماوەیەکی تریش دانیشین و لە شەپڵەی لەشی برق گرتووی ژنەکە ورد بوونەوە. پاشان دڵنیا هەستان... سەعاتەکە بە دوانزە زرینگەی بلوورین هەواڵی نیوە شەوی ڕاگەیاند. دوا وەنەوزێکی ناغافڵ پیرەمێرد چاوی هەڵێنا. دیسانەوە هەستی بەو نەرمە ئازارە کرد کە لە بەیانیەوە لە سنگیدا پشکوتبوو. خەیاڵ بردیەوە: «هەمدیسان بەئاگا بوومەوە سارا... کوڵمە مانگەشەویەکەت...» مانگەشەو لە پەنجەرەوە خۆی خزاندبووە ژوورەکەی. پیرەمێرد بێ ئەوەی بۆنی هەنگوین و لاسیقە کۆنی کردبێ، سێ پیاوی دی.

چاوشین گوتی:

– ئەمە تەوسی تێدا نییە.

«هێڵی چەمینەوەی تورتی شانەکانت دوو هیلالی ناسکی مانگن...»

چاوسپی گوتی:

– هیچ نەخۆشیەکی نییە؟

– نا.

چاوشین گوتی:

– ئەو دزانە کە بۆ نەناسرانەوە پیاو دەکوژن.

– تا دزێک بگاتە ئێرە، ئەم مردووە.

پیرەمێرد هەوڵی هەڵخزینی دەدا. «دەنگەکان خەریکن دەڕۆن. مانگەشەو تاریک بووە. بەر لە ئێستاش هەستی بۆن کردنم نەمابوو.» چاوڕەش گوتی:

– چاپخانەیەکی نهێنی لە دراوسێییەتی ئەمماڵەوەیە. چۆنە ئاگری تێبەربێ.

– ئاگریش زۆر تیژ تێ ناپەڕێ.

«هەروا کە حەزم دەکرد هەستی ڕاموسانم لە ئاخری هەمووویاندا خەریکە دڕوا.» پاڵی دابۆوە. ئازار گەرمایەکی شیرینی لە دووشاخەی ئێسکی سەرسنگی بڵاو دەکردەوە. سەرسوورمیو دەستی بە مەلافە سپیەکەی چرپاکەدا هێنا. «بە بەرە دەستم دەیبینم...» قامکەکانی نەرم دەخزین و شەپۆلی مەلافەکەیان دەپێوا. «بۆنی سابوون و گیای کوتراو دەدا، سارا. بە دەست بۆنی دەکەم... پەڵە هەورێکی سپی بەئاسمانی بەهاریەوە، وەک مەلافەیەک بەسەر ئاوەوە...» هەستی بەنێوانی تان و پۆکان دەکرد. لە تۆڕی بۆنی لەشی خۆی و خەیاڵەکانی و، لە جوانی تێکئالآنی وەختگر گەیشت. دوو قامکی بەسەر کولکێکەوە مابوون.

«با ئێستابگەڕێینەوە بۆ بەرزایی تەپۆڵکەکە سارا، بەڵکو خۆشی خولقانەوەی دووبارەی پێست لە هەتاو نزیک بخەینەوە. چاوەڕوانیش لە پشت سەهۆڵی چاوتەوە بوو. وەرە با بگەڕێینەوە بۆ عەرشەی مانگی نیوەڕوان...»

چاوڕەش گوتی:



– خەریکە هەڵدێ.

چاوسپی و دۆستەکەی تری لەو لای چرپاکە، لەسەر زەوی دانیشتبوون و دەستیان ژێر چەناگەیان نابوو. چاوڕەش بە پەلە پرووزێ گوتی:

– چارەیەک بدۆزنەوە.

پیرەمێرد لەسەر چرپاکە ڕاکشایەوە و هەر دوو دەستی بەرز کردەوە.

«خەریکە هەواش ڕادەمووسم سارا. هەوای تەپۆڵکەیەکی پڕ لە گیای پستەیی ڕەنگ کە سێبەری هەورێکی بچووک بەناویدا تێدەپەڕێ. من و تۆش لەو کاتەوە تا هەنووکەی پێکگەیشتن لە پەنای ئەو تەپۆڵکەدا، دیسان پیایدا هەڵدەگەڕێین. تا ئێستای هەمێستاکانە...»

چاوڕەش لەملای چرپاکەوە دانیشت و لە پیرەمێرد وردبۆوە.

«چاوەکانیان لە منیان دەڕوانی و خۆزگە ئێمە لە چاوی دنیا شاراوە دەبووین. بەڵێنی کۆرپەیەکمان بەیەک دەدا کە چاوی وەک چاوی تۆ بێ و سەلامەتی خوێنی وەک من...»

چاوڕەش دەیویست شتێک بڵێ، بەڵام پیرەمێرد لەگەڵ دواهەم هەناسەیدا دەستی درێژ کرد و لەسەر ترۆپکی تەپۆڵکەکە، تەختە بەردێکی بە ڕەگەی مەرمەریەوە ڕامووسی. بەردەکە گەرمای شیرینی هەتاوی بەهاری پێ بوو. سێ پیاو ڕوویان وەرگێڕا، تاکو بزەی ئاسوودەبوون لە دەست ئەوان، بەسەر لێوی پیرەمێردەوە نەبینن.

# پێرست


پێشەکی: عەتا نەهایی ........ 5
ڤۆڵگا: فەرخوندە ئاقایی ........ 17
فاڵگرەوە: یارعەلی پوورموقەدەم ........ 30
تۆڵە: ڕەزا جەولایی ........ 36
مونس، دایکی ئەسفەندیار: ئەمیرحوسێن چلتەن ........ 43
تەفریقی خاک: ئەبوتوراب خوسرەوی ........ 58
کەشتی شکاوەکان: منیرۆ ڕەوانی پوور ........ 68
نووسراوەیەک: فریشتە ساری ........ 76
ڕێگە: حوسێن سەناپوور ........ 89
کەپرێک لە حەسیر: ئەسغەر عەبدوڵاهی ........ 97
ماڵی ڕووناکان: هۆشەنگ گوڵشیری ........ 108
مانگەشەوی زەلکاو: محەمەد محەمەد عەلی ........ 134
بۆ دەریا چووانی دوورگەی شینتر: عەباس مەعرووفی ........ 144
مانگی نیوەڕۆ: شەهریار مەندەنی پوور ........ 153